رۆمان

سەدرەددین نورەددین ئەبوبەکر




# شەخەڵی داربەڕوو

شەخەڵی داربەڕوو (سنووری ستەم و ئازار)


سەدرەددین نورەددین ئەبوبەکر

هەولێر ٢٠٠٤

**NOVEL**

# The Border of Oppression and Pain

## (COPPICE OF OAK)



**BY**

**Sadraddin Nuraddin Abubaker**

**ERBIL 2004**

رۆمان

# شەخەڵی دار بەڕوو

## سنووری ستەم و ئازار

نووسینی
سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر

هەولێر ٢٠٠٣

| | |
|---|---|
| ناوی پەرتووك (رۆمانی) | **شەخەڵی دار بەڕوو ( سنووری ستەم و ئازار )** |
| **نووسینی** | صدرلدین نورالدین ابوبكر |
| **بەرگ** | **دارا محمد علی و نووسینگەی گۆڤار** |
| **ئەركی چاپ كردن** | **نووسەر** |
| **چاپخانە** | **كشتوكاڵ** |
| **چاپ** | **چاپی یەكەم- هەولێر- ٢٠٠٤** |
| **تیراژ** | |
| ژمارەی سپاردن | ١٥٢ ساڵی ٢٠٠٤ |
| نرخی | **٤٠٠٠ دینار** |
| **مافی چاپكردنەوەی** | **پارێزاوە** |

# ١- بێوەژنە جل درووەکە



لەسەر مەکینەیەکی دروومان، کە لەتەك پێخەفی منداڵە نووستووەکان بوو، خێرا خێرا دروومانی دەکرد، لە پێینگان[1] ی نوێنە ڕاخراوەکاندا تەونی مافوورێك لە دار بوو، سمتەکەکان[2] کەوتبوونە لای پێشەوەی ژوورەکە و بەرامبەر پەنجەرەکەی تەك دەرگاکە، لە سەرینگانی منداڵەکانیشدا هەندێك نوێن لە سەر کانتۆرێکی قەبارە مام ناوەندی داندرابوون، کتێبخانەیەکی بچکۆلەیشی لەگەڵ جووت کرابوو، لە بەشی سەرەوەی کتێبخانەکەدا هەندێك پەرتووکی جۆراوجۆر هەبوون، لە جامخانە شکاوەکەی لای خوارەوەشیدا بووکەشووشەیەك و تۆپێك و دوو ترومبێلۆکەی شکاو و جانتایەکی پەڕۆینی منداڵان دیار بوون، باوڵێك و دوو جانتاش لەسەر کتێبخانەکە دەکەوتنە بەرچاو، زۆپایەکی عەلائەدینی نەوتی لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا کز کز دەسووتا، لە نێوان سمتەکەکان و دیواری ژوورەکەدا هەندێك هیربار و مەنجەڵ و وردەواڵە داندرابوون.

جلوبەرگی بووکێنی بۆ بەفرینی دراوسێیانی دەدرووی کەوا لە هەینی داهاتوو بە بووك دەبرا. کەوا سپییە پوولەکەدارەکەی لە بەردەستابوو، تەواوی کرد، لە جێگاکەی خۆی هەڵستا و کردیە بەرخۆی، لە شووشەی پەنجەرەکەوە سەیرێکی خۆی کرد زۆری لا جوان بوو! بەڵام کەواکەی نەختێك بەرین هاتە بەرچاو، لە دڵی خۆیدا گوتی:ـ

خۆ ئەو لە من گۆشتنترە،بەفرین بەخۆی چەند جوانە ئەم جلکانەش جوانتری دەکەن. کەواکەی لەبەرکردەوە، قەدی کرد، لە سەر نوێنە ڕاخراوەکانی دانا، لە ناو جانتا گەورەکەی سەر کتێبخانەکە، پــارچە کوتاڵێکی سپی دەرهێنا، پــاش ئەندازە

---

[1] لای خوارەوە، دامێن.

[2] کەرستەی تەونە، دوو داری دوو گوینە، لەلای سەرەوەیان داری سەرتان دادەنرێت و لەلای ژێرەوەش دەسمرێن و بنە تانیان تێ هەڵدەکێشرێت.

گرتن و تاوتوکردن له سەر تەشکەبەرە ڕاخراوەکە هەڵیبڕی و چۆوە سەر مەکینەکەی، دەستی بە دروومان کردەوە، لەبەرخۆیەوە:ـ

قوماشی کراسەکەی له قوماشی کراسی بووکینی منه! هەمووی بەسەر یەکەوە بنێی دە ڕۆژی تەواوم لەبەر نەکردووە.

له شوێنی خۆیدا حەپەسا، چاوەکانی له مۆڵەق وەستان، خەیاڵی تەبایی و خۆشەویستی خۆی و هاوسەرەکەی، وەك فلیمێك بەمێشکیدا تێپەڕی، گەیشتە ئەو ڕۆژەی که لێیان تێکچوو و لەو خانووەی تێیدابوون گواستییەوە، چەکو خشڵی و بووکینی خۆی فرۆشت و لەگەڵ ئەو برە پارەیەی که بۆ ڕۆژی ڕەشیان پاشەکەوت کردبوو، ئەم ژوور و هەیوانەی له حەوشەی خەجێی خوشکی دروست کرد، کەرستەی تەونیشی پێکڕی، مەکینەکەشی هی ڕۆژانی کیژینی بوو، لەژێر لێوەوە گوتی:ـ

چاك نییه تەون و جل دروویین دەزانم، دەنا دەبوایه دەست لەبەر هەزار نامەرد پان بکەمەوە، ئەم سێ منداڵەم بەچی بەخێو دەکرد؟ چاکه خوا نەیبڕێ بێجگه له تەون کردن، ئیشی جل دروونیش زۆرە، دەسکەوتیشی باشە، چاویشم له منداڵەکانی خۆمە، ناو و ناتۆرەشم بۆ دروست ناکرێت، هەموو خەڵکی گەڕەکەکه بوونەته مەعمیلم، دەڵێن: ((بێوەژنه جل درووەکه کاری جوانه و کرێکەشی هەرزانه! (بزەیەکی ساردی هاتێ!!.) بێوەژنه جل درووەکه! بێوەژنه تەون کەرەکە!)) .

( بەنەرمی پێکەنی، دەموچاوی گرژ بوو، زەرەندی[3] پەژارە ڕووە شیرنەکەی تاڵ کرد، ڕوانیه منداڵه نووستوەکان):ـ باشه ئەگەر من مردم یان ئیفلیج بووم، منداڵەکان چ دەکەن؟! کی دەیان گرێته خۆ؟. (خەجێ)ی خوشکم وا لەبەر چاومە، پێرێ (هاوڕێ)ی کوڕی له (ڕزگار)ی دابوو، هاوڕێ هەند و نیوی کوڕەکەی من دەبێت،

[3] گوژاڵك

سەرەڕای هەندێش دڵی دا نەدەکەوت، بەدەستی خۆشی لە ڕزگاریدا، پرچی ڕاکێشا و گوتی:– ((ئێوە بەڵای خودانە، سەر بە گۆبەندن، گێچەڵن))!

: ـ بە پارەی خشڵی خۆم خانووم لە سەر مولکی خەجێ دروست کردووە، دەیانەوێ بڕۆین و بەرچاویان چۆڵ بکەین. (هەناسەیـەکی درێژ و پڕ مەینەتی هەڵمژی ) جا گەر من نەمێنم دەبێ چیان بەسەر بێت ؟

چاوەکانی وەك دوو کانیاو تەقینەوە، گوڕ گوڕ فرمێسك بەسەر ڕوومەتەکانی هاتنە خوارەوە، دەستە سارد و وشك بووەکانی بەسەر مەکینەکەی بە فرمێسکە گەرمەکانی تەڕکردن، لێوەکانی تەتڵەیان دەکرد:ـ

پیرێژنە یەك چاوەکەی خەسووم، خۆی بووە بە بار بەسەر کیژە بێوەژنە هەش بەسەرەکەی لە من قوڕبەسەرتر، ئینجا منداڵەکانی منیشی لێ ببتە سەربار!؟ ((شەم شێت بێ، ئینجا سەگی هاریش بیگرێ!))

جا گریمان کەسیشیان هەبوو، کێ لەم ڕۆژە ڕەشەدا دەوێرێ بیانگرێتە خۆ و لایەکیان لێ بکاتەوە؟

بەهێمنی لە دەرگای حەوشەیان درا، خەیاڵەکەی پچڕا، هەستێکی ڕاگرت، جارێکی دیکە نەختێك توندتر دەنگی لە دەرگا دان هات، لە دڵی خۆیدا گوتی دەبێ ئەوە (هاوار)ی خوشکە زام بێ؟ لە نەخۆشخانە لەلای باوکی نووستووە، ئەی هاوار! (هاوار) هاواری هێناوەتەوە. بەڕاکردن دەرپەڕییە دەرەوە، گڵۆپی هەیوانەکەی داگیرساند، هاتە ناوەندی حەوشەکە، تاریکە شەوێکی ئەنگوستەچاو بوو، جیهان سەرتاپای لە باوەشی خەوێکی قووڵدا نقووم بوو بوو، نمنمەش باران دەیپرژاند،

دەستی گەیاندە دەرگاکە، بەڵام نەیکردەوە! بەدەنگێکی بەرز گوتی هاوار! کوڕە خۆ خوا نەخواستە...!!

لە دەرەوە دەنگێکی بیست:ـ ((زووکە! دەرگاکە بکەرەوە!)) بڕوای نەکرد! گوێی زرینگایەوە؟ خەونە؟ خەیاڵە؟ دەنگەکە بەنزمی :ـ ((کچێ تۆ دەرگاکە بکەرەوە! )) وەك بڵێی خەونێکی خۆش ببینێ و نەیەوێ زوو لە خەوەکە بە ئاگا بێتەوە، یان باوەڕ بە گوێیەکانی خۆی نەکات، لەسەرخۆ چاوەکانی خۆی هەڵگڵۆفت و سەرێکی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە چەند وردە دڵۆپە بارانێك تێکەڵاوی فرمێسکە گەرمەکانی بوون کە هێشتا لە ناو مژۆڵە درێژ و پڕەکانیدا قەتیس مابوون.

– شەوچرا! کچێ ئەوە نامناسیتەوە درەنگە دەرگاکە بکەوە با... !

لە خۆشیانا لە جێگەی خۆی شاگەشکە بوو، خێرا دەرگاکەکەی کردەوە،لە یەکدی رووبون و تێك ئاڵان، پیاوەکە بەپێی چەپی دەرگاکەی پێوەداوە، ماوەیەك لەبەر بارانە ووردەکە بوون بەیەك و دەجووڵانەوە، کە لەیەکدی جیا بوونەوە هەردووکیان چاوی خۆیان سڕیەوە، شەوچرا فنێکی لووتیشی کرد، چوونە ژوورەوە، چاوی بە ژوورەکەدا دەگێڕا، بزەیەکی کاڵی هاتێ، پاڵتۆ تەڕەکەی لەبەر خۆی داکەند و بەگوێی سمتەکەکەی وەکرد، پیاوێکی تەمەن سی، سی و پێنج ساڵان، باڵا مامناوەندی، هێسك ئەستوری گەنم ڕەنگی موو ڕەش، برۆ پەیوەست و برژانگ درێژ و چاوگەش و لووت بەگرێ و ڕوومەت قۆپاو و سمێڵ باریك و پڕ بوو.

مرادخانییەکی خۆڵەمێشی لەبەردابوو، پەستەکێکی گورگەیی، تا خوار پشتێندە گەورەکەی کە لەڕەنگی کورتەك و شەرواڵەکەی بوو داپۆشیبوو، جەمەدانییەکەی

دەمامك دابوو، جووتە بەلەكپێچێك[4]ی خوری بۆری لەپێ دابوو. بۆ لای ژنەکە گەڕایەوە هەنگاوێك لە یەکدی دوور بوون، سەیری ناوچاوی یەکدیان دەکرد و بزەیان لەگەڵ یەکدی دەگۆڕییەوە، بە چاو یەکدیان دەلستەوە و دەیان ویست هەر بەچاوان یەکدی قووت بدەن. ژنە بە ڕوێکی گەش و بەنازەوە:–

باشە ! ئەوە چۆن خۆت بۆ ڕاگیر کرا؟ هەی....! چۆن نەبرژای؟! ئەمە چەند ساڵە ئەو چاوە جوانانەمان لێ ون بووینە؟

ماچێکی درێژ خایەنی لە بەری چاوی کرد، کە بەریدا، هەردووکیان سوور هەڵگەڕابوون. ژنە:ـ دلێر گیان! زانیمان ساڵ و نیوێك زامدار بوویت، بێ ناز، بێ کەس، بێ خزمەت، کوانی توخوا جێگەی برینەکەت ببینم:

دلێر:ـ تۆ شتێکم بۆ ڕاخە !

تا ژنەکە دۆشەکە پەمۆکەی سەر کانتۆری هێنا خوارەوە و لە سەر تەشکەبەڕەکە[5]ی ڕاخست، سەرینە دوو سەریەکەشی دانایە سەری و سەرچەف و جاجمێکی خاوێنیشی خستە بانی، مەکینەکەشی بۆ لای منداڵە خەوتووەکان پاڵدا، ئەویش خۆی کردەوە، چواردە خۆرێك و دوو نارنجۆکی لە تەك پێچکەی مەکینەکە دانا، شەرواڵە دامەن تەڕەکەی داکەند، دەرپێ کورتە بۆرەکەی تاسەر ئەژنۆی هاتبووە خوارێ، لەسەر سك راکشا و گوتی:– بڕوانە سمت و نێکی چەپم! بەڵام ئێستا چاك، چاك بوومەتەوە.

---

[4] **لاق پێچ ( پووزەوانە) وەك گورەوییە لە قولە پێوە تا ئەژنۆ دادەپۆشێت لە مەرەز و خوری دروست دەکرێت**

[5] **بەڕەی درێژۆکە**

ژنه دانەویەوە، کورتە دەرپێکەی هێنا خوارەوە، لە نێکی[6] چەپی ڕاما، گۆشتەزوونی* کۆنە برینێکی گەورەی دی، کە جێگەی درووینەوەکەشی دیاربوو، دەستێکی پێدا هێنا گۆشتەکەی توونو سخ بوو، دەستی بەسەر ڕانی داهێنایە خوارەوە و گوتی:– خودا تۆی بەمن و بەو منداڵانە داوەتەوە، بەهەژاری و بە بێکەسی منی بەخشیوەتەوە.

دلێر خۆی وەرگێڕا سەر تەنشتی ڕاستی، لەگەڵ ژنەکە تێك ڕامان، دەستی چەپەی بۆ ملی درێژ کرد و گوتی:ـ وا ئەمجارەش بە یەکــــــدی گەیشتینەوە چرا گیان.

شەوچرا خێرا بڵند بوو، دەرگای کانتۆرەکەی کردەوە، کراسە سپییەکەی بووکێنی دەرهێنا و کراسەکەی پێشتری داکەند و ئەوی کردەبەری، گەڕاوە، خزانە ژێر جاجمەکە، بوون بەیەك و گرمۆڵە بوون، چەند جارێك مەکینەکەیان جولاندەوە، لە پڕ تەقە تەقێك لە هەیوانەکەوە هات، دلێر لە جێگاکەی خۆی وەك کێچ دەرپەڕی، دەستی ڕاستی دەمانچەکەی تێدابوو بە دەستەکەی دیکەشی نارنجۆکێك، لەسەر چۆك بەرەو پەنجەرەکە چوو ،خێرا گلۆپەکەی کوژاندەوە لە پەنا پاڵتۆکەیەوە ڕوانیە دەرگای حەوشەکە، دەرگاکە نەکرابۆوە، سێرەی سەیرکردنی بۆ ناو حەوشەکە و بەر هەیوانەکە گواستەوە، کەسی نەدیت، پاشەڵ و کلکی نێرە کتکێکی ڕەشی خڕپن و گەورەی لە ناو تەنەکەکەی تەك دەرگاکە کەوتە بەرچاو، پشیلەکە خەریکی ملۆمۆ بوو، بزەیەکی فێنکی هاتێ، خۆی توند کردەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی:ـ

---

[6] جومگەی سمت، لاسمتێك

* گۆشتپاڵە

له جێگای پڕ ترس و سامناك، مرۆڤ  دەبێ هەموو لەشی ببێتە گوێ و چاو، دەبێ زۆر هوشیاربی، ئەگەر نەترسێی ئازاش نابی، خۆ نابێ وەك ( ك.) بێ باك و کەم تەرخەم بی، (م.) کەروێشکانی لە خەوێدا گرتی، سەری خۆی خوارد و سەری چەند کەسیشی لە جانگ درووی، هەندێك خوێڕی و خۆفرۆشیش پێی گەورە بوون، چەند جەرگ سۆزیش جەرگبڕ بوون، نا...نا... کەوڵەکەم بەنرخە! بزانن، دێن، بەم خودایەی تاك و تەنیا و بێهاوتایە بە خۆم و ماڵ و منداڵەوە دەمانبڕنەوە، نیوەی گەڕەکەکەش لەگەڵ زەویدا تەخت دەکەن، هێشتا ئۆخەیان نایەت، ئینجا بۆ پێش دەستی نەکەم؟ خودا یا بەمنی دەدا یان بەوان، ئەوان دەیانەوێ سامان کۆبکەنەوە، ئافەرین لە دوژمن وەربگرن، دەیانەوێ بکوژن و نەکوژرێن، بەڵام پیاوی بوێر و  ڕەوا خواز  هەر جارێك دەمرێ.

گڵۆپەکەی داگیرساندەوە، زەردەخەنەیەکی بۆ کرد، پەردەی پەنجەرەکەی پتر ڕاکێشا و گوتی :ـ هیچ نەبوو! کتکە، لەناو تەنەکەدایە، دیارە ئێسقان و پاشماوەی  چێشتی ئێوارێی تێدایە.

شەوچرا ڕاست بۆوە، هێشتا دەنگی ترپە ترپی دڵی ژوورەکەی پڕ کردبوو، قومێك ئاوی لە ناو سوراحییەکەی ئەو دیوی سمتەکان خواردەوە، هەندێك ئاویشی هەر بە سوراحییەکە دایە دلێر، دۆلکەکەی لە ژێر مەکینەکە داناوە، دەستی لە ملی دلێر ئاڵاندەوە، هەستایە سەر نووکی پەنجەکانی پێی، دەمی بەدەمییەوە نا، ڕایموسی، نەختێك بەیەکەوە هەژانەوە، (شەوچرا) بە (دلێر)ی دا شۆڕبۆوە و بۆ زەوی داچۆڕا، کە لە جێگاکەی خۆی دانیشتەوە، هێشتا ترپە ترپی دڵی دەبیسترا! سەری بەرز کردەوە گوتی:ـ

دەزانی هیچ ئاگام لە خۆم نەماوە! هەر دەڵێی شێت بوویم، هێزیشم لەبەر بڕاوە، خۆ بەچاوی کوێرم بەم نیوە شەوە دەبێ لە کوێوە بەپا هاتبیت، چەند ماندوو و برسی بیت، هەر تیکە نانێك، هەتا پیاڵە چایەکیشم نەدایتێ.

دلێر دەستێکی خستە سەر شانی و بەدەستەکەی دیکە ژێر چەناگەی گرت و دەمی بۆ بن گوێی برد، بەچرپە چرپ گوتی: ـ

لە ئێوارەوە وا لە شارین هەندێك بڵاوکراوە و تەقەمەنیمان هێنابوو، خواردنێکی زۆر باشمان خواردووە، لە پاش خواردنیش، دایکی هاوڕێیەکەم چوو کەباب و خاس و ترشیاتی بۆ هێناین، وای دەزانی حەفت ساڵە هیچمان نەخواردووە، هەر لەوێش تراشمان کرد و خۆمان شووشت، گوتم نەوەك هەست بەهاتنەوەم بکەن، داو بازەکان داوێکم بۆ دابنێنەوە، بۆیێ زوو نەهاتم. ( نەرمە گازێکی لەلا جانگی گرت ) دەزانی چاوەنواڕی لە ئێوارەوە هەتا هاتم بۆ ئێرە لە لام لەم دوو ساڵ و نیوە دوورییە درێژتربوو بەڵام چ بکەم؟

چوو نوێنی سەر منداڵەکانی هەڵداوە، ئازاد و ڕزگاری تێر ماچ کردن، هاتەوە لای کیژە بچکۆلەکەی کە هێشتا نەی دیتبوو، چونکە لەپاش ڕۆیشتنی بە دوو مانگان خودا دابووی، هەر بەنامە دەیزانی کچێکی ناو (نیشتمان)ی هەیە، سەری هەڵداوە و ماچێکی لە کوڵمە ناسك و گۆشتنەکەی کرد، وەری گێڕایە سەر پشت، ماچێکی پڕ لە سۆزی باوکایەتی لە نێوچەوانی کرد و گوتی:ـ

ئۆخەی نیشتمانە جوان و شیرینەکەم! ئەتۆ چۆن بزانی ئەوەندە جوان و ژیکەڵە بیت؟ هەر کتومت دەڵێی دایکیەتی.

شەوچرا لەسەر پێیان وەستابوو و سەیری ئەم دیمەنەی دەکرد، بزەیەکی خۆشی و غەمگین لەسەر لێو و نیگایەکی پڕ خۆشەویستی لە نێو چاوە گەشەکانی هەڵفڕی، گوتی:ـ هەندێك خورما و ڕۆنی ئێوارەمان ماوە بۆتی گەرم بکەمەوە؟

دلێر نوێنەکەی بەسەر مندالّەکان دادایەوە، بۆ جێگاکەی خۆیان گەڕایەوە و گوتی:ـ

دەڵێی گام لە سکیدا کوژراوەتەوە، هەر بۆ خاتری تۆ پارویێك دەخۆم، خواردنی دەستی تۆ، خواردنی ماڵی خۆت، دەزانی چەند خۆشە و چ تام و چێژێکی هەیە؟ ئەوەندەی بیخۆی لێی تێر نابی، تا نەکەویتە بەر دەرگایان چێژی خۆشی ماڵی خۆت نازانی، دەزانم خورما و ڕۆنەکەشت یا بە هێلکەیە یا بەپەنیرە. خێرا سێکوچکە و غازەکەی بەرهەیوانێی بردە سەرشۆرکەکە[7]، بۆ ژوورەکە.

گەڕاوە، بەبێ ئەوەی دلێر هەست بکات، دوو هێلکەی برد و لە خورما و ڕۆنەکەی کرد و هێنای لە پێش دلێری دانا.

ئەویش دەستی بۆ درێژ کرد:ـ نەمگوت یا بە پەنیرە یا بەهێلکەیە خۆ هێلکەکەی لە خورماکە پترە.

شەوچرا:ـ ئەوەش بەختی تۆ بوو هەندێك هێلکەمان بۆ هاتبوون، وا دەزانی هەروەك پێشانە هێلکە و مریشك لە لادێوە بۆ شار دێنن؟ نەوەڵا بۆ بەرد کڕین، بۆ دەرد کڕین، دەبێ چەند سەعاتێك لەسەر ئەم شەقامانە بە ڕیز بوەستی ئینجا بەدەستیشت ناکەوێ. هەموو شتێك بە نۆ نرخی خۆی پتر دەفرۆشرێ.

---

[7] جێگەی سەر شۆرین، حەمام.

چرا بۆ سەرشۆرکەکە گەڕاوە، لە دەرگای سەرشۆرکەکەوە سەیرێکی دەرگای ژوورەکەی بەرامبەریکرد، (خەجیێ)ی خوشکی و دوو منداڵە بچووکەکەی لەویێ دەنووستن، لە دڵی خۆیدا گوتی:ـ بزانن ئێستا ئاومان گەرم کردووە، پیاوەکەی ئەویش لە گیانەلاّ دایە...، ئەوجا چییە ئەدی بۆ تا ئێستا بڕە بڕی پەرەمێزی ئەوان گشت بەیانییەك خەڵك لە خەو دەكات چ باسی نییە؟ ( ترسی ئەوەی لێ نیشت بەیانی منداڵەکان لە خەو هەڵستن...، خەڵك لە ماڵە نەخۆشی بێن و بچن ...دلێری ببینن، ئەگەر منداڵەکان قسەیەکیان درکاند؟ ئەگەر یەکێك دیتی؟ باشە چۆن؟ لە کویێ بیشارێتەوە؟!. بۆ لای دلێر گەڕاوە) وا ئاوەکە گەرم بووە.

دلێر بڕێك پارە و دوو وێنەی خەمبار و خەیالأوی کە لە کاتی بریندارییدا گرتبوونی دایە دەست چرا و گوتی:ـ وێنەیەکیان بۆ دایکم بنێرە! خۆت دەزانی جێگاکەیان زۆر ترسناکە، ناوێرم خۆمی لێ بدەم، دەستی ماچ دەکەم.

ڕوانیە کات ژمێرەکەی دەستی و گوتی:ـ لەپاش سەعاتێکی دیکە دەبێ بگەڕێینەوە. (بەیەکەوە بۆ سەرشۆرکەکە ڕۆیشتن.)

# ٢- مار پێیوەدا



که منداڵەکان لە خەو ڕابوون چێشتەنگاوێکی درەنگ بوو ، بانگی دایکیان کرد، ئەویش کە بە ئاگا هات وای دەزانی خەونێکی خۆشی دیوە، وسەرچەف و جاجمەکەی لەسەر خۆ وەلانان، دیتی کراسی بووکینیەکەی هێشتا لەبەر دایە ئینجا زانی راستە و خەون نییە، بە گرانی هەستایەوە سەر پیێ، خۆی خاوکێش کرد، لە ئاوێنەی دەرگەی کانتۆرەکە ڕوانیە خۆی، بەر گەردن و لاجانگی سوور هەڵگەڕابوون، خەیاڵێکی سەیر پەلی هەستی گرت و بردی. کە کراسەکەی لەبەر خۆی دادەکەند، کوڕە بچکووکەکەی گوتی:ـ ئەمڕۆ دایکم بە کراسی (بەفرین)یێ چەند جوان بووە.

کە چووە دەرەوە، ڕۆژ لە تاقی ئاسمان بوو، سێکوچکە و غازەکەی هێناوە هەیوانەکە و دایگیرساند، وەك بەیانییەکانی پێشتر زوو لە خەو هەڵنەستابوو تا خواردن بۆ منداڵەکان ئامادەبکات، نۆکیشی بۆ ئازاد نەکولاَندبوو بیفرۆشیێ، بەوەی چاك بوو ئازاد خوێندنی پاش نیوەڕۆیان بوو، پاش چێشت خواردن چوو (وێنەکانی) لە ناو پەرتوکێکی ناو کتێبخانەکە دەرهێنا، ماوەیەك سەیری کردن، لێیان ورد بۆوە، ئەمیانی ژێر دەخست و ئەویانی سەردەخست، بانگی ئازادی کرد:ـ ڕۆڵە ! بچۆ ماڵی میمکت، بەدزی تەنها بەنەنکت بڵیێ، بڵیێ: باوکم هاتۆتەوە.

ئازاد بە سەر سوڕمانێکەوە سەیری دایکی کرد و گوتی:ـ

کوا باوکم هاتۆتەوە؟ تۆ دەڵێی درۆمەکەن کەچی وا بەخۆت پێم دەڵێی درۆ بکە !. دایکی هەستی کرد دوو هەڵەی بەجارێك کردووە، گوتی:ـ

کوڕم باوکی هاوڕیێ زۆر زۆر نەخۆشە، ئەویش نایەتە ماڵی ئەوان، هەر بۆ ئێمە شورەییە، با ئیمڕۆ نیوەڕۆ خواردنێکی خۆش لەگەڵ ئێمەدا بخوات، کتێبەکانیشت لەگەڵ خۆتا ببە، نیوڕۆژی لە ماڵی میمکت بخۆ، لەوێشەوە بۆ خوێندنگەکە بچۆ،

منیش لێره بەشی کوڕی خۆم له خواردنه خۆشەکە هەڵدەگرم تا ئێواره دەگەڕێیتەوه.

ئازاد ئەوەنده شادمان بوو، له خۆشیانا بستێك باڵای هەڵکشا، هەگبه پەڕۆینەکەی هەڵگرت و بەڕاکردن بۆی دەرچوو...

هەر سەیری وێنەکانی دەکرد، له پڕ ڕووی گرژ بوو، دەستێکی بەسکی داهێنا و له دڵی خۆیدا گوتی:ـ ئەوه شتێکم لێ پەیدا بوو، خۆ دەمکەنه سۆدرەی گەڕەکەکه و دەڵێن:ـ(( بێوەژنه بەرگ دروووەکه زۆڵی...)) ( دەم و چاوی گەش بوونەوه) :ـ نا ...نا ..کاتەکەی باش بوو دەنا ئەم هێلانەیەشم لێ تێك دەچوو.

*                    *                    *

ئازاد له ماڵی پلکی به ژوور کەوت، چووه بن گوێی داپیری و گوتی:ـ
نەنه خانم دایکم گوتی بچۆ به نەنه فاتمەخان بڵێ، باوکم هاتۆتەوه، با بۆ نیوەڕۆ بێته ماڵی ئێمه.

نەنه جلو بەرگێکی خاوێنی لەبەردابوو، دەسماڵێکی سپیشی لەسەر نابوو، (پیرەژنێکی ئاکار ڕێك و سوور و سپی و به کەلەش بوو، بەلاّم ئاوڵه دەموچاوی شێواندبوو، چاوێکیشی تانەی لەسەر بوو، هەر لەبەر هەندێ بوو، له کاتی خۆیدا شووی نەکردبوو، کچه ئاغا دەبێ و کوڕه ئاغاش نایخوازن، باوکی خوالێخۆشبووی لای شوورەیی و کەمایەتی بوو ئەگەر جووتیار و کاسبکاری کلاّشخوار بکاته زاوا و میرات گری خۆی، که باوکی دەمرێ فاتمەخان تەمەنی نزیکەی چل ساڵان بوو، دوایی دایکی بەشه میراتی خۆی و کچه کوێرەکەی بەناوی کوڕەکەی تۆمار دەکا، هەتا کوڕەکەی قایل بێ خوشکی مێرد به کرمانجێك بکا).

نەنە! شڵەژا، دەست و پێی تێکەڵ بوون، بە هەردوو دەست پێڵاوەکانی بەدەستەوە گرتن، بە پەلە و هەڵەداوان لە دەرگای ژوورەکە چووە دەرەوە، بەڵام هێشتا لە حەوشەکە بە تەواوی دەرنەچووبوو کە بە بۆڵە بۆڵ بۆ ژوورەکە گەڕایەوە:ـ ((ئەم کوڕی سەگە بۆ بەخۆی نەهات؟ مەگەر دایکت لە من لە پێشترە؟ منیش دایکی نیم؟ جەرگم نییە و زگم بۆی ناسووتێ؟! ئەم نیوە چاوەم نییە کە ڕووناکی دونیای پێدەبینم؟ تەرمیشی لەوێ بکەوێ تازە ناچم، هەر چەند پسوولە و نامە و تەڕەماش دەنێرێ هەمووی بۆ ئەم کچەتیمە تیتك هەڵپاچراوەیە، لەوەتی ئەم پێڕەشە[8] وەك گیاکەڵە[9] ڕەگ و ڕیشاڵی لە ناو هەناومانا داکوتاوە ئێمە خۆشیمان لە خۆمانا نەبینیوە. کەس نازانێ چ ناکەس بەچەیەکە و پنچکی چ خاکێکە؟ قەرەجە؟ حوسحوسە، کیـوەلییە ؟ لە تفنکـی[10] شەیتان دەرپەڕیوە؟ شـەوەی[11] کیژی شەوەی[12] .

زۆر بە تەوسەوە : شەوچرا... پەحا... لەو چرایەی! چەندم گوت ئایشە گوڵی خاڵت بۆ دەخوازم، ئەو دەیگوت من ژن ناهێنم، بەچی بزانم ئەم ئەرژەنگە نووشتەی لێ کردووە ( بەگریان و گلەیی کردنەوە) دایك و خوشکی هەر بەخەونی شەوانیش بە خەیاڵ داناێ. تاکە کوڕ! تاکە کوڕ! خۆزگە وجاخ کوێر بومایە، بریا

---

[8] نەگبەت بەدوا هاتن، بەدیوم

[9] گیا گورگە (هالوك) رووەکێکی مشەخۆرە لە تەماتە و تووتن دەدات و وشکیان دەکات.

[10] کونە لووت

[11] گچکە کراوەی ناوی شەوچرایە

[12] جنۆکەی ساوا کوژ

جوانە مەرگ بوومایە و مێردم نەکردبایە، خەم و تاری کوڕو کیژێ هێندە هەناوی نەدەخواردم.

ئازاد زانی نەنکی ڕکە گەورەکەی هەڵستاوە و ناچێ. چووە کنی و بەهێمنی گوتی:ـ نەنە دایکم گوتی بەدزی پێی بڵێ، خۆ منیش نەم دیوە، باوکی هاوڕێش زۆر نەخۆشە. (نەنە لە جێگەی خۆی سارد بۆوە، ڕکە گەورەکەی نیشتەوە و سۆزی دووری و دایکایەتی خاوی کردەوە و ئازادی ماچ کرد و گوتی): ـ

ئۆخەی باوکەکەی باوکم خۆ بۆنی (دلێر)ی لێ دێ (دیسان داهاتەوە و نێوچەوانیشی ماچ کرد، ئازاد دەستی داپیرەی ماچ کرد، داپیریشی دەستێکی لە پشتی داو گوتی : ـ ) وەکی باوکی خۆی ڕەشید و زیرەك و زۆرزانە.

خۆی کێل[13] کردەوە و ئاخێکی هەڵکێشا:ـ دەبڕۆ بانگی سەرۆی[14] بکەوە، لە ناو منداڵانە، با ئاگاداری ماڵێ بێت هەتا دایکی لە بازاڕ دەگەڕێتەوە.

تا دایکی سەرۆی لە بازاڕ هاتەوە، دەرکەی ژوور و حەوشەکە هەر لەسەر پشت بوون، لە کوڕە گچکەکەی ناو لانکێ بەم لاوە کەسێکی دیکە لە ماڵێ نەبوو.

هێشتا لە دەرگەی حەوشە نەچووبووە ژوورەوە، چاوی بە خەجێ کەوت، کە هەندێك میوانی ژنی بەڕێ دەکردن، پورەفاتێ چاك و چۆنی لە گەڵا کرد و زۆر بەپەرۆشەوەش لە تەندروستی نەخۆشەکەی پرسی، (شەوە) لە ژوورەوە گوێی لە گفت و لفتی خەسووی بوو لە خۆشیانا دوو کراسە بەزی کەوتنە سەر پەراسوی،

---

[13] ڕاست کردەوە، هەڵستاوە

[14] گچکەکراوەی ناوی کوڕانەی وەك سەردار، سەرکەوت، سەرباز...

هاتە دەرەوە، چوو دەستی خەسووی ماچ کرد، :ـ یا خوا بەخێر بێی میمکی خۆم، بان هەردوو چاوم هاتی فاتمەخانی خۆم.

پورە فاتم سەری شەوچرای ماچ کرد. خەجیَ سەری سوڕمابوو! تا ئێستا فاتە تیری دەگرتە سێبەری خزمەکانی (شەوە)ی هەتا بەخۆی ڕادەگات، کەچی وا ئێستا بە پەرۆشەوە دەست و دەمی یەکتر ماچ دەکەن:ـ

لە نەخۆشیشمان دەپرسیَ! ئەم دڵ کوێرە چۆن وا گۆڕاوە.

فاتمەخان سەری بە ژوورەکە داگرت، (نیشتمان ) بووکە شوشەیەکی لە ئامێز گرتبوو و دەخولایەوە، چو هەڵیگرت و تێر تێر ماچی کرد، بۆنی کرد و ماچی کردەوە.

بووك و خەسوو، شان بەشان، بە جووتە چوونەماڵی خەجیَ و لەگەڵ میوانەکان دانیشتن، کە میوانەکان هەستان، ئەوانیش هاتنەوە ماڵیَ.

پوورەفاتم کەوتبووە گومان، ئازاد ڕاست دەکا؟ درۆ دەکا؟ هەر بۆ خۆی هاتووە؟ دایکی ناردوویەتی؟ ئەگەر باوکی هاتبێتەوە لە کوێیە؟

شەوچرا لێی نزیك بۆوە و گوتی:ـ دایە فاتم ئەم شەو نیوەی شەویَ لە دەرگایان دا، منیش دەرگام کردەوە، باوکی ئازاد، پیاوێکی دیکەشی لەگەڵدا بوو هاتنە ژوورەوە، هەر بە سەرپاوە منداڵەکانی لە خەودا ماچ کردن ئەم بڕە پارەیە و ئەم وێنەیەی دایە دەست من و گوتی بیدە دەستی دایکم، گوتی دەبیَ لە جیاتی من بچی دەستی ماچ بکەیت، چونکە لەبەر چەکدارەکانی کۆشکەکەی بەرامبەریان، خۆم لەویَ نادەم، جێگایەکیشی بۆ دیاری کردووین ناوی خاوەن جێبێکیشی داینیَ، لەلای کۆنە مەیدانی مریشکان ڕادەوەستێت، پاش ماوەیەکی

دیکە، هەموومان پێکەوە دەچینە سەردانی، دایە فاتم وا بۆ تۆ شێت دەبێت، شوێن برینێکی گەورە لەسەر نێکی چەپی دیار بوو.

هەردووکیان دایانە هۆڕژنی گریانیّ، کچە بچکۆلەکەش لەگەڵیانا دەگریا، وێنە و پارەکەی وەرگرت، تێر تێر ماچی کردن، بۆنی کردن و خستنیە بان سەری، دیسان ماچی کردنەوە:ـ کاتی خۆی ئەگەر دەمزانی ئەوها بەچیایان دەکەوێت، لەبەر دەستمان دەچێتە دەریّ و لێمان دەبێتە حەسرەت، داخوا لە چ کەندێك بەبیّ کەسی مردار دەبێتەوە*!؟ ساردی دەکەنەوە و لە شاخێکا قەل و داڵ دەیخۆن، کو لێی دەگەڕام بڕوات، هەزار جار تاوانبار بکرابایە، هەر بەخۆم چارەم دەکرد کو بە جەلیلاغا و بە خەلیل ئاغای چارەی نەدەکرا؟ دەزانی ئەوان چەندە گەورە و چەند ناودارن ؟ هەموو شتێکیان لە دەست دیّ، ڕەشیان پیّ سپی دەکریّ و سپیش ڕەش دەکەن، لە بەغدایش هەر زۆر لە پێشن هەتا بە هەولێر و کەرکوك و موسلیّ ڕا دەگا، ئەگەر بۆ خەڵکی بە دیاری و میاری بیکەن، ئەوا بۆ من بە چاوان هەر بە خۆڕایی دەیکەن، ئەدی باوکیان کوڕی پلکم نیە؟داپیریشیان ئامۆزای باپیرمە، ئەوانە خزمی خۆمانن، گۆشتیشمان بخۆن هێسکمان ناشکێنن،

کیژم ئەوان ئێمەیان لە بیرە، ئێمە خۆمان بەگەورە دەزانین، شەرممان بە خۆمانە هاموشۆیان بکەین، ئەدی ئەوە نەبوو بۆ هەڵبژاردنەکە خەلیل بەخۆی، هەر بەدەستی خۆی، پلێتی ناوی خۆی بۆمان ناردبوو، دلێرە فەندی دەیگوت:

((ئەوان بەڕاستی نوێنەری ڕاستەقینەی خوێن مژی میللەتن!))

دەبا ئێستا میللەت گونی بۆ لە خمیّ بگریّ، قسە زلی لە باوکت قسە زلتر، میللەت، میللەت، کۆڵی خەمی میللەتێك بە تۆ هەڵدەگیریّ؟ سرا لە ئەقڵت !

---

*کەسێك بەبیّ کەسی بمرێت و لە سەر مەرگدا سوڕەتی یاسینی لە سەر نەخوێندرێت.

نەیهێشت من و خوشکەکەشی بچین، هەر بۆ ڕۆژێکی ئەوها....، خەڵك بۆ خۆی دوور دەڕوانی، دەبڕۆ لە کەند و شـیوان پەلەواژبەوە[15]، هـەر لە چاوی خۆت دەڕۆی و جەرگی من بە تەندوورەوە دەدەی، منداڵەکانیشت دەرك دەرك و هەتیو دەبن، کێچ و ئەسپێ بەزیندوویی چاوان دەتخۆن. (دەسەسرێکی سپیی لە گیرفانی کەوێ مۆرەکەی دەرهێنا و چاوە ساغەکەی پێ سڕییەوە) لە کونە ئەشکەفتان ڕەق دەبیەوە، خۆت دەکەیتە قوربانی خەڵکی! ؟ کچێ ئەو قسە لاتڕقەوچ و خەیاڵ پڵاوانەی ئەو دەیکردن، بەتەمای باشـتری بەسەر بێت.

شەوچرا لە قسەکانی فاتەکوێری تەواو هەڵچووبوو، ئیدی خۆی بۆ ڕانەگیرا، هاتە قسە : ـ دایەخانم! خۆ تۆ دەزانی من دایك و باوکم نەماون و بێ براشم، بە من و دلێر تەنها تۆمان بۆ ماوەتەوە، ئەگەر لەگەڵت بکەومە قسان، بەڵام بەمەرجـێك تووڕە نەبیت و لە یەکتری وەربگرین، یەکمان بۆ یەکمانی دەیسەلمێنین و قسەی یەکدیمان بۆ نابێتە ژانە سەر...

دایەخانم زەردە خەنەیەکی کرد، دەستی نیشتمانی گرت و لەناو کۆشی خۆی دانا و دەستی بەسەریا داهێنا و گوتی:ـ باشە بەڵام قسەی ڕاست و ڕەوان، توانای قسەی پڕوپوچی بە پەناوپێچم نییە.

: ـ خۆ لە تۆ پتر حەز دەکەم مێردەکەم لەگەڵماندابێت و ئەو پەیدای بکا و ئێمەش بکەین و بخۆین و بشۆین و بدڕێنین، ماڵەکەشمان گەرم و گوڕتر و ڕووناکتر دەبێت، بەخۆ و بەمنداڵەوە، بێ ناز نابین، لە قون حەوشەی کەس ناکەوین، ئەوەندە هەناویشمان پڕ ترس و لەرز نابێ، خۆت دەزانی کەسێك نییە سووکە دەسبارێکم لەگەڵدا بگرێ، شەو و ڕۆژ لە کاردامە و چارێگەکی شەوێ

---

15 - بکەوە سەر پشت ، بمرە

ناکەومە خەویٚ ئەویش نوینێکی سارد و سوڕی پڕ خەیاڵ و خەونی جڕناوفڕنا، خۆ چەند ماندووین، دە ئەوەندەش دڵمان تەنگ و پڕ  ترس وکەسەرە.

پووره فاتم وەك تازە هەستی بە ماندووبوون و خەفەتباری بووکەکەی کردبێ، زۆر دڵی بۆی سووتا و گوتی: -

ئەدی کو کیژی خۆم، ناوچەوانی ئێمە هەروایە، بەخۆم بە بێوەژنکۆشی منداڵم پێگەیاندن،  بەختی کوڕو کچیشم لە بەختی خۆم چاکتر نابێت.

شەوچرا درێژەی بەقسەکانیدا و گوتی:- کاتی خۆی ناسرابوو، نەڕۆیشتبایە شوون بزردەکرا، گۆڕەکەیشمان نەدەناسییەوە، چونکە لەگەڵ دوو کەسی دیکە تاوانی تۆپاندنی چەند بەراز و کەمتیارێکیان خستبووە ئەستۆ، لەبیرتە کە کەس بۆ گۆڕستان و گۆڕ هەڵکەندنیشیان نەچوون، چەند چەکـــدارێك ئاڵایەکیان تێئاڵاندن و کەلاکەکانیان لە گۆڕستانی (...) لە کەنار شار، بە مەکینەی زەوی هەڵکەندن ژێر خاك کردن. دار و دیواری شارەکە ، قەلاَت و بازاڕەکە لە خۆشیان گەشابوونەوە و هەڵدەپەڕین. ئەو خزمە گەورانەی کە تۆ دەڵێی هێسکمان ناشکێنن و ڕەشی سپی دەکەنەوە، ڕاست دەفەرمووی، ئەوان سپی ڕەش دەکەن، بەڵام  هەرگیز ڕەشیان بۆ سپی ناکرێتەوە... ئێسقانیشیان نەدەشکاند! بەڵکو هەر بەساغی وەك نەهەنگ قووتیان دەدا، چونکە لە خوایەکیان دەویست، ئەدی بۆ زاوایەکەتیان لە کونە ڕەشە دەرنەهێنا؟ خۆ ئەو هیچی نەکردبوو! تەنها لە گەڕەکەکەی ئەوان دوو سێ تەقە کرابوون و دوو قەوانیان لە کۆڵانەکەیاندا دۆزیبۆوە، پاش شەش مانگ بەنیوە مردوویی هاتەوە، لەماڵ تەواو بوو، کچەکەت گوتی: -

((بەکارەبا لە پیاوەتیان خستبوو و .پیسایشی رانەدەگرت، ئەدی باوکی دلێریش هەر بەدەستی ئەم خزمانە نەفەوتاوە؟)).

(پیرە فاتم بە دەنگێکی بەرز و شێتانە): ـ ئەوە چ دەڵێی هەی بوختانکەر! ئەو تۆماتە کو دەکەی؟ لە خوای ژووری سەر ناترسێی؟ سەر هەڵگرە و خوای ببێنە! ئەمن بەدەستی خۆم تەرمەکەی باوکی دلێرم لە پەرێزە جۆیەکەی دامێنی زووری[16] هەڵگرتەوە، هێشتا هەر گەرم بوو، مار پێیوەدابوو...مار... مارەکەشی کوشتبوو، مارێکی جنجڕ بۆری درێژ و ئەستور بوو و هێشتا دەجوولایەوە، بەخەنجەرە دەبانەکەی بەر پشتی، کە هێشتا هەر لە ناو دەستی بوو، پشتێنە جورجیەتەکەی پشتی بڕیبوو، لە گۆزنگی، جێگەی پێوەدانی مارەکەی بەستبوو، ئەگەر بە چاوی خۆم نەمدیتبایە هەر باشتر بوو، ئەو ئۆین و بەند و بالۆرانە هەڵمەبەستە کیژێ ! خودا هەیە...! کچێ شەوە مردن و ژینەوە و لێپرسینەوە هەیە...!.

– ڕاست دەکەی مار پێوەیدابوو، مارەکەش پێنج، شەش ساڵ پاشتر لەم پشتەوەیە کوژرا.

(فاتمەخان لە تووڕەییان ددانی بە چیڕەوە دەبرد و چاوەکانی لێزمەی ئاگری رکیان دەپرژاند.) شەوە هەر بەهێمنی : ـ بە گۆتەی دلێری کوڕت، کەریم کارەوان تاکە ڕاوچی گوندەکەتان بوو، تاریك و ڕوونی بەیانیان دەچێتە ناو تەبارەی ڕەشگۆڵەکەی سەر بستیایی بن زووری، خۆی لە ناو قۆپەنە[17] گەنمێکی گەورە دادەنوسێنێ، چاودێری بزنە مامزێکی هەراش زایی دەکا، تا دێتەوە سەر

---

[16] زوورگ.

[17] قۆپەن : پەڵە گەنم یا گیایەك کە لە دەورو بەرەکەی خۆی بڵندتر و چڕتر. بێت (کۆپەن).

کارەکەی و جێگەی شاردنەوەی کارمامزەکە نیشان بکات و دواتر بیگرێت، کەریم کاروان لە ڕەبەتەکەی[18] خۆیەوەڕا دەبینیٚ چوار پیاو لە ڕێی خۆشناوانەوە، بۆ پەرێزەکەی باوکی دلێری دادەکشێن، دووانیان بەسەر ناوانی ڕەشگوڵەکە[19] و جۆیەکەدا بەتەك کارەوانیدا شۆڕدەبنەوە و دەچنە خوارەوە، لە ناو جۆمەکەی[20] لای ماڵان ماوەیەك خۆیان مات دەکەن کە باوکی دلێری دەگاتە بەر بەری دروونەی، ئەوان بەباریکە ڕێیەکە بۆلای پەرێزەکە سەر دەکەونەوە، لە دوورەوە ماندوو نەبوونی لێ دەکەن، لێی نزیك دەبنەوە، چاك و چۆنییەکی گەرمی لەگەڵ دەکەن، پاشان کیسە توتن و ئاگرەکەی لێ وەردەگرن، لە ناکاوڕا تێی ڕوودەبن، یەکێکی دیکەشیان کە گۆسکەیەکی بەدەستەوە بوو، بە تخوبەکەدا رادەکات و لە نزیك حەشارگەکەی کەریم کارەوانی تێدەپەڕێت و دەیانگاتیٚ ئەوسا بە پشتێنەکەی خۆی پەل بەستی دەکەن. بە پارچە لبادێك توند توند دەم و لووتی دەگرن، کە تەواو دڵنیابوون گیانی لەبەردا نەماوە، یەکێکیان بەنوکی خەنجەرەکە و نووکە قەیناغێك[21]، قۆڵەپای وەکو جێگەی گازی دەمی مار، بریندار دەکات، یەکێکیشیان بە داسەکە پارچەیەك لە پشتێندەکەی دەبڕیٚ و لە قوڵە گۆزنگی دەپێچیٚ، مارە نیوە کوژراوەکەش لە ناو گۆسکەکە بەڕەڵلا دەکەن و دەیکوژن،

---

[18] حەشارگەکەی ،روانگەکەی، شوێنیخۆ مەڵاسدانی راوچی

[19] تەرزە گەنمێکی درشتە.

[20] کەندۆڵکە، شیوی بچکۆڵە.

[21] قامکەوان، ئامرازێکە لە کاتی درەوکردن دەکرێتە پەنجەی سەپان ، دندوکی درێژە لە تەنەکە و کانزا دروست دەکرێت،پەنجەکانی سەپان دەپارێزێت و چەپکەی تەبارە باشتر کۆدەکاتەوە .

پێش ئەوەی تۆ لە پەرێزەکە بەدیار بکەویت، ئەوان بە ناو تەبارەی ڕەشگوڵەکەوە ئاوا بوو بوون، کەریم هەرسێکیانی بە دەم و چاو ناسیبوون، چوارەمیشیان کە چاودێری تۆو دەوروبەری پەرێزەکەی دەکرد بە بەرگ و ڕۆیشتن و بە بالاّ ناسیبۆوە....

فاتمەخان بە حەپەساوی:ـ کێ دەڵێ ئەمە قسەی کەریمە کـاسییە[22] ، کەریم کیویلکە! (ماوەیەك بیری کردەوە لە دڵی خۆیدا بەڵێ جۆیەکەیان لەسەر تخوبی ڕەشگوڵی حاجی شێمحەمەد ئاری باوکی خوازەخانێ ژنە گچکەی ئاغا بوو، لووتی باوکی دلێر سوور هەڵگەڕابوو، دەم و لێویشی کەمێك بە خوێن بوو)... نا... نا... ئەم کردەوەیە لە خزمەکانی من ناوەشێتەوە و لەگەڵ منیش کاری وا ناکەن .

فاتمەخان بە گومانەوە:ـ کچێ ئاخر ئاغای باوکیان بە خۆی خاوەن پرسە بوو... لە دیوەخانی خۆیان پرسەیان بۆ دانا و خەڵك سەرەخۆشی لەوان دەکرد، هەرسێ ژنی و دوو ژنبرای و هەرپێنج کچی حەفتەیەك سەریان لە قوڕدابوو! هەی لە قوڕی کەریمە گێلت نێن، لۆ دەیکوژێتن؟ چ بوو هەتا بیکوژێ؟ بەرەنجی شانی خۆی دەژیا. بارگرانی بۆ کەس نەبوو، ئەوەی من لێی بزانم زیانی بۆ مێرووڵەیەکیش نەبوو، هەتا بڵێی دەست گەرم و نەفس بەرزو دوورە گێچەڵ و قسە لە ڕوو بوو. هەر کەس نەیدەزانی لە ئاواییش دایە، دوو مانگ پێشتر هاتوچۆی دیوەخانێشی نەدەکرد، وازی لە دامەی بەربەڕۆچکەی مزگەوتیش هێنا بوو...

شەوچرا: ـ چونکە لەسەر مەسەلەی چەك هەڵگرتن و ئێشك گرتنەکە، خۆی لەوان دابڕیبوو، چەند قسەی مزریشی بە ئاغا گوتبوو، دلێر زۆر شتی دیکەش دەزانێ.

---

[22] گێژ، هوڕ، گەمژەڵ، گێل.

پوره فاتم:ـ كيژم! سەر هەڵێنە و خوای ببینە، دەزانن کەریم کارەوان نەماوە، ئەم قسەیە... قسەو دانانی (ـ...)ە بەزمانی کەریمی هەڵبەستووە، دەبێ سەر و بنەوانی قسان ببینینەوە، ئەتۆ نازانی ئەوانە مەبەستیان چییە، دەیانەوێ خوێنی دەڵە ڕەدوکــــــــــــەوتووەکەی خۆیان بەم کووکە و فرتەنە هەڵگیرساندنانە بکەنەوە، چەند جوانیان هۆنیوەتەوە، هەر دەڵێی ڕاستییە.

شەوچرا: ـ تەرمەکەی لەبەر دەستان بوایە، نەخۆشخانە و دوو قسەبوو، هەموو شتێکت بۆ ئاشکرا دەبوو، فەوتانی کەریم کارەوانیش شتێکی تێدا بووە. باشە هەر ئەم خەلۆ و جەلۆیە نەبوون لەسەر پردی (خ..) بوو بوونە سەگی هار و کەوتبوونە گیانی میللەت و شەکر و چای ئاساییان لە دەست خزم و خێڵی خۆیان دەردێنا و بە ڕووباریان دادەدا..

فاتمەخان: ـ حەقی خۆیان بوو، یەکێك باوکی گۆڕ بزر بکرێت، دەستی خزمانیشی تێدا بێت، چ دەکات؟ باشیش بوون، هەموو شتێکیان لە دەست دەهات، چیان لەگەڵ خەڵکی کرد؟

شەوە بە تەوسەوە :ـ خۆ هیچیان نەکردووە! بەڵام دەڵێم هەر ئەم خەڵکەشە ئیمڕۆ پێیان دەڵێن میللەت و خۆیان دەکەنە نوێنەریان، ئەم نوێنەرە ڕاستەقینەیەی دەڵێ ئێمە داوای مافی میللەت دەکەین، لافی پاراستنی گەل لێ دەدات، بۆ ناچێت داوای گوندە بەزۆر ڕاگوێزراوەکەی خۆی بکاتەوە؟. گۆڕستانی ئەژدادیشی تا دەگاتە باپیری بوویتە مۆڵگە و هەوێزی گاڕان و مێگەلی پێپەتییان و مزگەوتەکەشی بویتە گەوڕی گامێشان، جگە لە کووکە و ئاژاوە نانەوە و چەك هەڵگرتنی کوشتن و بە کوشتندان ، چ کارێك بۆ دەربەدەر و بێ پەنا و هەژار و لانەوازان دەدۆزێتەوە؟.

پووره فاتمەخان! بڕوات هەبێ ئەمانە هەر خوێنمژ نین، خوێنمژ زۆر لە مانە پاکترە، زۆڵ و دایك خۆ گێن، دایکی خۆیان و گۆڕی ئەژدادیان بە پوولێکی ڕەش و سووتاو، بە ئافەرینێك دەفرۆشن، ئەمانە حەزیانە، دەریالووشن ... بەهیچ تێر ناخۆن، داگیرکەر و سەرمایەداری رژد و چاوچنۆك و دەرەبەگی ستەمکار و خۆپەرست بە زار و بە ڕوخسار مرۆڤ پەروەر و دڵسۆزی هەژار و بێنەوایانن، پەنای بێپەنایانن، بەڵام کە دەروون و دیوی ناوەوەیان لە ڕوانگەی کردەوەکانیان دەخوێنێتەوە، بێ پێچ و پەنا بۆت دەردەکەوێ، کە ئەوان باوك و کوڕو برای بەئەمەکی یەکترن، بەرژەوەندی تایبەتی هەرسێکیان پێکەوە گرێ دراوە، ئامانجیان ڕووتاندنەوە و برسی کردنی بێ دەسالآتانە، تا تێڕی ورگیان تێربکەن و باخەڵیان بئاخنن، بۆیێ دژی خواست و ڕەنجی چەوساوەکانی ژێر دەستیان یەك دەست و یەك دەستە دەوەستن ، ئەمە ڕاستییەکە کوێری کەڕولآڵیش ئیمڕۆ هەستی پێ دەکا، چیتر ڕوخساری شیرینیان ناتوانێ دێوی دزێوی ناوەرۆکیان دابپۆشێت، ئابڕووشیان نییە، هەرچییەکی بکەن هێشتا هەر وا دەزانن هیچیان نەکردووە.

فاتمەخان دەنگی هەڵبڕی : ـ خۆ ئەوەی چوار ڕۆژان چووە مەکتەبێ و سەری بەسەر دوو کتێبان داگرت، دەبێتە زمانێکی ڕووت، بزانە ...بزانە... چ مەلا بەزێنێکە! چەند ڕەوانە ڕەوان؟ دەڵێی ئاوقاتە[23]. دلێرم ناردە ماڵی خاڵی لە (غ .) بخوێنێ، هەتا لە ژێر سێبەری بحەسێمەوە، کەچی بووە ئاگر، خۆشی سووتاند و ئێمەشی برژاند، قسەی منداڵەکانی خاڵیشی وەك قسەی ئەون، بەڵام ئەوان بە کردەوە هێمنن و لە خۆیان تێك نادەن، (نەختێك هێمن بۆوە.)کیژم ئاوی خورتان

[23] پارێزەر، محامي.

سەر هەوراز دەڕوات، ئەنگۆ هەریەك نزمی دەزانن ئەویش چۆپییە، خەڵك دەزانی بۆ خۆی چۆن دەژی .

(بە توڕەیی و بەگاڵتە پیێ کردنەوە): ـ  تڕحێێو ...بە خوا بابە خوێندەواری ئاقڵ و دانانە... هم م... بەمستە خۆڵێك بەری زێیەك دەگرنەوە!

بەتەوسەوە:ـ دەبیگرن، بیگرن...پەحا... ئاگاداربن ماسییە بەستەزمانەکان نەخنکێن، چما ئاوەکەش شێلو دەکەن.

کچەکەی لە ناو کۆشی دەرهێنا و بە لایەنا، لە توڕەییان دەلەرزی کە گوتی:

ـ

باشە: خاتوون ! (دلێر)ە فەندی لە کویێ خۆی شاردۆتەوە؟))

دەنگی بڵند کرد و شریقاندی:ـ لە کێندەرێت خۆ گەیاندیێ و خۆت دەبەر کرد؟.

شەوچرا ترسی لیێ نیشت و زۆر بەهێمنیەوە:ـ دایەخانم ئەدی نەمان گوت کەسمان توڕە نەبین !

پوورە فاتم کەمێك هێور بۆوە، بەڵام هێشتا هەر نیوە توورە بوو:ـ کچیێ ئاخر تۆ بە خۆشت نازانی چ دەخۆی و چ دەڕشێیتەوە ، قسەی بیێ سەر و بەر و هیچی دیکەش نا، درۆی شاخدار و بە بارەبارڕ دەکەی، قسەیەکی ڕاست و نیو قسەی خۆش لە دەمە بۆگەنەکەت نایێتە دەرەوە ! ئەگەر لەسەر پێیان هات و ڕۆیشت، لەگەڵی نەنووستی؟ چۆن بەدەمە پانەکەی خۆت دەڵێی شوێن برینێکی گەورە لە سەر نێکی چەپی دیار بوو؟ داخوا حەفتەیەکە هاتۆتەوە، کە ڕۆیشتەوە ئەوجا ئەمن ئاگادار دەکەنەوە.

پارە و وێنەکەی فڕیێ دا و چووە دەرەوە ...

# ٣- کڵاوی خۆی دەگرێ (با) نەیبا





نیوەڕۆیەکی بەهاری خۆش بوو، خوێندکارەکان لە گۆڕەپانی خوێندنگەکەدا ڕیز کرابوون، هەر چینە و مامۆستایەکی لە پشتەوە وەستابوو، مامۆستا حوسێنی بەڕێوەبەر (پیاوێکی چوارشانەی بالاَ بەرزی سوور و سپی و چاوشین و موو سیسەی بە ناوسالٚ کەوتووبوو ، سمێلٚ و ڕدێنی پاك و پوخت لووس کردبوو، داوە مووەکانی پشتە مل و لا سەری زۆر بەوەستایی هێنابوو و سەرە ڕوتاوەکەی پیٚ داپۆشتبوو، ورگی هەندەی سکی سك پڕێکی هەشت مانگان دەرپەڕیبوو، قات و ملپێچێکی ڕەش و کراسێکی سپی لەبەردابوو، پێلاٚوەکانی ئاوێنە ئاسایی دەبریقانەوە) بەسەر سەکۆی ناو خوێندنگەکە ئەفسەرانی دەهات و دەگەڕایەوە، هات لە پشت چینە خوێندکارێك، لەتەك مامۆستایەك سەنگرایەوە. ئەم ڕۆژە زۆر خـــۆی ڕووگەش دەنواند، چاویلکـــــەکەی کردە چـــــاوی، پەڕەیەکی سپی بەدەستەوەبوو، بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:-

مامۆستا شوکر! خوێندکارێك لە خوێندکارە ژیر و زیرەکەکانت دیاری بکە. با سروودێکی نیشتمانی خۆشم، بەلاٚم زۆر خۆش ها...، من نەم بیستبیٚ، بەدەنگێکی بەرز، بۆمان بخوێنێتەوە.

مامۆستا شوکر بە دەنگێکی نێرانە:- خوێندکارەکانی من گشتیان ژیر و زیرەکن، مامۆستا حوسێن ! هەر بە خۆت کامەیان دەست نیشان بکەیت سروود دەزانێت، ئیمڕۆ منداڵی ناو بێشکەش فێری سروود چڕین بووە !

مامۆستا حوسێن هەندێك لە خوێندکارەکان ڕاما و دەستی بۆ یەکێك درێژ کرد کە لە ڕیزی پێشەوە وەستابوو گوتی:-

با ئەم کـــوڕە ژیکەڵەیە، ئەم کـــورتەك و شەروالٚ بۆرە پشتێن سوورەی پێشەوە، سروودێکی زۆر خۆش بخوێنێتەوە.

کوڕە لە ڕیز دەرچوو، گەیشتە ناوەندی گۆڕەپانەکە و سووڕایەوە بە دەنگێکی بڵند، بە ئاوازێکی سروودانەی ڕێك چریکاندی:

**(( چەك هەڵگری خاکێکم دوژمن بەسەری زاڵە**

**من بوومەتە بێگانە و بێگانە خاوەن ماڵە...))**

لە پێشدا حوسێنە فەندی هەستی لە لای کوڕەکە نەبوو، بەڵام کە بە ئاگا هات، هەموو لەشی خۆی کرد بەگوێ، بیستی وا هەمان دێر لە سەرەتاوە دوبارە دەکاتەوە، شپرزە بوو، وەك تەزووی کارەبا لێی بدات لە شوێنەکەی خۆی بەرز بۆوە، بەپەشۆکاوی نەڕاندی :ـ

وسس وسس! وس بە کوڕە وس بە و دەمت داخە، هەی تەفرەقەچی کوڕی تەفرەقەچی، هەی هەتیوی خوێڕی، کەس نازانی چ ناکەسێکی، دەڵێی مەیمونی، دەزانی گووەکی چەند گەورەیە و لە کێندەریش دەیخۆی.

گشت وەستاوانی گۆڕەپانی خوێندنگەکە بوون بە پەیکەر، خوێندکارەکەش لە شوێنی خۆیدا بوو بەبەرد، ویستی بگرییێ، سەری بڵند کرد، مامۆستا شوکری کەوتە پێش چاو، هەندێك ورەی گرتەوە، گریانەکەی ڕەویەوە، حوسێنە فەندی بەدەنگێکی بەرز قیڕاندی: ـ وەرە! برۆ دەرەوە! جارێکی دیکە پێت نەنێیتە ناو ئەم خوێندنگەیە! شوکر! (ڕووی بۆ شوکر وەرگێڕا) دەمەوێ هەر ئیمڕۆ دەرکردنەکەی بنووسییت! ئینجا چی بۆ دەنووسیت؟.... ئەوە بۆ خۆت دەزانی.

بە پەلە و بەشەپڕێوی لە خوێندکارەکان دوور کەوتەوە، ڕووە و ژورەکەی خۆی ڕۆیشت، هێشتا لەبەر چاوان ون نەببوو کە بۆلای خوێندکارەکان گەڕایەوە، لە خوێندکارە گەورەکان، شێتانە پیلی خوێندکارێکی باریکەڵەی بەژن درێژی ڕاهەژاند و گوتی:ـ

بزانم تۆ چ شەكرێك لەبارەی خاك و نیشتمان و ولاَتەوە دەشكێنی ؟

خوێندكارەكە وەك لەمەوبەر خۆی بۆ ئەم پرسیارە و بۆ ئەم هەڵوێستە ئامادە كردبێت، هەر لە شوێنەكەی خۆی كۆكەێكی كرد و زۆر بەرەوانی گوتی:ـ

نیشتمان دایكی دایكانە، نیشتمان ئەم پارچە خاكە پیرۆز و شیرینەیە كە لەسەری لە دایك بوین و شوێنەواری باوك و باپیر و ئەژدادمانە، ئەوان لەسەری ژیاون، خۆڵەكەی خوێن و گۆشت و هێسك و پروسكی ئەوانە، هەر كاتێك چاو برسییەك چاوی تێبڕیبێت ئەوان بەخوێنی خۆیان پاراستوویانە، تا گەیاندوویانەتە دەست ئێمە، ئێمەش لە خێر و بێرەكەی دەخۆین، دژی هەموو داگیركەرێك دەوەستین، جا داگیركەرەكە هەر ئاینێك و هەر زمانێك و هەر ڕەنگێكی هەبێت و هەر ناوێك لە خۆی بنێت و هەر رووپۆشیكیش بپۆشێت، داگیركەر هەر داگیركەرە، ئەگەر لێیان نەبین بە گورگ، ئەوان دەمانكەنە بەرخ و دەمانخۆن، مرۆڤی بێ نیشتیمان منداڵی بێ دایكە، مرۆڤ لە دەربەدەری و تاراوگەییدا هەمیشە هەست بە بێكەسی و چرووكی خۆی دەكات و لەسەر ڕووی ئەم زەمینە جێگەی نابێتەوە، وەكو گیای بێ خاك وایە. ئەگەر دوژمنان، چاو ببڕنە بستێكی خاكەكەمان و دەست بۆ سنووری نیشتمانەكەمان درێژ بكەن، ئەوا پێویستە هەموومان بەیەك ریز بووەستین.

حوسێنە فەندی كە پێشتر لە قسەكانی دوو دڵ بوو گوتی: ـ

ئافەرین... ئافەرین... سەد ئافەرین، دەبێ هەموومان بەیەك ڕیز بووەستین.و عێراقی خۆشەویست بپارێزین. .. بەچكە شێر ناوت چییە؟

– پێشەوا خۆشناو .

حوسێتەفەندی : ـ ئافەرین پێشەوا بەڕاستی پێشەواو پێشەنگی، بەڵێ وەك ئەم قارەمانە گوتی پێویستە هەموومان پارێزگاری لە سنوری عێراقی خۆشەویست بکەین، وڵاتی عێراق لە باکووری زاخۆوە تا باشووری فاو یەك پارچەیە و بەبێ جیاوازی نیشتمانی هەموومانە ، ئافەرین، هەزار ئافەرین...چەپڵەیەك! چەپڵەیەکی گەرم بۆ ئەم پاڵەوانە، فەرموون ئێستاکە هەمووتان بڕۆنەوە پۆلەکانتان.

چاویلکەکە و پەڕە سپییەکەی خستە بەرکی چاکەتی و بەپەلە بۆ ژوورەکەی خۆی ڕۆیشت.

لە وانەی سێیەمدا تەنها شوکرە فەندی بێ وانە بوو، لە ژووری مامۆستایان دانیشتبوو، هەردوو هەنیشکی لە سەر مێزەکە دانابوو، سەری خستبووە نێوان هەردوو لەپی دەستی، کەوتبووە نێو گێژەنی بیرکردنەوە، حوسێنە فەندی چووە ژوورەکە و لە پێش مێزی شوکرە فەندی ڕاوەستا، خێرا خێرا دەستی ڕاستەی لە مێزەکە دەخشاند، گوتی:ـ مامۆستا شوکر ! نامەوێ ئەو مەیموونە نگریسە بگەڕێتەوە خوێندنگەکەمان ! ئەوجا شتێکی لەباری بۆ بدۆزەرەوە تا بە زووترین کات دەرکردنەکەی بنووسین.

شوکر گوێی پێ نەدا، حوسێن چەند جارێك ئەوسەر و ئەمسەری ژوورەکەی کرد، دوبارە لە پێش مێزەکە وەستایەوە و گوتی:ـ

بۆ بێ دەنگیت لە خۆ بارکردووە ؟

شوکرە فەندی کە تائێستا خەریکی بیرکردنەوە بوو، سەری بڵند کرد و نیمچە توڕەییەك گرتی، تفی خۆی قوت داوە و گوتی:ـ

دەرکردنی کوڕی خەڵك ئەوەندە ئاسانە؟ بۆ خۆت نایکەی؟ دەزانی ئەوە کێیە و کوڕی کێیە؟.

حوسێنە فەندی لافاوی رقی نیشتەوە، چوو کورسییەکی لەتەك مێزەکەی ئەولاتر هێنا و لە تەنیشت شوکرە فەندی داینا و لە سەری دانیشت و گوتی:-

مامۆستا تۆ دەزانی چ بۆمبایەکی گەورەی تەقاندەوە؟ باش بوو مامۆستا (ز...سەرخۆرکە ) نەهاتبوو دەنا نەك خوێندکارێکی پۆلی سێیەمی سەرەتایی بێت، بەڵکو مەلۆتکەش بوایە هەر بەتەنها خۆی نەدەسووتا، ئەتۆ چاودێر و ڕابەری پۆلەکەیانی و منیش بەڕێوەبەرم، دەبوایە هەمووممان بەو تاوانە بتاوێینەوە، کەس پاشماوەشمان نابینێتەوە، ئاگرێکە خوێندنگەکەمان بەدار و دیوارەوە دەسووتێنێ.

شوکر هەستاوە سەر پێ و چوو دەرگاکەی بە تەواوی داخست و لە شوێنەکەی خۆی دانیشتەوە، بەدەنگێکی نزم گوتی:-

پرسیم، دەڵێن چەند کوشتن و بردنی ناو ئەم شارە هەیە، گشتی باوکی ئەم کوڕە جێبەجێی دەکات، باوکم! ئەوەی لەسەر کوڕی خەڵك پیاو تەمبێ بکات، دەبێ بۆ کوڕی خۆی چی بکات ؟ دەتەوێ من بفەوتێنی، یا خۆت بەبردن بدەیت ؟

بێهۆشێکە شتێك لە کۆڵان فێربووە، نازانێ ماناشی چییە، لەم ڕۆژەدا کەس شتی وا لە خوێندنگەدا دەڵێت؟ کە تۆ دەرت هێنا و گوتت ســروودێکی نیشتمانی زۆر خـۆش... من نەم بیستبێت... بخوێنەوە ئەویش ئەوەی بەسەر زار داهات، براکەم سووچی تۆ بوو هەر بەخۆشت بەدوایدا بنێرە بابێتەوە...

ترس هەموو گیانی حوسێنە فەندی داپۆشیبوو، بەحاڵ قسەی بۆ دەکرا:- شوکرە فەندی! ساڵێکمان ماوە ئەسکوردمان دەشکێنین، خانەنشین دەبین،

باوکم بەرگەی تێهەڵدان و بوتڵ و کارەبا و لەدار بەستان و ئوتی کردنی کونە ڕەشەکە ناگرین، بردن و لە شاخ هەڵدانی ئەولاشمان بۆ ببێتە سەربار، کوڕە دارێکە و هەردوو سەری نا، هەمووی، هەر هەمووی بەتەواوی پیسە، بزانم کێندەری دەگری؟ کاکە! هەر بەخۆت بنێرە بابێتەوە، بەلاّم ...

( گەردەلوولی ترس هەموو گیانی دەهەژاند و شێوەی قسەکردنی پتر بەرەو پاڕانەوە دەچوو):ـ دەڵێم بەڵکو پیاوەتییەکم لەگەڵ بکەیت، وابکە لە دەوامەکەی ئێمە نەمینێ و بۆ دەوامی بەیانیان بگوێزرێتەوە، زۆر مەمنونت دەبم. شوکرە فەندی دەزانم سێ بەشی خوێندکارەکان وەك ئەم بوودەڵە کورتەك و شەرواڵ بۆرە بیردەکەنەوە.

شوکر چاووەکانی بڕیبوونە چاوی و تیری قینی بۆ ناخی حوسێن دەهاوێشت،

حوسێنە فەندی وەك هەمبانە دەمێن هەڵدەبەزی و دادەبەزییەوە، ئارەقەی شین و مۆری دەردابوو، شوکرەفەندی گوتی: ـ

ڕاست دەکەن، بۆ خاکمان داگیر نەکراوە؟

حوسێنە فەندی کورسی و مێزەکەشی هێنایە لەرزین، مشەمشی ڕۆژە ڕێیەك دەڕۆیشت

شوکر:ـ بۆ؟ ئەم قودسەی[٢٤] تۆ دەیبینی داگیریان نەکراوە؟ ناویان نەگۆڕیوە؟ ئەم ترسنۆك و ستەمکارانە نیشتمانی ئێمەیان داگیر نەکردووە؟ گەلەکەشی دەربەدەر و ئاوارە ناکەن؟ دەیانەوێ ناویشی لەسەر ڕووی زەمین بســـــتڕنەوە،

---

[24] ــ مەبەستی کەرکووکە، زۆر شوێنیان لە کوردستان راگوێزاون و ناویان ناون قودس و قادسیە و... ، چەندین ئۆردوگای زۆرەملێشیان هەر بەو جۆرە ناوانە ناو ناون.

بۆ فەڵەستین داگیر نەکراوە؟ ئەگەر چی نازییەکان ڕەگەزپەرست و مرۆڤکوژ بوون، بەڵام بەڕاستی.هەر ئەوان توخم و رەچەڵەکی ئەمانەیان دەناسی.

حوسێنە فەندی قسە بە توێکڵەکانی شوکری بۆ ڕوون نەبوون، نەیدەزانی پینەن، یان بزمارن، بەڵام سووڕ دەیزانی ئاسایی نینە و کوچکە بەردی ناو هەمبانەن[٢٥]. (زۆر ماندوو و پڕترس دەهاتە بەرچاو، ئارەقەی دەم و چاو و پشتەملی بە دەستەسڕەکەی گیرفــانی ڕاســتی چاکەتەکەی سڕیەوە، لە پێشدا ویســتی خۆی گێل بنوێنی، زۆر دوودڵ و پەرێشان بوو، چاوێکی بە ژورەکەدا گێڕا)

ـ بۆ من نازانم تۆ و نەجاتە فەندی بۆ لە کەرکوکەوە بۆ ئێرە گواستراونەتەوە؟ بۆ نازانم مامۆستا یادگار ... لە پێناوی چی ڕۆیشت و چی بەسەر هات، ؟ بۆ؟ من کورد نیم؟ بە هەزار ئاوان خۆم بشۆمەوە، هەر بۆنم لێ ناکەن؟. بەڵام چۆن دەزانم ئێستا من و تۆ بە تەنها لەم ژوورە دانیشتووین ، ئەوهاش دەزانم سەروچاوەکەی، بن و بناوانەکەی بای چەندە، لەم شاخــــانەدا، هەندێك هــەرچی و پــــەرچی بێسەروبەر، هەڵپە هەڵپێك دەکەن، چەند کەسێك بەتڕاندن دەدەن و ماڵی بڕێکیش کاول دەکەن (بەدەست و بەدەم) هی ئەم دیوە دەبنە نۆکەری ئەو دیوی، هی ئەو دیویش دەبنە کرێگرتەی ئەم دیوە. لە دواییشدا، تێك بەردەبن و یەکدی دەخۆنەوە.

هەستایەوە سەر پێیان، تەمی ترس و پەرێشانی لەسەر ڕوویا نەمابوو. بەپڕ باوەڕەوە : ـ تۆ مێژووت خوێندۆتەوە؟ هەر ڕاوکەرێکی چاك و نێچیرگرێکی باشە، بەڵام کە نێچیرەکەی گرت و نەگرت لە دەمی دەکەنەوە، تا ئێستا نێچیرێکی خۆی

[25] ئیدیۆمە ، وەك بڵێن بە مشتێکی ئاسنین کە لە نێو دەستەوانەیەکی نەرمدایە لێی دەدا

نەخواردووە، پیاو چۆن ڕدێنی خۆی دەداتە دەست ئەم هەرچی و پەرچییە دەم ڕووتانەوە!؟

لە سەر کورسییەکە دانیشتەوە:ـ شوکر تۆ دەزانی ئێمە لە ڕابردوودا دۆڕاندوومانە، ئێستاش چۆن هەڵەی بەسەر چوو دەگەڕێتەوە، تا ڕاستی بکەیتەوە؟!

شوکر:ـ حوسێنە فەندی! بزانە! ئێستا گەڕانەوەیە بۆ ڕۆیشتوو، ڕۆیشتنە بۆ داهاتوو. ئیمڕۆ ئەلقەی بەستنی نێوان دوێنێ و بەیانییە، ئێستا دەبێتە ڕابردوو، هەروەك پاشەڕۆژیش دەبێتە ئەمڕۆ، ئەگەر ئێستا رەنجێکی باش و لەبار بدەین زەمینەیەکی بەپیت و گونجاو بۆ دوارۆژێکی ڕوناك دەرەخسێنن ، نەمامیدار گوێزێك بچێنیت دوای حەوت ساڵ ئینجا بەر دەگرێت.

حوسێن خۆی لەسەر کورسییەکە ڕاست کردەوە و پتر دەمی بۆ شوکرە فەندی بردە پێش و گوتی:ـ برای گەورەم! باوك و باپیرانمان دۆڕاندوویانە، لە پێشا بە هەڵچوونێکی جەماوەری، بەجوولانەوە و ڕاپەڕینی چەند خێڵێك، بەکوشتن و کوشتارێکی زۆر کەم دەیان توانی هەموو مافەکانی خۆیان بپارێزن و لە دەستیان دەرنەچێت، گێروگرفتیشیان بۆ ئێمە نەدەمایەوە، بەڵام ئێستا لە چەرخی فڕۆکە و ڕۆکێت و گازی کیمیایی و چەکی ئەتۆمدا، پێم ناڵێی چی دەکرێت؟ باوکم ئەوەندەی ماوین ئەگەر خۆ نەدەینە دەست چارەنوس ئەوەندەش دەبڕێینەوە.

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، هەستی بە حەسانەوەیەك کرد، خۆی بەپاش دا شکاندەوە... :ـ ئای بڕبڕەی پشتم چەند دێشێت، من نەخۆشم بەکەڵکی دانیشتنیش نایەم. مامۆستا شوکر! من زۆر بیرم لێ کردۆتەوە، بڕوات هەبێت لە

کاتی لاویما زۆری نەمابوو هەڵبخلیسکێم و لە کەلێنی پەنجان بەربیمەوە و  لە ترێ سەی بچم، بەڵام کە لە ژیان قووڵ بوومەوە، بەیەقینی بۆم دەرکەوت کەوا تەنیا ڕێگایەك هەیە ئەگەر بەروبوومێکی هەبێ، ئەویش دەڵێم ئەگەر... چونکە بەدڵنیاییەوە دەزانم پاشەڕۆژمان زۆر لەوە ڕەشترە کە هەستی پێ دەکەن. مەگەر ڕوداوێکی زۆر گەورە و گۆڕانکارییەکی چاوەڕوان نەکراو ڕووبدات، ئەویش کەس ناتوانێ بڵێ ئەنجامەکەی بۆ کێ دەبێت. مامۆستا گیان! سەدان ساڵە داگیرکەرەکان، تۆوی دوو بەرەکی و خۆ بەزۆرو زۆرزانی و یەکدیش بەکەم و کەم زانی، خۆ ویستی و پایە پەرستی و ململانێ لەگەڵ یەکدی کردندا لە ناخمانا دەچێنن.

نەمامی داردەستی و ناوماڵی و دەرگاوانی بیانییەکان لە دەروونمانا رواوە و گەشەی کردووە، بەڵێ دوژمنانمان زۆر بە زانایی و بە دووربینی پیلانمان بۆ دادەڕێژن، ئێمە پێشبڕکێمانە و ئەوانیش شەڕە کەڵمان پێ دەکەن، ئێمەش تەغارە خوێیەك لە دژی یەکتری دەخۆین، خۆ لە هەڵدێری هەڵدەدێرێنین، خەرمانی خەبات و ئاواتەکانمان لە ڕکی یەکدی دەسووتێنین، سادەیی و کورتبینی ئێمە لەوە دایە کە شوانەکانیشمان شوانکارەیی بۆ خەڵکی دەکەن، گورگ دەکەنە تووتکی دوای ڕانە مەڕێ، دەوروبەری خۆ ناناسین، پەند لە ڕابردوو وەرناگرین، نەمان توانیوە کارەسات و  کات و ساتی گونجاو بقۆزینەوە.

برایەتی یەکدیمان پێ سووکایەتییە، کەچی نۆکەرایەتی بێگانانمان لەلا برا گەورایەتی و مەزنایەتییە ...، ئاخخ... دەردمان زۆر گرانە... خۆزگە سەد خۆزگە وەك ئەم ڕەش و ڕووتە گاڕانییە، تام گێل و کەمزان و بێ هەست دەبووم، چەند خۆشە پیاو لە گێژییان بارە گوێزی لێبنێن خرەی نەیەت، گەلحۆیی

ئاسوودەییە، گەوجی گەنجینەی شادییە، کەرایەتی میرایەتییە، دەڵێن خەڵکی بەهەشت زۆربەیان گێلۆکەنە. (دووجار دەستەکانی بەیەك دادا و هەناسەیەکی پڕ مەینەتی هەڵکێشا): ـ بەڵام چی بکەم! داری بریایێ زڕ و بێ بەرە.

دوبارە پشتی ڕاست کردەوە و گوتی:ـ تەنیا ڕێگەیەك لەوانەیە دەردی ئێمە تیمار بکات ، ئەویش ئەوەیە: کە چیدیکە نەبینە بیست پارت و چل بەرە، بەڵکو دەبێ ڕێکخراوێکی یەکگرتووی شوڕشگێڕ یا چەند رێکخراوی یەکگرتووی یەك دەنگ و یەك ریز و یەك هەڵوێست....بەرژەوەندی باڵای گەلْ و وڵات بە تەواوی دیاری بکەن و ستراتیژی و تاکتیکی کارکردنیان بەشێوەیەکی بابەتییانەی جیهانی و ناوچەکە دابرێژن. ببێتە تاوڵێك و گشتمان لە ژێری کۆببینەوە.

چەند جارێك پەنجەی شادەی دەستی ڕاستی لە کەللەی سەری ئاژنی:ـ

شۆڕش دەبێ لە پێشا لێرە هەڵبگیرسێ، دەبێ شۆڕش، لەپێشا، شۆڕشی بیروهۆش دەست پێبکات و لەوێش تەواو ببێت، ئینجا دەست بدرێتە چەك، چونکە هەر شۆڕشێك کەللەی بەتاڵ و چەکی پڕی هەبێت زۆر زوو هەرەس دێنێت، دەبێت شۆڕشی هزر و هۆش سەرتاپای کوردستانی گەورە بگرێتەوە... تا دەگاتە کوردەکانی هەندەران، دەبێت هەست بە چارەنوسێکی هاوبەش بکرێت ( زۆر بە برواوە لەسەر قسەکانی خۆی ڕۆیشت) دەبێت شۆڕشەکەش لەم پارچەیەوە بتەقێتەوە و پێشەنگی بکرێت کە کوردی زۆرلێکراوتر و هوشیارتری هەبێت، رژێمەکەشی لە ئابووریدا لاواز بێت، چونکە هەروەك ڕەش و ڕووت سووتمانی شۆڕشە، ئابووریش ئا ئەوها سەرچاوەی هێزی سەرەکی ڕژێمە زۆردار و بەزۆر چەسپاوەکانە، زۆر بەوەستایی ئێمەیان چوارمێخە کێشاوە، هەر چوارلایان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، ئێمە سەرکوت دەکەنەوە، هەرچەندە ئەوان دوژمنی

یەکیشن، کە یەکێکیان بۆ مەبەستێکی تایبەتی خۆی دەبێتە دۆستمان، بەڵام کە بزانن لە دەستیان دەردەچین، لە دژی ئێمە ئەوان یەك دەگرنەوە و پێکەوە ئاگرەکەی ئێمە دەکوژێننەوە، ئەوە ئەلف و بێیەکە دەیان جار دوبارە بوویتەوە کەچی ئێمە هێشتا فێری نەبووین. ئەو نەوت و ئەو خاکە بەپیت و رووبارە زوڵاڵانەی ئێمە بەڵانە هەر بە ئاگری ئەوانیشەوەیە دەسووتێین. بۆ چارەنوسی ئێمەیبان لە سیڤەردا وەلاناو بە چەندین زنجیر لە لۆزان و لە سایکسبیکۆ ئێمەیان سندم کردەوە؟ روس و ئینگلیز و عوسمانلی و قاجارەکان ... هەریەکە و بە پێی دەسەڵات و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، هێڵی سووریان لە پانتایی وڵاتی ئێمەدا کێشاوە، ئێستاش ئەم زنجیر و هێڵە سوورانە بەرژەوەندی چەندین لایەنی دەسەڵاتاری تێدایە، وایان دابەش نەکردووە کە بە ئاسانی لە ژێر دەستییان دەربچێت.

من بیروهۆشم هەیە، رزگاربوون ئەوەندە سانا نییە ، بۆیێ دەڵێم من سەیری دروشمی پرشنگدار و لە خشتە بردن ناکەم بەڵکو من دەمەوێ دووربینی و یەکبوون و شۆڕشگێڕی و چاکسازی بە کردەوە بخوێنمەوە .

(شوکر هەموو هەستەکانی لەلای حوسێنە فەندی کۆکردبۆوە، لەم بڕوایەدا نەبوو، ئەم کردەوانەی ئەم کابرایە، ئەم گفتارەی لێ بوەشێتەوە، بۆیی قسەی پێ بڕی) و گوتی:ـ باشە حوسێنە فەندی! ئەگەر ئەوەی تۆ دەیڵێی ڕاست بێ دەبێ کێ بۆمان دەست پێ بکات؟ چۆن و کەی دەگەینە ئەم قۆناغەی تۆ دەتەوێت؟

ماوەیەك چاوەڕوانی وەڵام بوو، بەڵام حوسێن خۆی لە لێفەی بێ دەنگی لوولدا بوو..

شوكر:ـ ئەوەی لە هەورازی سەربەرزی و سەختی بەرزی ژیانا بترسێت، بەنشیوی سەر شۆڕیدا شۆڕدەبێتەوە، لە زەلكاوی نامەردیدا سرەوت دەگرێت و لە سێبەری شەرمەزاریدا سەر دەنێتەوە...لەوەتەی شەو و رۆژ هەیە، تاكو ئێستاش ئاوی رۆژگاری ژیان بەناو رووباری مێژوودا دەڕوا و بوونەوەرانیش لە پێناو بوون و مانەوەیاندا هەمیشە لە خەبات و كۆشش دابووین.

دوو پرسیار، وەك دوو برا دوومەلأن ئاسا لەتەك یەك سەر هەڵدەدەن:

یەكەم: ژیان كە بریتییە لە شەو و رۆژ، تاریكی و رووناكی، كێ توانیویەتی شەو و رۆژی ژیان بووەستێنی ؟ خۆر بشارێتەوە یا تاریكی وەلا بنێ؟

دووەم: ئەو كەسانەی دەیانەوێ بەری رووبار بگرن و ئاو سەرهەوراز بگێڕنەوە، بۆ پەند لە كەسانی پێش خۆیان وەرناگرن، لە وەتەی چەرخی گەردوون كەوتۆتە گەڕ، ئەوانەی ئەم جۆرە كارانەیان كردبێ هەمیشە جگە لە تف و نەفرەتی مێژوو چی دیكەیان بۆ ماوەتەوە؟.

(حوسێن خۆی لە مەبەستی قسەكانی شوكر گێل كرد) پاش ماوەیەك: ـ من فشەم بە قسەی گەورە دێت و لە كاویژكردنەوەی فەلسەفەی نێو كتێبانیش بێزار بوویم، زۆریش لەم بابەتە پەند و ئامۆژگاریانە دەزانم، بەڵام خۆم باوەڕم بە هیچێكیان نییە. تا ئەو رۆژەی ئەو بارودۆخەی من دەیڵێم نێتە كایەوە من كورد نیم، تەنیا ساڵێكم ماوە خانەنشین دەبم، شڕە كارگەیەك و پێنج شەش دوكانم هەنە لە خۆم تێك نادەم، ماڵ و منداڵی خۆم بە دەرۆزە كردن ناخەم.

هەردوو دەستی بەسەریەوە گرت:ـ من كڵاوەكەی خۆم دەگرم (با) نەیبا خودام دەكرد ژێر و ژوور دەبوو.

لە شوێنەكەی خۆی هەستا، هەردوو دەستی هەر بەسەریەوە گرتبوون چوو دەرگاكەی بەدەستی ڕاستی كردەوە و دەستەكەی بۆ سەر سەری گێڕایەوە، ئاوڕێكی

له شوکر داوە، ئینجا ڕۆیشت تا گەیشتە ژوورەکەی خۆی، دەستی توند توند بەسەریەوە گرتبوو، وای دەزانی گەرەپێچ[25] کلاوەکەی دەفڕێنێت.

*　　　*　　　*

سەرەتای وانەی یەکەم بوو، خوێندنگەکە ئەوەندە کش و بێ دەنگ بوو، دەتگوت زیندەوەرێکی تێدا نییە، تەنها ژورێك دەرگاکەی لەسەر پشت بوو، یەکێك سەرەتاتکەی دەکرد. لە پڕ دوو خوێندکار بەپەلە ڕووەو ژوورەکە ڕۆیشتن، لە دەرگایاندا و چوونە ژوورەوە، مامۆستا گوتییە خوێندکارەکانی:ـ

(( هەڵسن )) هەموویان هەڵستان، زۆر بەسەیری، سەیری مامۆستا شوکر و ئازاد و هەلگوردیان کرد، شوکرە فەندی دەرگاکەی داخست و بۆ ئازاد گەڕایەوە، دانەوییەوە، دووجار هەردوو ڕوومەتی ماچ کرد، سەری بۆ خوێندکارەکان بەرزکردەوە، هێشتا بەپێوە وەستابوون، شوکر هەر چاوێکی گۆڵمە فرمێسکێکی تێدابوو، بەدەنگێکی ئەوەندە پڕسۆز کە پتر لە گریان دەچوو گوتی:—

ئازاد ! باوکەکەم ! ڕۆڵەکەم !

هەوکی تەواو گیرا، دەستێکی بەسەر سەری ئازادەوە بوو، بە دەستەکەی دیکەیەوە دەسەسڕەکەی لە باخەڵی چاکەتەکەی دەرهێنا و چاوەکانی خۆی سڕیەوە. سەیری ئازادی کردەوە چاوەکانی ئەویشی سڕینەوە، دوو قوتابییە بچکۆلەکەی پێشەوەش چاوەکانی خۆیان سڕیەوە، هەناسەیەکی قوڵ و پچڕ پچڕی هەڵکێشا، گوتییە خوێندکارەکان (( دانیشن ))

بە دەنگێکی نزم لە نزیك گوێی ئازادا گوتی :ـ دەزانی تۆ کوڕی منی؟ شەوچرای دایکت خوشکی منە ! بابە حاجی بەهەشتیی باپیرت، هەر باوکی شەوچرا نەبوو، باوکی منیش بوو، هەر بەڕاستی من خاڵۆی تۆمە... تۆ کوڕی گەورە و بچوکی منی

[25] **گەردەلوول**

بەدایکت بڵێ شوکری زوله نانکەرێ...( جارێکی دیکه ئازادی ماچ کردەوه و هەستاوه) بڵێ مامۆستا شوکری برات. ( هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. گریانێکی بەکوڵ له ناو گەروویدا پەنگابۆوه و قورگی گرتبوو له دڵیخۆیدا ):-

ئاخ خ خ... هەرزەکاری، چەند پڕ گڕو گووڕی خۆشی، ئەوەندەش پڕ شەرمەزاری.

خانوویەکی گەوره لەبەرد و قسل دروست کرابوو، دوو بەش بوو، بەشێکیان رووی دەرگای حەوشەکەی له گۆڕەپانەکه بوو، بەشەکەی دیکەشی ژورێك و هەیوانێك و نان‌دینێك[٢٦] بوو، دوو دەرگای هەبوو دەرگایەکی بچکۆلەی دەیڕوانییه کۆڵانه تەنگەبەرەکه. دەرگا گەورەکەشی له تەنیشت دەرگای بەشەکەی دیکه بوو، پیره دارتوێکی زۆر گەوره، له نێوان هەردوو دەرگاکاندا هەبوو، بەهاران ئەوەنده ڕەشه تووی دەگرت، هەرچەندی منداڵی گەڕەکەکه لێیان دەخوارد بنی نەدەهات، بەڕاستی مزر و خۆش و بەتام بوو، منیش وا ئێستا بێزووی بۆ دەکەم، بوو بووه لیسی چۆلەکه و کوکوختییان، چەند بێچووه چۆلەکەمان لەسەر دەکوشت. زستان و هاوین لەگەڵ ئەودا جۆلانەمان لەسەر هەڵخستبوو، هاو تەمەن و هاو پۆل بووین، نیوەی تەمەنی منداڵیمان بەیەکەوه له ژێر ئەم دار تووه بەسەر بردووه.

ڕۆژێك کاتی تاقی کردنەوەی کۆتایی ساڵ بوو، زوو هاتینەوه، که گەیشتمه بن دارەکه، بینیم توو زەوی ژێر دارەکەی ڕەش کردووه، سەیرم کرد وا شەوچرا خەریکی توو لێکردنەوەیه، منیش له ژێرەوه زۆر جوانم هاته بەرچاو، چاوم تێبڕی، لاقه سپی و پڕەکانی تا ئەستورایی ڕانی له ژێر کراسەکەیەوه دیاربوون، خۆم له بیر کرد، تا خەجێی خوشکی که بەسەردان هاتبۆوه ماڵی باوکی، له حەوشەڕا بانگی کرد : ئاسکه! تووه سوور و مزر و خۆشەکان بێنه، بەئاگا هاتمەوه، له ڕوانینەکەما

---

[26] مەتبەخ.

خۆشییەکی زۆر خۆش، حەزێکی شێتانە، کە پێشتر هەرگیز هەستم پێی نەکردبوو، بەبێ پشوو لە ناو هەموو گیانمدا دەسووڕایەوە، تەزووی خۆش خۆش، سڕ و سەرخۆشی کردبووم، چەندی دەمکرد سەرنجم لێی تێر نەدەبوو، چاوم لێی بەرنەدەبوو، کە هەستی کرد، زوو لە دارەکە دابەزییە خوارەوە، شەرم و توڕەیی لە چاویدا تێکەڵ یەك ببوون چەند سپی و سوور بوو هەندەی دیکەش سپی و سوورتر داگیرسابوو، تووی سوور دەموچاو و لاجانگ و لامل و بەرگەردەنی سوور کردبوو. بەرکەوە پێی گوتم:-

(( چاومۆنی چاوچڵێس شەرمێ لەخۆت ناکەیت؟ )) ئیتر لەو ڕۆژەوە سڵی لێ دەکردم، بەڵام ئەم چەند کەمتر خۆی نیشان دەدام، من ئەوەندە پتر هۆگر و شەیدای دەبووم، تا وای لێهات لەبەر دەرگا، لەسەر ڕێگا بۆی دەوەستام، کە دەمبینی دڵە خورپەم دەگرت، زمانم دەبەسترا، تەزووی ترس و گووڕی خۆشی دەیان هەژاندم،

بە زۆر خۆم بەسەر پێوە ڕادەگرت، لە پشتەوەڕا تێر تێر سەیرم دەکرد.

باڵا ڕێك و تێر گۆشت بوو، پرچە ڕەش و درێژە ئەفسوناوییەکەی، وەك تاڤگەیەکی ڕەشی بریقەدار، شەپۆل شەپۆل، تا سەر سمتە خڕو دەرپەڕیوەکەی دەهاتە خوارەوە، پووز و بەلەکە لووس و سپی و گۆشتنەکەی، سێ ساڵی ڕەبەق بە شەو و بەڕۆژ لە خەیاڵم دەرنەدەچوو، بەخەون، بەخەیاڵ، لەگەڵیا دەژیام، چەند هەڵبەستم بەخەیاڵی ئەو ئەزبەرکردن، زۆری نەمابوو ببمە شاعیر، دەیان نامەم بۆ نووسی، بەڵام هەرگیز نەمتوانی نامەیەکیشی بدەمێ، بۆ جارێکیش ئاوڕی لێ نەدامەوە، بزەیەکی سەر لێوی، کە تەنها ئاواتم بوو، ئێستاش نەمدیت، تووڕە دەبووم، وازم دەهێنا، بەڵام بۆ ڕۆژی دوایی خۆم بۆ ڕانەدەگیرا، ڕۆژێکیان گڕم گرت، ئەقڵ لەکەللەمدا نەما، ویستم لەسەر شەقامەکە پەلکێشی بکەم، پێکەنی :-

کـــاك شوکر ئێمە سەرەتای ژیانمانە، تۆ برای منی، ئەگـــــــــەر دایکە قوڕبەسەرەکەت نانتان بۆ پەیدا نەکات لەبرسانا دەمرن! باوکم لە خانووەکە دەرتان بکات بۆ کوێ دەچن؟ وازم لێ نەهێنی بەباوکم دەڵێم، دایکیشت تێ دەگەینم ، ئینجا خۆشم دەزانم چی دەکەم.

ڕۆژی دوایی (بەدریە)ی خوشکم کە دوو ساڵ لە من بەتەمەنتربوو گوتی:

((دایکە دەرگای لای ماڵی مام حاجی بەیەکجاری دادەخەم، هەندێك خوێڕی و توێڕی، هەموو کاتێك بەرامبەری وەستاون، با کەتنکەرێك بەپەندمان نەبات.))

لەو ڕۆژەوە ترس و لەرزێك چووە هەناوم، بە شەویش بۆ لای ئەو دەرگایە نەدەسووڕامەوە.

ئەم تێر ئەقڵی و زۆر شیرینی و بێ خەوشییەی لەم ئافرەتەدا جێی بووەتەوە، تا ئێستا لە هیچ مرۆڤێکی دیکە نەمدیتووە کۆببێتەوە، جووتە چاوێکی هەبوو! چ چاو؟ دەم بچووکی، لێو تەنکی: لووت خڕی، ڕوومەت پڕی، خۆ ڕەنگ و روخساری هەر باس ناکرێ!.

هەر جلێکی کە دەیکردە بەری لێی دەهات، بەڵام بەجلی رەش لە هەموویان دڵگیرتربوو، بەڕاستی جوان و بێ وێنە بوو، دایکی لەبەر چاو جوانی بە (ئاسکە) بانگی دەکرد باوکیشی لە خۆشەویستیان هەندێك جار بە (فیردۆس) جار جارەش بە (نەعیم) گازی دەکرد. دەستە خوشکانی خوێندنگە نەبوایە کەسی دیکە نەیدەزانی ناوی (شەو چرا )یە. برای نەبوو لێی بترسم، بەڵام باوکی... حاجی باوکی، بەڕاستی باوکی ئێمەش بوو. خانووەکەی بەنیوە کرێ دابووینێ، گشت مانگی ڕەمەزانان کرێیەکەی وەر نەدەگرت، پێڵاو فرۆش بوو، هەموو جەژنێك یەك و جووتە پێڵاوی بۆ دەهێنباینەوە، هەموو هێوارەیەکی هەینی هەر بەدەستی خۆی جارێك بۆ دەرمانیش نەبوو بەدەستی خۆی نەبێت، مەگەر لەماڵ نەبوایە، لەسەر دیوارەکە بانگی دایکمی دەکرد ((خوشکە زولێخا)) (لە کاتێکا هەموو خەڵك بەدایکمیان دەگوت زولە نانکەر و

بەمنیشیان دەگوت شوکری زولە نانکەرێ) ((ئەوە بۆ منداڵەکانە، لە دەست منداڵی کۆڵانێ چاویان پێدەکەوێت، تامەزرۆنە )) هەرجارەی شتێك بوو. دەك گۆڕەکەت ببێتە کۆشکی بەهەشتی پان و بەرین. جارێکیان بۆ سەردانیمالی خالۆم چووبووینە دەشت، بەڵام کە هاتینەوە باوکم گشت کەل و پەلی ناومالی فرۆشتبوو بە (مەی) دابوو، کە حاجی بەم کارەی زانی زۆر هەراسان بوو و گوتی:

((ئەو بەرازە... ئەوی ئەو یەکانەیە بتۆپێنی دەستی سەوز دەبێت، خۆ وا لەرزۆك بووە، زۆری نەماوە بۆ جەهەنەم ڕایبکێشن، فەرمەسۆنە، ئەم گو خواردنەوەیەی کردووە بە پیشە، چۆن دلّت هات، ئەم ساوا بێ تاوانانە بە سوالّکردن بخەیتەوە، پیرێژن بە تەشیڕێسی وجلشۆری، بە نان کردن و کارەکەری، بە قوڕ بەسەری، هەی گوو.. بە ناوچەوانی ئەویش بێت، مالێ دروست بکات ئەتۆش بە ڕشانەوەی ڕەشی بدەیت و هەڵیقوڕێنی))

بۆ ئێوارە سەری لە سەر دیوارەکە هەڵکێشاو گوتی:

((خوشکە زولێخا منداڵەکان سەرمایان دەبێت)) دوو بەتانی نوێ و کۆنە لێفەیەك و سێ نیمدەرەی بۆ ئاواکردین، نیوە مەنجەڵێکیش ترخێنەی لەسەر دیوارەکە دانا. دایکم دەیگوت :((حاجی ئاوڕەحمان شیر برامە،.دایکی ئەو مردووە و خوشکێکی منیش لەو کاتەدا بە کۆکەڕەشە مردووە، دایکم شیری داوەتێ و گەورەی کردوە...

زۆر جاران باوکممان لە مالێ بەدەر دەنا*، بەڵام پاش ماوەیەك سەد دەستی ماچ دەکرد، پێلاوەکانی دایکمی ماچ دەکرد، هەزار و یەك تۆبەی دەکرد تا وەرمان دەگرتەوە، دوایی دەکەوتەوە سەر فاك و فیکەکەی خۆی، کە مردیش شارەوانی شاردیەوە، پرسەی بۆ دانەندرا، لە چوار پیرێژنیش بەولاوە کەسێکی دیکە نەهاتە پرسەی باوکم و سەرەخۆشی لێنەکردین، دایکم ئێمەی پێگەیاند بەڵام حاجی


* دەرمان دەکرد

پاڵپشتی بوو، كه حاجی مرد له مزگەوتەكەی بەرامبەریان، مزگەوتی ڕەحیماوه، خزمەكانی و هەموو خەڵكی گەڕەكەكه له پرسەیا دانیشتبوون، سێ ڕۆژ قورئانیان بۆ خوێند، وەك تازییەی خوداپێداوەكانی ئێستا، كەچی ئەوەندە دەوڵەمەند نەبوو، خزم و كەس و كاریشی زۆر نەبوون، هێشتا تازییەی هەڵنەگیرابوو، كە میرات گرەكانی، بۆ كرێی زۆر له خانووەكە دەریانپەڕاندین، هەر لە دوای مردنی باوكی بەر لەوەی ئێمە دەربكرێین بۆم دەركەوت كە هێلانەی دڵی (شەوچرا) لە سنگی (كارزان)ی شووبرای خەجە دابوو، لە كاتێكدا كارزان لە بەغدا لە پۆلی چوارەمی ئەندازەی بیناسازیدابوو كـــاسێتیكی سروودیان لێ گرتبوو و لە میانییەوە هەستی كوردایەتی و نیشتمان پەروەریان لە مێشكدا دۆزیبۆوە و تاوانی خۆفرۆشی و كرێگرتەی بیانیانیان دابووە پاڵ و لە سێدارەیاندا، بۆ پتر چاوشكان و تۆقاندنیش تەرمی دەست و پێ شكاویان دابوونەوە و قەدەغەش بوو پرسەی بۆ دابنێن، بەڵێ لەم ڕۆژەوە ئەم كچە هەر بە دڵ غەمگین و بە لاشە ڕەشپۆش بووە


بەڵێ بە مردنی حاجی ئاوڕەحمان، هەستم كرد باوكم مردووە.

پێڵاوە لاستیكە بە پەنجەرەكــــــــەی پێی ئازاد لەناو چاوی چەقین، بەسارهاتەكەی پێشتری لە مێشكدا پچڕا، بەم زستانە دوور و درێژە، بەم (با) و باران و بەستەڵەكە، ئەم منداڵە بەبێ گۆرەویبوو، ئەم پێڵاوە دڕاوانەی لە پێدابوون، یا هەر بێ پێڵاویش بوو، جارێك زاتم نەكرد جووتە پێڵاوێكی بۆ بكڕم، جووتە گۆرەویەكی بدەمێ، گوتم لێرەش لێم تێك دەچێ، جا چ جیاوازییەك لە نێوان من و حوسێنە فەندی زگ زل...)) زڕەی زەنگی كۆتایی هاتنی وانەكە بووە پەردە و داكشایە سەر دیمەنەكە.

# ٤–سنووری ستەم و ئازار






DERYAYA REŞ
Gurcistan
Rûsiye
Ermenistan
Azerbaycan
Turkiye
Îran
Sûriye
Iraq
MIDÎTERANE
Lubnan
Qars
Sêwas
Erzincan
Erzerom
Agirî
Agirî (Ararat)
Mako
Çaldiran
Dêrsim
Çewlik
Elezîz
Muş
Tetvan
Gola Vanê
Van
Qotûr
Xoy
Malatya
Elbistan
Ferqîn
Bidlîs
Firat
Amed
Batman
Sêrt
Baçkala
Gola Urmiyê
Maraş
Semsûr
Sîverek
Mêrdîn
Şirnex
Colemêrg
Gever
Urmiye
Entap
Riha
Vêranşehir
Nisêybîn
Cizîre
Qamişlo
Dicle
Dihok
Nexede
Mihabad
Iskenderûn
Hasakah
Mûsil
Hewlêr
Bokan
Seqiz
Bîcar
Kerkûk
Silêmanî
Merîvan
Sine
Helebce
Qesrî-Şîrîn
Kirmanşah
Xaniqên
Îlam

خۆر دوو سێ باڵی مابوو بکەوێتە پەنا لووتکەکـــانی ( بەردە بووك) و (زۆزگ) و (مامە رووت)[٢٧]، هەندێك پەڵە هەور لە سەرەوەی خۆرەکە خەنەیی هەڵگەڕابوون، پەراوێزەکانیان ئاوە زێڕ و ئاوە زیو کرابوون، پێدەشتەکان ڕەشان بوون، چرۆی دار و دەوەنە سروشتییەکانی کە جێگەیان بەڕۆژ و پەنا (با) بوو و هی دارە دەست چێنەکــــانی دۆڵەکانیش پشکوتووبوون و گەڵای بچکۆلە و سەوزێکی زەردباویان دەرکردبوو. بەفری بەرزارییەکەی پشت ماڵان مەیلەو زەرد هەڵگەڕابوو، لووتکە بڵند و سەرکەشەکانی ڕۆژهەڵات، شاخی (وەراس[٢٨]) و (گرد مەندیل) بە جووتە دەبریسکانەوە.

لەسەر دووڕیانەکە کزەبایەکی ساردی جەرگبڕ، دەموچاوی گەست، بە شەقاوی گەورە گەورە، بە شەقامە ڕێیەکە بەرەو دێیەکە هەڵکشا، جێجێی ڕێگاکە قوڕ و قوڕاو بوو، نسار و بەرزاییەکـــــان سەهۆڵ خەریك بوو پەیتی دەکردنەوە و دەیبەستانەوە، شووڕی دار بەڕووە نیمچە ڕووتەکان لە بەر گوڕی بایە ساردەکە لەرزیان لێ هاتبوو.

زۆر نەڕۆیشتبوو کە کچـۆلەیەکی بچکۆلە، لە گەوەیەکی ڕێگـاکەدا بە دیارکەوت و کەوتەوە نادیاری، کە گەیشتە پێچەکە پیرەژنێك و کچۆلەکەی سەد هەنگاوێك لە پێشە خۆی، لەسەر چەقی ڕێگاکەوە کەوتنەوە بەرچاو، پێی سووك کردن، لە دامێنی گۆڕستانەکەی بەرماڵان پێیان گەیشت، ماندوونەبوونی لە

---

[27] چەند لووتکە چیای بەرزن، دەکەونە نێوان چۆمان و رواندز

[28] دوو لووتکەی بەرز و جوانن دەکەونە رۆژهەڵاتی مەمێخەڵان و چۆمان

پیرەژنەکە کرد.(پیرەژنێکی بچکۆلەی توند و تۆلێ و قیت و ڕەقەڵە و گەنم ڕەنگ و دەموچاو لۆچاوی بوو، لووت و چەناگەی زۆر لە یەکتری نزیك بووبوونەوە).

منداڵەکە، پۆتینێکی شینی لاستیکی نوێی لە پێدابوو، پاڵتۆیەکی جوڕەیی[29] سەر بە کڵاوە، لە تەپڵی سەریەوە تا سەر پۆتینەکانی داپۆشتبوو، لووت و دەم و چاوی و قامکەکانی وەك دندووکی کەو سوور هەڵگەڕابوون، لانکۆڵەیەکی بەڕەنگی ئەرخەوانی و شینیئاسمانی و سەوز بۆیەکراو لە ناو دەستی چەپیدا دەلەرزی، ڕۆیشتنی بە ئاستەم بۆ دەکرا. بەزەیی پێدا هاتەوە و گوتی:ـ

داپیرە لە ڕۆژێکی وەها دژواردا چۆن ئەم منداڵە ساوایە لەگەڵ خۆت دەگێڕی؟ بەو سەرما و سۆڵە سەرما بردی دەکەی ودەیفەوتێنی.

پیرەژن دەستی بچووکەکەی گرت و هەنگاوێك لە چەقی ڕێگاکە بۆ لا ڕێ دوورکەوتەوە و گوتی:ـ کەسی داپیرەی! ئەگەر ناچاری نەبێ، بەم زریان و تۆفانە، گەورەش سەر لە کونی ژووری دەرناێنێ، دڕندەی کێوان ئەمڕۆ لە لانێ خۆیان وەدەرناکەون، بەڵام دەمزانی لەکن کەس گیر نابێ ، بۆیە لەگەڵ خۆمم هێنا، ئەوە سێ ڕۆژە زریانە شێتە لەگەڵ ئەم شاخ و هەڵەتانە شەڕیەتی، بەم پاش نیوەڕۆیە بڕێکی شکاندووە، بۆ دوو سعاتان چوو بووم، چێڵ و گۆلکم لە پشتێریدا بەستاینەوە، بەکەسیشم نەسپاردوون، کەسیش ئاگادارنییە، ڕیسییە[30]پووشێکیان بۆ لە ئاخوڕێ بکات، بیانباتە سەر ئاوێ، بیاندۆشی و گۆلکیان تێ بەربدات.

---

[29] زەرد بۆر، ناوی جۆرە چۆلەکەیەکە.

[30] ئامێزە گیایێکی بەستراوی وشك کراوەیە.لەم ناوچەیەدا زستانان بۆ ئالیکدانی رەشە وڵاخ بەکاری دێنن

له پیرەژنەکە تێنەپەڕی بەجێی بێڵێ، لە گەڵیاندا بە هوردە هەنگاوان بە هەورازەکە هەڵگەڕان...

: - داپیرە خۆ ئاوایی ئاوەدانی تێدایە، کوڕێك، کچێك، بووکێك، خزمێك، خێرەومەندێك...، ناوەللاَ ئەوەی لەتەمەنی تۆ دابێ، هەموو ئیش و کارێك بەدەستی خۆی نەکات، دڵی ئاوێ ناخواتەوە.

پیرەژن ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی:-

کوڕ و کچ...، خزم و کەس... ئەوەندەیە وا لەگەڵم دایە. ئەگەر کەسێکم هەبوایە، هەتیوێکی ئەوهام هەموو دەمێ نەدەکردە چانچانۆکەی [٣١] دوای خۆم، بە ناشکوری ناڵێم ئەوەی نەگبەتی ڕووی تێکرد. کچۆڵەکە گوتی: ـدایە...! دایە...! (دەستی لەناو دەستی پیرەژن دەرهێنا و خۆی لە کەلێنی دوو گابەردان کوتا، بزربوو، لەو دیوی بەردەکان بانگی کردەوە):-

((دایە...! دایە...!)) لە ژێر دار بەڕووێکی گەورە، کە پەل و پۆیەکەی، نیوەی گۆڕستانەکەی، تا دەگـــــەیشتە سەر ڕێگاکە، داگرتبوو. لەلای کۆمەڵە گۆڕێکی گەورە و بچووك ڕاوەستا لانکۆڵەکەی لەسەر گۆڕێك دانا و هەڵی گرتەوە و لە نـاو کـۆنــە لانکێکی [٣٢] دانا کە لەسەر گۆڕێکی گەورە دانرابوو، پیرەژن بانگی کردەوە : ـ زۆر درەنگە ! کوڕم سبەینێ هەینیە دێینەوە.

---

[31] کووچ کووچە، ماڵە، لە چیلکە و پووش دروست دەکرێت لە کاتی هووردەکوتی جۆخین دا، لە دواوەی جەنجەڕ دەخرێت تا بەدوای خۆیا ڕای بکێشێت ولووسی بکاتەوە

[32] ئەگەر ژن بە خۆی و منداڵی ساوا بمرێت زۆرجاران لانکەکەی لەسەر گۆڕی دادەنێن، هێمایە بۆ دەربڕینی غەمگینی

– دایە هەر لانکەکەم بە دایکم پیشان دەدەم، لە کن لانکی وی دای دەنێم، هەڵی دەگرمەوە و دەیهێنمەوە، ئەمشەو لە ماڵێ بووکەکەم لەناویدا دەنوێ، ئەدی نابێ دایکم بزانێ ئەمنیش لانکم هەیە.

(پیرەژن چاوی پڕ گریان بوو، لچی تەتڵەی دەکرد):

- ئەتۆ چۆن بزانی هەموو دەمێ تیخم لە برینیدا بگێڕی، ڕۆژی هەزار جار زیاتر برینی دڵم بکولێنیتەوە.

کیژەکە کە پێشتر هەڵ دەلەرزی و لە ڕۆیشتن کەوتبوو، بەڕاکردن بۆ ڕێگاکە شۆڕ بۆوە، ڕێگاکە، گۆڕستانەکەی کەرت کردبوو. تۆپە بەفرێـــــکی لە ناو لەپیدەستیدا بوو، خستیە ناو لانکۆڵەکەی و گوتی:ـ

– دایە ئەم بەفرەم لە ناو لانکی دایکم دەرهێنا، پڕی بەفر بوو، لانکەکەی خۆم بەدایکم و براکانم پیشان دا، ئەرێ ئەوانیش نابینن دایە؟

– بەدی کیژی خۆم.

- دایە وەکی چووینە کن باوکم لانکەکەش دەبەین؟

پیرەژن دەستی بۆ کۆمەڵە گۆڕێکی ناو گۆڕستانەکە درێژکرد و گوتی: ـ

ئەو هەشت گۆڕەی دەیبینی لە ریزەکی درێژ بووینە؟ ئەوە گۆڕی (حەلیمی) بووکم و پێنج کوڕەزا و (هەمینێ) کیژم و سۆفی (هەمینێ) زڕدایکی مامۆستای گوندییە، لەناو زەویە توتنەکەی خۆمان، پێش نوێژی هەینی بوو، لەسەر کانیێ کۆڵیان وەسەر نابوو، ئاگرەکەش دوکەڵی کردبوو، دوو فڕۆکە لە ئاسمانێ پەیدابوون، دوو سێ شریخە و گرمەی وەکی بروسك و گەواڵەی بەهاران هاتن، دوکەڵ و تۆز ئەم دۆڵەی پڕ کرد، لە گوندی بوو بە هەڵڵا، وەکی چووم! چ ببینم! ڕۆڵە! کافری هەرسێ دینان نەیبینێ، هەموو خەڵکی گوندەکە لە

کەندەڵانەکە، لە خۆڵ و پارچە شاخەکە ئاڵابوون. ئەم کاتەی ڕۆژێ بوو وەکی تەرمەکانیان بە نیوە ڕووتی دەرهێنان. سۆفی هەمین ئەوێ ڕۆژێ سەر لەبەیانی هاتە ماڵێ مە و گوتییە: (حەلیمێ) بووك: ((دۆت مەلا! خەونەکی زۆر ناخۆشم دیووە، زۆر دڵم تووند بووە، هاتووم هەندێك قسەینێ خۆشم بۆ بکەی)). ئەوانیش دەگەڵە خۆیان بردیانە کۆڵێ. ( هێماکردنێکی بەپەنجە و بەدەم ):—

ئەم کیژەش لەناو ئەو لانکێ هێ بوو. ( ئاماژە کردنی دەستی بۆ دەستە ڕاست گواستەوە) لەژێر ئەو دار گوێزەی ئەو بەری بوو، بۆ خەم و خەفەتان، بۆ برین کولاندنەوەی من خودا ڕۆژی نەهێنابوو، باوکی ئەم کیژەش لە حەژمەتان، حەفت مانگی پڕ، زمانی بەسترا، چەند باوکی من لە گۆڕستانێ هاتەوە و چووە ناو ئاوەدانی و قسەیەکی کرد ئەویش هەر هێندە، ورتەیەك چییە لە زاری نەهاتە دەرێ، چەند دوعا و نووشتەمان بۆ کرد، کن سەد چاك و پیران... لە دختۆری دونیایێمان گێڕا، داو و دەرمانی دختۆر و حەکیمان نەما بەدەمیەوە نەکەین. خودا و قورئانی پیرۆز و (شێخی باڵەك) [33] کردیان، هوردە هوردە هاتەوە سەرەخۆ.

کە گەیشتنە بەر ئاوایی، ئاورێکی بەرەو دواوە داوە، دیتی چارەگی لای سەرەوەی خۆرەکە وەك گرێکی سوور دادەخزیە پەنا شاخەکە

—: داپیرە! من ماڵی کۆنە ناسیاوێکم لێرەیە، دەبێ لە کـامە لای گوندەکە بێت؟

— ناسیاوەکەی تۆ کێیە؟.

---

[33] مەزار و گۆڕی پیاو چاکێکی بەناوبانگە لە سەر کانیاوی (حاجی ئۆمەران) خەڵکی ناوچەکە زۆر باوەڕیان پێیە، ئاوەکەشی وەك دەرمان بۆ بەردی گورچیلە بەکاردێنن.

– ناوی شێرکۆیه.

– ئێ ئێ خێزانەکەی ناوی (ئاوات)ە، وا لە چاوە خانووەکەی ماڵی سلێماناغایە، لەلای سەرەوەنە، لەو دیون، هێشتا ماڵەکەیان بەدیار نەکەوتووە، بەلام ژنەکەی ئەوە دوو سێ رۆژێکە نەخۆشە و کەڵکی مێوان دارییان نییە،. کوڕی خۆم! دەبێ ئەمشەو لەلای پیرە دایکی خۆت بمێنیتەوە، میوان خۆشەویستی خودایە، خێر و بەرەکەت لەگەڵ خۆیدا دەینێ، دەزانی بەتەنێ چەند دڵم دەگوشرێ؟ ماڵی بێ سەردار، وەك ئاشی[34] ئاو لێبڕایە، هەتا میوانیش ڕووی تێناکەن، بەشێخی باڵەکان ئەم شەو لای دایکی خۆ بی، وەکی (مینە[35])ی کوڕم هاتبێتەوە ئەوهایە، کوڕم خودا نانی زۆر کردووە، بۆ هەر بۆ ماڵە... دەخشن؟ ڕوویێکی خۆشی خانەخوێ هەزار پلاو برنج دێنێ، هەرچەندە ناوەختیشە، وا پێکەوە دەچینەوە ماڵێ، بەلام ئەمنیش پلاو برنجی بۆ کوڕی خۆم لێ دەنێم.

یەکەم ماڵی سەر ڕێگاکە ماڵی ئەوان بوو. لە ئافرەتێك هەڵەنگوتن کە لە دەرگای ماڵەکەیان دەهاتە دەرەوە بەڕوێکی گەشەوە : ـ یاخوا بەخێربێنەوە. (ڕووی کردە میوانەکە): ـ کاکە گیان بەخێر بێی.

(ڕووی بۆ پیرێژن وەرگێڕاوە) :ـ مامۆژن چێڵەکانم دۆشیون و ئالیکیشم داون، گوتم تازە نایێتەوە، سێ ڕۆژە چاومان سپی بوو ئەوەندەی چاوەڕوانی بکەین، خوا بکات مژدەیەکی خۆشت هێنابێتەوە

---

[34] ئیدیۆمە: بۆ چۆل بوونی ماڵێك یا جێگایەك چونکە ئاشی ئاو ئەگەر ئاوی لێ ببڕێت کارناکات و چۆل دەبێت.

[35] بچووککراوەی ناوی حەمەدەمینە.

مامۆژن:ـ ئەریَ وەڵلا قسەکەی گوتیان، (حاجی قەسیم ) گوتی ڕاستە! گوتیشی وەرە سەری مانگیَ پێکەوە دەچینە دیدەنی، سەری مانگێش زۆری نەماوە، هەتا بە چاوی خۆم نەیبینم باوەڕناکەم.

– مامۆژن! مزگێنییەکی خۆش! بەقوربانم بووەکە باش بە تەڵەی وەبووە، بەتەڵەیەکی دووکەوانەیی بەرازگر وەبووە، بەرەڵلاَبوونیشی بۆ نییە.

مامۆژن:ـ دەزانم (عەلکە چوێڕ)ە خوێڕییەکە گیراوە، ئەگەر بیکوژن ئەوا جحێڵ دەبمەوە، بەڵاَم هەتا ئەو بەرنەبی، تیراوەی[٣٦] دڵم بنی نایە.

ئافرەتەکە:ـ من وا دەڕۆم، هەندێك گــــەنم لە جۆنییەکەدا کوتابوو، هەندێکیشم بۆ تۆ لەسەر هەمبانەکان داناوە، لەناو بادیە[٣٧] گەورەکەیە.

سەرکەوتنە سەر باڵەخانەکە، چوونە ژوورەوە، پیرەژن بەپەلە سەرەنازێکی[٣٨] لە سەر نیمدەرەکــەی تەنیشت زۆپا گــەورەکەی ناوەندی ژوورەکە ڕاخست، فەرمووی لە میوانەکە کرد، سەرینێکی بۆ هێنا، چووە ژوورەکەی ئەو دیوی، کە گەڕایەوە، سەبەتەێکی بچکۆلەی پڕ گوێزی لەبەر دەمی دانا و گوتییە کیژەکە:ـ بەرخەکەم شەکر شکێنەکە بۆ مامە بێنە.

پیرەژن چرا نەوتییەکەی داگرت و دایگیرساند و خستیەوە جێگاکــەی خۆی و گوتییە میوانەکەی :ـ

یاخوا بەخێر بێی سەر هەردوو چاوینیَ دایکی خۆت، دوو سیَ کاکڵە گوێزان بخۆ هەتا لە سەراویَ دێمەوە.

---

[36] لاڕەشە، ناسۆر، برینێك کە چابوونەوەی بۆ نەبێت.

[37] جام ، دەفر.

[38] مافووری درێژ و لاکێش وەك لاکێشی لباد

کچەکە شەکرشکێنەکەی بۆ هێنا، لانکۆڵەکەشی هەر بەدەستەوە بوو، گەڕاوە ئەو دیوی، کە هاتەوە بووکۆکەیەکی لە دار و پەڕۆ دروست کراوی خستبووە ناو لانکۆڵەکەی. میوانەکە گوێزێکی شکاند پوچەڵ دەرچوو، یەکێکی دیکەی شکاند و کاکڵەکەی دایە دەست کیژەکە و گوتی:ـ ئەم گوێزە خۆشە بۆ ئەم کیژە جوانە! بۆ کچی خۆم. کیژە وەری گرت و بەشەرمێکی منداڵانەوە گوتی:ـ

مامە! ئەتۆ کیژێکـی جوانت هەیە؟ مامە کیــژی تۆش لانك و بووکۆکەی هەیە؟ مامە بابی منیش دێتەوە؟ مامە!..

مامە (نیشتمان)ی کچی و بووکە شووشەکەی ناو جامخانە شکاوەکەی هاتەوە پێش چاو. پتر لێی چووە پێشەوە :ـ مامە! مامە! کیژەکەی تۆش جوانە؟! پۆتینی هەیە؟! دەچێتە کن باوکی؟ مامەی خستبووە ژێر نشتەری پرسیاران، کاتێك سەری لە مامە خوار کردەوە و گوتی: مامە ئەوە بۆ دەگرییێ؟ کێ لێی داوی؟! بەدایکم بڵێی لێی دەداتەوە، چاوەکانی سڕینەوە، ماچێکی کچەکەی کرد، بۆنی (نیشتمان)ی لێ دەهات، لە دڵی خۆیدا گوتی:ـ ئەم کچە دەڵێی فێرکراوە، هەر پرسیارێکی گوللە تۆپێکە لە ناو هەستتدا دەتەقێتەوە،بۆیە داپیرەی ئەوەندە بەدەستییەوە دادە دادی بوو، ئەوی دڵ و دەروونی بریندار بێت، چ گەنج بێت چ پیر، چرنووکی مێروولەیەکی پێ شکاوی لێ دەبێتە خەنجەر و گوللە، برینەکەی هەڵدەوەشێتەوە، سفت و سۆیەکەی نوێ دەکاتەوە، کچەکەی خۆم! ئەوەی لە دایك و براکانی تۆیدا، ئەوەی لە تۆ و لە نەنکتی داوە، هەر ئەویشە لە من و لە منداڵەکانی منی داوە.

پیرەژن هاتەوە ژوورێ، دوو دەستمەنجەڵە[39] ئاوەکەی دانا، بە چاو ترووکاندنێك

---

[39] دەفرێکە لە شێوەی مەنجەڵ و دەسك وقوڵپی هەیە

باوەشێك داری کەڵاشکەری هێنا و لە زۆبەکەی پەستان و گوتییە میوانەکەی :ـ

لە سەرمانا ڕەقم کردیەوە، شەرمەزاربووم، هەر بە بیستۆکەکی [40] ژوورەکە سوور دەبێتەوە. ئەوە بۆ کاکڵە گوێزت نەخواردووە؟ خۆ وەکە من بیٚ دلان[41] نی؟ دەبا گوێزەکـان بۆ دوایێبن، شەوێکی دوور و درێژ ماوە.ئەمساڵ مێوژن نەکردینە.

زۆپاکە گەرم داهات، کیژەکە پێش نان خواردن خەوی لیٚ کەوت.

– چاك بوو زوو نووست، زێلکم لە پرسیارەکانی ڕژاوە، پرسیارکوتی کردم، خۆ بەهەموو هەست و توانامەوە بە دەست ئەم گێرکەیە [42] پەنگم خواردبوو، زەردەخەنەیەکی ساردی هاتیٚ، ئەگەر زوو نەخەوتبایە، ئەوا بەدایکی دەگوت لەسەرم بکاتەوە و لێیان بداتەوە.

پیرەژن پیاڵەکانی هەلگرتن، زۆپاکە وەك سکلٚ سوور هەلگەڕابوو، لە ئاگرەکە دوور کەوتەوە، سەرینەکەی بەدیوارەکەوە نووساند، ئانیشـــکی ڕاستی خستە سەری، چاوی بە ژورەکەدا دەگێڕا لە پڕ گیرانی (عەلکە چوێڕ) لە ناو مێشکیدا هەڵتووتایەوە، بۆ ئەم ئافرەتە گرتنی ئەو پیاوەی ئەوەندە لەلا گرنگ بوو! بۆ پیرەژن بە کوشتنی (عەلکە چوێڕ) جحێلٚ دەبێتەوە ؟

دوێنیٚ ناوی عەلکە چوێڕ و گرتنەکەی، لە هەڤاڵەکانی خۆی بیستبوو، بەڵام دەیان گوت(( بەپێی خۆی هاتووە و سوودیشی دەبێت، بەردانی لە گـــرتنی بەکەڵکترە.)) ویستی پیرەژن بدوێنیٚ بۆێیٚ گوتی:ـ

---

[40] کاتێکی کەم، ئەم ماوەیەی کە پێویستە لەیەکەوە تا بیست بژمێردرێت.

[41] ددان، دگان.

[42] جۆرە میروستانێکی بچکۆڵەیە.

داپیره: ئەو عەلییەی ئێواره باستان کرد، گوتتان گیراوه، چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟

پیرەژن ئاخیـــێکی ساردی هەڵکێشا:ـ ئەو کیژەی وەکە ئێواره هاتینەوە چێڵەکانی ئالیك دابوون، ئەوە (عەیشێ) کیژی (مستەوایە[٤٣] مارەبڕی (مینە)ی کوڕێ منە بۆ وی چووبووینە جلکان، لە هەولێرێ جلکی کردن و چەك وخشڵی بەڕادان دان، بۆ ڕۆژی دوایی، کە دەگەڕاینەوە، دایکی ئەم پێبەوەختەشمان[٤٤]دەگەڵ دابوو، لە پێش گـەراجەکە کۆمەڵێك چەکـــدار دەوریان گرتین، حەمەدەمینیان لوول دا بەم دوو چاوانەی خۆم (عەلکـە چوێڕ[٤٥])م دیت شەشاگرەکی[٤٦] لەبەر پشتێنە ئەنگۆرە[٤٧] شینەکەی حەمەدەمینی ڕاکرد و دەری هێناوە و بەرزی کردەوە و بەخەڵکەکەی پیشاندا و بە دەنگە ژنانییەکەی هاواری کرد: ((نالێم بۆ پیاو کوشتن ناردوویانە، فەرموون ئەوەش شەشاگرەکەی!))

(بەگریانەوە) بە قۆنداخە تفەنگان لاسەرێکیان هێنایە خوارەوە، بە لوولە تفەنگان کەلەکەیان کون کرد، ڕەبیی خودا هەناسەیان ببڕێنێتەوە. چاوی دایکت کوێر بێ، لەبەر چاوی ئەو حەشاماتەی دەستیان کەلەپچەکرد پێیان سندم کرد، کە سواری تورمبێلەکی کەسکیان کرد هەموو جلکی بەری لە خوێن دا سوور بوو بوون، بردیان هەر ئەو بردنەیە...هەتا ئێستاش لە هیچ جێگایەك سەری هەڵنەداوەتەوە، نازانم

---

43 مستەفا.

44 کچ لە هەڕەتی شووکردندا.

45 (عەلۆکە:عەلکە، گچکەکراوەی عەلییە .چوێڕ لاق خوار، قاچ خوار.

46 دەمانچە.، شەشخۆر.

47 جۆرە قوماشێکە لە ئێرانەوە بەقاچاغ دەهات

کوژرایە! لە زیندانێیە، مایە، ئەو گەورە ماڵەی هەمان بوو، هەمووم بەدەستی خۆم تاواندەوە و لە گەرووی برا گەورانم پەستا بەڵکو کوڕەکەم بدەنەوە.

دلێر کە تا ئێستا گوێگر بوو، قسەی بە پیرەژن بڕی و گوتی: -

داپیرە ئەو گەورانەی تۆ دەتەوێ کوڕەکەت بۆ ڕزگار بکەن، هەر ئەوانن کوڕی تۆو هەزارانی وەك ئەو دەگرن، تا پلە و پایەیان لە لای دوژمن بەرزبێتەوە و دەسکەوتی باشیان دەست کەوێت و بەرکیان گەرم بێت، شەوانیش لە کۆڕی بەزم و مەیخانە و قومارکردن لە ئوتێلە ناودارەکانی پایەتەختا گیرفانیان هەڵدەتەکێنن، ئەنجا بە درۆ:((بەیانی من لە جیاتی تۆ دەیبینم)) ((گەورەکەیان لێرە نییە ئەگینا زۆر زۆر برادەرمە هەر بێتەوە بەپارە...بەدیاری...))، بە دەسخەرۆدان و خافلاندنی بێ دەسەلات و چارەبڕاوەکانی وەك تۆ دادەدۆشن و باخەڵی خۆیان دەئاخننەوە.

– کوڕم هەموو کەس دەزانێ، بەلام پێویستی وات لێدەکا، نەك هەر سەر بەماڵی دوژمن دابگری، بەڵکو دەبێ بە مەمنونیشەوە لێیان بپاڕێیتەوە، ئەرێ وەڵڵا گوتیان کوڕی تۆ بە (عەلکە) نەبێت بەرنابێ، ئەمنیش بایزۆکی مامیم ناردۆتە کنی، گوتم شتێکم بۆ بکات چی ئەو بڵێ من ئامادەم، ئەوە خودا ئەویشی بەدەردی کوڕێ من بردەوە، ئەدی واناکەی چ دەکەی؟ جوانەگایەکی بازی[48] گەورەشم سەر بڕی، گۆشتەکەیم بەخشییەوە، بەڵکو خودا لەبەری بگێڕێ و لەم بەلایە دەربازی بکات، ئینجا مایتەوە سەر بەختی خۆیو ناوچەوانە ڕەشەکەی من، وا دەڵێن لە (ئەبو غەریبی)[49] بەدیار کەوتۆتەوە... کابرایەکی (شەقلاوەیی)

---

[48] – پەل بەڵەك، رەنگی قاچەکانی رەش و سپی بن

[49] بەندینخانەی ئەبو غرێب.

کـوڕەکەی  لە ئەبوغەریبی گیراوە، کە دەچێتە ســـەردانی، (مینە)ش لەناو بەندییەکـــاندا دەیبینێت و کابرای (شەقلاوە)یی ڕادەسپێرێ، کابراکەش لە چێشتخانەکەی (حەسەن ناسری)، (حاجی قەسیمی چۆمان)ێ دەبینێ و پێی دەڵێ، حاجی قەسیمیش بەدوای منیدا ناردبوو ئەمنیش چووم، تازیەکیش بەسەر داهات، تازییە چ تازییە کورم...! لە کاتی خۆی زاوای (عەلکە) لەسەر پردێ (سورێ) [50] کەوتە ناو بۆسەی جاش و سەربازان، کوژرا، کە گوندێ گوندەکەیان [51] هێنا خوارێ (مرێ)[52] ی خوشکی (عەلە کۆسی) بۆ بەڕێوەبردنی منداڵە هەتیوەکان، لە تەنیشت ماڵی باوکی کاولۆکەکی کردبوو، دوو سێ چێڵۆکەی هێشتبوونەوە، بەخێوی دەکردن، چێڵی ماخۆ مردوو، ئەتۆ بچی، لە نزیك سەنگەری سەربازەکانی سەر بڵندایییەکەی پشتی ماڵان بزێی و شەوێ نێیتەوە، بۆ ڕۆژی دوایێ، ژنۆکە پیرە باوکی رەگەڵە خۆ دەدا و دەچی گۆلك و چێڵی بێنیتەوە، کە دەکەونە نەدیوی، سێیانیان لای گەڕانەوەیان لێدەگرن، تاویان دەدەنێ، لەبەر چاوی پیرەمێردێ، ژنەی دەگرن و پرکێشی ناموسی دەکەن، ئەویش دەگرییێ و هاوار دەکا و دەپاڕێتەوە، گوێی نادەنێ، پیرەمێرد بەخۆی ناوەستێ لەگەڵیان دەکاتە کێشمەکێشم، پیرەمێردی دەخنکێنن ، ژنە خۆیان ناداتە دەست، هەردوو دەستی وردوخاش دەکەن، ئینجا بە گاڕانێك سەرباز...ئەتۆش وەکو حەمەدەمینی کوڕمی  ناگوترێ...، دوایش کوشتبوویان چابوو کوڕی (پیرۆت پەرچەمی) لەبەر کارۆکان دوور بە دووری چاوی لێ بووبوو. دێتەوە خزم و کەسان ئاگادار دەکاتەوە،دەنا ســەگەل لاشەکانیان دەخوارد، چوون تەرمەکـــانیان

50

51

52 گچکەکراوەی ناوی مریەم یا مرارییە .

هێنانەوە، بردیــانە نەخۆشخانەکەی، گوتیان لە ڕاپۆرتی دختۆری نووسیبویان: ((ئەمانە چوینەتە جێگای قەدەغەکراو، دەنگوباس وخواردنیان بۆ چەتە و ڕێگران بردووە و وەسەر ئەلغامــان کەوتوون )). ڕۆڵە ئەو منــــدالآنە، بێ باوك بێ دایك، هەتا داپیر و باپیریشیان نەماون، لە نێو شیوەنێ کارەکی دەکەن، بەرد و ئاسنیش دەگریەنن. دەیانەوێ خزم و کەســـانیشیان بەند بکەن، نابێت لە مزگەوت یا بە ئاشکرا پرسەیان بۆدابندرێ، ئەوجا لە شەرمەترِیان (عەلکەی خوێڕی) دوو سەربازی کوشتوون، چەکەکەنیشیانی بردووە و بەچیای کەوتووە، ئەوانیش گرتوویانە.

ئەم خوێڕیە چوێڕە هێشتا وەها ناوی دەرنەکردبوو، ئا ئا دەڵێن ناوی لە خۆی ناوە (کاکە شێخ) ترحێو، بەخوا بابە شێخ و شێخزادەیە، دەك شێخ لە دونیادا نەمینێن وەك بەتۆ بلێن شێخ، چما کەر بەکورتان گۆڕینێ دەبێتە هێستر؟ کەس وەکو من شێخۆخوێڕی ناناسێ.

شێخۆ، کەچەڵێکی ڕیویلەی ڕەنگ تەلخ و نیمچە کۆسە و چاو گورگــانی و لووت و لمووز توورگانی و ددان گڕ و دەنگ باریك بوو. لە کاتی ڕۆیشتنا لاقە چوێڕەکانی تێك دەئالآن. پلکە خوچێی دایکی بە سەر کاك عەلییەوە دەچێت٥٣، پەروەردەی ژێر چەپۆکی بێ بەزەیی باوەژنێکی زۆردار بوو، مندالێکی چلکن و شڕ و شەپرێو بوو، کەس ڕەنگی ڕاستەقینەی جلکە دڕاوەکانی نەدەزانی.

تەمەنی چوار سالآن بوو کە تووشی کەچەڵی بوو، سەرە بۆگەنەکەی وەك تەماتەی ڕزیو تولآبۆوە. ئەگەر (ڕەیحان )ێ خوشکی دایکی بە داوودەرمانی کوردەواری چارەی نەکردبایە هەر بەم کەچەڵییەوە ناوی لە بیر دەکرا. لە نووکە

---

[53] لەو کاتەی عەلی دەبێت ئەو دەمرێ.

بسك و بان گوێ و پشته ملی بترازێ، ئەوی دیکەی وەك کاڵەکی پاك کراو لووس و بریقەداربوو، بۆیی بە سەر کۆتکردن بێ ئەندازە قەڵس دەبوو. کـــڵاو و جەمەدانییەکەی زۆر بەزانایی و گەڵێك بە توووندی لە سەری دەپێچاوە، هەتا لە نوستنیشا لەسەری نەدەبۆوە. کە چووە خوێندنگـــە زۆر بێ نمود و گۆشەگیر و دەبەنگ بوو، ببووە گەپجاڕی منداڵان. پۆلی یەکەمی بۆ تەواو نەکرا، دەستی لە خوێندن هەڵگرت، ساڵی دواتر باوکی ناردییە لای مەلای دێ بۆ خوێندن، مەلاش لێی وەڕسبوو و وازی لێ هێنا. (عەلکە) بەمنداڵی خۆڵی دەخوارد و قامکی گەورەی خۆی دەمشت، وردە وردە خووی خۆڵ خواردنەکەی بە جگەرەکێشان گۆڕییەوە، عەلۆ لە نێو منداڵە هاوتەمەنەکانیا بە (عەلکە چوێڕ) و (عەلە کەچەڵ) و (ڕیویە گڕوو و...) بانگ دەکرا، بەگەورەیش نازناوی (عەلە خوێڕی) و (کۆسە) و (ژنانی) یان بۆ زیاد کرد. بەخۆشی نازناوی (کاکە شێخ )ی بۆ خۆی دانا،بەڵام لە بەدبەختی خۆی ئەویش بۆوە (شێخۆخوێڕی) و (شێخۆکەچەڵ) و (شێخۆژنانی)، لە ناسنامەکەشیدا بە (شێر عەلی) تۆمار کرابوو.

کاك عەلی لە سمۆرە دارەوانتر و لە کەڵە کێوی شاخەوانتر و لە ڕێوی فێڵبازتر و لە کەروێشك بێ دەسەلأتتر و لە فسوس ترسنۆکتر و لە گورگ دڕندەتر بوو.
لەگەڵ جنێوپێدان و سەرکۆنە کردن لووس بوو بوو، لە لێدانیش ڕاهاتبوو.

(شێر عەلی) بە نەهێنی توێکڵی قەدی دار گوێز و دار سێوەکانی باخی ماڵی باوکی باوەژنەکەی تراشیبوون، دارەکان وشك بوون، کلکی ماکەرێك و جاشکێکی ئاوایی بڕیبوو، بەڵام تاکو ئێستا لە خۆی و خودای بەم لاوە کەسێکی دیکە نەیدەزانی کێ ئەم کەتنەی کردووە و لەسەر چی خاوەنەکەیان ئەتك کراون. چەرمەسەری بە مریشکی گوندی دەکرد، بەدزییەوە پێستی پشتی ملی مامرەکانی

به گویزان دەبڕی، چەرم و پەڕەکانی ڕادەکێشایە سەر سەر و چاو و دەندووکیان، ئینجا بەرەڵلای دەکردن، لە دڵی خۆیدا زۆر بەخۆشییەوە دەیگوت:

((مریشکی مل ڕووت و ئەلمۆدەتان لێ دەوەشێتەوە ))، مریشکی پوورە رەیحانی خۆشی والێ کردبوو، لە ناخی دڵەوە دەیگوت:

(( هەی دایك و باوکتان...هەی گەورە و بچووکتان... هەی نێر و مێتان...)) کینەبەری و ئێرەیی لە دەروونیا جێگەی خۆشەویستی و بەزەیی نەهێشتبۆوە .

پیرەژن درێژەی بە قسەکانی خۆی دەدا: ((جارێك بردیان... ، زمانێکی هەیە دەمی بگاتەوە برینی[٥٤] خۆی، هیچ لێی مەترسێ، تۆبەی کردبوو و گوتبووی: ((بەهێندە سوێند و هەندە قورئانە، جارێکی دیکە نابمەوە گورگی کۆزی خۆم )) بڕە پارەیەکیان دا. ئەدی هەر بەپارە بەریاندا.

تا ماوەیەك ئەم ڕێوییە کڕو بێ دەنگ بوو. ئەو مارەبڕاوەی کوڕی من لە پێشا دەسگیرانی وی بوو، باجوای[٥٥] پلکی بوو، بەبن پشك لەم خوێڕوە مارە کرابوو، کچەکەش پێی ڕازی نەبوو، ماوەیەکی زۆر بەیەکەوە هەژانەوە، کچە نەیکرد و نەیکرد.عەلکە چوو ژنەکی دیکەی هێنا، ژنەش لە کنی دانەنیشت، ڕەدووکەوت. حەمەدەمینیش دەسگیرانەکەی بەماڵ لێکرپییەوە، ژنە ڕۆیشتووەکەشی بەپارە بەرەڵلا کرد ، ژنەکی بەمارە و تەلاقی هەڵگرت، تێی تەقاند و ڕۆیشت.

ماوەیەك بوو لە هەولێرێ بوو، ئێستا گەورە بووە و بووەتە فەرماندە و هاتۆتەوە، فەرمانداری کوڕەکانی (... ئاغا) و (شێخ...)ە، بە شەو و بە ڕۆژ

---

[54] دەڵێن سەگ دەمی بگاتەوە برینەکەی خۆی بەزمانی دەی لێسێتەوە خاوێنی دەکاتەوە ناهێڵێت هەوبکات و لێی پیس ببێت زوو چاك دەبێتەوە چارەسەری خۆی دەکات

[55] ژنێك لە بری ژنێکی دیکە بدرێت، وەك ژن بەژنی، گەورە بەگچکە، بنپشك.،لەجیاتی

پیشەیان بۆسە نانەوە و خەڵك راوكردن وگەندە كار و گەمبۆری و گەلۆری كردن بوو، هەتا خودا كردی لێیبەربوو• گوایە دەیەوێ تۆڵەی (حوسە كەچەڵی ئایشە بسك بڕای) باوكی و نامۆسی (مراری)ێ خوشكی خۆی بكاتەوە، بەڵام ئەوان دەزانن كە ئەو چ كۆرەوەیبابێكە¯ و خوێنی چەند كەسانی دەزگی دایە؟.

ئەگەرچی پیرەژن سێ ڕۆژ بوو لە پرسەكەدا كەف و كوڵی دڵی خۆی داڕشتبوو و تێر گریان ببوو، سەرما و ماندووبوونی ڕێگەش شێلابوییان، بەڵام وەك بلێی بە دەربڕینی مەینەتییەكانی تۆڵەی شەوگـــاری تەنیایی و بێ هاودەنگی خۆی دەكاتەوە. كە هەستی دەكرد كەسەكەی بەرامبەری گوێی بۆ شل دەكات و خەمگین دەبێت، وای دەزانی خرارە+ خەمێكی لە كۆڵ دەبێتەوە و یەكێكی دیكە بۆی هەڵدەگرێ.

سەیرێكی كرد بزانی چۆنی لە خەمان باركردووە، ئەوی لە پەیكەری لەشێك جیای دەكردەوە، تەنها تروكاندنی جارجارەی پێڵووی چاوەكانی بوو، پیرێژن سكی پێ سووتاو بە گفتارێكی دایكانەوە گوتی:

كوڕی خۆم دوو سێ كاكڵە گوێزان بخۆ! ئێوارێش نەتخواردن، چ نانیشت نەخوارد، پیاوی شەرمن دەبێ لەماڵان سكی خۆی بكوشێ، خۆ ماڵێ خۆتە...

گوێزەكانی لە پێش داناوە و گوتی:ـ

بڕێكیش كوێرە گوێز و پووك و پووچەڵن، ئەم ساڵ كەسم نەبوو بۆم بەناوبێنێ. گوێزێك دووانی نەشكاندبوو كە پیرەژن دایمەزراندەوە قسان:ـ ساڵی ناونووسەكان

---

• بای لێ بەربوو، تڕی

¯ جۆرە مارێكی ترسناكە

+ جەواڵی لە مووی بزن دروستكراو

دەگەڕان، ڕەشماڵمان لە کوێستانێ (وێزێ[56] لەپشتی (ئێنێ) [57]، لەسەر (سێکانیان )[58] هەڵدابوو، ئەو ڕۆژەی پەنیرم هێنابووە خوارێ، لە گەڕانەوەمدا لام دا گوندی هەتا هەندەك ئاردی لەگەڵ خۆمدا ببەمەوە هەواری، ناو نووسەکان لە ماڵی مام کێخوای بوون، ئەمنیش چووم ماڵی خۆمانم نووسی، کوڕم هۆبە ڕەشماڵێك بووین، بەتەنها ماڵی ئێمە نووسرا، هۆبە ڕەشماڵەکانی (سەر سوول)[59] و (گردوگۆ)[59] و (کیفارستان[59] و (بناری هەڵگورد)[59] و کێلەشین [59]و مێرگەمیر[59] و هۆڕنێ باڵەکیان[59] ومێرگە چەکۆی[59] شێخمەمودیان و سپییە ڕێزی خەیلانیان[59]... بە خڕی هەر کەسیان نەنووسرابوون.

هۆپەکمان لە خۆ زانی، کاتێك لە (ڕایاتێ) [60]ڕا، باشچاوەشێك و دوو پۆلیس هاتن، گوتیانە ئەوانەی ناونووس نەکرابوون:ـ (( ئەوانە ناویان نییە، خەڵکی ئێرەنین، ئێرانین دەبێ ئاوا ببنەوە ئەو.دیوی.))

(مەحموود) ڕدێن سپی هۆبە ڕەشماڵی و برا گەورەی حاجی بوو ئەویش دەگەڵ نەنووسراوەکاندا بوو، زۆر هاتوچۆیان کرد، جوانە ماینەك و دوو کاوڕ بەرانیان بۆ ماڵی شێخی... بردن بەڵکو چارەیەکیان بۆ بکەن، گفتی کیژێکیشیان دابوو، سەردانی ....ئاغاشیان  کرد، چ چارەیان بۆ نەکرا. مەحموود و مەلا سەعدەدین و زانەوێر) هاتنە ماڵێ مەو لە جێگاکەی تۆ دانیشتن، مەحموود

---

[56] ناوی کوێستانێکی ناوچەکەیە.

[57] ناوی گوندێکی سەر بەناوچەی حاجی ئۆمەرانە

[58] کوێستانێکە.

[59] ناوی چەند کەێستانی سنوورین و مەڕداری زۆریان دەچیتێ.

[60] ناوی گوندێکی حاجی ئۆمەرانە و لە دێرزەمانەوە بنکەی  پۆلیسی لێبووە

گوتــی:ـ (( محەمەد! برا! وا دەرمان دەکەن، نەڕۆین بە سیخوڕمان دادەنێن و لە سەرمان دەدەن، بە ناچاری ئاوای ئەودیوی دەبین، هاتوچـــۆمان،یەکدی دیتنمان کەمدەبێتەوە، هەتا خزمایەتییەکەمان نەبڕێتەوە، منداڵەکانیش لە یەکدی دوور نەکەونەوە، هاتووم (بێری)یێ کیژم لە (حەسەنی) کوڕت مارە بکەم، ئامۆزا و ئاوزەی[٦١] یەکن)) هەینێ (مینە)م نەبوو بوو (حەسەن)یش پێوەڕۆکە بوو، ماڵی مەحموودی کەوتنە (لاجانێ[٦٢] ماڵی زانەوێر وهەندێکیدیشیان لەو دیویش دەرکران، لەوێ گوتبویان ئەنگۆ خەڵکی ئەودیوە نین، دەبێ ئێرە بەجێ بێلن، ئەوانیش کەوتنە ئەودیوی ( کێلە شینێ)[٦٣] ، لەوێش نازانم چیان بەسەر هات؟ دەڵێن کوڕو کوڕەزای ( زانەوێری) رەوەندن و لە نزیك (وانێ) نە، لەوێش ناویان نانووسن وژنیشیان لێمارەناکەن.

هێشتا ئەم پشتەوەیە، ئا ئا ئێستا پێی دەڵێن سنە... نا ..نا.. سنوور، هێشتا هەندە توند نەکرابوو، ئەم دیوە و ئەودیو خزم و کەسی یەك بووین و ژن و ژن خوازیمان هەبوو و سەردانی یەکدیمان دەکرد. لە کوێستانێ بووین، ڕۆژەکی میوانێکمان هات گوتی:ـ ((حاجی مەحموود منی ناردووە، بزانم ئەحواڵتان چۆنە، گوتیشی حەز دەکەم هەتا بەخۆم ماوم بێن بووکێ خۆ ببەن، بەڵام حەز دەکەم حاجی محەمەد و حەسن بەخۆیان بێن بیان بینم)) تا خۆمان خڕکردەوە، پایزەکی درەنگ داهات، حاجیش گوتی: ((هەتا بەفر ڕێی نەگرتووە با بچین بیهێنین))

---

[61] هاوتەمەنن.

[62] ناوی گوندێك و و کوێستانێکە لە کوردستانی ئێراندا

[63] مەبەستی کوردستانی تورکیایە

حاجی و حەسەن ئاودیوبوون، حەوتووەك بوو لەو دیوی لە ناو خزمان، خەریکی بارگە و خشلێ و مشلاّن بوون، کاتێك خەبەر هات، گوتیان ((لە پشتی (زینویێ شێخی)[٦٤]، هەندێك قاچاغچی و سیخوڕی ئێرانی کوژراون، ژنێکیشیان لەگەڵ دایە)) ڕۆڵە ئێرانییەکان ئەوان بوون، تەرمەکانیشیان بردنە ئەم خوارەوەیە و نەیان داینەوە، لەو دیوی بەخزمەکانی ئێمە دەڵێن ئێڕاقی، لەم دیویش بە ئێمە دەڵێن ئێرانی. لە هەرتك دیوان دەرمان دەکەن و دەمان کوژن وڵاتیشیان بەش بەش کردووە و لە ماڵێ خۆشدا بەندکراوین و نایەلن بچینە کوێستانانیش بۆ خو مەڕدارییێ بکەین.

ئەدی کوڕم چەندم گوتە (حەمەدەمین)ی کوڕ نابی ئەتۆ لە گەڵماندا بێی بۆ جلکان، جلك کردنی بووکمان بە دەستی زاوای لێ ناکەویێ، مامەکیشم هەر ئەوها کوژرایە، دڵم خەبەری دابوو، خەونێکی ئەوەندە ترسناکم دیبوو، نەوێرام بۆ کەسی بگێڕمەوە، دەمزانی شتێکی زۆر ناخۆش چاوەڕوانیمان دەکا، ئەویش قوماری پێدەهاتن، وەکی چوینە جلکان لە ڕێێ لە (هەریریێ) لاماندا، دوو نەفەر دابەزین، لە (سیساوەی)[٦٥] تێپەڕین لەسەر ئاویێ (سەرتا)[٦٦] ی (کەچۆ)مان دیت (کەچۆ: ئەحمەدە شێنیێ خۆشناوەتی، هەموو کەس دەیناسی وەلییە) ڕاوەستابوو کۆنە فانۆسێکی بەدەستەوە بوو، شوفێرەکە دەیناسی ڕای گرت و سواری کرد و

---

[64] گوندێکە لەسەر سنووری ئێران گەلێك کوردی ئەمدیو و ئەو دیو لە چیایە سنووریەکەیدا دەکەوتنە کەمین و دەکوژران و تەرمەکانیان دەبردنە خوارەوە یا خەڵکی ناوچەکە دەیان ناشتن .

[65] گوندێکی دڵگیرە لە دەشتی هەریر

[66] کانیاوێکی دەشتی هەریرە لە دامێن کلکەی شەکرۆکی لە نزیك گوندی سیساوەیە

دواندی، له ڕێیێ گوتی ((ئەم فانۆسەم له ماڵێ (کاکی هیرانێ)[٦٧] هێناوه، پێیان گوتم ((شووشەی تێنەخەی نەوتیشی تێنەکەی، ئەزیش ئاوی (ئەشکەفتاوێم[٦٨] ) له (سەرتای) تێکردیه دەچمه (شەقلاوێ) ماڵی (میرانی عوسمان بەگ)) چارەی شوشەیەکم بۆ نەکات، لێی تێك و پێك دەدەم.)) گوتییه حەمەدەمینی کوڕ ((ئەوه دەچیه هەولێرێ؟ کوڕه ئاگات لەخۆبێ، له دەشتی هەولێرێ نەکەویه بیرێ! بیریان گەلێك قووڵن، بەکەس دەرنایێ ها ! کاروانچییەتیت کردیه ؟ )) پێکەنی و گوتی(( ترێ و هەنارت له (سەنی) ه و (مرکی)یەی٦٩ له (کەندێناوه) و (قەراج)ێ یەك و چەند بەگەنم دەدا ؟! دەوارنه ترێیان...دەوارنه هەناران...))

قاقاپێکەنی :ـ (( دەشتەکی ناوپستێر شۆڕ لێت خڕدەبنەوه و دەڵێن مام خۆشناو برمانت ٧٠ پێیه، وای هیزه جەفتت ٧١پێ بوایه، وارێن وای سرکەت پێبوایه)) گوتیه (مینه)ی ((کوڕه ئاگات له خۆت بێ سەگبابانه کانی و ڕووباریان نینه، هەر بیر و دەولکن، بیرەکەش گەلێك قووڵ و بێ بنه، بکەویه بیرێ بەکەس دەرنایێ ها .))

ئەوه کەوته بیرێ بێ بن، بەکەسیش دەرنایێ. لەم تازییەی (کەچۆ)م دیتەوه، شێوابۆوه، هەردوو چاوی بووبوونه گۆمی خوێنی، وەکی زولم و زۆرداریيەکی

---

67 شێخی هیرانێ

68 ئەشکەوتێك و ئاوێکه له چیای زەردکان له نێوان گوندی گەرەوان و بالیسانه، دوو پەیکەری لەبەرد تاشراوی تێدایه، یەکێکی پیاوه هەردوو ئەژنۆی بڕاوەتەوه ئاوی لێ دەتکێ ئەویتریشیان ئافرەته له قورتکەی ملی ئاو هەڵدەقوڵێ خەڵکی ناوچەکه بەپیرۆزی دەزانن دەڵێن بەناڕەوا کوژراون، ئاوەکەشی خوێنه بوویته ئاو، که ئاوێکی زۆر ساردو زوڵاڵه

69 دوو ناوچەی دەشتی هەولێرن.

70 دنکه هەناری وشککراه

71 کلاوی بەڕوو، بەری دار بەڕووه بۆ خۆشکردنی ( دەبغکردنی) پێسته به کار دەهات تا ببێته کووندەو دێمکه و مەشکه و دۆدان

گەورە ببینی تێك دەچێتەوە ، زۆری لەبەر پاڕامەوە گوتم چۆن چارەیەکم دەکەی؟ قسەی نەکرد، بەڵام چاوم لێ بوو، چووە ناو گۆڕستانێ، لە پەنا کێلەکی گەورە، دەستی لەکن دەمی ڕاگرتبوو، هەلاو هەلاوی دەکرد، تەلەفۆن بوو، بەعارەبی جونیشی پێدان گوتی:

((بیهێننەوە دەنا ئاسمانتان بەسەردا دەڕوخێنم ،کەلب ئیبنول کەلب )) گوتییە من (دێتەوە)) بەڵام مردم و سووتام بەمنی نەگوت، بەمردووەتی دەیهێننەوە وەکی (مەجیدی[72] دەربەندی)، یان بەزیندوویی دێتەوە.

پێشتر نیوەی شەوی لەگەڵ ڕادیۆ و دەنگ و باسەکان دەبردەسەر، ئەمشەو پەژارە و مەینەتی پیرەژن وایان کەوڵەڕن کردبوو، لە هۆش خۆی چووبوو، کە بەئاگا هاتەوە ڕادیۆکەی کردەوە، دوا دەنگو بای ئیستگەی بی. بی. سی. مابوو:

- لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە: لیژنەی پارێزگاری کردن لە مافی مرۆڤ یەکییەتیی شوورەوی بەپێ شێل کردنی مافی مرۆڤ تاوانبار کردووە، چونکە ڕژێمەکە نایەلێ هاونیشتیمانییەکانیان بە ئارەزووی خۆیان شوێنی نیشتەجێ بوونیان بگۆڕن، هەر هەمان رژێم زانا و پرۆفیسۆرێکی نەیاری بە بیانووی مێشك تێك چوون لە شێتخانە بەند کردووە..
- دەوڵەتە زلهێزەکان کۆنگرەیەکی دیکە دەبەستن بۆ داماڵینی چەکی ناوکی.

---

[72] سەربازێك بوو لە سەرەتای حەفتاکان لە بەغدا لە سێدارە درا پاش ماوەیەکی زۆر کە تەرمەکەی ئاوسابوو بۆ تۆقاندنی خەڵکی ناوچەکە هێنایانەوە، لە گۆڕستانی دەربەندی ڕایات نێژرا

- له بریتۆریا دوو پۆلیسی سپی پێست بەسەختی بریندار کراون، شەست و هەشت ڕەش پێستیش کوژراون..
- .نرخی نەوت بۆشکەی سێ دۆلار دابەزیوە.
- جوولەکە لە خاکی فەلەستین ناکشێتەوە و لە (بەیروت) و لە (تەل زەعتەر) کوشتنی نێوان ڕێکخراوە فەلەستینیەکان درێژەی هەیە.
- ئەمریکا فڕۆکەیەکی کوشندە و تیژڕەوی سەربازیی نوێ دروست دەکات. هەر لەوێشەوە کۆنگرێسی وڵاتەکەیان بڕیاری تەرخان کردنی چەندین بلیار دۆلاری بۆ هەڵدانی مانگی دەستکرد، بۆ دامەزراندنی بنکەی ڕۆکێت و چەکی کۆکوژ لە بۆشایی ئاسماندا پەسند کرد .
- لە هیندستان هیندۆس و موسڵمانەکان تێك بەربووینە هەر لەوێ بڵاو بوونەوەی گرانی و برسیەتییەکی ترسناك و نەخۆشیی ڕشانەوە لە پەرەسەندندایە..
- سەرۆکی ئێراق سەد وشەست ملیۆن دیناری ئێراقی کە دەکاتە (٤٨٠) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بە سۆماڵ و سودان و مۆریتانیـا بەخشیوە بۆ دروست کـردنی چەندین مزگەوت و پەرستگا و قوتابخانەی ئاینی. پێنج ملیۆن دانە قورئانی پیرۆزیش بۆ موسڵمانانی وڵاتە هەژارەکان بە دیاری دەنێرێت.

دوا راپۆرتی ئەم شەویشمان دەربارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییە لە باکوری عێراقدا: (لەدوای پارچە مۆسیقایەکی دەنس و هەڵپەڕین) :ـ

- سێ ئەندام لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی، ئێراق تاوانبار دەکەن کە چەکی کۆکوژی قەدەغەکراوی بۆ لە نێو بردنی کوردەکان بەکارهێناوە و بەڵگەی چەسپێنەریشیان بەدەستەوەیە کە گازی خەردەل بەکارهاتووە و

ژن و منداڵی زۆریشی کوشتووە و ژینگەی دەڤەرەکەشی پیسکردووە، داواش دەکەن لیژنەیەکی پزیشکی نێو دەوڵەتی بچێت و لە بابەتەکە بکۆڵێتەوە.

- (خ. پ. د.) لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە رایگەیاند کە نایانەوێت گێروگرفتی کوردەکان ببێتە گێروگرفتێکی نێو دەوڵەتی و بکەوێتە نێو باس و لێکۆڵینەوە، چونکە چارەسەری جەنگی نێوان ئێراق و ئێران ئاڵۆزتر دەکات و بشێوێنی زۆرتریش لە ناوچەکەدا دەنێتەوە ...
- لە کۆبوونەوەی سەرانی وڵاتانی موسڵمانیش رایان گەیاند، نایانەوێت بەکارهێنانی چەکە بە کۆمەڵ کوژەکانی ئێراق باس بکرێت ...!
- لە کۆنگرەی وڵاتە سۆشیالیست ویستەکـــاندا دروشمی نەهێشتنی ستەمکاری و چەوساندنەوە و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و یەکچین و چەسپاندنی ئاشتی لە سەرتاسەری جیهاندا بەرزکراوەتەوە و بزووتنەوەی کوردەکان لە باکووری ئێراقدا بە بزاڤێکی رەگەز پەرستی و بەرژوازی و سەر بە ئیمپریالیزمی جیهانی داندرا.
- (.....) سەرۆك کۆماری ئێراق :ـ خۆمان دەزانین بۆ وڵاتە ئیمپریالیزمەکان پڕوپاگەندەی گلاو بلاو دەکەنەوە، هەر خۆشمان دەزانین چۆنیان وەلام دەدەینەوە
- عەدنـــــان خیرالله تولفاح وەزیری بەرگـــری ئێراق لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەگەریدا دەڵێت:ـ ((کوردەکان هاولاتی خۆمانن و دڵسۆزی نیشتمانن، بەلام چەند بەدکارێك کە کرێگرتەی زایۆنیزم و هاوپەیمانەکانیانن بە ناوی کوردانەوە دەیانەوێت گێرە شێوێنی بکەن و ئاژاوە بنێنەوە، بەم زوانە ئەم

گومڕاو ئەلقە لە گوێیانە لە ناو دەبەین و سوپاکەشمان زۆر لەوە بە هێزترە کە پێویستی بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بێت.))

- عصـام عبدالرحمـــن الشـــلبی وەزیری نەوتی ئێراق گوتی:ـ ((وڵاتە پێشکەوتووەکان کە چەکی پڕوپاگەندە لە دژی ئێراق بەکاردێنن، پێویستە بزانن کە ئێمەش چەکی نەوتمان هەیە، نەوتیش هەم چەکە و هەم وزەی پیشەسازی و ژیانە، هەم نان و دەرمانە ...
- (....) سەرۆکی رێکخراوی زانکۆی وڵاتە عەرەبیەکان:ـ ((... رێککەوتنامەی جنێڤ بەکارهێنانی چەکی بە کۆمەڵکوژ و گازی کیمیایی لەنێو دەوڵەتەکاندا قەدەغە دەکات، بە پێی یاسا ئەم قەدەغەکردنە جەنگی ناوخۆ ناگرێتەوە، رازیش نین وڵاتانی بیانی بەم بیانووە دەست لە کاروباری وڵاتێکی عەرەبی وەك ئێراق وەربدەن ...))
- ( ... ) سەرۆك وەزیرانی تورکیا:ـ ((دوای ئەوەی پزیشکەکانمان چەندین برینداری ئێراقیان فەحس کرد و نموونەی خۆڵی ناوچەکەش پشکێندرا بۆمان دەرکەوت کە گازی خەردەل یا هەر جۆرە گازێکی کیمیای کۆکوژ لە ناوچەکەدا بەکارنەهاتووە، بەڵکو داواکان درۆ و هەڵبەستەن و پێویستیش ناکات و رێگەش نادەین پزیشکانی نێودەوڵەتی بۆ ئەم مەبەستە بەناو خاکی ئێمەدا بچنە باکووری ئێراق . ))
- لە نەخۆشخانەێکی (ڤیەنا) رایان گەیاند کە:ـ چوار گەنجی کوردی ئێراقی بەگازی کیمیایی بریندار کراو ئەمرۆ گیانیان سپارد .
- شایانی گوتنە دوێنێ ئەندامێکی نەیار لە بەرلەمانی تورکیاوە بۆ رۆژنامەی میللیەت قسەی کردووە و گوتویەتی: ((لە ئەنجامی بەکارهێنانی گازی

کیمیایی له باکووری ئێراق له نزیك سنوورەکانی تورکـــیاوه گـازەکه لەگەڵ (با) پەڕیوەتەوە نێو خاکی تورکیا و مەترسی زۆریشی لێدەکرێت!))

- دەنگ و رەنگی ئێران له دەنگوباسی ئێوارەی ئیمڕۆیدا به دەنگ و وێنه بڵاوی کردەوە که سەربازانی ئێراقی له بەرەکانی جەنگدا چەکی کیمیایی دژ به هێزی ئێران بەکاردێنن و به گازی خەردەلیش هەزاران ژن و منداڵی کوردیان له شارۆچکەی حەڵەبجە له باکووری ئێراق کوشتووە، دیدەنیشی لەگەڵ چەند ژن و منداڵی بریندار کرد.
- دیڤید برادشۆ:- دەیان ملیۆن کورد له رۆژهەلآتی ناوەراست قەلآچۆدەکرێن، چونکه خەون به ئۆتۆنۆمییەوه دەبینن، بەلآم پاشه رۆژیان هەروەها به رەشی نامێنێتەوە.
- بەرێز تەها یاسین رەمەزانیش جێگری سەرۆکی ئێراق له بوخارست له کۆبوونەوەی سەرانی وڵاتانی بێ لایەندا رایگەیاند :ـ تاوانی سپی پێسته رەگەز پەرستەکان له دژی رەش پێستەکانی نامیبیا ئێراق و وڵاتانی بێلایەنی نیگەران کردووە.

خەریك بوو مێشکی بتەقێت، ڕادیۆکەی کوژاندەوه، سارده بزەیەکی لاوازی هاتێ له دڵیی خۆیدا، (پاراستنی مافی مرۆڤ... داماڵینی چەك... بەکارهێنانی چەکی کیمایی...، دەبێ له کۆنگرەی رەوەی گۆشتخۆراندا چۆن باسی پاراستنی مافی ڕانه مەڕ بکرێت؟ دەبێ میللەته چەوساوه و هەژارەکان، ژێر دەست و بەش بەشکراوەکان، کەی چەکی پارچه پارچه کردن و پلیشانەوە دابماڵن؟

زەردەخەنەیەکی تاڵ لەسەر لێوەکانی هەڵنیشت.

ئەقڵی ئەو کەسانەی کە بەبێ پشتێن توندکردن و پشت بەخۆ بەستن بەبێ خەبات و خۆبەخت کردن، چاویان لە دەستی خەڵکێکە کە لە هەندەرانەوە بێن، مەرامەکانیان بۆ جێبەجێ بکەن، لێکدانەوەی ئەم پیرەژنەی کە بۆ گەڕانەوەی کوڕە بێ تاوانەکەی بە هەلاو هەلاوی شێتێك دڵی خۆش دەبێت، بیرو هۆشی ئەم کچە بچکۆلەیەی کە بۆ وشك کردنەوەی فرمێسکەکانی من هانای دەبردە بەر داپیری تا تۆڵەم بۆ بکاتەوە، بەڵێ ئەقڵی هەر سێکیانی وەکو یەك هاتنە بەرچاوی، ڕاکشا و بەرە نەخشینەکەی ڕاکێشایە سەر چاوی، چاوەکانی چووقاندن.

تێڕی[٧٣] خەمی پیرەژنێ هێشتا بە نیوە نەببوو، بە ناچاری ئەویش هەستاو بەجێیهێشت. بەیانی کە پیرەژن لە خەو هەڵستا و زۆپا دارەکەی داگیرساندەوە و ئاوی دەست نوێژی گەرم کرد، ئەو هێشتا خەو نەچووبووە چاوی.

پێش چێشت خواردن، ئافرەتەکەی ئێوارە دیتبووی بە ژوور کەوتەوە مەنجەڵێك ماستی بەدەستەوە بوو:- ((مامۆژن چێڵەکانم دۆشیبوون، شیرەکەم لە ماڵی خۆمان هەوێن کردبوو، بۆ بەرچایی هێناومەتەوە))

لەگەڵ میوانەکە تێکڕامان...باڵا بەرزێکی چاوکاڵی برژانگ سیس و بە گروازبوو، کراسێك و کەوایەکی خورمایی سادەی لەبەربوو و چارۆگ و دەسماڵێکی مۆری تاریکیشی پۆشیبوو، بسکە لووس و لوولەکانی تا سەر پشتێندە مۆرە گوڵ وردەکەی هاتبوونە خوارەوە، تەمی خەم و مەینەت لە روخساریا نیشتبوو و باهوڕەی ئازاری ڕۆژگار پەڕەی گوڵی کوڵمە سپی و ئاڵەکەی ژاکاندبوو، خاڵێکی سەوز، هەندەی نیوە دنکە کەسکوانێك لەسەر چاڵایی گەردەنی سەرنجی

---

[73] تێڕکە

پیاوەکەی هەڵدەمژی[٧٤].. ماستەکەی دانا و سەرپۆشێکی خستە سەری و چووە دەرەوە.

پاش نوێژی عەسریٚ بوو، کرمانج و شێرکۆ لە سەر بانی مزگەوتیٚ، ڕووەو ڕێگاکەی خوارەوە، لە نزیك کۆمەڵە پیاوێك ڕاوەستابوون، چاودێری ڕێگاکەیان دەکرد. لە ناو دیٚدا بوو بە ژاوە ژاو، ئەوان لە چاوەڕووانی خۆیان نەکەوتن، ژاوەژاوەکە پەرەی سەند، لە کانییٚ ژنان بوو بە گریە و هاوار و قیژە قیژ، لە کۆمەڵە پیاوەکەی کە لەسەر بانەکە وەستابوون، یەکێك گوتی: ((نەدەبوو دەنگوباسەکە بکەوێتە بەردەمی ژنان، هەتا بە تەواوی دەزاندرا فەوتاوەکان چەندن و کێن، ئەوەی بەڕاستی ڕوون بـوبێتەوە (سوڵتان ) بەخۆی و بەژنەکەی و بە (جێبەکەی) لە (کانی ماران)**٧٥** لە هەڵدێرە بڵندەکەی (گەلی عەلی بەگ) هەڵدێراون)) کە (کرمانج) گوێی لە ((سوڵتان و هەڵدێرانی جێبەکەی ))بوو، شڵەژا، ڕەنگی هەڵبزڕکا،لاقەکانی لەرزین، سەری گێژی خوارد، بەرچاوی لێڵ بوو و کەوت.

کرمانج (دلێر) لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی یەکەمی قوتابخانەکەیان بوو، کوڕی خاڵۆشی دەرنەچوو بوو، خاڵۆی کوڕە خاڵەکەی هاتبوو، سەرزەنشتی خوارزاکەی خۆی دەکرد:ـ((بمری...دابڕزێی، بۆ هەمووەمان شوورەییە کەمایەتییە، بزانە دلێر هەتیوە کرمانجە... کرمانجی پیس و پۆخڵ و برسی و تینوو، هەرچی و

---

[74] کـــچە لادێییەکان ئەم خـــاڵە کوتراوانە وەك دانەی داو نانەوە بۆ کـــوڕە تیلاك خوارەکان بەکاردێنن.

[75] **کانیاوێکە، لە شوێنێکی هەڵدێرە، جێگەی سەیرانگە و حەسانەوەیە لەناو گەلی عەلی بەگدایە**


پەرچی.نەزان و گێلوێل، ئەو کرمانجە بەیەکەم دەربچێت. تۆش ڕەسەن... کوڕە ئاغا... دایك و باوکت هەبووە و دانا... لە چیت کەمە...))

لە گەڵ گەورەبوونیا ئەم جنێوانەش لە دەروونیا گەورەتر بوون کە لە ژیان گەیشت و کەوتە کۆڕی خەبات دژی چەوساندنەوە بە هەموو جۆرەکانییەوە، بەو پەڕی شانازییەوە ناوی نهێنی خۆی نا (**کرمانج**). کرمانج: یانی چەوساوە و برسی.

**شێرکۆ**: ناوی ڕاستەقینەی( **لاوە**) بوو، کرمانج و شێرکۆ و شەوچرا و **ئاوات**(کەناوی ڕاستەقینەی **لاولاو**) بوو لە پەیمانگەدا هاوبیر و هاوکار لە شانەیەکی نهێنی کاریان دەکرد)).



# ٥- کاروان و ئاوات



چاو له مۆڵەق لەسەر پشت ڕاکشابوو، له شوێنێکە نازانێ کوێیە، ژوورێکی بچووك، نەتاریك و نە ڕووناك، بنمیچەکە، دیوارەکە، زەوییەکە، زەوییەکەی ژێری بەخێراییەکی بێ ئەندازە خول دەخۆنەوە، ترسا بکەوێت، دەستێکی له دیوارەکەی لای ڕاستی قایم کرد، هەر پێنج پەنجەی دەستی چەپی کردەوە، لەپی دەستی کوتایە زەوییەکەی تەنیشتی، هێشتا وای هەست دەکرد لەم خول خواردنەوەیەدا ئەو دەگلێت، ویستی بڵێ: ((بمگرن،... دەکەوم ))! بەڵام بۆی دەرنەبڕا، دەستەکانی توندتر و ڕەقتر کردنەوە،

دەنگی دایکی هاتە گوێی کە دیگوت:ـ (( سەید ئەحمەدی ڕفاعی، شێخ نورەدینی بریفکان، غەوسی گەیلانی، شای ماڵ له مەدینێ! هاوارە )) بەئاستەم ملی بۆ لای چەپ سووڕاندەوە، خولانەوەکە تا دەهات هێدیتر دەبووەوە، وێنەکانیش ڕوونتر دەبوونەوە، هەردوو چاوی بە ژنێکەوە گرێدران، کە لە بەرامبەر دەرگاکە، لە ژێر شرە لێفەیەك سەری دیاربوو، هەندێك شرپڕەی لە پێش داندرابوون، ئەوانیش خولیان دەخواردەوە، کە خولانەوەکە کەمتربۆوە، ئەویش پتر چاوی تێبڕی، دەنگی دوو ساوای تازە لە دایك بووی بیست، ئەم ژنە ! ئەم چاو و برۆیەم زۆر دیوە. دوو مەلۆتکەی لە پێشە! خول خواردنەوەکە نەما، وێنەکانیش تەواو ڕوون بوونەوە، ژنەکە پەڕۆکێکی سپی بۆری لە تەوێلی بەسترابوو، هەر لە مەلۆتکەکان ڕادەما و فرمێسکی سێ ڕیز دەباراند، پشتە چاوەکانی پەنماون، ڕوومەتی قۆپاوە، ڕەنگ زەرد و تلخە ((ئەم ژنەم لە کوێ دیوە؟ دەبێ ڕۆژی حەشر و زیندوو بوونەوە بێت؟ ئەم ژنە شەوچرای هاوسەرمە، ئازاری گۆڕ وا گۆڕیویەتی؟ ئەرێ ئێمە دوو منداڵی ساوامان هەبوو؟))

چاوەکانی نەختێك بۆ خوارتر داگێڕان. کچەکەی خۆی و کیژی کوڕی پیرەژنی خانەخوێی دیتن، پێکەوە بە لانکۆکەکەی دوێنیٚ ئێوارە یاریان دەکرد کچە بچکۆلەکە دەیگوت: ـ ئەم لانك و بووکەم بە باوکم پیشان دەدەم.

- دەبیٚ ئێمە بەهەشتی بین و پێکەوە کۆبووینەتەوە، دەبیٚ هەژار و ستەمدیدەکان پێکەوە حەشر بکرێن؟

تا دەهات ژوورەکە تاریکتر دادەهات، چاوی بۆ ئافرەتەکە گەڕانەوە، ویستی بانگی بکات و بڵیٚ مەگرییٚ هەموومان پێکەوەینە...

بەبیٚ دەنگ لێوەکانی جوولاندنەوە، دایکی لە پشت سەریەوە هاواری کرد:ـ کاك ئەحمەدی شێخ، شێخ عەبدولکەریمی کەربچنەی، پیری قەرەچێوان، مەولودی پێغەمبەر فریام کەون.

ملی بە پشت دا شکاندەوە، چاوی لە چاوە کوێرەکەی دایکی چەقی:ـ دایکیشم زۆر پیربووە !.

دایکی دەستێکی خستە سەر تەوێڵی. لە دەرگـــا تاریکاییەکـــی زۆر هاتە ژوورەوە، تاریکاییەکە بووە ژنێك، ڕووناکاییەکی کز بەدوایدا هاتە ژوورەوە، ژنەکە لەولاتر دانیشت، ڕووناکییەکی گەشتر ژوورەکەی پڕکردەوە، ڕووناکاییەکە دەلەرزیو دەلەریەوە، کە ژنەکە هەستاوە ئەو چاوی بەگڕی شوشە لامپا شکاوەکە وەنووسا، ژنەکە هات لەلای دانیشت، دەستی خستە سەر دڵی، پشتی ژنەکە لە ڕووناکییەکەوە بوو، بۆیە نەیتوانی ڕووی ژنەکە ببێنیت، ژنە توونە زەندی دەستی گوشی، دەستەکانی شەکەت و بیٚ هێزبوون ، ترسی خولانەوە و کەوتنی نەمابوو، بە ئەسپایی دەستی خۆی لە ناو دەستی ژنەکە دەرهێنا، ژنە جێگای خۆی گۆڕی و ڕوو بەڕووی کرمانج دانیشتەوە. دیتی (شەوچرا)ی خێزانی

فرمێسك له چاو و خەندە له سەر لێو بۆی دەگرژێتەوە، هێشتا بۆی ڕوون نەبۆوە، ئایا زیندوو بوونەوەیە؟ یان هێشتا نەمردووە؟ شەوچرا بە پەڕۆکێکی تەڕ تەوێل و ڕوومەتەکانی و بەرگەردەنی سڕیەوە. بە نیوە گریانێکەوە:ـ
دلێر...! کرمانج! باوکی ئازادی...! ئەتۆ نازانی من و دایکت هاتوینە سەردانت هەی بەساقەت بین.

دلێر ویستی هەڵبستێتەوە، تەکانێکیدا له شوێن خۆی کەوتەوە ، دایکی و شەوچرا ڕاستیان کردەوە و دایان نیشاند.

- ئێرە کێندەرە؟ ئێمە له کوێین؟ ئەنگۆش له ناو ترۆمبێلی مردن؟ ئەدی کوڕەکان؟))
- دایکی گوتی: ـ بە قوربانت بین، هەموو وا لێرەینە، ئەوە بۆ وات لێ هاتووە؟ وەکی چاوی بەتەرمی باوکیشی کەوت ئەوهای ...

پیرەژنی خانەخوێی شەوی بەخۆ و بەمەنجەڵە چێشتێك و تێشووە نانێك هاتە ژوورەوە. ئەوانیش خواردنی شاریان لەگەڵ خۆیانا هێنابوو.

دەنگوباسێکی ڕەشی دوکەڵاوی، وەك ئاگری ناو تەبارەی چلەی هاوینێ بە ڕۆژی تۆزوبا، هەموو کون و قوژبنێکی گوندەکەی گرتەوە، ماڵە نەخۆشخانەکەی شێرکۆش ئاگادارکرانەوە.

پاش ئەوەی شێرکۆ، کرمانجی گەیاندبووە ماڵی خۆیان، بەپەلە بۆ نەخۆشخانەی بارەگا سەرپێیەکەی گوندەکەی ئەولاتر ڕۆیشت، نوژدارێکی هاوبیر و هاوڕێی لەوێ بوو، نوژدارەکە له کاتی خۆیدا، له پۆلی پێنجەمی کۆلێج، تاوانی

کوردایەتییان لە نێو چاوانیدا خوێندبۆوە، ئەویش لە ترسی کوشتنی بەدەم ئازارەوە، بە ناچاری بۆی دەردەچێت.و خۆی دەگەینێتە شاخ

هێشتا خانووە بەرزەکانی لای سەرەوەی دێیەکە بەدیار نەکەوتبوون، خۆر بەپەلە بۆ پەنا لوتکە بەرزەکانی خۆرئاوا دادەبەزی. شێرکۆ نە گەیشتبووە ناو ئاواییەکە، کە هەستی بە خرۆشان و تێك سووڕانێکی نا ئاسایی گوندەکە کرد، لە بارەگاکەی خۆیان تێیان گەیاند کەوا ئاگــــــادار کراینەوە، بەیانی زوو هێزێکی گەورەی دوژمن، بەهەموو جۆرە چەك و کەرستەیەکی نوێی جەنگییەوە بەسەر ناوچەکە دادەدات. هێرشەکەش بەنیازی تۆقاندن وکوشتن و گرتن و بردنی هەموو کەسێکە کە بەردەستیان بکەوێت، پتر مەبەستیان چۆڵ کردن و وێران کردنی ناوچەکەیە، ئینجا ئەوەی بۆی دەکرێت دەستوەکەری بکا، ئەوانی دیکەش ماڵ و منداڵ دەرباز بکەن، بەڵام هێزی شۆڕشگێڕەکان زۆر لەوە کەمتر بوو کە بتوانێ ڕوو بەڕوو بەرەنگاری ئەم هێزە زەبەلاحە ببێتەوە، هەر چۆنێك بێت دەبێ لە شوێنە سەختەکاندا بەرگریەك بکرێت، چونکە ئەگەر ئەم هێرشە لێرە و لەوێ کەم کەمە ڕاگیر نەکرێت، ئەوە زۆر زوو دەست بەسەر هەموو ناوچەکە دادەگرێت، بەهەڵاتنیش کەس لە دەست ئەم شاڵاوە لە ناکاوە دەرباز نابێت، ماڵ و منداڵ و ئافرەتە جوان و جحێڵەکان دەکەونە دەست گەلۆر و گەندە خۆر و مل لبــادان، بەهەر نـرخێك بێت دەبێ دەست بوەشێندرێت، بەڵام دەست وەشانێکی کاریگەر و زانایانە بێت، دەبێ بزانن دەسـت درێــژی بۆ تاواندنەوە و پاکتاو کردنی نەتەوەیەك و وێران کردنی نیشتمانێك، پاروە نانێکی سانا نییە قووتی بدەن...دەبێ سزای تاوانەکانیان بدرێتەوە دەبێ بکوژان بکوژرێنەوە،... لەلاڕا، لە پشتەوەڕا لێیان بدرێت، لە پێشەوەش بە مین دانانەوە، بە فرۆفێڵ بەڵام لێدانی

کاریگەرتر و وەستایانەتر...لە دواوە و لەلاوە دەبێت کە بۆ دواوە گەڕانەوە ئینجا لە لموزی[٧٦] بدەی... چەواشەی بکەیت.

هێسترێك و پیرە بارگینێکیان دایە دەست شێرکۆ و دەرباز کردنی کرمانج و ژن و منداڵەکان و هەندێك کەلوپەلی سوك و بەنرخی بارەگایان پێ سپارد ، دەبوو بیان گەینێتە ئەشکەوتێك لە دۆڵی (باڵەییان)[٧٧] و بناری (قەندیل)، لە ڕێگەی گەڕانەوەی‌دا، سواری هێسترەکە ببوو بارگینەکەشی قەتارکێش کردبوو، بیری لە نەخۆشەکان دەکردەوە: دەبێ هەردووکیان نەمردبن؟ ئەم دوو منداڵە ساوایە بەم ڕۆژە ڕەشە چ لێ بکەم ؟ دایکە گیان سەختەکەیان چەند ڕۆژە لە ئاوزینگدان دایە، دەستیان لێ بدەم دەمرن، بەجێیان بێلم هەر دەمرن، ئاخر خوێن نەوەستانی زەیستانی زستانێ و شلقە شلقی سەر پشتی ولاخیان گوتووە؟.

ڕووناکی لە دڵی‌دا نەمابوو :ـ باشە ئەدی چۆن بەجێی بێلم؟ منیش لە گەڵیاندا بمێنمەوە؟. زۆر بیری لە چارە سەرێکی گونجاو کردەوە، بەڵام هیچ ڕێگایەکی پەسندی نەدۆزیەوە...
کە گەیشتەوە ماڵێ، دیتی کرمانج بەخۆ هاتۆتەوە، دایك و ژن و منداڵەکانیشی هاتوون، هێسترەکەی لە ئەستوندەکەی هەیوانەکە بەستاوە، بەخێرهاتنی کردن، لە تەندروستی دلێری پرسی. چۆوە لای ژنە نەخۆشەکەی و بەغەمگینیەوە:ـ
ئاوات گیان دەبێ ئێمە بڕۆین! واچاکە تۆ لە شوێنی خۆت نەجولێی، لێرە لە ماڵی برادەرێکت دادەنێم، هەتا دەتوانم ڕەوانەی شارت بکەمەوە.

---

[76] قەپۆز، پۆز، دەم و لووتی ئاژەل .
[77] دۆڵێکی دڵگیر و حەستەمی سنوورییە، کۆمەڵە گوندێکی تێدایە.

ئاوات بە دەم گریانێکی بێ هێزەوە، هەندێك قسەی لەگەڵ مێردەکەی کرد، بەڵام ئەوانی دیکە کەسیان هیچی لێ تێنەگەیشتن. شێرکۆ وەك لە خەماوێت هەڵکێشابێ ڕووی وەرسووڕاندەوە و گوتی ـ خۆتان خڕبکەنەوە ئەوەی دەزانن زۆر زۆر پێویستە و پێمان دەچێت، بیان پێچنەوە، ئاوات و منداڵەکانیش ئامادە بکەن، وا دەچمە ناو ئاوایی، بزانم یەك دوو وڵاخی دیکە پەیدا ناکەم.

وڵاخ هەموو گیرا بوون، هەرکەسە و خەریکی دەردی خۆی و گواستنەوەی ماڵ و منداڵی خۆی بوو. دوو سێ ماڵ لە ژێرەوە پەیوەندییان پێوە کرابوو، بەڵێنی چەوریان دابوونێ، بۆیە لە خۆیان نەدەترسان و خۆیان سڵ نەکردبوو، کابرایەکی ڕوو گرژ، خودانی کەرێك و هێسترێك بوو، خۆی هاوێشتبووە سەر پشتێ، چاوەڕوان بوو بزانێ کێ لە هەموو کەس ناچارترە، هەتا بەکرێیەکی قەڵەو بۆی باربکات، ئەو کرێیەی ئەو داوای دەکرد، دوو ئەوەندەی نرخی وڵاخەکانی بوو! بەڵام چارچییە؟ هەر دەڵێین دۆستێك نەڕەنجێ و دوژمنێك کەمتر بێتەوە، تا ئەو کەر و هێسترەکەی هێنا، پیرەژن و شەوچرا تریانێکیان[78] بە کۆنە جل و و پەڕۆ و پاتاڵ وەك هێلانەی چۆلەکە ڕێك خستبوو و هەردوو مەلۆتکەشیان قۆنداخە کردبوون، لە تەنیشت یەکدی لە ناویان دانابوون و سەریان بە بەرماڵێکی ڕەش و سپی داپۆشتبوو، ئاواتیان باش باش پێچابۆوە، پاڵتۆیەکی سەربازیان لەبەر کردبوو، تەنها کونە لووت و چاوە ئاوساوەکانی بە دەرەوە بوون، دوو باڵۆڵە نوێنیان کردنە بنبار، لە بارگینەکەیان بارکرد، ئاواتیان لەسەر دانا، بالیفێکیان خستە پشتی، تریانەکەشـیان لە پشت بالیـفەکە بەستەوە، لەسـەر داوای ئاواتێ، شێرکۆ و ئاوات بوونە پاشگری کاروانەکە.

---

[78] سەبەتەیەکیان ، قەرتاڵەیەکیان، سەوییەکیان

شێرکۆ شان بەشانی بارگینەکە دەڕۆیشت، بەدەستی ڕاستی ژنەکەی لەسەر پشتی ولآخەکە ڕاگرتبوو. ئاوات:ـ پتر ناتوانم خۆم ڕابگرم، کەڵکی ڕۆیشتنم پێوە نەماوە، بەلآم هەتا لەو هەورازەش سەرنەکەوین و نەکەوینە پەناوە بوەستێین تۆو منداڵەکانیش لەناو دەچن.

شێرکۆ:ـ ڕووناکتر دابێت لە دوورەوە دەمان بینن، تۆپ بارانمان دەکەن، ئەگەر ئاوا ببین ئەوا دەکەوینە ئەو دیوی و لێیان بزر دەبین، ئەویَ لێڕەوارە دار و دەوەنی زۆرە فرۆکەش ناماندۆزێتەوە...

ئاوات بەحاستەم لیوەکانی بۆ دەجولانەوە، بەدەنگێکی کز و لەرزۆك قسەی دەکرد جار جار لێوەکانی خۆی دەکرۆشت، چاوە ئاوساوەکانی دەنووقاندن، ناوەناوەش ئاهێکی ساردی هەڵدەکێشا، لەگەڵ دەرکردنـی هەر وشەیەك هەستت بە سەختی و توند و تیژی هەموو ئازارەکانی دەکرد، قسەکانی بە نیوە چڵی لە کۆڵ خۆی دەکردەوە :ـ لەو دیو بمنێژن! با لە گۆڕ دەرم نەهێنن، گۆڕی نویَ دەناسن، خۆی پیَ هەڵدەکێشن، دەڵێن یاخییە و کوشتوومانە، تەرمەکەم دەبەن،... ئەوانە ئابڕووی مردوانیش دەبەن... ئەتکی دەکەن...

— ئاوات گیان زۆرمان نەماوە، لەم بەرزاییە ئاودیو دەبین، خۆریش هەڵدێت زەمین گەرم دادێت، ئەم لەرزەش لە هەناوی تۆ دەچێتە دەرەوە. چەندم گوت گیانەکەم کەڵکی دەست لێدانت نییە، ئەتۆش دەڵێی یا بمنێژە یان بەجێم مەهێلە.

— شێرکۆ! دایکت بۆ نەهاتەوە ؟ ئەو دەیگوت ئەمن بەخۆم مامانی کیژی خۆم دەکەم، دڵم دەڵیَ هیوای کوڕم لەگەڵ دایکت گیراون، ئەگەر بەند نەکرابوان ئەوەندە گیر نەدەبوو. ( ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا) ئەویش لە دایکی ناوچەوان ڕەشترە، وەختە بۆ هیوا شێت ببم، دەمەویَ گوێم لە دەنگی هیوا بێت، ببینم،

ماچی بکەم، حەزدەکەم لەبەر چاوما هاتوچۆ بکات، دەمەوێت دواجار بیبینمەوە، دەزانی دڵم چەند تەنگە؟.

نازانم هەستی شەشەم بوو یا پەیامێکی نهێنی دەروونی بوو، لە گیانەلآدا هەواڵی گیرانی هیوا و دایکی شێرکۆی پێ گوتبوو یا ورێنەی سەرە مەرگ بوو؟ کێ دەزانێ؟ چونکە لە ڕاستیدا ئەوان لە هەولێر زیندانی کرابوون و سەردانیشیان قەدەغە بوو.

– ئاوات گیان! (ئاوات ژانێکی زۆر قورس دەم و چاوی تاڵتر کرد) چاو جــوانەکەم... ئەوان وا لەماڵەوەن، چەندم گوت تۆش لەگەڵ دایکما بڕۆوە، ئێرە جێگە و ڕێگەی منداڵ بوونی نییە، کەچی تۆ گوتت من لام خۆشترە لێرە بمرم نەك لە زیندانا بتلێمەوە و ئابرووم ببەن، کچێ لەو شارە گەورەیەدا کێ تۆ دەناسێ، خۆ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئافرەت وەك پیاو هەمیشە بەدەرەوە نییە تا لە هەموو شوێنێك بناسرێتەوە، کەمێ ئاگاداری خۆی بێت نابیندرێیتەوە، لە بیرتە! شەوەکەی ... سێ مانگ بەر لە ئێستا، دەستمت ڕاکێشایە سەر سکت و گوتت ((شێرکۆ! دەزانم دووانەیە. ئەگەر سیانە نەبێت )) لەو ڕۆژەوە تۆ بەگیان کێشانەوەیت و گیان نادەیت، ئێستاش وا هاتووە دەبێ دان بەخۆمانا بگرین...

ژنە هاوارێکی دیکەی کرد:ـ پیاوەکە ! بمگرە ! ولآخەکە ڕاگرە ! لە تواناما نەماوە، کارم تەواوە.

هات بە پشتدا بکەوێت، ئەگەر شێرکۆ توند نەیگرتبایە ئەوا دەکەوتە سەر تریاڵی منداڵەکان.

– گیانەکەم هەر دە دوازدە هەنگاوی دیکە دان بەخۆتا بگرە، دەکەوینە پەناوە.

ئاوات دوو جار دەمیی کردەوە و دایخستەوە، بەڵام هیچ دەنگی لێوە نەهات. خێرا کردیەوە و لە سەر پشتی وڵاخەکە هێنایە خوارەوە، لە باوەشی گرتبوو، ژنەکە سەنگی منداڵێکی حەوت ساڵانی نەمابوو، لە لاڕێیەکە دانیشت، ئەویشی لەسەر ڕانی چەپی دانابوو، بە باسکی ڕاستی سەری ڕاگرتبوو دوبارە لە ئامێزی گرتەوە و هەڵساوە سەرپێیان، چەند شەقاوێکی دیکە بەدوای بارگین و تریانەکـەدا ڕۆیشت لچکێکی پاڵـــتۆ سەربازییەکە بۆ زەوی شـۆر ببۆوە خـــوێناوێکی گەش پشتێن و شەرواڵ و پێڵاوەکانی سوور کردن، بیست هەنگاوێك ڕۆیشت، کەوتە نشێوی، ئەوی لەسەر تاوێرە بەردێك دانا، بارگینەکەی گرت و بە هەوسارەکەی لە دار کرۆسکێکی[79] بەستەوە، تریانەکەی لە وڵاخەکە کردەوە، هێنای لەتەك ژنەکەی دانا، سەری منداڵەکانی هەڵداوە، لە نزیك سەری دایکیان دانیشت، ژنە بەبێ هێزی دەلەرزی، بەپچرپچری و بە نیوە قسە دەرکردن:ـ

وەختە دڵم بۆ ماچێکی (هیوا) دەربچێت، ئاخر قەت لەمن دانەبڕاوە.

چاوە شەکەتەکانی بڕینەوە شێرکۆ: ـ (( شێرکۆ! کوڕەکە ناو بنێ (نەبەز)، کچەکەش بۆ دایکم بنێرەوە، با ناوی ( ئاوات)ی لێ بنێنەوە، ئەو پەروەردەی بکات، کە گەورە بێت بە کەلکی تۆو براکانی و داماوان دێت، ئەمانەتت منداڵەکان بێت بێ مرادیان نەکەیت... ئەمن دەمرم ستەم و ئازار لە ڕێگەی ڕاستت لانەدات... ئا...ئا.. ئاو... شێرکۆ ئاو! هیو... هیو...هیوا...ش ش... خ خ خ...

---

[79] هەرمێ کیویلە، جۆرە هەرمێیەکی خۆڕسکە لە چیاکانی کوردستان دەڕوێت هەرمێی لەسەر موتربە دەکرێت

شێرکۆ کە فرمێسك لە چاوەکانییەوە تاسەر سمێڵی بەنەپساوەیی دەهاتنە خوارەوە دەستی بۆ زەمزەمیەکە[80] برد دۆشاوی تێدابوو بە خەمبارییەوە گوتی:

دەواز لەم خەیاڵە ڕەشانە بێنە.

ڕوومەتە سارد و زەرد هەڵگەڕاوەکەی ماچ کرد کە دەمی لە کوڵمی دوور خستەوە ئاوات لە لەرزین کەوتبوو، ڕەنگە زەردەکەی تەڵختر بوو، چاوەکانی لە مۆڵەق وەستان، لێوە تەنکەکانی لەسەر ددانە ورد و سپییەکانی وشك بوونەوە.

سەری بەسینگیەوە نابوو، وەك مەنجەڵی ساوار بەم سەرمایە لەم تەنهاییەدا دەکولا...سەری بڵند کرد، ڕوانییە ناو تریانەکە، منداڵێکیان لێوی خۆی دەمشت، ئەوی دیکەشیان خۆی تەڕکردبوو، بەدەنگێکی تیژ دەگریا. شێرکۆ جۆشی سەندبوو، لە ناو گریانا دەکولا. بەڵام گریانێك بوو، نەخۆی، نە دەوروبەرەکەی و نە هیچ بوونەوەرێکی دیکە، ئەم گریانەی نە بیستووە، کێ دەزانی ئەم گریانە، ئەم کولانە بە کۆڵە... بەزەیی هاتنەوەیە بە ئافرەتێکی زەیستانی بێچارە و دەربەدەر؟ یا بۆ لەدەست دانی خۆشەویست و هاوڕێ و هاوژینی خۆی بوو؟ یا بۆ دوو ساوای چوار شەوەی بێکەس و چارە ڕەشی ئێستا و پاشەڕۆژێکی ڕەشتر؟ یا بۆ غەریبی و لێ قەوماوی و کۆس کەوتوویی خۆیەتی؟ یا لە دەست ئازاری ستەمە؟ یان لە ڕکانا بەبێ دەنگی دەگرێی؟ مەگەر خودای گەورە بەمەزنایەتی خۆی بزانێت ئەم گریانە بەکۆڵە چییە!

بەرامبەر تەرمی ژن و دوو قۆنداخە ساواکە دانشتبوو، لەپی دەستی چەپی خستبووە ژێر چەناگەی: ـ

---

[80] مەتارە

لەم ڕۆژەوە چارەت لە چارەمدا نووسراوە، ڕۆژێکی خۆشت نەدیت، هەر هەژاری و دەربەدەری بوو، بە هیوا بووی لەماڵێکی خنجیلانە، لە هێلانەی ئاسایشا، بۆ خۆت تێر بخۆی و تێر بخەوی، کەچی تامی حەسانەوەت نەچێشت، هەر بە ئاواتی پاشەڕۆژێکی بەختیار بووی. ئا ئەمەیە دواڕۆژی ژیانمان...

فاتمەخان و نیشتمان لەگەڵ برێك شرەوپڕ کرابوونە باری هێستری کابرای ڕووگرژ، ئـازاد و ڕزگـاریش ببوونە سەرباری کەرە دێزەکە، وڵاخەکەی دیکەش کەلو پەلی لێ بارکرابوو، لە نشێواییەکەی نزیك شیوەکە، لەگەڵ فڕین و فجوق فجوقی ڕەوە سوێسکـــەیێك وڵاخەکان ڕەوینەوە. فاتمەخـان و نیشتمان و شرەوپڕەکە وەرگەڕان و کەوتنە خوارێ، ئازاری زۆریان پێ نەگەیشتبوو، بەڵام لە قوڕ هەڵاتبـوون، زۆریش ترســان، پێشتریش لەسەرمانا لەسەر پشتی وڵاخەکە گۆد[81] ببوون، کاروانچییەکە و کرمانج هێسترەکەیان بارکردەوە و بەڕێ کەوتنەوە، دلـێر و ئاسکـــە دەستیان لەناو دەستی یەکدی نابوو، لە دواوە دەڕۆیشتن، شەنەبای بیرەوەرییەکانی سەرەتای ناسینی یەکدیان دەکرد، هەردووکیان دەلەنگین، شەوچرا پاژنەی پێڵاوی پێی چەپەی لێ ببۆوە ، پێیە ناسکەکانی ببوونە پۆرگ.

هەرچەندە ئازاد لەسەر پشتی کەرەکە گەلێکی سەرمابوو بەڵام هەر بەولاو بەملادا دەینواڕی، تیشکی خۆر تانێو قەدی لوتکە چیاکان دابەزیبوو. دیمەنێکی هێمن و دڵگیر بوو. دیمەنی وەها شادیبەخش کەی لە شار دەبیندرێت، لەسەر بەرزاییەکەڕا ئاوڕێکی بۆ دواوە داوە، لە ڕێگاکە چاوی بۆ دایك و باوکی دەگێڕا، دیار نەبوون، بارگیرەکەی شێرکۆی دیت لە بڵندایيەکە بەبێ بار وەستابوو،

---

[81] سڕ

دواتریش شێرکۆ و بارستاییەکانی سەر بەردەکەی بەدی کردن. هەتا دەنگی تێدابوو بانگی کرد: باوە ... باوە...! مامە شێرکۆ...

دەنگ دانەوەی دەنگی خۆی لە شاخەکان بە شەپۆڵ بیستەوە، کرمانج و شەوچرا بەسەر کەوتن، ئاوڕیان لە دواوە داوە، شێرکۆیان بینی، زوو تێگەیشتن. کابرای خاوەن کەر و هێستریش بەپەلە بوو ئەوان بگەیەنێتە گوندەکە و بگەڕێتەوە، گوتی : ـ مامۆستا کرمانج! ئەوان بەخۆیان دێن، ڕێگەکە شارەزایە، دێیەکە زۆری نەماوە. با ئێمە نەوەستین، درەنگە نەوەك فرۆکە بێت.

کرمانج و شەوچرا بۆ لای ئاوات و شێرکۆ گەڕانەوە، پیاوە ڕووگرژەکەش ولآخەکانی بەرەو دێیەکە لێخوڕین.

شەوچرا بەدەم گریان و پەشۆکاوییەوە :ـ پەکوو.. پەکوو...خوشکە نازدار و بێ نازەکەم...

بە ترسەوە چاوە لە مۆڵەق وەستاوەکانی بە دوو پەنجان زۆر بەهێمنی نواندنەوە، دەمە داچەقیوەکەی لە شەویلاکی خوارێڕا زۆر بە نەرمی داخستەوە، پاڵتۆ خوێناوییەکەی لەبەر داکەند و خستییە ژێری و بە چارۆگەکەی خۆی دەم و چاوی داپۆشی. منداڵەکە هەر دەگریا. قۆنداخەکەی کردەوە، پەڕۆ تەڕەکانی بە کۆنە پەڕۆی وشك گۆڕینەوە. کرمانج ڕوو بەڕووی شێرکۆ و پشت لە تەرمەکە دانیشتبوو. خەریك بوو دڵی دەداوە:ـ

مرۆڤ گیای مردنە، درەنگ و زوو هەر دەبێ بمرێ و گیانەکە بداتەوە، ئاواتخـان لە پێناوی خـۆشەویستی تۆ و سەربەستی ئەم وڵاتەدا بە سـەربەرزی سەری نایەوە... شتێکی سروشتییە کە هەموومان گیای مردنین، لە سـووڕێکی سروشتیدا دەسـووڕێین، سەوز دەبین نەشـونما دەکـەین، پێدەگەین، گوڵ

دەردەکەین، تۆو دەدەین... لەناو دەچین، لە یاد دەکرێین... بەڵام ئەوی لەم سووڕەدا خۆی بۆ کامەران کردنی کەسانی ستەمدیدە و چەوساوە تەرخان بکا، ڕوو بەڕووی ستەمکاران ڕاست بێتەوە، بەرامبەر زۆرداران بوەستێ و کۆڵ نەدا، هەرچەندە لاشەکەی لە جوولە بکەوێ بەڵام گیانە بەرزەکەی و یادگار و کردەوە چاکەکانی لەگەڵ نەوە لە دوای نەوەی ئەم سووڕە دەسووڕێنەوە.

پاکەتەکەی دەرکرد و دوو جگەرەی داگیرساندن. یەکێکیانی دایە دەست شێرکۆ، کەوتەوە قسە :—

خوشکە ئاواتخان تا بوو بە دایك لەگەڵ تۆدا بە بیرو باوەڕ و بە کردەوە چەك بەشان و دەستوەشێن بوو، خـۆی بە خوشــکی هەموو شوڕشگێڕ و ئازادیخوازێك دەزانی، ئێستاش هەر لەم ڕێگەیە بەسەر فرازی سەریناوە، کاروانی ڕێبازەکەی بە ئێمە سپارد،چیتر  دڵت توند مەکە وا شەوچرامان لەگەڵدایە، چارەکردنی منداڵەکان دەگرێتە ئەستۆی خۆی، ڕۆژگاریش هەر ئەوها ڕەش و دژوار نابێت، شەو هەرچەندە تاریك و دوور و درێژ بێت، دەبێ تیشکی ڕووناکی ڕاوی بنێت و بیڕەوێنێتەوە.

ئەمڕۆ زۆر تەنـــگە، تەنگــــتریش دەبینین، وەك ئەم هەورازەی کە لێی سەرکەوتین، دەگەینە نشێوایی، ئینجا دڵی خۆمان تەنگ بکەین، خۆمان خەمخنکێن بکەین، جگە لەوەی کە هیچ سوودێکی نییە، بەڵکو زیانیش بە ژیان و بە دەروونی خۆمان دەگەینین،  پیاوی ئازا، پیاوی پیاو، ڕۆژی لێقەومان سەنگی مەحەکیەتی...ئێمەش وا پێکەوەینە... ئەم منداڵانەش منداڵی من و شەوچرای خوشکتن، منداڵی هەموو مرۆڤێکی مرۆڤن و هیچ خەمی ئەم ساوایانەت نەبێت،

ئیمڕۆ ئێمە وەك میللەتێك، گشتمان بەگەورە و بچووکەوە، چارەنوسمان وەك چارەنوسی ئەم دوو بەبیلە بێ دایکانە وایە...

شێرکۆ لێوەکانی بەیەکەوە دروابوون و چاوەکانی لە مۆڵەق وەستابوون بە خوڕ فرمێسکی دادەباراند، قومێکی لە جگەرەکەی نەدابوو، جگەرەکەی لە نێو دوو پەنجەیدا تا نیوەی سووتابوو و سۆتەکە سپییەکەشی نەکەوتبوو.

کرمانج :ـ ... پیاوی ئازا ئەو پیاوەیە ورە بەرنەدا و خۆگربێ و نەڕووخێ ... بەرگەی گورزی ڕۆژگار بگرێت .

.شەوچرا هاتە نێوان هەردووکیان و گوتی :

بابڕۆین! بگەینە ئەم دێیەی کە دەڵێن زۆری نەماوە، لەوێ گۆڕستان و کەرستەی ناشتن هەیە، خەمی تەرمەکە بخۆن، منداڵەکان خەمی من بن، شیریان بۆ پەیدا دەکەم، خودا یاربێت، دەبێ بیان کەمە دوو پاڵەوانی ناودار، تۆڵەستێنی دایکیان بن، پەناو دڵسوتاوی بێ پەنایان بن، بەچکە و خەمخۆری گەل و نیشتمانی خۆیان بن .

کە بەڕێ کەوتنەوە سەعاتە ڕێیەکی مابوو بگەنە گوندی (ماونان )ێ، لەم ماوەیەدا کرمانج و شەوچرا، دڵیان دەداوە، حەزیان دەکرد قسەیەك بکات، بزانن بیر لە چی دەکاتەوە، بەڵام شێرکۆ دەمی کلیل درابوو و لە ناو چاوەکانیشیا دەریای خەم و پەژارە شەپۆلی بەرز دەبۆوە و دادەبەزیەوە، گلکۆی (ئاوات)ێ کەوتە گۆڕستانی (قەڵات)[82] ێ منداڵەکانیان بردنە ماڵێك کە ژنی زەیستانییان هەبوو لەوێ دوبارە فرچکیـان دانێ و ســێ ژەمان تێر ژەکــیان کـــــــردن، دواتریش لە ماڵێکی

---

[82] شارە گوندێکە لە دۆڵی باڵەییان.

چۆلپەرستان[٨٣] شیری چێڵێکیان کولاند و چەورییەکەیان لێ گرت و هەندێك شـــــەکریان تێ کـــرد، ئینجا بە دوو مەمەی لە توورەگە نایلۆن دروستکراو دەرخواردیان دان، شەوچراش حەزی دایکایەتی ژیابۆوە، مەمکی لە دەمی منداڵەکان دەنا و وردە وردە مەمکەکانی بەشیر هاتنەوە. خەڵکەکە بەسەر ئەشکەوت و کونە بەردەکان دابەش بوون، ئەوانیش لە ئەشکەوتێك جێگیربوون، ئەشکەوتەکە لە دۆڵێك، لە تەك ڕەوەزە شاخێکی گەورە دەمی کردبۆوە، ڕاستە گۆڕێکی بچووك و تەسك لەبەر دەرگەکەیا ڕاخرابوو، بە هەورازێکی کورت و زۆر سەخت بۆی سەردەکەوتی، کانیاوێکی گەرم لە خوارتردا هەڵدەقولا، لەولاتریش لە دامێن لێڕەوارەکەدا، لێلاوێکی لێڵ هاژەی دەهات، بەفراوێك، ڕەشاوێکی ڕەش و بریسکەدار بەشاخە لووس و بڵندە ڕەنگ مەرجانییەکەی بەرامبەریان دەهاتە خوارەوە، جێگەی ئەشکەوتەکە پەنا (با) بوو، بەڵام هەموو کاتێك هەر نسێ[٨٤] بوو، لەوانەیە لەوەتی چەرخی گەردوون لە گەڕدایە، تیشکی خۆر نەبووبێتە میوانی بەردەرگای ئەم ئەشکەوتە، ناوی تەسك و درێژ، بنمێچەکەشی رەش و بەرز و پڕ درز بوو، زەمینەکەشی چاڵ چاڵ و بڵندو نوی بوو، بە پـارچەیەك لە پـەینی شەمشەمەکوێرە و باڵدار و ئاژەڵی کێوی داپۆشرابوو، شارە کێچێك بوو بۆ خۆی، بە هەموو لایەکا وەك هەزارە زیلە کێچ هەڵدەبەزینەوە. منداڵ و کەل و پەلەکانیان سەرخستن و لەبەر دەرگا دایان نان، کرمانج زەمینەی ئەشکەوتەکەی بەچەند لکە دارێك ماڵی، بەدیوارێکی وشکەکەڵەك بە بەردان زارکی ئەشکەوتەکەیان تەسك کردەووە، تەنها دەرگای هاتوچۆیان هێشتبۆوە، ناو

---

[83] ڕەوەند، ڕەشماڵ نشین، کۆچەر.

[84] سێبەر، نسار، نزار.

ئەشکەوتەکە تاریك تر و گەرم تر بوو، کرمانج و شێرکۆ هەندێك دار و چیلکەیان کۆکردەوە، لە ناو ئەشکەوتەکەدا ئاگریان تێ بەردا، ئاگر و چڕە دوکەڵێکی چڕ لە ناویا پەنگاوە، ئەوان بە چاوی بەفرمێسك و هەناسەی تەنگەوە ڕایان کردە دەرەوە، لەبەر دەرگاکەشیا دوور کەوتنەوە، چەند شەمشەمەکوێرەێك فڕین و کەوتنەوە ناو دوکەڵ و بلێسەی ئاگرەکەوە.

سەرەتای بەهار، لە نەورابیەکی[85] بەرۆژی بەرامبەریانەوە دەستی پێ کردبوو، تاك تاك درەختە خۆڕسکەکان، بە پۆشاکی گوڵی سوور و سپی و ئاڵ و ئەرخەوانی و وەنەوشەیی داپۆشرابوون، هەندێکیشیان گەڵای ورد و سەوزی زەردباویان دەرکردبوو.

دلێر چووە ژوورەوە، هەڵاوەی گەرمی و بۆنی ناخۆشی ناو ئەشکەوتەکە پیاوی بێهۆش دەکرد، دوبارە پاکیان کردەوە، چونکە جێگەی نەفەر و هەموو شتەکانیان نەدەبوەوە بۆیە هەندێك کەلوپەلیان لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە دانا، کرمانج مەنجەڵێك ئاوی لە کانییەکەوە هێنا، شەوچرا تەشکە بەڕەیەکی لەسەر تاتە بەردەکی بەردەمی ئەشکەوتەکە ڕاخست، ئەو خواردنەی لەشار لەگەڵ خۆیدا هاوردبووی لەسەر پەنگری ئاگرەکە گەرمی کردەوە و هێنای داینا، دەوریان لە خواردنەکەدا، لە دوێنی ئێوارەوە تا ئەم کاتە ماندووبوون و برسیەتی و سەرمایەکی باشیان چەشتبوو، بەڵام خەم خواردن گەدەیانی پڕ کردبوو، چەند دندووکێکیان لە کەباب و دۆڵمە و ترشیاتی شاردا، منداڵەکانی کرمانج ورگی خۆیان تژی کرد، ئەگەر لەم کاتە نالەبارە نەبووایە خواردنێکی خۆش و بەتام بوو، دایکیان نەهاتە سەر خواردن تا ئاوی بۆ چا گەرم کرد، دوو مەمە شیریشی بۆ

---

[85] تەختە زەوی نزم،ئاوی لێ کۆببێتەوە یا کەم (با) بگرێتەوە.

منداڵەکان ئامادە کرد و تێری کردن و لە ناو ئەشکەوتەکەدا دایپۆشین، چای لە چاپەستەکە کرد و دایناوە سەر پەنگرەکان، شێرکۆ جگەرەی بە جگەرە دادەگیرســاند، خێرا خێرا دوکەڵی هەڵدەمژی، ناوە ناوە دەینۆڕییە مەلۆتکەکان، ئەم خەم و پەژارەیەی لە دەروونیا پەنگابۆوە، توانای قسەکردن و هێزی جووڵانەوەشی لێ بڕیبوو. شەوچرا خەریك بوو خوانەکەی هەڵدەگرت.

شێرکۆ:ـ ئەگەر منداڵەکان نەمرن، تا دەگەنەوە دەست دایکم ئەوە...

(فرمێسك بەچاوەکانیا هاتە خوارەوە) ئەو لە دایکیان بۆیان خەمخۆرتر دەبێت.

شەوچرا :ـ ئەوە تۆ دەڵێی چی کاکە شێرکۆ؟ من کچی دایك و باوکی خۆم نەبم ئەگەر لە هەموو دایکێکی سەر ئەم زەمینە بۆیان خەمخۆرتر و دڵسۆزتر نەبم. ئەوانە تەنیا منداڵی تۆ نینە.

زیقەی هەردوو منداڵە ساواکە پێکەوە لە ئەشکەوتەکەدا دەنگی دایەوە. شەوچرا بەڕاکردن چۆوە لایان.

کرمانج: ـ مامۆستا شێرکۆ توخوا ئەگەر چیتر دڵت تەنگ بکەیت، ئەدی ئەوە نییە خودا شەوچرای بۆ منداڵەکان ناردووە، ئەدی ئەگەر ئەو نەبوایە چیمان دەکرد، بەس نیە دەیانباتەوە شار و خەمخۆریان دەبێت، دونیاش هەر ئەوها بە قوڕ ناگیرێت، خودا دەرگایەك داناخات تا دووانی دیکە نەکاتەوە، ئەوان دەچنەوە، جێی ترس و خەم نین، کێ دەزانی بەیانی چی دەبێت، دوو بەیانی چ ڕوو دەدات، بەڵکو ئەم کابرایە لە ناو دەچێت ئەم ڕژێمە بە ڕژێمێکی باشتر دەگۆڕێت و ئێمەش بە ڕوو سووری دەچینەوە شار، کێ دەڵێ ئێمە تا دوو بەیانی دەمێنین، ئێمە دەبێ لەم کاتە ناسکەدا خەمخۆری میللەت بین.


شەوچرا :ـ هەر بەناو بەنەنكیان نیشان دەدەم، ئەگینا ئەمانە مندالّی منن، كاكە شێركۆ تۆ بۆ گۆڕاوی و دڵت ئاو ناخواتەوە، مەگەر خۆت كاكە (لاوە) لە پەیمانگە نەت دەگوت: ((من شێوە و ئاكار و ڕەوشتی"**شەوچرا**" و "**لاولاو**"م بۆ لە یەكدی جیا ناكرێتەوە، ئێوە هەردووكتان یەك بووین و بووین بە دووان، ئێوە دوو خوشكی جمكەی یەك هێلكەیین)) زۆر جار بە ڕاستی یان بە ئەنقەست ناوەكانیشت دەگۆڕین... ئینجا بۆ بۆ ئەم دووانەیە هەردووكمان نەبین بەیەك...؟

# ٦- یاسای جەنگەڵ









کابرای خاوەن کەر لە ڕێگەی گەڕانەوەیا، سواری هێسترەکە ببوو کەرەکەشی دابووە پێشە خۆی، لەبەر خۆیەوە:ـ خۆیان بۆ بەخێو ناکرێت، لە ترسانا، یان لە برسانا، یان پیاو کوژە، یا دەستی یەکێکی بڕیوە، یا... هەر یەکە و لە سۆنگەی کەتنێکەوە هەڵاتووە... لە سەر سەروگێلاکی خەڵکی دەلەوەڕێن، هەر هێندە ئازانە هەتا هەڵی دەگیرسێنن، ئەوسا بۆخۆیان کەرویشکانە بناری چیا دەگرن و بەرە و هەوراز بۆی دەردەچن، کاتێك ترس پەیدا دەبێت، ئاسك و کەڵەکێوین ، لە هەڵاتنیٚ زۆر ئازانە، بەڵام لە شێنەیی لە خۆهەڵکێشانیٚ وەستانە! هەمــوویان دلێر و شۆڕشگێڕن، ڕزگـــارکەرن، فسۆس پـــاڵەوانن، ئەوەندە فشەکەرن کەسیان ناگاتیٚ...(بە گاڵتە پیٚکردنێکی ساردەوە) ئێمە خـــۆمان بۆ خاك و گەلەکەمان بەخت کردووە، پیاو کە بەسەربەستی نەژییٚ، مردن بەپارە بکڕیٚ باشترە، من هەندە هەندە حاڵ و مالم باش بوو، بەڵام ئازاری گەلە چەوساوەکەمان، هاواری نیشتمانە پیٚشێل کراوەکەمان... وای لێکردم خۆم پیٚ ڕانەگیریٚ چیتر نەمتوانی بەملکەچی و سەرشۆڕی بژیم. چ نەفامێك ئەم قسە گەورانە بە فلسێکی سووتاو دەکڕیٚ، چ بیٚ هۆشێك بە پڕوپاگەندەی ئەم کەللە شەقانە هەڵدەخەڵەتیٚ. لە قسەی زل بەولاوە چیتان نیشانی هەژاران داوە؟.

لە بڵندایییەکەوە سەرکەوت، دوکەڵ و ئاگری سووتانی گوندەکەی خۆیان، هەناسەی گرت، شڵەژا. هێسترەکەی ڕاگرت، دەستی ڕاستی بۆ چاوەکانی کردە سووواندە[86] و سێبەر، بۆ دوور و نزیکی ڕووانی، مەشخەڵی ئاگر، دوکەڵێکی ڕەش و شین و کەوەیی بەرز دەبۆوە و چین چین بەرەو ئاسمان هەڵدەکشا و بڵاوەی دەکرد، لەبەر خۆیەوە :ـ گشتیان بەجارێك سووتاند؟ خودا گیرینە ئەم خەڵکە لە

[86] گوێسوانە، پاسارە

ژێر پێ پلیشاوەیە چی بکەن؟ بۆ بێ هێلانەتان کردین! هەر هەموومان تاوانبارین، ئەدی ئێمە لاگر و دڵسۆزتان نین؟.

دەنگی پێنج شەش فڕۆکە ئاسمانیان شڵەقاند، گڕەیان ئەوەندە تیژ و بەهێز و نزم بوو، کابرا هێسترەکەی بۆ ڕاگیر نەکرا، خێرا لە هێسترەکە دابەزی، خۆی و کەر و هێسترەکەی گەیاندە ژێر داربەڕووە گەورەکەی ڕۆخ ڕێگاکە، هێشتا گەڵا سەوزە زەردباوە بچووکەکانی، تەواو دارەکەیان دانەپۆشتبوو، بۆ جاری دووەم بەسەر ئاسمانی ناوچەکەدا خولیان خواردەوە. لێکدانێکی گەرم لە ناو چەقەڵە بەردەکەی پشتی گوندەکەیان هەبوو، بە هەموو چەکێك دەیکوتاوە، گوللە تۆپ وەك ڕێژنەی بارانی بەهاران کە دەڕژێتە ناو گۆماوەوە ئەوها لە هەموو لایەکەوە ئاگری لە زەوی بەرز دەکردەوە. فڕۆکەی جەنگی، ناوچەکەیانی بەگشتی بۆمب باران دەکرد، ڕەوە کۆپتەری بچـووك وەك شەستە باران، بە شەستێران[٨٨] چەقەڵە[٨٩] بەردەکەی دەڕشاند، کۆپتەری گەورەش لە بانابیەکەی پشتەوە چین چین سەربازیان دادەبەزاند...

:ـ پتر بڕۆمە خوار داروباری کەم دەبێتەوە، فڕۆکە ماڵم کاول دەکات، ئەگەر بەخۆشم بتوانم خۆم بشارمەوە، ئەدی وڵاخەکانم، دەست و پێیەکانم، دەکوژرێن، ئەی ماڵی وێرانم، داخوا منداڵەکانم چییان بەسەر هاتووە، دەبێماڵی من و خانووی سلێماناغاشیان سووتاندبێت؟ باوەڕ ناکەم! ئەمن بۆ بەقسەم نەکرد، ئێواری ئەوەندە بەگریان و پاڕانەوە گوتی:ـ ((کوڕە بۆ چەند دیناران بەنەخۆشی لەم ڕۆژە ڕەشەدا بەجێم مەهێڵە.))

---

[88] دۆشکە.

[89] شوێنێك کەڵەکە بەردی زۆری هەبێت.

لەبەر خۆیەوە پێکەنینێك پێکەنی کە بەتەواوی لە گریان دەچوو :ـ منیش گوتم برە پارەیەك پەیدا بکەم، زوو دەگەڕێمەوە لاتان، بەڵکو دەت بەمە لای دکتۆری و چارەت دەکەم، ئەم کۆخە و دەردە باریکەیەی تۆش ئەوە چەند ساڵە یەخەی بەرنەدای، ئەوە چەند مانگە لە نێو جێگەدا کەوتووی، منیش بە گیرفانی بەتاڵ بە دیارتەوە دانیشتووم، لە جێگەی تۆ خزمەتی منداڵان دەکەم، ماڵی دایکت ئاوابێت، کە نانمان بۆ دەکەن، ئەگینا دەبوایە وەك ژنان هەویر و هەنگوتکیش بکەم.

فڕۆکەکان گەڕانەوە و مێشکیان پتر وروژاند ـ زۆری نەخایاند دەنگی کۆمەڵە فڕۆکەیەکی دیکە هات، کەر و هێسترەکەی لە قەدی دارەکە بەستانەوە، بەدیار دیمەنی لێك دانەکە لە پەنا بەردێکا دانیشت. جگەرەیەکی داگیرساند :ـ چارەم چییە؟ بڕۆم دەکوژرێم، بگیرێم دەڵێن تەقەمەنیت گواستۆتەوە، باشتر سەرم پەل دەدەن، نارۆم ئەدی ماڵ و منداڵەکەم؟ (نەختێك دڵی ئارام بۆوە) دەبێ سلێماناغا بەهانای منداڵەکانم نەهاتبێ، چەند جار بۆ کاری گرنگ و پڕ مەترسی، بۆ دەنگوباس هێنان، منی ناردۆتە ئەو دیوو، هەموو جارێکییش پارەیەکی باشی دەدامێ، ئەدی ئەم ولاَخانەم بەچی کڕین؟ چێڵێ بازیم بەچی کڕی؟ دەیگوت هەر ئیشێکت لەناو میری هەبێت بە برای خۆتی بسپێرە، بڕیاربوو بە مووچە خۆر، بە مجێوری مزگەوت یان پەسەوانی قوتابخانە دامبمەزرێنێ... کەی ڕۆژ ئاوا دەبێت؟ هەر هێندە نەم بینن هەتا دەگەمە سەر شەقامە گەورەکەی لای خوارێ، ئەوێ جێگەی مەترسی نییە، لەوێوە بۆ ڕێیەکە سەر دەکەومەوە ئەگەر گیرام دەڵێم:ـ سلێماناغا منی بە ئیشی ئێوە ناردووە...

درەنگی رۆژێ بوو کە هێزەکە ناوچەکەی بەجێهێشت دوکەڵ لە کۆمەڵە گوندێکی دۆڵەکە هەڵدەستا، ناوە ناوەش چیاکان لە خوارەوەڕا تۆپ باران دەکران، بەڵام تا ڕۆژ نەکەوتە پەناوە، ئەو نەیوێرا لە پەناگەکەی خۆی بێتە دەرەوە.

تاریکایی هەموو جیهانی شاردەوە، تەنها پاشماوەی سووتانی چەند گوندێك تروسکەیان دەهات، جارجارەش بلێسەی تۆپ هاوێشتن و تەقینەوەی گوللە تۆپان تاریکاییەکەی دەتاراند، کە گەیشتەوە سەر کەلاوەکانی گوندەکەی خۆیان، چەند کەسێك لە حەشارگەکانیان هاتبوونە دەرەوە و بەدیار سووتمانی گوندەکەیانەوە پەکوو پەکوویان بوو، داوایان لە خودا دەکرد تۆڵەیان بکاتەوە.

چۆوە جێی خانوەکەی خۆیان، لەبەر دەرگا لاشەی گوێرەکە قەشەکەی[90] خۆیانی دیت، نیوەی گوریسەکەی پێشی سووتابوو.

:ـ پەکو...ئەوە گۆلکەکەشیان بەرەلا نەکردیە، ژنە نەخۆش و قوڕبەسەرەکەم، هێزی هیچی نەماوە، منداڵەکانیش بێدەسەلات و نەفامن، ڕۆژی وەها دڵسۆزی خۆت نەبێ ئەوی دیکە هەمووی درۆیە.

یەکێك لە دوورەوە بانگی کرد :ـ هۆ مستۆ! وەرە...! وەرە هەی ماڵ وێران وا سەگ لاشەی ژنەکەت دەخوات. منداڵەکانتیان بەبێ دایك و باوك بردوون .

کە هێزەکە هاتبوو، زۆر دادپەروەرانە بەبێ جیاوازی، هەموویانی ڕاماڵیبوو، لە کاتێکا ژن و منداڵی سلێماناغایان ڕادەپێچا، ئەویش بە پێکەنینەوە بۆ پێشوازی ئەفسەرەکە دەچێ، بە زمانێکی لووسەوە دەڵێت:ـ برایان ئێمە بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هاتنی ئێوەی خۆشەویست بووین، تا لە دەست ئەم خۆفرۆش و گێرە

---

[90] نێوچەوان سپی .

تێکدەر و سووك و چرووکانە دەربازمان بکەن، ئێمە لەوەتی هەینە هەر لایەنگر و دلسۆزی ئێوەینە، ئێوە من ناناسن، فەرموون ناسنامەکەم!

لە بڕواپێکراوەکـانی خۆتان بپرسن! من بەردەوام هەموو هەواڵ و جووڵانەوەی یاخی و چەتەکانم بۆتان ناردووە، چەندین جار بەفەرمانی ئێوە چوومەتە ئەو دیوی سنوور و ملم لە کێرد خشاندووە و چەندین خێزان و خەڵکی هەڵخەڵەتاوم هێناوتەوە و کردوومەنەتە لایەنگری ئەم میرییە نیشتمانییە، خودا پایەداری بکات.و دەست بە تەمەنییەوە بگرێت، ئەم دەست و پێیانەی خۆتان بۆ کوێ دەبەن؟ ئەگەر چەند ئاژاوەچی و بەکرێ گیراوێك بشێوینی بکەن. ئەوە ئێمە بە هاوکاری ئێوە لەناویان دەبەین ... با تەڕو وشك بەیەکەوە نەسووتێن، خودا هەڵناگرێ، سەرکردایەتی شۆڕشە پیرۆزەکەمان نیگەران مەکەن.

ئەفسەرەکە بە توندی و تووڕەییەوە:ـ ئێوە هەمووتان یەکن، جیاوازیتان نییە، کەسێکتان نییە جێگەی متمانە بێت، دڵسۆز و دل پیستان دیارنییە، ئیمڕۆ دۆست و بەیانی دوژمنن، کەی هەموو سەر شانتان ببێتە ئەستێرە و داڵ، خەڵات و نیشانەی ئازایەتی هەموو سنگتان دابپۆشێت، ئینجا هەر جێگەی بڕوا نینە، ئێوە کە لەگەڵ خۆتانا ڕاست نین! چۆن لەگەڵ ئێمە پاك دەبن؟ هەر شتێکتان کردبێت، گشتی لەپێناوی پایە و پارەیە، لە دژی یەکترییە، هەر ئەو دەنگ و باس ڕەوان کردنانەی ئێوەیە کە ئێمەی هەراسان کردووە.

پلەدارێك و چەند سەربازێك لەم لاوە هاتن، ئەفسەری یەکەم هەڵچوون و توڕەییەکەی ڕەویەوە و گووتی:ـ ئاغا... کاکە ی...! ئەگەر وەك تۆ دەڵێی دڵسۆزبیت، لەو خوارەوەیەش دەتوانی سوودبەخش بیت، بە دڵسۆزی کاربکەیت و

کەڵکت بۆ دەزگای سیخوڕی هەبێت، ئەوانیش بەپێی چالاکی و چاکەی خۆت، چاویان لێت دەبێ و چاکەت دەدەنەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی کابرای ڕووگرژ خۆی گەیاندە هەولێرێ، چووە ماڵی برادەرێکی خۆشەویست و دڵسۆزی سلێماناغا، بەڵکو شتێکی بۆ بکات، بەلاَم ئەو گوتی:-

بەدبەخت! چاك نییە بۆ خۆت ماوی. ئەوە بڕیاری سەرکردایەتی شۆڕشە، کەس ناتوانێ سەرپێچی لێ بکات، جارێکی دیکە کەس ئەو گیراوانە نابینێتەوە، من خۆم لەگەڵیان بووم، گوتم بەڵکو چارەیەکی تۆ و سلێماناغا بکەم، بەلاَم هیچم بۆ نەکرا، ئەوەی لەوان بپرسێتەوە ئەویش دەنێرنە کنەوان [٩١] ئێوە زووتر دەبوایە بێنەوە شار. ئێستاش بۆ خۆت دانیشە، چاوەڕوانی بەخششی خودا بکە. ئەگەر لەگەڵ ئێمەشدا کار بکەیت، ئەوە سلێماناغا چی دەدایێ من پترت دەدەمێ، تا ئەتۆش پێمان ڕازی بیت من براتم و بارەگاکەشمان ماڵی خۆتە.

لە بنی چاوانەوە لە خاوەن ماڵەکە ڕادەما، ڕقێکی گەورە، زۆر گەورە، بەقەد چیاکان لە ناو هزر و هەستیا هەڵچوو، بوو بەلافاوێك... لەم کاتەوە بڕیاری دا لە بری هاوکاری کردن، لە تۆڵەی ژن و منداڵ و گوندەکەی و ناوچەکەیانا ئەویش ببێتە یاخییێکی یاخی یاخی، تا بتوانێت لە دارودەستەی ئەو ڕژێمە کەم بکاتەوە، زۆر بە پەشیمانییەوە:- من و ئەم خەڵکە سادەیە، هەتا لە خۆمان نەقەوما لە کەسی دیکە پەندمان وەرنەگرت... بەلاَم ئێستا پاشی چی!؟...

تا ئێوارە داهات، ماڵەکانی ئەشکەوت و پەنا بەردەکانی ناو دۆڵەکە، زۆریان سەریان بەسەر ماڵی هاوسێ دوورەکانی خۆیانا داگرت، یەکێك داوای خوێی دەکرد، یەکێکی دیکە ئاگری گەرەك بوو، یەکێکیش بۆ ماوەیەکی کەم مەنجەڵێك و

---

[91] لای ئەوان

یەك دوو ئامانی دەخواستەوە، هەش بوو پاروە نانێکی  بۆ منداڵە برسییەکانی دەویست، داوای  سەر کورتان و جلی وڵاخیان دەکرد بیکەنە پێخەف .

شەو داهات، شەوێکی تاریك و سارد و سامناك بوو، لەترسی فرۆکە و تۆپ بارانکردن، نەدەبوو تروسکەی ئاگر لە دەرەوە ببیندرێت. شەوچرا جێگەی خەوتنی کرمانج و شێرکۆی لەلای دەرگا ڕاخستبوو، ئەوانی دیش لە بنەبانی ئەشکەوتەکەبوون، زۆر لەپاڵ یەك درێژ بوو بوون، شەوگاری ئەشکەوت سارد و شێدار، پێخەفیش کەم بوو، بەڵام ترسی گەورەیان لەباران و بەفر بارین هەبوو. کرمانج حەزی دەکرد شێرکۆ چاوی بچێتە خەو، کەچی ئەو تا بەیانی جگەرەی  بە جگەرە دادەگیرساندەوە.

ڕمبە و زرمە لە دوێنێوە نەبڕاوەتەوە، جار جارەش بلێسەی تۆپ، تاریکایی ئاسمانی دەڕەواندەوە. لەگەڵ خۆر دەرکەوتنا دەنگی فرۆکە هات، لەپاش نەمانی گڕەی فڕۆکەکە، شێرکۆ چووە خوارەوە، لەسەر تەندووری چەکدارەکان هەندێك کولێرەی کردە ناو جەمەدانییەکەی بەڵام ئەستوورکەکان نەزان کردبویانن، یان ئەستوور و خاو یا ڕەش و سووتاو بوون، کە هاتەوە دیتی شەوچرا لەبەر دەرگای ئەشکەوتەکەیە بە چیلکە داران خەریکی چا لێنانە.

شێرکۆ:ـ خوشکـە چراخان  ئاگـــــاداربە دوکەڵ نەکات، ئەگینا بۆمباران دەکرێین.

پاش چێشت خواردن، شەوچرا لەخوار کانییەکە لە نێوان چەند بەردی گەورە گەورە ، مەنجەڵە ئاوێکی خستە سەر ئاگر و تەنەکە ئاوێکیشی لەتەك دانا و بەهەورازە سەختەکە سەرکەوتەوە، پێیەکانی زۆریان ئازار دەدا، هەموو جومگەکانی لەشی ڕەق ببوون، هەر هەنگاوێك گیان کێشانێك بوو، بەڵام لەگەڵ

ئەو هەموو پەژارە و مەینەتیەشیا هەستی بەسەربەستی و جۆرە خۆشییەکی نەهێنی دەکرد... بەهیلاکیەوە گوتی:ـ

شێرکۆ...! کرمانج... ئا... (هەناسەی سواربوو، بەرامبەریان دانیشت و هانکەهانکی دەهات، گیان ڕەق بوون و ماندوویەتی بەلایەك ئەم هەورازە ڕکەش سەربار) ئاوم لەخوار کانییەکەوە خستۆتە سەر ئاگر جلکی خاوێن و مەنجەڵێکیش بۆ ئاوی سارد و گەرم لەگەڵ خۆتانا ببەن، خۆتان خاوێن بشۆن، هەر خۆتان دەزانن لەکەیەوە خۆتان خاوێن نەکردۆتەوە، خوا بزانی کەی بۆتان ڕێك دەکەوێت جارێکی دیکە خۆتان بشۆنەوە، جلکە دژونەکانیشتان لەوێ بەجێ بهێلن، دوایی دەیان شۆم.

کە کرمانج و شێرکۆ لە خۆ شۆرین هاتنەوە، شەوچرا لە لەشی منداڵەکان ڕادەما، پێستیان ببووە لیر[٩٢] و سوور هەڵگەڕابوو، منداڵەکانی پێچانەوە و داینان، هەڵسا شتومەکەکانی کۆڵیەوە، گوتی:ـ کرمانج کەرستەی تراشت لە کوێیە؟ دەبێ ئێستا ڕیشتان پاك بتاشن، با چیتر خەم و پەژارە لە دەموچاوتانا کۆنەبێتەوە.

شێرکۆ لە سەر بەردی ناو ئەشکەوتەکە بەرامبەر منداڵەکان دانیشتبوو:ـ

خوشکە شەوچرا ڕدێن ڕێی چی نەگرتووە، بەڕاستی گشت گیانم داهێزراوە هێزم لەبەر نەماوە، دڵیشم لە کونی دەرزی تەنگترە.

شەو چرا بەبڕواوە:ـ بەخوا من بڕیارم داوە هەتا هەردووکتان ڕیشتان نەتراشن منیش نان لەت نەکەم. چۆن دەبێ؟ ئەگەر یەکێك کۆچی کرد، دەبێ ئەوانی تریش خۆیان لەناو ببەن و لەگەڵ ئەوا بنێژرێن ؟ هەموومان هەندی تۆ سوومان

---

[92] زیپکە ، گرمژە

بوویتەوە و بۆی بە پەرۆشین، بەخوا، نازانم مەرج بێ تا ئێوە تراش نەکەن نابێ منیش تامی خواردن بکەم.

کرمانج بە پاوە وەستابوو و چاوەکانی بڕیبوونە شێرکۆ (( کاکە شێرکۆ ئەگەر ڕدێن تراشین وزە و توانامان نوێ نەکاتەوە و دڵیشمان نەکاتەوە، خۆ هیچ زیانێکمان پێ ناگەێنێ بەخوا ئەم ژنە سەر ڕەقە هەر هێندە قسەیەکی کرد، خۆ لە کۆنەوە تۆ لە من باشتری دەناسی.))

شێرکۆ سەری بەرزکردەوە:ـ باشە مامۆستا کرمانج تۆ تراشەکەت بکە. چاوەکانی بڕیەوە پێشە خۆی:ـ ئینجا منیش لەبەر خاتری...(گریان قورگی گرت) لەبەر خاتری... خوشك و دەستە خوشکی لاولاو بێت.

سێبەر گەیشتبووە بەرۆژەکەی ئەو بەری کە شێرکۆ ناونیشانی خانووە نوێیەکەی ماڵی دایکی خۆی بە شەوچرا گوت، گوتی :ـ منداڵەکانم بۆ بگەینەوە دەستیان.

فرمێسك بە چاوە سوورەکانیدا هاتنە خوارەوە... هەستا چوو ماچێکی منداڵەکانی کرد، گەڕاوە و دەستی دایە کلاشینکۆفەکەی و یەدەگەکانی، ویستی بڕواتە خوارێ، کرمانج پێشی گرت و گوتی:ـ بەیانی هەردووکمان پێکەوە دەڕۆین، منیش دەگەڕێمەوە لای هەڤاڵەکانم .

شێرکۆ گوتی :ـ هەبوونی من لێرە هیچ سودێك نابەخشێت، شەوچرا منداڵەکانی کردوونەتە خەمی خۆی، منیش دەچم، دڵتەنگی خۆم لە لای برادەرەکانم دەڕەوێنمەوە، تۆش نەخۆشیت و هەڤاڵەکانیشت لێرە دوورن.

خۆی له كرمانج لاكەلی كرد و بەپەله له نشێوەكه تلوور بۆوه، هەرچەندە بانگیان كرد ((شێركۆ...هۆ كاكه شێركۆ... با)) بەلأم ئەو بەرِقەوە دەگریا و ئاورِێكیشی نەداوە.

لەبەر باری نالەباری ناوچەكە، لەبەر نەبوونی شیری منداڵەكان، له ترسی هێرشی دیكه یا به هۆی وانەی قوتابخانەی منداڵەكان بوو، له دوو شەو پتر له پاش رِۆیشتنی شێركۆ نەمانەوە. لەم ماوەیەشدا فاتمەخان ئەگەر بۆ كاری پێویستی خۆی نەبوایە، له ئەشكەوتەكە وەدەر نەدەكەوت، زۆر دەترسا له هەورازە سەختەكە غلۆر بێتەوە، كرمانج دڵه رِاوكێی بوو بچێتە بەرایی هێزی دوژمن، شالأوەكه شەو و رِۆژێك ناوچەكەی گرتەوە و كشایەوە : ((كاتی پێویست كەم تەرخەمیم كرد)) هەستی بەسەر ئێشان و دڵ توونديەكی بیٚ ئەندازە دەكرد، نەی دەزانی نەخۆشییەكەی نەخۆشی دڵە یا دەروونییە و كاری لەمێشكی كردیە، له دوبارە و سێبارە بوونەوەی نەخۆشییەكەی زۆر دەترسا چەند رِۆژێكیشە پشووی وەرگرتووە و له دەنگوباسی ناوچەكەی و هەواڵەكانی خۆی بێئاگایە .

لەگەڵ چەندین خێزانی دیكەی وەكو وان كاروانێك ولأخ و كاروانچیان بۆ ئامادەكردن، تا بەرِێگەیەكی دووری شاخاوی بۆ شارۆچكەیەكی ئەو دیویان بنێرنەوە، لەوێش هەر خێزانە و بۆ شاری خۆی برواتەوە. لەگەرِانەوەیان بەرەو گەرمیان، فاتمەخان و دوو منداڵە ساوایە دایك مردووەكان سواری هێسترێكی نێرەكی [93] قولەتاری [94] كرابوون، هەرسیٚ منداڵەكەی دیكەشیان لەسەر پشتی ماكەرێكی رِەشدێزی گوێ شۆرِ بەستابوونەوە، لەگەڵ سەرما و سۆڵەی بەیانا

---

[93] نێرە هێستر

[94] رەنگێكە له نێوان سوور و قاوەیی و رِەشدا

بەڕێ کەوتن، چێشتەنگاوبوو کە بۆ چەمێك شۆڕ بوونەوە شەوچرا بۆ کاری پێویست، بۆ لای ژێری کەناری ڕووبارەکە ڕۆیشت، کوللەیەکی بینی گەڵای ناسکی پنچکە گیایەکی بچکۆڵەی دەخوارد، کوللەکە لە تەك پێی شەوچرا هەڵفڕی، چۆلەکەیەکی بچکۆلەی پەڕ ڕەنگین لەسەر دارێکەوە بەجریووە جریوو بۆی دابەزی و بەدەنووکێك لە ئاسمانەوە قۆزتییەوە و بردی، هێشتا نەگەیشتبووە ناو دار و دەوەنە چڕەکانی ڕۆخ ڕووبارەکە، دەنگی چەندین فڕۆکەی شەڕکەر ڕاستەوخۆ و زۆر بەنزمی، لە سەر سەری پەیدا بوون، لە ناخڕا هەموو گیانی هاتە هەژان خۆی بۆ سێبەری دەوەنی گێوژێك[95] بەگوڕ هاویشت، هێشتا نەکەوتبووە سەر زەوی کە لە شوێنی کەوتنەوەی خۆی، ڕەشە مارێکی پەپکە خواردووی هێندی لنگە دەستاڕێك سەری بەرزکردەوە و فیشکاندی. مارەکە لەو ترسا، وەك گوریس بۆ ناو زەمەند و دڕکەکان ڕاکشا، ئەویش زراوی لەمارەکە چوو، هەر لە هەواوە زۆر بەخێرایی خۆی وەڕسووڕاندەوە خۆی گەیاندە پەنا دڕکە زییەکەی دەستە چەپی، ماوەیەك لە شوێنی خۆی سام گرتی بوو! . :ـ ترس چەند بەرازی، چاك بوو کاروانەکەی بۆمباران نەکرد، دەبێ بۆ شوێنێکی دیکە بڕۆن؟ بەڵام بۆ ئەوەندە نوی بوون؟.

لە خوارتر خشەخشێکی بیست، سەیری کرد، ڕەشە مارەکەی پێشتری بینییەوە، سەری دوو بست لە زەوی بەرز کردۆتەوە، بۆقێکی لە ناو دەمدایە خەریکە قوتی بدات، بۆقە بەستەزمانەکە نیوە و دوو پەلی پێشەوەی لە زارکی زاری مارەکە دەجووڵا، وەك بیەوێ خۆی ڕزگار بکات، یان هەر نەبێت هەوڵێك بۆ

---

[95] دار یا دەوەنێکی دڕکاوی خۆڕسکە بەرێکی بچکۆڵەی ڕەنگاوڕەنگی هەیە کە دەخورێت .

دەرباز بوونی خۆی بدات، ئەمە یاسای دارستانە، بەهێز بێ هێز دەخوات، شەوچرا بەزەیی بە بۆقەکە هاتەوە.

دەماری جوولا، ورەی بەرز بۆوە، لە جێگای خۆی ڕاست بۆوە، بە هەردوو دەست گاشە بەردێکی لا تیژ و درێژی شەش حەوت کیلۆیی هەڵگرت و بەرزی کردەوە، بەسەر گابەردەکە کەوت، ویستی گاشە بەردەکەی دەستی بە مارەکە دابدا، بەڵام چۆن بۆقەکە نەکوژێت ؟ بەردەکەی داناوە، چۆوە خوارێ، دوو گاشە بەردی پڕ بە لەپی هێنا و سەرکەوتەوە، مارەکە زۆر نزیك بوو، دووسێ مەترێك لە خوار گابەردەکە ڕاکشابوو، بۆقەکە هەندێکی دیکەشی بۆ ناو گەرووی مارەکە دابەزی بوو، بەڵام هەردوو پەلی پێشەوەی هەر دەجوولایەوە، مارەکەی بە سامتر بینی، خرە بەردەکەی دەستی چەپی ڕاوەشاندێ، بەردەکەی پێ نەکەوت مارەکە ئاگادار بۆوە، بە خێرایی بەردەکەی ناو لەپی ڕاستی هێنایە ناو لەپی چەپی، مارەکە ویستی بۆ ناو تووترکەکانی پەرژینی کۆزە ئەسپیندارەکە بخشێ، خرە بەردەکەی داناوە، بە هەر دوو دەستی گاشە بەردەکەی بەرزکردەوە و خێواندییە بڕبڕەی پشتی مارەکە، پێستە ڕەشەکەی داماڵی و گۆشتی ئاڵی بە دیــار کەوت، پشتـی شکــا و نیــوەی پێشەوەی لە شــێوەی بازنە لە زەوی بەرز بۆوە و بە دەوری خۆیدا سۆڕایەوە، نە بۆقەکەی بۆ ئاوا دەکرا، نە بۆشی دەردەدرایەوە، شەوچرا پتر لێی ترسا، خرە بەردەکەی هەڵگرتەوە و بە دەستی چەپی بەرزی کردەوە و نیشانەی لە سەری گرت و رایوەشاندێ ...

دوبارە دەنگی تیژ و ترسناکی فڕۆکە ئاسمان و زەوی پڕ کردەوە، سێ فڕۆکە، یەکێکی گەورە لە بەرزایی ئاسمانەوە، دووە بچووکەکەی دیکەشیان زۆرنزم و تیژڕەو بوون ، لە سەر چیایەکەی ڕۆژهەلاتەوە گەیشتنەوە سەریان.

ئەم جارە شەوچرا خۆی فڕێدایە کۆنە جێی ماری گۆرین، زەوی چەند جارێك لەرزیەوە، دەنگێکی زۆر گەورە، گوێی زەمینی کەڕ کرد، شریخە و لرمە هات، گڤە و ورشەی ساچمە و تلێشە بەردان لە هەر چوار لایەوە بەرز بۆوە و دابەزیەوە، ویستی دەنگەکان بژمێرێت، بەڵام لێی تێکلاو بوون و بۆی نەکرا، تەپ و تۆز و بۆن باروت دۆڵەکەی پڕکرد، گوێیەکانی کاس ببوون، وژە وژیان لێوە دەهات، بە دڵیا هات بۆ لای منداڵەکانی ڕابکات.((بابانم کوێربۆوە بەر کەوتن ماڵم وێران بوو))

ترس جڵەوی گرت، خۆی گرمۆڵە کردەوە دەلەرزی و دەیزرکاند، بۆن باروت هەناسەی گرت، دوکەڵ و تۆزەکە وردە وردە بڵاودەبۆوە، گاپەل و کۆترە باریکە و زۆر جۆرە باڵندەی گەورە و بچووك لەگەڵ دەنگی فڕۆکە و تەقینەوەکان زەویان بەجێهێشتبوو و لە بەرزایی ئاسمانا باڵیان دەکوتا و دەسووڕانەوە. هەستایەوە سەر پێیان، بەڕاکردن بۆ ڕێگەکە ڕۆیشتەوە و بەبێ جلك هەڵکردن و پێڵاو داکەندن لە ڕووبارەکەیدا، ئاوەکە شێڵو بوو بوو، بنی ڕووبارەکە دیار نەبوو، وردە ماسی نیوە مردوو تاك تاکەی گەورەش سەراو ببوون، ئاو گەیشتە کلێنجەی ، بەلادا دەهات، سڵی نەکرد، دەیویست خێراتر بڕوات، بەچەند هەنگاوی دیکە لە ڕووبارە بەرینەکە دەرچوو، ئاو لە جلەکانی دەچۆڕایەوە، لە دوای خۆیا ڕێچکەیەکی خۆڵی تەڕی بەجێ دەهێشت، لە هەورازە سەختەکەی کەنار ڕووبارەکەوە سەرکەوت، لووتی لە لووتی کاروانچییەکەی خۆیان چەقی، بەگریانەوە هاواری کرد:

کوڕە بە قوربانت بم! منداڵەکان، ... منداڵەکانم چیان لێ هات ؟

کابرا بەهێمنی ـ: ئەوان باشن، بەڵام ئێمە لە تۆ ترساین، سوپاس بۆ خودا تۆش بەرنەکەوتی.

به ڕاکردن خۆی گەیاندەوە کاروانەکە. فاتمەخان هێسترەکەی خۆی ڕاگرتبوو گوتی:ـ منداڵەکان بەخوێنن، گیڤڤەو تەپەیەکی گەورەم بیست. بەڵام نازانم چۆنە؟! دەزانم بەر من نەکەوتووە.

کاروانچییەکە پیرەژنی دابەزاند و تریانەکەی کردەوە و دایگرت، لایەکی تریان و بەرماڵە ڕەش و سپییەکە دڕابوون، منداڵێکی دەرهێنا، منداڵەکە سەری جولاندەوە و گریا، قۆنداخەکەشی بەخوێن ببوو، ئەوی دیکەی بە دەستی چەپی بڵند کرد، خوێنی لێ دەتکاوە، شەوچرا لە دەستی دەرهێنا، قۆنداخە بەخوێنەکەی کردەوە و سەیریان کرد، چ سەیر بکەن! تلیشە ئاسنێك لە سەرەوەی ناوکە تەڕەکەیەوە کچەکەی کردۆتە دوو لەت، شەوچرا زرووکاندی، سەرو تیتکی خۆی ڕنیەوە:ـ کچێ کیژە بێ باوك و دایکەکەم! مەلۆتکە بێ کەسەکەم ئەمن چ وەڵامی خۆم بدەمەوە.

لە شوێن خۆیا حەپەسا و زمانی گیرا، کچەکەی دانا و هەر بە دەستی بەخوێنەوە کوڕەکەشی کردەوە، خوێن و برینی پێوە دیار نەبوو، منداڵەکەی نەپێچاوە، هەر بەدەستی چەپییەوە گرتییە باوەشی و بەڕاکردن بۆ لای کوڕەکانی ڕۆیشت:ـ بزانم ئەوان چەندیان کوژراون.

لە ڕێگەدا چەند جارێك بەمنداڵەوە ساتمەی کرد و کەوت و هەڵستایەوە، بارگیرێکی بینی لە قەراخ ڕێگاکەوە کەوتبوو، خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتبوو، پەلێکی پێشەوەی بڕابۆوە، خاوەنەکەی کورتانەکەی لێ دەکردەوە، لەولاتر ژنێکی سکپڕی بریندار دەیناڵاند، خەڵکێکی زۆر بە حەپەساوی گەمارۆیان دابوو، کەرە گوێ شۆڕەکەی کە سێ منداڵەکەی لێ بارکرابوو، لە لاڕێ دەلەوەڕا، شەوچرا بەهەڵە داوان بۆیان چوو. ئازاد بانگی کرد:ـ

دایە!... دایە!... مەترسە! مەترسە ئێمە سەلامەتین. تۆ بۆ لە جێگەی بۆمباکان بەجێ مای...؟.

شەوچرا کە تائێستا دەلەرزی و هاشە هاش لە کونە گوێیەکانیەوە دەهات، سێوییە[96] ساواکەی ئامێزی دانایە سەر زەوی، بە ڕاکردن و بە لرفە لرف گەیشتەوە کەرەکە، ویستی بڵێ زامدار نەبووینە، هەستی کرد قسەی بۆ دەرناکرێت، بە هەردوو دەست شێتانە، نیشتمانی لە تەپڵی سەریەوە تا نینۆکی پێی پشکنی، دەستە بەخوێنەکەی خۆی بینی و زۆرتر ترسا، بەڵام کوڕە گەورەکەی کە نیشتمانی لە پێشە خۆیەوە گرتبوو گوتی:ـ ئەوە دەستت لە کوێ بە خوێن بووە ؟ دەستت بریندارە ؟.

دەستی لە پشتی ڕزگاریش کوتا، کە لە پشت ئازاد سوارکرابوو، کەرەکەی هێنایەوە سەر ڕێگە و بەدەست پێی گوتن بڕۆن، ئەویش گەڕاوە لای مەلۆتکەکە و گرتیەوە باوەشی، گەڕاوە سەر ڕێگاکە، کەری منداڵەکان بۆ پێشەوە دەڕۆیشت، پیرەژن و تەرمی کچە مەلۆتکەکەش هاتن گەیشتنەوە کاروانچییەکە، ئەویش هەندێك ئاوی لە دێمکەیەك هێنا و دایە شەوچرای، کە ئاوەکەی خواردەوە هەستی بە دەرچوونی ترس و لەرزەکەی دڵی کرد، چەند جارێك دەم و زمانی جووڵاندن، بەڵام لە لۆغە لۆغ بەملاوە هیچی دیی بۆ دەرنەدەکرا، سەری بۆ ئاسمان بەرزکردەوە، هەموو باڵندەکان بەهێمنی تێك دەسوڕان و بەرەو زەوی نزم دەبوونەوە، بەڕێگایەکی پێچ پێچ، بەناو لێڕەوارێکا بۆ هەورازەکە هەڵدەکشان.

---

[96]– هەتیو، منداڵی بێ دایك و باوك.

باشووکەیەك لە ئاسمانا پەلاماری پەڕەندەیەکی پەڕ ڕەنگینیدا، باڵندە پەڕ ڕەنگینەکە، باشووکەکەی بە دوواوە بوو؟ خۆی کوتایە ژێر دەست و پێی شەوچرا. هاواری کرد :ـ نەکەی... نەکەی... وازی لێ بێنە.

منداڵەکەی هەر بەئامێزەوەبوو، دەستی گەیاندە بەردێکی ژێر پێی، بۆ باشووکەکەی ڕابوەشێنیّ، تا ئەو بەردەکەی هەڵگرت و بەرزی کردەوە، باشووکە تیژباڵەکە لەو نزیکان نەمابوو، فرندە جوانەکەش بۆ ئەولاتر هەڵفڕی...

لە ملە بەرزەکە بەسەر کەوتن، لە شارە دێیەکەی ناو دۆڵە قووڵ و دوور و درێژەکە وەدەرکەوتن. کاتی بانگی نوێژی هەینی بوو کە گەیشتنە ناو ئاوایی، بەسەر ماڵەکاندا دابەش بوون، شەوچرا و پیرەژن و منداڵەکانیان چوونە ماڵی کچی لالۆی کاروانچییەکەیان، لەپاش نوێژی هەینی هەموو خەڵکی ئاوایی بە کۆمەڵ مەلۆتکەکە و ژنێك و هەرزەکارێکیان لە ئارامگە گەورەکەی بەرماڵاَن بەخاك سپاردن، کوڕە لاوێکیشیان لە گۆڕستانە بچووکەکەی پشت ئاوایی خستە ژێر گڵ، بەو نیازەی دوایی کەس و کاری دێن تەرمەکەی دەبەنەوە گۆڕستانی خۆیان. ڕێگەیەکی خۆڵی چەوڕێژکراوی پێچ پێچ و هەوراز و لێژ، گوندەکەی دەگەیاندە شەقامە قیرتاوکراوەکەوە دوو پیکابی پێچکە بڵند و گەورەیان هەبوو، بەیانیان نەفەر و ماست و میوەجات و ئاژەڵیان دەبردە شار، ئێوارانیش دەهاتنەوە، ئەوی بەیانیان لە پیکابەکان جیّ بمابوایە، دەبوایە تا ڕۆژی دواتر چاوەڕوانی ترومبێل بێت، مەگەر بەرێکەوت ترومبێلێکی لایدە، بۆ ئەم دێیە لاڕێیە لابەلایە لای بدابایە.

پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ منداڵەکان لە بانیەکەی بان دێیەکە کۆبوونەوە، منداڵەکانی خانەخوێی شەوچرا، ئازاد و ڕزگاریان لەگەڵ خۆیاندا بردن بۆئەوەی

یاری بکەن، منداڵە نێرینەکانی دێ، یەك و داریان بە دار و تیلمە پەڕۆ بەستابوو، وەك تفەنگ کردبوویانە شانیان، وەك شانۆگەریەکیان دیتبێ و ئەوان دوبارەی بکەنەوە، دەستیان بە وازی کرد، بوون بە دوو بەش، بەشێکیان زۆر و بەشێکیان کەمتر، بەشە کەمەکە بەڕاکردن چوونە سەر بڵندایییەکەی پشت گۆڕستانە بچووکەکە. خۆیان لە بۆسە داگرت، ئەوانی دیکەش لە سێ لاوە بە پارێز، بەخشین و چوار چنگە بۆیان دەچوون، ئازاد و ڕزگار پتر تێیان ڕادەمان، نەیان دەزانی چی دەکەن بەلاَم لاسایی ئەوانیان دەکردەوە، کاتێك هاواریان لێ هەڵسا :ـ بیگرە، کوڕە بیکوژە، لێیدە، دەربازی نەکەی، نیشانە لە کەللەی سەر و دەفەی سنگیان بگرن...

دار تفەنگۆکەکانیان بەرامبەر یەك ڕادەگرت بە دەم هاواریان دەکرد، ((تە... تە...، تە...، کوشتم ئەرێ بەخوای من کوشتم)) دواتر خۆی بەزەویدا دەکێشا وەك ئەویش پێکرابێ، یەك دوو جوولەی دەکرد، ئەویش خۆی دەمراند، هێندێك لە زۆرەکان وەك تانك دەیان نەڕاند، سمکۆڵیان دەکرد:ـ گڕ گڕ گڕ، بەمب... بەمب...( بە دەنگێکی بەرزتر) گم گم گم ...

زۆری نەخایاند زۆرەکان شکان، بلاَوەیان کرد، بەڕاکردن بۆ دواوە گەڕانەوە، دووانیان بەدیل گیران... دوایی هەموویان سەر لەنوێ کۆبوونەوە، گیراوەکانیان دادگایی دەکردن، (وەك لاسایی دادگاییکردنێك بکەنەوە کە بە چاوی خۆیان لە بارەگای (پ. م.)ەکانی گوندەکەیاندا دیبییان ) سێ کەسیان دانیشتن، دوو تفەنگۆڵە بە دەستیش باسك و پیلی مێرد منالێکی بودەڵەی رەشتاڵەیان گرت (کە دەسرۆکێکی بۆری لە شێوەی کلاَوی سەربازی لە سەری نابوو و بە نایلۆنی

رەشیش هەردوو دەلنگی شەرواڵەکەی لە شێوەی پۆستاڵی سەربازی پێچابوو) و بردیانە پێش سێ کەسەکە و بە خۆیان بۆ دواوە کشانەوە.

سێ منداڵەکەش کەوتنە دادگایی کردنی، ئەوی ناوەڕاستیان لە دووەکەی دیکە گەورەتر بوو، پرسی:

– چی ئەتۆی گەیاندۆتە ئێرە؟ بۆ لە ماڵی خۆماندا دەمانکوژن؟

– کاکە وەڵڵاهی ئانی عەسکەر، جوندی موکەلەف فەقیر، فیرار ئیعدام، ئەبویە مەیت، ئانی ساحیب شەش جاهیل، بێتی بیلبادیە، کاکە خاتر ئەڵڵا ئانی جوندی خەباز، سەموون...سەموون...خودا.

– ئێ ، ئێ، هەمووتان نانتان لە کورد کوشتندایە.

– کاکە ئانی کردی نازانی! ئەنتە شترید؟

– کوڕینە ئەوە تریت* وگۆشتاویشی دەوێت، ئێستا بیبەنە گرتووخانە، با لەوێ تێر تریت بخوا.

دوو تفەنگۆلە بەدەستەکە دووریان خستەوە و دیلێکی تریان هێنایە بەردەم دادوەرەکان. دادوەرەکەی نێوەراست گوتی:–

– تۆ بەشێوە مرۆڤ و بەکردەوە جاشی...ئەگەر لە کەرێ کەرتر نەبیت ئەم چەکی برا کوژییەت بۆ هەڵگرتووە؟

– سەیدا! ئەز ژ سەربازییێ رەڤیم، گوندێ مەژ هاتە وێران کرن، خودانێ شەش زارۆکم، خۆه من نانێ شەڤێش نییە، چ چارە نەبوو، ئەز بخۆ داهێمە کوشتن و بچووکێت من ژ برسا دا دێمرن.

– ئێ ... ئێ... تا منداڵەکانی خۆت پۆشتە بکەی و بەخۆت بەتێری بژی،

---

*تریت: تێکوشە، نانی تێکوشراوی نێو شلە و شۆربا

– منداڵی خەڵك بێ باوك دەكەی، خەڵك بەپارە دەكوژی؟

( بەدەم ترس و لەرزەوە): ـ ئەزبەنی! بخودێ ئو بسەد قورعانا من كەس نەكوشتییە، من خرابیێ كەس ژی نەكریە، هەڕن بخۆ پسیارکەن هەکە وەسا نەبیت وەرن من بكوژن.

دادوەرە بچكۆلەكە :– دیارە گەورەكەت لە تۆ كەرترە، بە ختـوخـۆڕایی تۆی ڕاگرتووە و پارەت دەداتێ، تفەنگیشت بۆ جوانی كردۆتە شانت، ئەم گوللانەی تێت دەگرتن تەقەی خۆشی و بووك گواستنەوە بوون وەنە ؟

– (بەلاسایی كردنەوەیەكی ئاشكراتر و بە گریانەوە :بلا بۆ خاترا خودێ و پێغەمبەر و قورعانا پیرۆز من نەكوژن، ئەز خیندار*م ئو لخۆ دترسیام، من بۆ پاراستنا خۆ چەك هەڵگرت، بخۆ ب پڕسن من كەس نەئێشاندییە، من كۆزەك عەیاڵ هەیە، برایەكیش من هەبوو ئەوە شەش ساڵە حكومەت بەرزە كریە، خێزان و نەه بچووكێت ویش لسوكرا منن، بۆ خاترا خودێ نانێ وان سێڤیان مەبڕن. (دەستی دادوەرەكەی ماچ كرد و ویستی پێڵاوەكەی ماچ بكات):– ژ كێماسیێ من ببورن، توبەبیت، سووزبیت نوكەو پاشڤە دێبمە رێنجبەر و خولامێ موخلیسێ هەوە، هەزار جارا توبە ژ تشتێ من كری، من نەكوژن چنكی ئەزیش برایێ هەوەمە، مامۆ كوشتن فایدەی كەسێ ناكا، پاشی هین دێ پەشیمان بن.

: ـ پیرە جاش تۆ لە ترسی تاكە دوژمنێك، وەك بەخۆت دەڵێی ئەگەر لێی بكۆڵینەوە و قسەكانیشت ڕاستبن، دوژمنایەتییەكەتان لەسەر شتێكی كەم و هیچ وپووچ سەری هەڵداوە، بەڵام ئێستا تۆ خۆت كردۆتە داردەستی دوژمنی گەل و نیشتمانەكەت و بوویتە خوێن خۆری براكەی خۆت، هاوڕەگەز و هاوزمانی خۆت

---

* دوژمندارم

دەکوژی، ئێستا ئەو هەموو کەسانەی تۆ بوویتە دوژمنیان و ئەوانیش بە چاوی دوژمنایەتی سەیرت دەکەن، دەیان ناسی؟

یەکێك لەو منداڵانەی بەپاوە ڕاوەستابوو، سەری وەك پیفۆکی۹۷ سپی پاك تراشرابوو لێی هاتە پێش و دەستی لە پاشەڵی کوتا، بەدەنگێکی بەرز، بەدرێژکردنەوەی وشەکان :

وەخودا جاشە خەری خاسە... دویچکی* گەورەیشی هەس... (هەندێك لە منداڵەکان خۆیان بۆ نەگیرا، دایانە قاقای پێکەنین)

منداڵێکی باریکەڵەی بەژن بڵند: ـ ئەم پیرە کەرە جەواڵە ئارد و کوندە ئاومان بۆ بەسەر کێوان بخات لە کوشتنی باشترە...

سەر تراشراوەکە : ـ ئینجا منیش بۆی بوم سەربار و سواری پشتــی بوم... (دیلەکە کە تائێستا خۆی بەخەمگینی و ترساوی دەنواند بەپێکەنینێکی سەرکەوتوانەوە گوتی: ـ بلا شنی دەس پێبکەین .

دەستی دایەوە تفەنگۆکەکەی خۆی کە پێشتر چەکیان کردبوو، دەستێکی بەسەر سەرە پاك کراوەکە داهێنـــا :ـ هەی...وێجــا دەورا تەیە دا ببیە جـــحش و ئەزیش تە بگـرم و ل پشتاتە سیاربم .

سەر لە نویێ گەمەکەیان دامەزراندەوە.

ئازاد لە دڵی خۆیەوە: ـ ئەم یارییە لە گشت یاریەکانی شار خۆشترە، منیش منداڵە هاوسیێ و هاوپۆلەکانم فێردەکەم، پێکەوە دەیکەین. ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی:ـبەڵام ئەمە لەشار قەدەغەیە. دەمانگرن... نا نا... وەك دایکم گوتی ئێمە هەر لە خۆڕا ناومان پیسە.

---

[97] پیشۆك، کیفۆك

* کلکێکی

# ٧- بۆسه



شەوێکی خامۆش و ئەنگوستەچاو بوو، هەور چاوی ئەستێرەکانی داپۆشیبوو. جیّجیّ، جارە جارە، لە ژێر تەمێکی تەنکی هەورەکە، چەند ئەستێرەیەك، ماسی ناو گۆم ئاسایی، بەدیار دەکەوتن و گوم دەبوونەوە، گشت گیانمان کردبووە گویّ، ناوە ناوە کووکەی کوندەبەبۆیەك گۆمی بیّ دەنگییەکەی دەشەقاند، بۆ کەمینێکی دوژمن، کە دەهاتە سەر پردەکە، خۆمان لە بۆسە داگرتبوو، کەو ڕەفتارەکان، دوژمنی ڕەگەزی خۆیان ئاگادار کردبۆوە، کەوا هێزێکی پڕ چەك و تەقەمەنی و دەرمان و ئازووقە و چەند فەرماندەیەکی سەربازی و ناوداری ڕامیارییان لەگەڵ دایە، بەم ڕێگەیە بەسەر ئەم پردەدا تیّدەپەڕن، بۆ شوێنی هێرشی دیاری کراوی ئایندە دەڕۆن، ئینجا دیارە ئەوی بەشداری لە لە داوخستنی ئەم هێزە بکات، خەڵاتی نایاب و پایەی بەرز و تیکەی چەورتری بەردەکەوێت.

تا کەمینەکەیان ئاشکرا نەبیّ و بە داو وەبوونمان مسۆگەرتر بکەن، وەهایان دەنواند کە ئاگادارنین، کە شەوگار بەرگی ڕەشی دەکردە بەر زەمین، کەمینەکە دەهات و دەور و بەری پردەکەی دادەگرت، لەگەڵ نوێژی بەیانیشدا دەکشانەوە، بەرۆژیش لە دوورەوە بە دووربین و بەو مرۆڤانەی کە جێگەی گومان نین، چاودێری پردەکەیان دەکرد، ئێمەش لە گوێی گادا نەنووستبووین، کاروانی وا گەورە شوێنی وا ترسناك، دەبیّ سەد و یەك لێك دانەوەی بۆ بکرێت، ئاگاداریش کرابووینەوە، پێش ئەوەی بگەینە پـــــــردەکە دەبێت بەماوەی شەو و ڕۆژێك لە نزیك پردەکەوە بەپارێز، زۆر بەهێمنی و هۆشیاری، خۆمان لە پردەکە نزیکتر بکەینەوە، تا بتوانین ئێوارەی دواتر، لەگەڵ زەردە پەڕدا بپەڕینەوە. ئەم کارەش بە دەسڕاکێشەر و شارەزای وریا و دڵسۆز سپێردرابوو...

پێش پەڕینەوەمان بڕیاردرا، لەوبەر بۆسەیەك بۆ کەمینەکەی دوژمن بنێینەوە، جێگە و ژمارە و جۆری چەکەکان و کاتی دەست وەشاندنمان دیاری کرابوو، نابێ لە دوژمن بدرێت، تا کاروانەکەمان لە ناوچەی مەترسیدار دەرنەچێت، چونکە کاروانەکە ولاّخی زۆر و شەکەتی لەگەڵ دابوو، چەند ڕۆژ بوو بەڕێگەوەبوو، ئەگەر هەڵگیرسابوایە، کاروانەکە نەیدەتوانی لە ڕووتەن و نیمچە دەشتاییەکەی ئەو دیو دەرباز بێت. گوللە تۆپی ڕۆشنکەرەوە و فڕۆکە فریایان دەکەوتن.

بەلاّم ئێمە کە شازدە چەکدارین لە بۆسە، بە ڕۆژی ڕوناکیش بێت، ئەگەر دەست و برد بکەین، بەمەرجێك زیانمان گران نەبێت، دەتوانین چارەیەك بکەین، ئەگەر بووش ئەوا دەبێتە هات و نەهات.

ڕێگەکە بەپێچ و گەوە، لەقەد کێوەکەوە بۆ پردەکە دادەبەزی، دوو سەد هەنگاوێك، پێش ئەوەی بگەینە پردەکە، گەیشتینە چەمێك کە ئاوە سارد و زولاّڵەکەی دەگەیشتە کلاّوەی ئەژنۆ، زیخ و چەوی ڕەنگاوڕەنگ لە ژێریدا دەلەرینەوە.

کە سەرکەوتینەوە یەکسەر چووینە سەر شەقامێکی قیرتاوکراو، چەند هەنگاوێك ئێمەی گەیاندە سەر پردەکە، دەستەی ئێمە پێنجەمین دەستە بوو بەسەر پردەکەدا تێپەڕی، پردێکی ئاسنینی نوێ بوو بۆ مەبەستی سەربازی دروست کرابوو، جێگاکەی نزمایی بوو، لە هەر چوار لاوە بەبەرزایی سەخت و دژواری پڕ لێڕەواری چڕ گەمارۆ درابوو، بە ڕاستی شوێنی مەترسی و دەست وەشاندن بوو، چەمەکە لە لای ژێری پردەکەوە دەڕژایە ناو ڕووبارێکەوە، لە لای ژووری پردەکەشەوە، شوێنەواری کۆنە پردێکی تێك دراو مابوو کە پێشتر، پێش چۆڵ کردن و وێران کردنی ناوچەکە، دێنشینەکان بە هەرەوەزی، بۆ پێویستی

خۆیان دروستیان کردبوو، پێچکەکانی کۆنە پردەکە، بەردی زل و زەلام بوون، دوو بەردە گەورەکەی ناوەڕاستی ڕووبارەکە داریان بەسەرەوە نەمابوو، لەوانەبوو ئەم دوو بەردە گەورەیە، بەدەستی سروشت لەوێ دانرابن، چونکە لە توانای ئادەمیزادا نەبوو، بەردەکان تا نێو قەدیان لەناو ئاودا بوون، شەپۆلی تووڕەیی ئاوە توند و تیژەکە، بە گوڕ و بە بەردەوامی لە بەردەکانی دەدا و دادەبەزی و هەڵدەبەزییەوە، لەولاتریش مەنگاوێکی پان و بەرین بوو، بۆ کاتی هێمنی شوێنی ڕاوەماسی و مەلەکردن و کات بەسەربردن بووە، لە هەردوو بەری ڕووبارەکەوە، سووره چنار و شۆڕەبی بەڕیز وەستابوون، دوا تیشکی خۆر لە سەر گەلا ئاوەزێڕکراوەکانی سەر چڵە بەرزەکان دەبریسکایەوە. کاروانەکەش ڕووەو هەورازە کووڕ و دژوارەکە ملی نا.

دەبێ ئێمەش بەر لە هاتنیان جێگەی خۆمان بگرین و هەست بەهاتنمان نەکەن، بۆیە دوای پەڕینەوەمان بە پەلە و بەڕاکردن و بە گورگە لۆقە بۆ شوێنی دیاری کراو، بۆ بۆسە نانەوە، لەگەڵ شەقامە قیرتاوەکەدا دابەزین، دواتریش بە پارێز و بەوریایی، بەلاڕێدا ڕۆیشتین و شەش کەسمان بووینە دەستەی پێشەوەی بۆسەکە، لە سەر ملە گردێکی ڕۆخ ڕێگاکە، لەناو ماڵە تەڕاشێکا [٩٨]، لە کاتێکدا کە زەمین بەرگی ڕەشی پۆشی بوو دانیشتین، دەوروبەریان پڕ بوو لە گابەردی زل و زەبەلاح، دەتگوت گاڕانە و لە مۆڵگەدا خەوتووە، جێگاکە وەك بڵێی بەتایبەتی بۆ بۆسە دانانەوە دانراوە، بەڵام کەمێك زیاد لە پێویست لە شەقامەکە نزیك بوو، ئەمەش هەرچەندە مەترسی پتر بوو بەڵام لێدانەکەشی کاریگەر تر دەکرد.

---

[98] کە دار بەڕوو ببڕێتەوە شەخەڵ و لقی زۆر لە نزیك یەکەوە لە زەوی دەردەکات پێی دەڵێن تەڕاش یا ماڵبەندە تەڕاش.

شەش چەکداریشمان لە بەشی دواوە، لە بەرزاییەکی رك و بەرزتر و دوورتر لە ڕێگاکە دانیشتن، شوێنەکە بەسەر هەردوو دیوی ڕێگاکەیدا دەڕوانی، لەم دیوەوە تا دەگاتە بەشی پێشەوەی کەمینەکە، لەودیویشەوە تا دەگاتە پێچی پردەکە، بەڵام پردەکە لە مەودای تەقەی شەودا نەبوو، بۆیە مەترسی دانیشتنی کەمینی دوژمنی لێ نەدەکرا، چوار چەکدارەکەی دیکەمان لە نێوان هەردوو بەشی بۆسەکە بۆ تەك سەنگەری پاسدارەکان هەڵکشان، چوار چەکدارەکە گوللە پڕژێنێکی (بڕنەو) و یەك (جەڕسە GRC ) و یەك (بی کەی سی) و (قەناسێك) و (بیٚ تەلێکی) بچووکیان لەلابوو، درێژایی ڕێگەکەی نێوان هەردوو بەشی بۆسەکەیان، بیٚ پەناو پەسێو لەبەر چاو دابوو. دەبوایە لەگەڵ یەکەم تەقە ئەوان تێلی تەلەفۆنی چەپەرەکە بپسێنن و تەقەی لێ بکەن، تا وا بزانن بەسەریان دادراوە و نەتوانن سەر لە ناو سپێرەکەیان دەربێنن، گەر وانەبیٚ سەنگەردارەکان لەسەر بڵندایی لووتکەکەوە، نەیان دەهێشت بجوولێینەوە، خۆ ئەگەر پاسدارەکان کارێکی وەها نەکەن، ئەوا بەناپاکیان دەدەنە قەڵەم و بەیارمەتی دەری ئێمەیان دادەنێن و سەر هەڵقەناندنیان مسۆگەر دەبێت. چوار هاوڕێکانمان دەبوو لەکاتی کشانەوەماندا ئاگر بارانی شەقامەکەشمان بۆ بکەن، چونکە نەدەکرا ڕووەو هەوراز بڕۆین و لەپاش و لە پێش گوللە باران بکرێین.

دووبەشەکەی دیکەمان هەربەشەی یەك (ئار بی جی) لە لا بوو، ئەوانی دیکە هەمووی نارنجۆك و چەکی ریز و تەڕدەست[99] بوو، دەبوایە یەکەم تەقە و دوا تەقە لە منەوە بێت، سەر لە ئێوارە، ئەو کاتەی کەمینەکەی دوژمن بەلامانا تێپەڕی، نیوەی مانگ لە هەور هاتبووە دەرەوە، هەر بەناو کەمین بوو لە ڕاستیدا هێزێکی

[99] خێرا، بەدەست و برد.

تەواو بوو، ئەوەندە لە نزیکمانەوە دەڕۆیشتن، دەترساین گوێیان لە هەناسەمان، ترپەی لێدانی دڵمان بێت، پشمینێك، خشەیەك، بچووکترین جووله هەموومانی بە فەتارەت دەدا و سمێڵمان دەنایە بان ڕدێن.

جۆرەها چەك (هاوەن) و (بی کەی سی) و (گرینۆف) و چەکی ریزو سووك و دوو (بیٚتەل) و چەند (ئار بی جی R. B.G ) و چەندین سندووقە تەقەمەنی تێپەڕین، ویستم بڵێم برایان ئاوی زۆر ئاوی کەم دەبات، با چۆڵی بکەین، دەڵێین لە تواناماندا نەبوو، سەیرێکی هاوڕێکانی خۆمم کرد، لە دڵی خۆما گوتم ((خۆمان بفەوتێنین یا بە دەست بەتاڵی بڕۆینەوە؟ هەلێکە و بەدەگمەن هەلی وەها هەڵدەکەوی...

بۆ ئیشێك نەکەین بەدەگمەنیش کاری وەها نەکرابێت...! بۆ لە پێناوی پورەکەماندا وەکو هەنگ ژەهری ڕقی پیرۆزمان نەڕژێنینە دڵی ئەو کەسانەی شانەکانمان وێران دەکەن و دەمـان بــڕنەوە و دەشمان سووتێنن، مردن و مانمان لە پێناو ئەو ئامانجە پاك و پیرۆز و ڕەوایەدا لەلا گرنگ نەبێت. شەو ڕاشکا و هەوا ساردتربوو، هەور ئاسمان و زەوی داپۆشیبوو، سەرتاپای جیهان نوقومی تاریکییەکی سامناك ببوو.، هەندێکیان نووستن، ئاخر چەند ڕۆژ و شەوان بەڕێگاوە ڕۆیشتن، بیٚنوان[100] و بیٚ پێخۆر[101].، خۆراکی سووك و باری گران پیاو دەهاڕیٚ، بەوە چاك بوو ڕۆژی پێشتر، لەم بەری پردەکەوە، سووکە پشوویەکمان دابوو، سەرخەوێکمان شکاندبوو، هەڵترووشکانیش لە سەر زەوی تەڕ و تەزیودا بە درێژایی شەوگارێکی سارد و سڕ و ترسناك، پیاو گۆد دەکات، کاکەسووریش

[100] بیٚ شوێنی نوو ستن و حەسانەوە.

[101] شتێکی باش کە لەگەڵ نان بخورێت.

لەسەرمانا میزی بۆ رانەدەگیرا و چووڕە میزکەی گرتبوو، ناوە ناوە بە زگەخشکە و بە گەوزدان  یەك دوو هەنگاو دوور دەکەوتەوە و دەهاتەوە.

شەوێك چاوەڕوانی کردن، چاوەڕوانی مەرگ؟ یا چاوەڕوانی وەدەست هێنانی پیرۆزیی و شکاندنی کەڵبەی خوێناویی دڕندە ؟ پاراستنی ئابڕوو و پیاوەتی،خاك، هەبوونی خـــــۆم، بەرگریکردن لە مرۆڤایـــــەتی مرۆڤ... چاوەڕوانییەکی دوور و درێژ و نەبڕایەوە.

ڕەوڕەوەی شەوگار زۆر گران و لەسەر خۆ دەسووڕا، لەگەڵ کازیوەداندا، هاوڕێکانم بانگ کردن، یەك و نانی کوردیمان بە مێوژەوە خوارد، لەلای ڕۆژ هەڵاتەوە سوپای ڕووناکی وردە وردە لەشکری تاریکی ڕادەماڵی.

کات درەنگ بوو، هەستی گەڕانەوەیان نەبوو، کاتەکەش بەشی لێدان و کشانەوەمان ناکات. ڕووناکتر دابێت ئێمە دەروەستیان نایێن. هەر بەناو کەمینە. لە ڕاستیدا هێزێکی تەواوە. ئەگەر پێش دابەزینی ڕمی زەردی خۆر بۆ لووتکە سەر کەشەکان دەرنەچین، دواتر دەربازنابین.

دەبێ لە نزیك کەوتنەوەی کـــــــاروانەکەمان ئاگـــــادار بووبن؟ هەستی پەڕینەوەمانیان کردبێ؟ دەبێ بۆسەکەمان ئاشکرا بووبێ و بەئەنقەست خۆیان دوا بخەن، تا ڕووناکتر دابێ؟ هەر چۆنێك بێ ئێستا ئێمە زۆر بەپەلەینە، کات خێرا دەڕوا و ئەوانیش لەسەرەخۆ. هێشتا گورگ و سەگ بە تەواوی لە یەکدی جیا نەدەکرانەوە کە دەنگی پۆستاڵی پێیان لە دوورەوەڕا بیسترا، تا دەهات دەنگەکان زۆرتر دەبوون و نزیکتر دەکەوتنەوە، چەند تارماییەك، یەك بەدوای یەکدا، لە شەقامەکەوە بۆ بەردەممان هاتن، دەنگی پۆستاڵ و غەڵبە غەڵبێکی زۆرتر لە دوای ئەوانەوە هات، هەلەکە بەم چەند تارماییە لە دەست بدەین؟ ئەگەر

زۆرەکان لە دوورەوە هۆشیار ببنەوە، خۆیان دەگەیننە پەنا بەردەکان، دەروەستیان نایێن، بەڵکو ئەوان چارەی ئێمە دەکەن! چونکە سێرە ناگیرێ، بۆیە هەر یەکەم دەستڕێژمان کاریگەرە، مەگەر مەرگ بەپێی خۆی بیانهێنێتە بەر لوولەی تفەنگ و مەودای نارنجۆك. دەبێ دەستیش بەتەقەمەنییەوە بگرین.

تارماییەکانی پێشەوە تاك تاك و دوو دوو بە بەردەممماندا تێپەڕین و کەوتنە پەنای پێچەکەوە، لە دوای ئەواندا دوو کۆمەڵە تارمایی، بەدوایاندا هاتن، کۆمەڵەی یەکەم هات تێپەڕ ببێ، بەڵام هێشتا لە مەودای نارنجۆك دەرنەچووبوون، کۆمەڵە تارمایی دووەم لە کۆمەڵەی یەکەم زۆرتر بوون، هاتن گەیشتنە ئەو شوێنەی کە ئێمە گەرەکمان بوو، یەکەم لێدان، بۆ هەردوو کۆمەڵە، بەکۆمەڵ نارنجۆك باران کردن بوو، بە تەڕدەستی ڕێژنەی گوللە لە پێنج لوولەوە ڕووی تێ کردن، دەنگی تەقە و هاشەی دەنگ دانەوەی، لەم دۆڵ و چیایەدا بەشەپۆڵ دەهات و دەچوو، هەرشاخە و دەنگەکەی دەقۆزتەوە و بۆ شاخـــێکی دیکەی ڕەوانە دەکردەوە، کەسیان بەپێوە نەمان تەقەیان پێ نەکرا، ئەوەی نەیویست بە گوللەی گەرم ساردبێتەوە لە تاوی مردن لە شاخە هەڵدێرە هەزار بەهەزارەکە خۆی فێرە فڕین کرد، لەلای بەشی دواوەی بۆسەکەمان، زرمە و لێدان بوو، هاوار و قیژە و پاڕانەوە، دەستی پاشـــای مردنـــــــی سارد دەکـــردەوە، لەلای سەنگەری پاسدارەکانیشەوە، گوللەی ئاگردار بە ڕیزە و بە تاك، پۆڵە پۆلووی گەشی ئاگرین و باڵداربوون هەڵدەفڕین، بە هەموو لایەکدا دەپرژان... هێزێکی بژاردە و پرچەك و بە ژمارە زۆر، چەند ڕۆژ بوو زیندە خەونیان بە پاداشتی سەرکەوتنەوە دەدیت، بەڵام وەهایان لێ نەدرا تا بزانن چ هێزێکیان بەرامبەرە.

دەستەی دواوەی بۆسەکەمان شەقامەکەی بە درێژی و بەبەرینی خستبووە ژێر سایەی لوولەی چەکەکانیانەوە، تەزرە کوتی کوتابوویان.

تاریکایی بەهانای تاك تاکەی سەرباز و پاسدارەکانەوە هاتبوو، پەنای دابوون، ئەوانیش کوێرانە چەند موشەکێکی (ئار بی گی)یان هاوێشت ، بە بلێسە و ڕووناکی موشەکەکانیان جێگەی خۆیان ئاشکرا کرد، خڕ، قڕ کران. بڕێکیش بۆ لای پردەکە گەڕابوونەوە، شێتانە تەقەیان بۆ هەموو لایەك دەکرد، ئەمەشیان بۆ ئێمە بەپارە بتکڕیبوایە وەها ڕێك نەدەکەوت، چونکە سەربازگەکەی وەها تێدەگەیاند کەوا تەڵە دوو کەوانەکەی کەمینەکەیان، نێچیرێکی قەڵەوی گرتووە.

لەپاش ئەوەی چەند هەنارێکی دیکەمان دەرخواردی کۆمەڵە تارمایی دووەمدا و لە بێخەم بوونیان دڵنیا بووین، بۆ کۆکردنەوەی دەستکەوت، دوو کەسمان شۆڕ بوونەوە، ئەوەی بەپێویستیان زانی و دەمانتوانی هەڵیبگرین، بەتایبەتی خۆراکی چەکەکانمان، هێنایان و سەرکەوتنەوە،

من و هاوڕێیەکی دیکەم بۆ کۆمەڵەی پێشەوە دابەزین. پێنج تەرم لەسەر شەقامەکە ڕاکشابوون، ناسنامە و باخـەڵەکانیانمان هێنان و یەك (ئار بی کەی) و دوو یەدەگـــــی (٧٥)ی خۆری پڕم هەڵگرت، سێ نارنجۆك و (غێدانیەك)[95] م لەبەر پشتێنی ڕانك و چۆغەڵ لەبەرێك دەرهێنا و خستمە بەرپشتم، جووتە شەوڕۆیەکی نوێ و نایابم لەپێی داکەند، بەڵام ڕانك و چۆغە نایابەکەی کون کون بووبوو، خڵتانی خوێن بوو، وا دیاربوو کە زۆری هەنار بەرکەوتبوو، پارەیەکی کاغەز، لەو پارانەی لە گیرفانی دابوون، خستمە ناو لەپی دەستی، تا بزانن ئەوەی لە پێناو پارەدا هەموو شتێك بکا، پوولیش گشت شتێکی پێ دەکا.

---

[95] جۆرە دەمانچەیەکی چواردە خۆری نایاب و بەناوبانگە.

کوشتن خۆی لە خۆیدا گەورەترین تاوانە، پەشیمانی وبێچارەیی بەدواوەیە، پەشیمانییەکی بێ سوودە، چونکە کە دەستکردی پەروەردگار دەکوژیت، دواتر بۆت زیندوو ناکرێتەوە، وام دەزانی مرۆڤ کوشتن تاوانێکە هەرگیز پاك نابێتەوە، کەچی بۆم دەرکەوت کە ئەو مرۆڤەی ببێتە کرمی هەناوی کۆمەڵ و پیشەی کۆمەڵ خواردن و بەکۆمەڵ کوشتن بێت، ڕەش بووە و چارەشی نەماوە، نەکوشتنی تاوانێکی گەورەترە، چونکە بە کوشتن نەبێ پاك نابێتەوە.

سەرکەوتینەوە، تەقە لە هەموو شوێنێك بڕابوو، جگە لە سەنگەرەکەی سەرەوە و لەلای پردەکەوە نەبێ. سێ جار، سێ تەقەی ئاسمانیم کرد، ئەو کاتەی کە هەستاین و بۆ شوێنی دیاری کراو ڕۆیشتین ڕووناکی پشتی تاریکی شکاندبوو، دەستەی دواوەی کەمینەکە بۆ شوێنی دیاری کراو نەهاتن ، وەخت ناوەخت بوو و لەسەر پشکۆی ئاگر دانیشتبووین، تا کاتی هەستانمان دەنگیان هەبووو! ئەمەش بەڵگەی ئەوە بوو کە هەموویان نەفەوتاون، کە تەقەش وەستا بەڵگەیەکە کە گەمارۆ نەدراون ! دەبێ شـــەهید و بریندارمـان زۆر بن و نەتوانن بیان گەیننە ئێرە!. پێنج هاوڕێ بە پەلە بۆیان دابەزینەوە، بەڵام هێشتا دوور نەکەوتبوونەوە، یەکێکیان گەڕاوە و گوتی:ـ وا هاتن، چواریان دەڕۆن، دوانیان بەکۆڵ هەڵگرتوونە، جا نازانم بریندارن یا شەهیدن.

کاتی لێدانەکە ئەستورایی هێزی دوژمن لە لای بەشی دواوەی کەمینەکەمان بوو، بەهۆی بلێسەی (ئار بی گی)یەوە زوو شوێنی دانیشتنیان ئاشکرابوو برێك لە هێزەکەی دوژمن، شوێنەکەیان دیاری کرد و ویستیان لە لای پردەکەوە بۆیان بسووڕێنەوە و پشتیان لێ بگرن و گەمارۆیان بدەن، بەڵام مامۆستا (یادگار) زۆر هوشیار و زانا بوو، شوێنەکەی خۆی بەجێ هێشت بوو و بۆ ئەولا سووڕا بوو،

هەستی کرد بوو دوژمن دەیەوێ ملە بەرزەکەی پشتەوەیان لە دەستە چەپەوە بگرێ، ئەوکاتە پشتی بۆسەکەمان دەشکا و کوشتن یا گرتنمان مسۆگەر دەبوو .بۆیە پتر بۆیان چووبووە پشتەوە و چەندین ڕستەی بۆ ریز کردبوون، بەڵام کە دەزانێ بە درێژبوون و دانیشتنەوە ناتوانێ بەسەریاندا زاڵبێ. ئەگەر چەند هەنگاوێکی دیکەش دوژمن سەر بکەوێ، ئەوا ئێمە ژێر دەکەوین، بۆیان هەڵدەستێتە سەر پێیان و گوللە بارانی کردبوون، ئینجا هاوار دەکات :ـ کوڕەگان بوومە قوربانتان، ئەگەر ئی شوێنە بەرزە بگرن کەزتان قورتار نێود...

شێرزاد و هەڵۆ بە لە سەر سنگ خشین و بە خشکە کردن، خۆیان گەیاندبوێ، بەڵام کار لەکار ترازابوو، جوولەی تیا نەمابوو، لەسەر پشت ڕاکشابوو، خوێن لە سەر و تەوێڵیەوە بۆ ناو چاڵی چاوی بە سەر ڕوومەت و سمێڵی، بۆ ناو دەمی، بۆ گەردەن و قۆرتە ملی هاتبووە خوارەوە، لە پشتێن بەسەرەوە، پازدە گوللەی پتر بەر کەوتبوو. هەریەك بەلایەکدا خۆیان گەیاندە ڕەوەزە شاخەکەی ئەولاتر، لە کاتێکدا دوژمنیان دایە بەر ڕێژنەی گوللە سەربازەکان چەواشە ببوون، زۆریان بەڕاکردن دادەگەڕان، کەمێکشیان بەپەشۆکاوی بە هەورازەکە هەڵدەزنان، شێتانە گوللەیان بە پاش و بە پێش و بە ئاسمانەوە دەنا. چەند ڕستەی دیکەیان بۆ ڕەوانەکردن، ئەوەی توانای ڕاکردنی مابوو، سەرەو لێژ باڵی دەگرت، وەك بێچووە سووسکان خۆیان حەشاردەدا.

لە ژێرا، کۆمەڵێك چەکدار، هەڵۆ و شێرزادیان گوللە باران کرد. ویزەی گوللە و پڕوشکە بەرد و تۆز و خۆڵ و بۆن بارووت لە هەموو لایەکەوە دەباری. هەڵۆ هەستی بە بروسکێك کرد، دەستی ڕاستی گران بوو، پەنجەی سەر پەلاپیتکەی بۆ نەدەجووڵا، بەدەستی چەپی، باسکی ڕاستی بەرزکردەوە، خڕەی ئێسکی شکاوی جومگەی ئانشکی بیست، تەزوویەك بەگیانی داهات، بەری دەستی چەپی، لە

پێستی سنگ و کەلەکەی ڕاستی خشاند، هەستی بەتەڕایی و گەرمایی کرد، دەستی هێناوە پێشەخۆی، تێی ڕووانی، خوێن لە دەستی تکاوە، موچڕکێك سەرتاپای گیانی هەژاند، هۆشی هاتەوەبەر، سەیرێکی ناو تاوێرە بەردەکانی دەستە ڕاستی کردەوە، سێ سەری جامانە بەسەری بینی، زۆر نزیك کەوتبوونەوە، بەڵام جێگەیان نزم بوو، بەدەستی چەپی نارنجۆکێکی دەرهێنا، بە ددان ئەڵقەکەی ڕاکێشا، بۆی فڕێ دان، هێشتا نارنجۆکەکە نەتەقیبۆوە دەسرێژێکی دیکەیان بۆ شێرزاد کرد، ڕووی لوولەی کردە شوێنی سەر بەجامانەکان، بەبێ سێرەگرتن[103]، بەدەستی چەپی، کە پێشتر تەقەی پێ نەکردبوو، یەدەگەکەی تەواو کرد، یەدەگێکی کەی خستە سەر تفەنگەکەی، لەو کاتەدا، لە دواوەڕا، چەند نیوە ڕستەی دیکە بۆ شوێنی سەرباز و سەر بە جامانەکان بەڕێ کران، بێ دەنگ بـــوون. کە هەڵگورد گەیشتە لای هەڵۆ، شێرزاد لەسەر سك ڕاکشابوو، بەپێ سمکۆڵی لە زەوی دەکرد، هەردوو چنگی لە خاك گیر کردبوون، قەپی گەورە گەورەی لە خۆڵەکە دەدا. نازانم نە لە سەرەمەرگدا بەخاکەکەی دەگوت : ـ ناتوانم فەرامۆشت بکەم، بەخواردن نەبێ لێت تێر نابم؟ یا لە تاو ژانی گیان کێشان پەنای بۆ خاکەکە دەبرد و وای دەکرد..

هەڵۆ بە پەنجەی دەستی چەپی هێمای بۆ شوێنی تەرمەکەی یادگار کرد، هەڵگورد چاوی سەرنجی لە هەڵۆوە بۆ شێرزاد، ئینجا بۆ شوێن نیشان کردنی پەنجەکە گواستەوە، بە دوو دەست بانگی یەکێکی دواوەی خۆی کرد، بەدەم، بە قورگێکی وشك و بە زمانێکی گران و بە دەنگێکی شەکەت و گەڕ گوتی:ـ تۆ ... چۆنی؟

— نازانم ! دەزانم باسکم شکاوە ، پیل و لا ملم سڕە.

---

[103] بەبێ نیشان گرتن.

– تا زووە دەبێ بڕۆین ! دەتوانی بە پێی خۆت بڕۆی؟

– وابزانم دەتوانم ،یا برینەکەم هێشتا گەرمە یان زۆر سەخت نییە.

یەك و تەرمیان هەڵگرت و بە کووڕە کووڕە بە هەورازەکە هەڵگەڕان.

چۆن خۆمان دەرباز بکەین؟ ئەگەر هێزی گورگ و شێرت نەبێ دەبێ فڕوفێڵی ڕێوی بزانی.

دوژمن، رانك و چۆغە لەبەری وەهای ڕاگرتووە کە بازاڕی سەگی پۆلیسی مەشق دراوی شکاندبێ، بە دڵۆپە خوێنی بریندارێك، بە وەرگەڕانی بەردێك، بە شکانی زلەپووشێك، بە وەرینی گەڵای پنچکێك ، شوێن پێمان هەڵدەگرن و دەمان دۆزنەوە.

مانەوەمان لە جێگەی خـۆمان، چاوەڕوانی مەرگە، خۆکوشتنی بە ئەنقەستە. ڕۆیشتن و ملنانمان بۆ ڕووتەن و دەشتاییەکەی ئەو دیو ! شەڕی خۆتریێن و دوژمن بەخۆ خۆشکردنە. گەڕانەوەمان بۆلای پردەکە ! تۆڵە دانەوەی سەربازە هەڵوەریوەکانە. چارەمان ؟ هەر ئێستا یا پاش کەمێکی دیکە دوژمن وەك پوورە زەردەواڵەی هارکراو، دەوروژێ و دەردەبێتەوە.

ئەگەر ترس و تەنگەتاوی چەواشەت نەکەن، زیرەك و ئازاتر دەبی. باشترین چارە کە بکرێت لەکات و شوێن و هەل و مەرجێکی وادا، ئەوەبوو کە کردمان، یا بڵێین ڕێکەوتێك بوو، یان هات و نەهاتێك بوو بۆمان هات. بە خوێنی بریندار و هەندێك شتومەکی شەهیدەکان وامان پیشاندا کەوا ئێمە بە هەورازەکەدا سەرکەوتووین و بۆ ئەو دیو ڕۆیشتووین بۆ پتر تەفرەدانیان، لە سەرەوەتر چەند فیشەکێك و هەندێك دەستکەوت، کە بۆمان هەڵنەدەگیران، جووتە کۆنە پێڵاوەکەی هەڵگورد کە پێڵاوەکەی ڕانك و چۆغە لەبەرەکەی کردبووە پێی، پاکەتە جگەرەیەکی بەتاڵمان لەتەك گابەردێکا فڕێدان و بە خێرایی باشووکە دۆڵاو دۆڵ تلوور بووینەوە. هەڵگورد گران ببوو، بەڵام هێشتا ترسی لە ئازاری

پتربوو، بۆیە لە ڕۆیشتن نەکەوتبوو... بەڵام یادگار... شێرزاد... ئاخ خ...ئاخ... ئێوە بە دوو کەس ئێمەتان سەرفراز کرد. ئێمە بە چواردە کەس چۆن ئێوە دەرباز بکەین؟! بەجێ هێلانی تەرمی شکۆداری شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری، لە مەیدانی جەنگدا، بەجێهێلانی ئابڕوو و ئازایەتی و مەردایەتییە، بێ ئەمەکییە، دەست بەردانە لە ڕاستی و ڕەوا پەرستی، شەرمەزاربوونە لە ئاستی هاوڕێ و هاوبیر و خزم و خێزانی شەهیدان، بۆ دۆست و دڵسۆزانمان کەمایەتییە. بۆ دوژمن و نۆکەرانی شایی و لووتبەرزی و خۆ هەڵکێشانە، شەهیدەکانمان جوانە مەرگانی کاروانی ڕێگەی سەخت و دژواری ڕەوا پەرستی ژیانن، ئەستێرەی ورشەداری ئاسمانی خەبات و کۆڵ نەدانن.

مامۆستا یادگار! مرۆڤی ڕۆژی ئەمڕۆی کورد و مرۆڤایەتی بوو، ڕەوشت پاك و دڵ فراوان، پیاوی ڕۆژی تەنگانە و لێقەومان، دۆستی دۆست و دوژمنی دوژمن بوو، تێر بڕوا و پڕ توانا بوو، دەیفەرموو ((گوللەی ستەمکار مرۆڤی بەباوەڕ نابڕێت، مرۆڤ کە هەر دەبێ بمرێ، بۆ بەمل شۆڕی و بە ڕوو زەردی بژی؟ بۆ لە پێناوی ئامانجێکی پیرۆز، بەسەربەرزی و بە ڕووسووری سەرنەنێتەوە)) مامۆستا یادگار ! کەسوکار و پشتیوانی ئێمە بووی، دوژمن تۆقێنەر و بەسام بووی، لە پێناوی ئامانج و بیروباوەڕا لە خۆبوردو و گیان لە سەر دەستبووی، گەورە و خزمەتکاری هەموومان بووی، ئێوە نەبوونایە، یەکێکمان دەربازبوونی نەبوو، زۆر دڵنیام کەوا ئێوە هەتا هەناسەتان هاتوچۆی بکردایە، هەرگیزاو هەرگیز هەڤاڵێکی خۆتان لەم ڕێگەیە بەجێ نەدەهێشت. ئێستا چیتان بۆ بکەین؟ تەرمی (١٤) کەسی دیکە لە پێناو تەرمەکانتان بدەینە دەست دوژمن؟ کۆست کەوتنەکەمان گەورەتر دەبێت، چارمان ناچارە... تا لە دەرفەتێکدا بتوانین دەربازتان بکەین، یا بەلایەنی کەمەوە بۆئەوەی تەرمەکان نەکەونە دەست دوژمن و ئەو ئەتکیان نەکات و کینەی دڵی گڵاوی خۆی بە تەرمەکان دانەڕێژێت. هەر تەرمە و بە

پشتێنەکەی خۆی، لە بەردێکمان پێچان و خستنمانە ناو ئاوی گەوەڕێکی چەمەکە، خوێن ئاوەکەی سوور کرد، خوڕەی ئاوی چەمەکە بوو بە ئاوازێکی غەمگین، سەردولکەیەکی بەسۆزبوو، شەهیدێکی بێ نازی دەلاواندەوە.

خوێنی خەباتی ڕزگاری خوازانی ئەم نیشتمانە بێپشتیوانە، خاك و بەرد و ئاوی ئەم ولآتە ستەم لێکراوەیەی ئاڵ کردووە.

مامۆستا یادگار! ئەگەرچی دەستی زۆردار، خەزانی مەرگ، لە ناوەخت و بە ناڕەوا، گوڵی ژیانی ژاکاندی. بەلآم گولآوەکەت ئاوێتەی هەموو نێرگز و گوڵ و کلۆوکێکی سەر ئەم خاکەیە. لەگەڵ باران تێکەلآودەبێ، هەرچەندە شەپۆلی نەپساوەی ڕووبارێك دەبینم، خەبات و کۆڵ نەدانی تۆم دێتەوە یاد.هەرچەندە هاژەی نەبڕاوەی چەمێك دەبیستم، بە هاوار و هاندانی تۆی دەزانم.


کاکە یادگار. ! تۆ گولآوی! تۆ دەنگی، تۆ ڕەنگی، تۆ گیانی ئاشتی و لاشەی جەنگی... تۆ درەختی گریانی گوڵی پێکەنین دەگری، تۆ کێڵگە و تۆ و بارانی. تۆو بەهۆی خاك و ئاو و بارودۆخێکی لەبارەوە چەکەرە دەدات، چەکەرەکەش دەبێتە ڕەگ و قەد و گەلا، ڕەگ بە ناخی خاکدا دەچێتە خوارەوە و لەگەڵیا تێکەلآو دەبێت و لێی جیا نابێتەوە، قەد:گەلا و گوڵ دەردەکات، گوڵ دەبێت بە بەر، بەریش دەبێتەوە تۆو ! !. خاك: ولآتە. ڕەگ و قەد و گەلا : گەلە.

گوڵ: خوێنی ئاڵی شەهیدانە. بەر: سەربەستی گەل و نانی ڕەنجدەران و ئازادیی نیشتمانە...



# ٨- پەڕینەوە





پتر بەرەو سەربازگەکە شۆڕ بووینەوە و تەواوێك لە شوێنی پێشومان دووركەوتینەوە، بەڵام هێشتا شوێنەکە گومانی پشکنینی لێدەکرا، بۆیە باشترین چارە ئەوەبوو کە بۆ ئەو بەر بپەڕینەوە، چونکە ئەگەر لە سەربازگەکە نزیکتر ببینەوە، گومانی پشکنینی لێ ناکرێ، بەڵام چۆن بپەڕینەوە خوڕگەکە زۆر خوڕە، هەتا بە خۆو بە بریندار و چەك و کەرستەوە دەپەڕینەوە و بەناو لێڕەوارەکە هەوراز دەبینەوە، دەبێ ئاشکرا نەبین !

لە ناو منداڵانی (غ.) دا باشترین مەلەوان بووم، زێی (غ.) زۆر زۆر لەو رووبارە گەورەتربوو، بەبێ پشوودان چەند جار ئەوبەر و ئەمبەری زێیەکەم دەکرد ، ئێستا بابپەڕینەوە، لەم قووڵاییە هیچ دەستوەکەرییەکمان بۆ ناکرێت، دوایش چارەی هەورازەکە دەکەین. بێ چارەییە یان تێ دەچین یا دەردەچین. پرسیم:ـ چەند کەستان بە باشی مەلەوانی دەزانن.

سێ کەسیان گوتیان :ـ مەلەوانی دەزانین.

هەڵۆ لە کەنار ئاوەکەوە لەسەر چیچکان بوو، بە گۆلمی دەستە ساخەکەی ئاوی دەخواردەوە و گوتی:ـ من مەلەوانی باش دەزانم، بەڵام ســەرما و خوێن لێبەربوون برستیان لێ بڕیوم.

(بەدەستی چەپی باسکی ڕاستی گرت، نیوچەوانی ئازارێکی خەستی لێدەتکاوە، پتر گوڕی دایە بەر خۆی، خۆی ڕاست کردەوە) :ـ کەمێك یارمەتیم بدەن دەتوانم بپەڕمەوە.

لەم لاوە شێخۆ گوتی :ـ بەخودای سەرم ببڕن، ئەمن ناوێرم لەم ڕووبارە هاروهاجە بدەم، من لە ناو ئاودا سەرم دەســووڕێ، چاوم ڕەشکە و پێشکە دەکات. پتر لە مامۆستا کرمانج نزیك کەوتەوە بە پاڕانەوە گوتی :ـ مامۆستا

کرمانج ئەگەر تۆ ڕازی ببی، ئەمن لە ناو ئەم بێشەڵان و قامیشانەدا خۆم حەشار دەدەم، هەتا دێنەوە ئەمن لێرە چاوەڕوانتان دەبم. خۆ هیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە، هەر دەبێ بێرە دابێنەوە.

شێخۆ لە ژێرەوە بە مۆنی چاوەڕوانی وەڵامی کرمانجی دەکرد، بەڵام ئەو گوێی پێ نەدا، لەگەڵ ئاوەکە بە پەلە کەمێکی دیکە بەرەو خوارتر ڕۆیشتن:ـ

ئێرە پەنایە بۆ پەڕینەوە و سەرکەوتنەوە زۆر باشە.

چەکەکەی لە سەر بەردێك دانا، جلکەکانی داکەندن، گرمۆڵەی کردن، پاشان تفەنگەکەی بڵند کرد و جلەکانی خستە ژێری، بۆ زانینی قووڵی ڕووبارەکە خۆی فڕێدایە ناو چەمەکە.

ئاوەکە تا بڵێی ساردبوو و ئازار وەك شیرێکی ئاگرین، وەك خەنجەرێکی دەبان، تا دەگەیشتە سەر ئێسك دەی بڕی و دەی سووتاند، تا ئەو بەر بە مەلە و بەپێ ڕۆیشت و گەڕایەوە. کە لە ئاوەکە هاتە دەرەوە ئاو لە کورتە دەرپێ بۆر و درێژەکەی دەچۆڕایەوە، تەقەتەقی ددانی دەهات، بەلەرزەوە گوتی:

پەڕینەوەمان ئاسانە، بەرینی قووڵی ئاوەکە لە چوار مەتر پتر نابێت، ئەوی دیکەی پیاو دەتوانێ بە پێ بڕوا، ئاوەکە هەر دەگاتە سنگتان.

ئاوڕێکی بۆ لای سەرەوەی ڕووبارەکە داوە و گوتی:ـ دەی زۆر بەخێرای دوو سپییە چناری ڕاست و گەورە بێنن، لەو دارە درێژانەی ناو چەوەکەی ئەم پێچە، کە ئێستا بەلایان داهاتین، درێژییان نزیکەی پێنج تا شەش مەترە دەبێت.(لەکاتی ئاو هەستاندا ئەم دارانەیان بە ڕووبار گواستیتەوە و ئاو لای داون) دوو داری دیکەش بێنن کە لە باسکی من ئەستور ترین.

ڕووانییە باسکەکانی خۆی، هێشتا لە لەرزین نەوەستابوون:ـ نزیکەی مەترێکیش درێژ بن.

چوار کەس لەوانەی مەلەوانیان نەدەزانی، بەڕاکردن ڕۆیشتن، ئەویش بەچاو لەگەڵ چوار کەسەکە ڕۆیشت :

بەخوا شتێکی باشە! دەتوانین چەك و کەرستەکانمان بەبێ تەڕبوون بپەڕێنینەوە. کوڕینە ئاوەکە بەفراوێکی ڕووتە. هەتا بە مەلە، نامەلەوان و کەل و پەلەکانمان دەپەڕێنینەوە خوێنمان دەمەیی.

بە راکردن دارەکانیان هێنا :ـ پشتێنی کێ نوێ و درێژە!.

یەکێکیان:ـ مامۆستا چیتێ[١٠٤] من هەندی برێی[١٠٥] درێژە.

کابرا زۆر بە مووڕی سەیری شێخۆی کرد و دوبارە گوتی :ـ وەلا حەزێکەی کەرێی پێ وەپەڕێنەوە، تورمپێلی پێ ڕابکێشە و لێی مەترسێ. ئەوە پیرە داکێ لۆ ناردیمە.

دوو دارە درێژەکانیان لە تەك یەك درێژکردن، دارێکیان لەوی دیکەیان ئەستورتر و درێژتر بوو، تەنگبەند[١٠٦] و فیشەك دانەکانیان[١٠٧] کردنەوە و دایان نان. پشتێنە درێژ و قایمەکانیان لە پشت کردنەوە و خستنیانە سەر دارەکان.

کرمانج :ـ دوو دارە درێژەکە، وەك داری پەیژە، لە تەنیشت یەك جووت بکەن، بەلأم لە هەر دوو سەر نزیکەی پێیەك لە یەکدی دووربن.

---

[104] پشتێن، پشت بەند، پژدێن.

[105] بلێی.

[106] (نطاق) پشت بەست.

[107] ڕەختەکانیان.

هەر بەخۆی قونکی ئەستووری دارە گەورەکەی ڕاکێشا، هەتا هەردوو سەریان جووت بوون، دارەکەی دیکەی وەرگێڕایەوە سەر بارەکەی دیکەی، دەستی دایە دارێك لە دارە بچووکەکان.:

دەی کاکە باندڕ ! تۆش ئەم دارە بچووکە لەو سەریان ببەستە.

دارە بچووکەکەی وەك پایەی پەیژە لە دوو دارە گەورەکە بەستا. قونکە ئەستورەکە بەتەنها مابۆوە، نواڕییە ئەوسەری دارەکان، هەردوو لەپی دەستی خستە سەر هەردوو دارەکان و لە سەریان دانیشت، سەری بڵند کرد، هەردوو چاوی لە دار پەلگێکی قەراخ ڕووبارەکە گیر بوون، چاوەکانی پتر کردنەوە:—

نا ... نا کاکە باندڕ زوو بیکەوە!. دوو سەرەکەی لای خۆی جگە لە بەدار بەستنەوە، پشت بەستەکەشی چەند جارێك تێئاڵاندنەوە، هەستایە سەر پێیان و بەسەر دوو دارەکە کەوت، دوو هەنگاو بەسەریاندا ڕۆیشت، لە دارەکان دابەزی

:— وەرن ئەم دوو دارە بەستراوە لەم دار پەلگە هەڵکێشن با پەڵگەکە بکەوێتە نێوانیان ئینجا لەوبەری! با کاکە باندڕیش ئەو سەریان ببەستیتەوە! دەی باش مەلەوانەکان! پشتێنەکان و دارە بچووکەکە ببەنە ئەوسەری! زۆر بەپەلە! بەڵام بەباشی و بەتوندی سەری دوو دارەکان وەك پەیژە ببەستنەوە.

دوو دارەکەیان کشاندنەوە و دوو سەرە نەبەستراوەکەیان هێنا و خستیانە ئەملاو ئەولای دار پەلگەکە و بۆ ناو ئاوەکەیان ڕەوان کردن، سەری دوو دارەکانیان لە پایەی پەیژەکەوە، بە پەلگەکە بەستەوە، بەردێکی خستە ژێر سەری دارە کورتەکە:ـ

با لەناو ئاودا جووڵە نەکات، ئیدی دانا بەزی. تا ئەوان لەم کارە بوونەوە، دوو مەلەوان بەخۆ و بەپشتێنەکانیان و بە دارە بچوکەکەوە لەو بەری تەنکاوەکە

ڕاوەستابوون، یەکێکیان لە ملی بەرەو خوارێ نوقمی ئاو بوو بوو، هەردوو دارەکانی خستبووە سەر هەردوو شانی، ئەوی دیکەیان لە پاشتر، لەلای ژێری دارەکان بوو، لە گەردنی بەرەو ژووری دیار بوو، دارە بچووکەکەی لە نزیك کۆتایی هاتنی هەردوو سەری دارەکان وەك پایەی نێردەوانە دەبەستاوە،ئەویش زیادەی پشتێندەکەی لەگەڵ دارە بچووکەکە بە دارە ئەستووروکەوە گرێدا، سەرێکی پشتێنێکی دیکەیان لە دارە درێژە ئەستوورەکەی لای سەرەوە، لەو شوێنەی بەدارە بچووکەکە لەگەڵ دارەکەی دیکە بەیەکدیەوە بەسترابوون بەستەوە و سەرەکەی دیکەی پشتێنەکەیان لە ناو تەنکاوەکەدا لە گابەردێك ئاڵاندا و توندیان کرد و گرێیاندا، سەری دارەکەی لای ژێری نەبەسترابۆوە، باندڕ بۆ قووڵایی ئاوەکە هات، تا گەیشتە ئەو قووڵاییە کە دارە گەورەکە لە ناو ئاودا کەوتە سەر شانی، زیخ و چەو لە ژێر پێیدا دەڕۆیشتن، ئەویش پتر نقوم دەبوو، کەمێکی دیکە بەرەو لای تەنکاوەکە گەڕاوە ، پێی کەوتە سەر تاتە بەردێکی پان و لووس، ئەوەی دیکەیان کەمێك بێ بالاّتربوو، لە نزیك کۆتایی دارەکانا چووبووە ژێر داری دووەمەوە ، کرمانج چەك و فیشەك و جل و بەرگی خۆی لەسەر بەردەکە هێنایە خوارەوە. چەند چەکێکی دیکەشی خستە سەریان، کردنیە پشتییەك [108]، بە پشتێنێك بەستایانی، لە پێشیان دانیشت، هەردوو سەری پشتێنەکەی لە پشتەوە بۆ پێشەوە بەسەر شانی داهێنا و بەژێر باڵیدا بردنیەوە دوواوە، دواتر گوتییە هاوەڵێکیان :ـ بۆم گرێ بدە ! بەلاّم زۆری مەکێشە باگەلێك توونندنەبێ، وابێ ئەگەر کەوتمە ناو ئاو بتوانم لە خۆمی دابماڵم. (گرێیدان) پشتییەکە بکە پشتم، لە گەڵما

[108] کۆڵە پشت، تێلەگە.

بەرزی بکەوە هەتا هەڵدەستمەوە. ئەوجا هەڵستایەوە و لە ژێر کۆڵەکەیەوە گووتییە هەڤاڵەکانی:

ئێوەش ئەوەی دەتوانێ و لە ئاو ناترسێ، با وەك من بکات و بەدوام دابێت. ئەوەندە هەڵبگرن بتوانن بەسەر دارەکاندا بڕۆن، ئەوەی دەتوانێ با بەپێیان بەسەر دارەکاندا بڕوات، یان لەسەر دارێکیان دابنیشێ و دارەکە بخاتە نێوان هەردوو ڕانی و بە دەست و بەکنگە خشکە...، هەرکەسە و بە گوێرەی توانای خۆی، مەترسن! ئەوی بەربێتەوە ناو ئاوەکە، مەلەوانەکان زوو فریای دەکەون و ڕزگاری دەکەن. ئەوەی کە ناشتوانێ ئێمە دەیپەڕێنینەوە بەڵام چەند پەلە بکەین هەر کەمە.

هات دەستی بەدار پەلگەکەوە گرت، پێی ڕاستی خستە سەر دارە ئەستورەکە، تەکانێکیداو سەرکەوت، دارەکە دانەبەزی و جوولەیەکی ئەو تۆشی نەکرد، لەسەر خۆ هەمان پێی بەرزکردەوە و هێنای خستیە سەردارەکەی دیکـە. ئەویش دانـەبـەزی، ((زۆر باشە)) سەیرێکی ئەو سەری کرد، دڵنیابوو کە دارەکان داناکەون. ملی بۆ خوارەوە شۆڕ بووبۆوە، پشتییەکەی وەك کۆپارەی[109] حوشتر بەسەر پشتیا بەرز ببۆوە، بەهەنگاوی بەرین و کورت کورت ڕۆیشت، جار جار شەپۆلی ئاو بە سەر دارەکان دەکەوت، یا لە کاتی پێ داناندا دارەکان کەمێك نزمتر دەبوونەوە، یان لە ناوەڕاستی رووبارەکە دارەکەی لای ژێرەوە شلکەی دەکرد و ئاو بەسەریا تێ دەپەڕی، ڕێی ترسناك و باری گران یادگارەکانی هاوینانی ناو گەنم فرۆشان و گونییە گەنم بارکردنی هێناوە یاد. لەبەر خۆیەوە:ـ ئەگەر ئەوەندە

109 سنام

بەپەلە نەبواین، ئەوا چەند پایەی دیکەم بۆ دەکرد و دەبووە پەیژەیەکی تەواو ئینجا هەموویان بە ئاسانی بەسەریدا تێدەپەڕین.

کە گەیشتە ئەوسەری، لەسەر دارە بچووکەکە دانیشت، دەستی ڕاستی خستە سەر شانی چەپی باندڕ، پێیەکانی بۆ ناو ئاوەکە شۆڕ کردنەوە، بە ئاسپایی لەسەر دارەکەوە بۆ ناو ئاوەکە دابەزی، جار جار شەپۆلی ئاو لە دەم و لووتە دابەزیوەکەی دەدا، ئاوڕێکی لە دواوە داوە- مەلەوانی سێیەمی بینی پشتیەك چەك و کەل و پەلی کردۆتە کۆڵی، خەریك بوو بەسەر دارەکان دەکەوت. ڕۆیشت تا لە ئاوەکە دەرچوو، لە بەردەکانیش تێپەڕی، پشتییەکەی پشتی بەئاسپایی لە سەر شاخە دڕەکە دانا، خۆی بە پشتدا شکاندەوە، باسکی لە پشتێنەکە دەرهێنا، هەستاوە، سەیرێکی دەوروبەر و ئاسمانی کرد، ڕۆژێکی گورگەزێ بوو، بایەکی سارد هەموو گیانی دەبڕی، مەلەوانی سێیەم هاتە وشکانییەکە و کۆڵە گرانەکەی دانا، کرمانج بانگی کرد :- زوو جلەکانت بکەوە بەرت، چەکەکەت ببەستەوە و بۆ ئەم بانە بڕۆ (بەدەست شوێنەکەی بۆ دیاری کرد) لەوێ لە شوێنێکی گونجاو بوەستە، لە ئێمەوە دیار بی و ئەوانیش نەت بینن، چاودێری دەوروبەرەکەمان بۆ بکە، یەکێکمان بەردەوام دەڕوانیتە تۆ، هەر کاتێك هەستت بەمەترسی کرد، نیشانەکەمان: جەمەدانیەکەت لە سەر سەرت بێنە خوارەوە و بە دەستیەوە بگرە، بەڵام ئاگاداربە! دەڵێی فسفۆڕە دەدرەوشێتەوە. کە مەترسی نەما، جەمەدانیەکەت بخەوە سەرت، (بی کەی سی) و (قەناسە)کەش با بۆ بانتر بڕۆن.

بەدەست بانگی چاودێرەکەی پێشتری کرد، کە لەوبەر لە نیو قەدی بەرزاییەکە وەستابوو، تا هاتەوە ناو ئاوەکە دوو برادەری دیکەیان پەڕیبوونەوە، یەکێکیان

گەیشتبووە وشکایی، ئەوی دیکەشیان لەسەر دارەکانەوە بۆ ناو ڕووبارەکە دادەبەزی، یەکێکی دیکەیان کە هیچی هەڵنەگرتبوو، زۆر بەترسەوە، لەو سەری دارەکان هەنگاوی دەنا و لاقی دەلەرزین ،

کرمانج گەیشتە لای باندڕ و گوتی: ـ باندڕ با زوو بیان پەڕێنینەوە، پتر لێرە گیر ببین ئاشکرا دەبین و دەفەوتێین، من بە مەلە دەپەڕمەوە، بایەکێك جێگەی تۆ بگرێتەوە، تۆش بەمەلەوانی وەرە ئەو بەر، چاوەڕوانی چۆل بونی سەردارەکان مەکە.

باندڕ:ـ ئەزبەنی! باڤی هەڤالێ سەر ڤێ دارێ بگاتە ڤێرێ، ئەڤ پیچەك ب هێزە، ئەڤانە دبێژی چویچکن، نەشێن ل ناڤ ئەڤ ئاڤە تەزییە ئەڤ دارانە ڕاگرن، با ب دوو کەسان ڕابگرن ))  ـ با بە دلا تو بێ سەیدا.

کرمانج باندڕی زۆر باش دەناسی و زۆری لە بارەیەوە بیستبوو.

## گوێ ڕاکێشان

باندڕ (لە ناوچەکەی خۆیاندا بە ئازایەتی و پشت و پەنا و تۆڵە سێنەرەوەی کلۆڵ و زۆرلێکراوان بەناو بانگ بوو، تا بڵێی پیاوێکی بە کەلەش و بە هێز بوو، لەگەڵ هەندێشدا تا بڵێی وریا و چاپوك و بە دەستوبرد بوو، لووتێکی بەرانانی و ڕیشێکی مــاش و برنـج و پڕ و درێژی هەبوو، کە ڕیشەکەی بتاشیایە دەیانزانی کەتنێکی لەژێر سەردایە، نیشانەشکێنێکی بێ هاوتا بوو، پڵنگ بوو، چەندین دەست درێژکەر و ڕێگری تێك شکاندبوون، لووتی چەند کوڕە سەرۆك خێڵی لووت بەرزی نزم کردبوو، ئەفسانەیەك بوو بۆ خۆی، سامێکی هەبوو، تەنها ناو هێنانی ترس و لەرزی دەخستە ناو دڵی زۆردارەکانەوە، چەند جار شتیان بۆ هەڵدەبەستا، بەیارمەتی چەکدارانی میری تەڵەیان بۆ دادەناوە، بەڵام ئەو قاڵبووی ئەم ژیانە و ئەم کردەوانە بوو، هەر لە مێرد منداڵیەوە پیشەی چەتەیی بوو، زۆر بەدەگمەن

له ئاوەدانی دەنووست، مرۆ ناسێکی بێ وێنەبوو بەبێ تاقی کردنەوە پشتی بە کەس نەدەبەستا، بۆیێ پەیان پێ نەدەبرد، خولە پیزە و سلێمان بیرێژی، وشیان لە ڕاست ئەودا بۆ نەدەکرا، .

جارێك لە تۆڵەی دەستدرێژی بۆ سەر پیاوێکی بێ دەست، پێنج فیشەکی جامبێزاری لە ژێر سەرینی[110] یەکە برا گەورەی(...) دانابوو و ماین و ئەسپەکانیشی لە تەویلەی بەرەڵڵا کردبوون[111]،

جارێکی دیکەش، بەڕێوەبەری ناوچەکە، هەڕەشە و گوڕەشەی زۆری بۆ ناردبوو، سوێندیشی لێخوارد بوو:ـ ئەگەر واز لەم کارە کرێتانە[112] نەهێنێ و ناوچەکەش بەجێنەهێڵێ، ئەوا سەری خۆی بەسێدارەوە دەبینێ.

بەڵام باندڕی چەمبەری گوتبووی :ـ ئەگەر دایکە دز و باوکی ستەمکاران تەمبێ نەکرێن، بێچووەکان واز ناهێنن.

سەرەتای پایز بوو، بەیانییەکی پێنج شەممە، جلکێکی ئاغایانەی کردبووە بەری، ڕدێن و سمێڵی پاك پاك تراشیبوو! لەگەڵ کردنەوەی فەرمانگەکە، لەبەر دەرگا پەیدا بوو، پەڕە کاغەزێکی لوولدراوی بەدەستی ڕاستەیەوە گرتبوو، لە چوار پایەی پەیژەی بەر دەرگا سەرەکییەکە سەرکەوت، بە لالووتێکەوە سلاوی لە پۆلیسەکانی پێش دەرگاکە کرد. بۆ لای ژووری بەڕێوەبەری ناوچەکە تێپەڕی. زۆر

---

110 سووکایەتی پێ کردنێکی زۆر گەورەیە، بەمانای تۆم کوشت بەلام لەبەر بێ دەسەلاتیت و کەمایەتیت بەزەییم پێتدا هاتەوە و ئەمجارە لێت خۆش دەبم.

111 ئەویش سوکایەتییەکی دیکەیە، یانی ئێوەم چەك کرد هەرچی بمەوێت لەگەڵتانا بکەم دەتوانم، ئێوەش بێ دەسەلاتن بۆیە ئەمجارە لێتان دەبوورم

112 ناشیرینانە

بەسەربەستی و بەبێ باکی گوتبوویە فەڕاشی بەڕێوەبەر بە (بەگ)ت بڵێ ئاغا دەیەوێ بێتە لات!.

بەردەستەکە خێرا چووە ژوورەوە، پاش چەند چرکەیەك، خێراتر هاتە دەرەوە، بەمل کەچی دەرگاکەی دوبارە کردەوە و فەرمووی بۆ (ئاغا) کرد، زۆر بەسەنگینی چــووە ژوورەوە، (بەگ پیاوێکی بێ بـالاَ و مل کورت و تەنگە ئەستوور و سەر رووتاوە و سمێڵ تراشراوی لووت زل و چاو دەرپەڕیو بوو، بەرغەبابە شۆڕ و گوێ بە گۆشت و ڕوومەت پڕ و گەنم ڕەنگ و خولق جۆ بوو، قاتێکــی شینی ئــاسمانی و کراسێکی سپی پات و ملپێچێکی سووری تاریکی لەبەردابوو.

وەك دۆستێکی فرە خۆشەویستی بێ و زۆر لەمێژ بێت نەیدیتبێت، گەلێك بەڕێزەوە و بە گورجی لەبەری هەڵستا و بەگەرمی و بە توندی دەستی گوشی، بەدەم زەردەخەنەوە، دەستی بۆ قەنەپەکەی بەرامبەری درێژ کرد :ـ فەرموون جەناب گەورەتان کردین*، زۆر زۆر کامەرانم بەدیدەنیت، گەلێك گەلێك بەخێر بێی سەر سەر و سەر چاوانم.

ئاغا دانەنیشت، کاغەزەکەی لە سەر مێزی (بەگ) دانا. بەدەنگێك کە تامی گلەیی و بۆنی تووڕەیی لێ دەهات گوتی:ـ فەرموو! ژبەر بێ دەسەلاَتیا میری و ژبەر ب دەسەلاَتیا باندڕە فەندی، ئاغا دبێت ئاغاتێی بجێ بهێلین.

---

* زۆرینەی فەرمانبەر و بەرپرسەکانمان، لە ئاستی هەژار و رەشوڕووتاندا گرژ و ترش و تاڵن، لەئاستی پایەدار و پارە دارانیشدا نەرم و رووخۆش و زمان شیرین و کارەکەرن ، کەچی بەرامبەر بەرپسەکانیان ماستاوچی و ملکەچن...

بەگ لە شـوێنەکـەی خۆی دانیشتەوە، لە کـاتێکا کە چاویلـــکەکەی دەکردە چاوی گوتی:ـ ئاغا پەلەتان نەبیٚ! چارەی دەکەین، بەسەری تۆی نازدار هەر هەندە بزانە بە پەل بەستراویت دیت (بەدەم پێکەنینەوە) مەگەر نازانن ئێمە کەروێشك بەعارەبانە دەگرین .

بەگ خەریك بوو کاغەزەکەی دەخوێندەوە، ئاغا بۆ تەنیشت مێزەکەی خشی، لە مێزەکە سووڕاوە، بەخێرایی چاوتروکانێك دەمانچە سوار کراوەکەی لە بەرپشتی دەرهێنا، بە جوولەیەکی نەبیندراو، بەدەستی چەپی، پڕی دایە گوێی ڕاستی بەگ، گوێی بادا و بەرزی کردەوە، بەدەستی ڕاستی، لوولەی دەمانچەکەی خستە ناو کونی گوێی ڕاستی، دەمی بە لوولەی دەمانچەکەوە نا، بە ئاسپایی گوتی:ـ ئەگەر دەنگیٚ تەبیٚ ئاند خۆ بلڤێنی، گیانیٚ تە دنێرمە جحەندەمیٚ، ئەز باندرم باندڕ... جارەکی دیکە پۆلیسۆکان نا کوژم، هاتیمە سەریٚ تە ببەم، باڤێمە بەرسا... ئەز کەڤریشکا ئاند تووتکا ب گوللا دگرم.

بەگ وەك بلێی بروسك لێی بدات، دڵی وەستا، هەناسەی نەما، دەستە کورت و قەڵەوەکانی لەگەڵ پەڕەکاغەزەکە بەربوونەوە سەر مێزەکە، ڕەنگی سپی بوو، بوو بە پەیکەرێك، جوولەی بۆ نەکرا، باندڕ گوێی بەگی بۆ خوارەوە ڕاتەکاند، لەسەر کورسییەکە دای نیشاندەوە :ـ ترسنۆك، چەوا دلەرزی، دلەرزی...

لوولەی دەمانچەکەی لە کونی گوێیەوە بۆ نێوچەوانی گواستەوە :ـ ڤیٚ جاریٚ تە ناکـوژم، ئەز بیٚ بەخـتییٚ ژ کەس ناکـەم، بەڵـیٚ ئەڤــی زۆرداریـــیٚ ژ هەژار و بەلنگازا بکا، ئەز بەرهەمیٚ زۆردارییٚ وی ددەمیٚ، ڤێجا وی خودای ژ هەنداڤیٚ سەرانە، ڤیٚ جاریٚ بەلاییٚ خۆ ژمن ڤەنەکەی بـ کوشتن نەبیٚ ل گەل تە ناکەم، ژبیرتە نەچی! ئەز باندرم باندڕ... بخۆ مێرا ڤەناسە، هەر گاڤەکی شولێت کرێت

و پیچ مەکرن، خوێنی من وەکە شیری دایکاوە لڤە حەلاڵ بێت، هەکە من نەکوژن گەردناوە ئازاد نبێت.

دەمانچەکەی لە نێو چاوانی بۆ بنا گوێی گواستەوە و گوتی:ـ ئەگەر هەنگ کارەکی کێم بکەن، ئەڤە ئەز دزانم سزاتان چ دبێت. (گوێی ئەوەندە بە توندی ڕاکێشا، وەختابوو بنا گوێی دابپچڕێت) ئەڤە دێچم پتر نامینم، بەرسیڤاتە چییە؟.

لوولەی دەمانچەکەی زۆر بەهێز لە کونی گوێی پەستاوە، بەگ زمانی بەسترا بوو، دەمی کلیل درابوو، قسەی بۆ نەدەکرا، سەریشی لە گوێیەوە وەك گاجووت بەرزەفت کرابوو، بەڵام بە هەر حاڵێك بوو سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند. گوێی بەردا، ڕووی لوولەی دەمانچەکەی لە بەگ کردبوو، پاشە و پاش تا دەرگا ڕۆیشت، دەمانچە سوارکراوەکەی کردەوە بەر پشتی. دەرگای کردەوە و چووە دەرەوە.

بەگ تا ماوەیەك نەی دەزانی، خەونە و مۆتەکە[113] سواری ملی بووە؟ یا ڕاستییە و باندڕی باندڕ خۆیەتی؟ هەستێکی لە خۆی ڕاگرت، ژانی گوێی بریسکەی دەدا.

چەکمەجەی مێزەکەی ڕاکێشا، دەمانچەیەکی چواردە خۆری دەرهێنا و لەتەك قەمەکەی سەر مێزەکە داینا، چوو دەرگاکەی پشت خاولییە هەڵواسراوەکەی کردەوە، گڵۆپەکەی داگیرساند، لە ئاوێنەکەی سەر دەسشۆرەکەوە نواڕییە خۆی، ئەوەندە سپی بوو بوو خۆی نەناسیەوە، گوێی ڕاستی وەك پەنگر گەرم و سوور هەڵگەڕا بوو، هاتەوە ژوورەکەی خۆی... چەند جارێك بە شپرزەیی ئەوسەرو ئەمسەری ژوورەکەی کرد. هەر منجە منجی بوو لەبەر خۆیەوە :ـ

[113] مێردە زمە ، گونە گیسکە.

باندڕ... باندڕ... باندڕی چی؟ بلّێ گورگی دڕ، بلّێ جەرگ و هەناسە بڕ، دەردی مەرگی لە پڕ. چوو دەرگای چوونە دەرەوەی کردەوە، سەری لە دەرگاکە بردە دەرەوە، مام فەرحۆی فەڕاش لەبەر دەرگانەبوو، پۆلیسە بێچەکەکان و خەڵکە کاغەز بەدەستەکان بە گورجی هەستانە سەرپێیان بەلاّم لەپاش چی!

((لەپاش ڕووت کردنیّ تاجی زێر لە سەری نێی...))

تەنها بەچاو، بە وردی سەرنجی ناو فەرمانگەکەیدا تا گەیشتە بەر دەرگای دەرەوە، باندڕ دیار نەبوو، بۆ ژوورەکەی خۆی گەڕایەوە، دەرگاکەی لە دوای خۆی پێوە داوە، چوو دەم و چاوی لە دەسشۆرەکەی شوشت، بەبیّ سڕینەوەیان هاتەوە ژوورەکەی خۆی، چەند جارێکیدی خێرا خێرا، ئەم سەر و ئەو سەری ژوورەکەی کرد، ئەم بەلاّیە بەڕاستی بەلاّیە... پەتایە، مردنێکی ڕەشە... پەنجەی بە پەلاپیتکەکەدا هێنابوایە ئێستا من مردبووم.))؟؟! لە شوێنەکەی خۆی هاواری کرد:ـ ئەم بەلاّیە بۆ کام لا ڕۆیشت...بەلاّی کام لایە....کام لا...

مام فەرحۆ بەخێرایی دەرگاکەی کردەوە و سەری بردە ژوورەکە و گوتی:ـ گەورەم بانگی (کامەلا) بکەم؟ هەنگوین و هەنجیرەکان بباتە ماڵەوە؟

گەورە چەند ترسابوو، دوو ئەوەندەش سەرسام بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی:ـ خۆ تۆش باندڕ سواری ملت نەبووە؟ نەنووستبووی تا مێردە زمە دەست بنێتە بێنە قاقاتەوە.( ژەنگی ترس دەنگی گڕ کردبوو) :ـ فەرحۆ وڕێنە دەکەی؟ شێت بووی؟ گاڵتە بەمن دەکەی؟ کامەلای چی؟ فەرحۆ :ـ نا نا ... گەورەم وڕێنە ناکەم. (پتر بۆ بەگ چووە پێشەوە و بە دەنگێکی نزم) کە ئاغا زەبەلاحەکە هاتە دەرەوە بانگی من و(کامەلا)ی پۆلیسی کرد و گوتی:ـ((وەرن لەسەر شەقامەکەوە دیارییەکی (بەگ)تان لە ئۆتۆمبیلەکە دابگرن.)) وا لەم بەرە،

لەتـەك ديـوارى نەخۆشـخانەكەيە تەنەكە هەنگـوينێك و سەوييە[114] هەنجيرێكە، حەمبالێكمان بە دياريەوە داناوە.

بەگ ئازارى گوێ ڕاكێشانەكەى لە نوێوە وەك سووڕى خوێن بەناو لەشيا سووڕايەوە، لوولەى دەمانچەكە لە كونى گوێيەوە دەيەويست بچێتە ناو كەللە و مۆخى، لەناو ميشكىدا دوبارە و سىێبارە دەبۆوە، چوو لەسەر كورسييەكەى خۆى دانيشتەوە، زۆر ماندو و پەرێشان بوو، هەندێك ئاوى بە دۆلكەكە خواردەوە

ـ مام فەرحۆ! كامەلا و پێنج پۆليسەكەى ديكە و فەرمانبەرەكانم بۆ بانگ بكە و بلێ هەر ئێستا هەموويان بێن، تەنها پۆليسێكيان لەبەر دەرگا بمێنێتەوە، نەهێلێت هيچ كەسى ديكە بێتە ژوورەوە، هەركەسێكيش هات با بلێ كۆبونەوەمان هەيە ....

فەرمانبەرەكان هاتن، لەسەر قەنەپەكان دانيشتن مام فەرحۆ و كامەلا و چوار پۆليسەكەى ديكەش بەپێوە ڕاوەستا بوون، بەگ لەسەر كورسييەكەى خۆى دانيشتبوو، بەدەستى ڕاستى، توند توند گوێى ڕاستى بەسەريەوە نوساندبوو، بۆ قورگ خاوێن كردنەوە ئحمێكى كرد و گوتى :ـ بەخێر بێن لەمێژ بوو دەمەويست كۆبونەوەيەك بكەين بەلأم وا ئێستا بۆمان ڕێك كەوت. هەندێك ئاوى ساردم بۆ ناهێنى مام فەرحۆ!

لە شوێنەكەى خۆى وەك شێرەكوللەى پفدراو هەڵدەبەزى و دادەبەزييەوە، مشە مشى ژوورەكەى پڕكردبوو بە چەند پارچە كلينكسێك دەم و چاو و سەرە ڕووتەكەى و بەر گەردن و پشتە ملى سڕيەوە. دۆلكە و پەرداخ لەسەر مێزى بەگ

---

[114] قەرتاڵەى گەورە كە لە شووڕى باريك و لووسى دار بى دروست دەكرا، لەبرى سندوقى ئێستا ميوەى تىێ دەكرا، ولأخ جووتە سەوييەكى پڕى هەڵدەگرت.

داندرابوو، مام فەرحۆ بە چووستی چووە پێشەوە، پەرداخەکەی هەڵگرت و بردیە ئەو دیو و هێنایەوە، لە دۆلکەکەی بەردەمی بەگ پڕ ئاوی کرد، دایە دەستی ((فەرموو گەورەم)) بەڕێوەبەر دەستی ڕاستی هەر بەگوێیەوە نوساندبوو، بەدەستی چەپی ئاوەکەی وەرگرت و خواردیەوە. هەموویان بە یەکەوە ((نۆشی گیانت بی گەورەم)) شەشاگرەکەی بە دەستی چەپی خستەوە ناو مێزەکەی و گوتی:ـ دەمەوێ ئەرکەکانتان بەڕێك و پێکی جێبەجێ بکەن و کاری هیچ کەسێکیش دوا نەکەوێت!.

گشتیان بە گومانەوە سەیری بەڕێوەبەریان کرد. بەڕێوەبەر پینەچییەکی لێهاتوو بوو، ئەوی مامۆستای دبلۆماسیەت نەبێ لەسەر ئەم جۆرە کورسییانە تەمەن درێژ نابێت، پینەکەی لە شوێنی خۆی کرد کە گوتی :ـ شتیان بۆ دروست کردووین. وەك زانیومە لیژنەیەکی پشکنین لە پایتەختەوە دێت (ترس هەموو گیانی دانیشتووەکانی شڵەژاندبوو) مەترسن! من دەستم دەڕوات، چارەیان دەکەم. بەڵام بەمەرجێك! لەگەڵ گۆ کردنی وشەی بەمەرجێك، دەستی ڕاستی بەخێرایی هێنایە خوارەوە و بۆ پێشەوەی درێژ کرد، بەڵام خێراتر گەڕاندیەوە شوێنەکەی خۆی. هەموویان بەشپرزەییەوە گوتیان:ـ تۆ چی بڵێیت و چی بەباش بزانیت ئێمە وا دەکەین، تۆ دەزانی چیان بۆ هەڵبەستاوین.

: ـ بەمەرجێك ئێوە فەرمانەکانی خۆتان بەباشترین شێوە بەڕێوەبەرن، کەس کەمتەرخەمی لە کارەکانی خۆی نەکا، هیچ کەس ئیش بۆ خاتر و خۆتر نەکات، بەهیچ جۆرێك دیاری و میاری وەرگرتن نابێ بمێنێت، هەتا ئەگەر جگەرەیەکیش بێت... تێگەیشتن یان دوبارەی بکەمەوە؟

کامەلا و مام فەرحۆ سەیری یەکتریان کرد. دانیشتووەکان بەیەك دەنگ :ـ بەڵێ... بەڵێ گەورەم تێ گەیشتین

بەگ بانگی کرد:ـ فەرحۆ! گوتتان ئەم ئاغایە تەنەکە هەنگوینێك و سەوییە هەنجیرێکی هێنا بوو. فەرحۆ و کامەلا :ـ بەڵێ گەورەم.

گەورە:ـ تەنەکە هەنگوینەکە بدەنە نەخۆشخانەکە، بەڵام بڵێ بەخۆیان نەیخۆن، بڵێ ئەمە دیاری بەڕێوەبەری ناوچەیە، تەنها بۆ نەخۆشەکانی ناردووە، سەوییە هەنجیرەکەش بدەنە قوتابخانەکەی ئەو بەری، هەموویان منداڵی خێزانی نەدار و تامەزرۆنە.[115]

ڕووی کردە پۆلیـــــسەکان و بە تووڕەییەوە گـــوتی:ـ هەرکەسێك بێتە ناو فەرمانگەکەمان لە تەپڵی سەریەوە تا بنی پێڵاوەکەی دەیپشکنن، ئینجا ئاغا بێت، بەگزادە بێت، شێخ یا شازادە بێت، هەر چەکێکی لەلا بێت هەتا چەرخ و دارجگارەشیان لێوەردەگرن. ئەگەر نەیدا بانەێتە ژوورەوە، با فەرمانبەرەکان بە ئازادی و بەبێ سەر لێشێواندن کاری خۆیان بکەن.

سەیرێکی هەموویانی کرد. دوو جار ملی بەم لاو بەولادا سووڕاند. دەستی هەر بە گوێیەوە نووساندبوو، بەدەنگێکی نزم، دەنگەکەی تەواو چوبۆوە دۆخی دەنگی پێشانی، بەڵام هێشتا بۆنی ترسانی لێدەهات گوتی: ـ

ئەرێ کەس لە ئێوە باندڕ نا ناسێ؟ (دانیشتووەکان بەسەر سوڕمانێکەوە سەیری یەکدیان کرد، کەس وەڵامی نەداوە) ئاغایەك ئێستا لەلام بوو. گوتی: باندڕ غوولێکە...، حووجێکە، فیلە زەلامێکە کات و شوێنی بۆ نییە وا لەم دەورووبەرانەدا دەسووڕیتەوە، هەتا چارەی دەکەین دەبێ زۆر زۆر ئاگادار بین،

---

[115] شتێك کەزۆر حەز لە خواردنی بکرێت و بەدەست نەکەوێت، ، بەتامەوە بوون، ئارەزوو مەند

ئەگینا، دەستمان لێدەوەشێنیٚ. دەڵێن بەڵای لا بەلایە، دووکەسی بەگەڵ بکەوێت، لێمان دەبێتە سپارتاکۆس. هەمووتان زۆر ئاگادار بن، ئەگەر کەس پرسیارێك و ڕوونکردنەوەیەکی نییە، بڕۆنەوە سەر کاری خۆتان. بەڵام وەك گوتم مەرجەکانتان لە یاد نەچێت منیش چارە کردنم لەبیر دەمینیٚ.

لە دڵی خۆیدا گوتی:ـ چارەی من، فەرمانی گواستنەوەمە بۆ شوێنێکی دوور... دوور لە باندڕ... :ـ کامەلا لەگەڵ فەرحۆ، ئێوەش بە دوای کاری خۆتاندا بڕۆن.

لە ڕێگەدا فەرحۆ هەنجیری دەخوارد، هەنجیرێکی هەندی گوتکە هەویرێکی لە ناو زاریدا بوو، شەویلاکی بۆ نەدەجوولا، وەك هەردوو لاگوپی پف درابیٚ، وەك بزنێك زەرەندێکی لە دەمدا گیر بووبێت و بیەویٚ بقاڕێنیٚ گوتی:ـ ووابزانم باااندڕ گووویێ بەڕێوەبەری ڕااااکێشاوە بۆێی هەنگوینی کوێستاااانی بەدەم تاڵە و هەنجیرە شووشی ژەنگاااارێشی بەگەرووا ناچێتە خوارەوە، لە نەخۆش و منداڵە هەژاراااان دەپرسیٚ! ئەگەر گەفێکی زۆر گەورەی لیٚنەکرابێت، ئەم پیاوە و ئەم گۆڕانەیان نەگوتووە. هەنجیرەکەی ئاوا کرد گوتی: ـئەوە باندڕە یان نان بڕە...؟

* * *

تا کرمانج لە ئاوەکە پەڕیەوە هەندێکیان لە ناو لێڕەوارەکەی ئەو بەر دامەزرابوون، ئێشکچیەکەی پێشتریان هاتبووە خواریٚ، لە لای بریندارەکە وەستابوو، بەپەرۆشەوە چاوەنواڕی گەڕانەوەی کرمانجی دەکرد، کە کرمانج گەیشتەوە سەر وشکایی، ئەو بەپەلە لێی چووە پێشەوە و گوتی:ـ ئەنگۆ لەبەر هاژە هاژی ڕووباری گوێتان لە هیچ نابێت نەڕە و گڕەی زرێپۆش و کۆپتەران وا زەوی و ئاسمانیٚ کەڕ دەکەن، حاردی دەهەژێنێننەوە، بەریٚ هێشتا هەر لەو دیوینە، لەم دیوە بەدیار نەکەوتینە.

کرمانج کۆڵێکی لە ڕەخت و فیشەك کردە کۆڵی و ڕووەو دارەکان ڕۆیشت، لە شوێنی باندڕ، دوو کەسی دیکە دارەکانیان خستبووە سەر شانیان، بەڵام لەگەڵ هەر پێ دانانێکا، دارەکان بۆ ناو ئاوەکە دادەبەزین و لەگەڵ بەرزکردنەوەشیا هەڵدەبەزینەوە. کۆڵەکەی گەیاندە ئەوسەری دارەکان. لەتەنکاوەکە دایە دەست یەکێکیان و بەمەلە گەڕایەوە، یەکێکی دیکەیان سواری دارێکیان بوو بوو، بەکنگە خشکە لە ناوەندی دارەکان دەڕۆیشت. باندڕ لە ئاوەکە هاتە دەرەوە، پنەیەکی سوور لەسەر شـــان و لاملی ( شوێنی ڕاگرتنی دارەکە بوو) ببووە پەڵە خوێنێك لەسەر لەشە سپییە بەفرینەکەی، بریندارەکەی وەك سووکە کۆڵێك کردە کۆڵی و بە چاو تروکانێك بەسەر دارەکان کەوت..

دوو تێشووە نان و هەگبە مێوژێك و پریاسکە دەرمانێك و چەند مەتارەی ئاو و دووربینێکیان خستبووە ناو جەمەدانییەکەوە، گرێیان دابوو، کرمانج دوو لچکی بەرامبەری جەمەدانییەکەی کردەوە، جەمەدانییەکەی هێناو خستیە ژێر باڵی چەپی شێخۆ، لچکەکانی برد لەسەر شانی ڕاستی گرێیدان، شێخۆی خستە پێشە خۆی، هێنای گەیاندییە تەك دار پەلگەکە، شێخۆ وەك شتڵە بیی ناو ئاو دەلەرزی. ڕاوەستان تا باندڕ لەو سەری دابەزی، ئینجا ئەوان سەرکەوتن. شێخۆ لە پێشەوە و کرمانج لە دواوە بوو، بەدەستی ڕاستی، شێخۆی لە پشتێنەوەڕا گرتبوو. پێکەوە پێی چەپیان بەرز دەکردەوە، بۆ پێشەوەیان دەبرد و دایان دەناوە، ئینجا لاقی ڕاستیان دەبرد، زۆریان نەمابوو بگەنە کۆتایی دارەکان لەوبەر هاواریان کرد :ـ خۆتان بخەنە ژێر ئاوەکە! با ئاشکرا نەبن، مەترسی هەیە، مەترسیی...کۆپتەرە کۆپتەر..

دارەکەی ژێر پێی ڕاستیان بۆ ناو ئاوەکە دابەزی، دارەکەی چەپیان چەسپاوتر بوو، بۆیێ کرمانج چەند گرانیو هێزی هەیبوو، هەمووی خستە سەر پێی چەپی، هەتا تینی تێدابوو، خۆی و شێخۆی بۆ پێشەوە و بۆ لای ڕاست فڕێدا، لە ئاوەکە نقووم

بوون، پێیان گەیشتە سەر زەوی، تەواو هەڵنەستابوونەوە تەنها سەریان لە ئاوەکە دەرهێنا بوو، گرەی چەند کۆپتەرێك دۆڵەکەی پڕ کرد، سێبەری یەکێکیان لەولاتر تێپەڕی. پاش ماوەیەکی کەم لەوبەر بانگیان کردەوە :ـ بەپەلە بپەڕنەوە، زوو بگەنە پەنا بەرد و ناو دارەکان.

تا شێخۆ لە ئاوەکە دەرچوو باندڕ دوو کەسی دیکەی لەسەر دارەکان دابەزاندە ناو تەنکاوەکە، کرمانج لەم بەر ئاوەکەوە جلەکانی دەکردەوە بەری. بە هەموو دەنگی گاسی باندڕی کرد و گوتی: ((سەیدا تۆ بگەڕێوە دارەکان ڕابکێشەوە ئەو بەر و لە شوێنێکی باشیان دابنێ، لە گەڕانەوەماندا بەکەڵکمان دێنەوە، لەناو ئاوەکەشدا بمێنن، شوێنی پەڕینەوەمان دەزانن و دەمان دۆزنەوە))

تا ئەوان لەم سەر پشتێنەکانیان لە دارەکان کردەوە، باندڕ لەو سەر هەردوو داری بەیەکەوە ڕاکێشان. ئەوانیش هەتا بۆیان لوا دارەکانیان پاڵدا. دارەکانی یەکە یەکە بەتەواوی ڕاکێشایە سەر وشکایی و بەمەلە و بەپەلە گەڕایەوە.

* * *

بووین بە سێ چین، من و هەڵۆ و شێخۆ و دوو هاورێی دیکە لە پێشەوە بووین. دەبوایە زۆر ئاگادار بین، نەهێڵین خوێنی هەڵۆ بتکێتە سەر زەوی. لەکاتی سەرکەوتنا دەبوایە چاومان ئەم بەرو ئەوبەر، یان بڵێن پاش و پێشمان ببینێ و ئەوان جووڵانەوەمان نەبینن، ئاشکرا بوون، یانی لەناو چوون. بەپەنا دزە، بەخشین، بەچوار چەنگی، چین چین هەڵکشاین، تا گەیشتینە ژێر لووتی سپێرە سەربازییەکان. ئەوەندە لێیان نزیك کەوتینەوە، تا هەرگیزاو هەرگیز باوەڕ ناکەن، کە دوژمن بوێرێ ئەوەند بچێتە بن باڵی دوژمنیەوە، ئەگەر دەیان زانی وەها بەپێی خۆمان ئەوەندە چووینەتە بەردەستان، هەر بەدەستیان وەك باڕە کەوان دەیان گرتین.

دامێن سەربازگەکە لێڕەوار و بەردەڵان بوو، حەشارگەیەکی زۆر چاك بوو، لەوێوەڕا سەیری ناوچەکەمان دەکرد، بەرزاییەکانی پێشەوە ڕوونترو گەورەتر دەهاتنە پێش چاوان.

هەتا لووتکە دیارەکان دوورتر دەکەوتنەوە، بچووکتر و سەختتر و سپیتر بەرەو ئاسمان هەڵدەچوون ، خۆیان لەناو چوارچێوەی تابلۆیەکی کراوەی کەوەیی کاڵی تەماوی دەنواند، سەری لووتکە گەردەن گەشەکان، تا نێوقەدیان بە دەسماڵێکی سپی داپۆشرابوو، نێوقەدیان پشتێنێکی خاکیی تاریکی گەورە بوو، دامێن و پێ دەشتاییەکان سەوزێکی زەرد و زەردێکی سپی پات بوون، دارە زەردەکانی کەنار ڕووبارەکان، باریك و بەژن بڵند بوون، تا لە پێدەشتەوە بەرەو بنارە بەرزەکان هەڵبکشێی، دار و دەوەنی سروشتی پتر و گەورەتر دەبن، کە لەنێو قەدی ترۆپکە هەرە بەرزەکانەوە سەربکەوێت دارەکان دەبنەوە دەوەن، دواتریش دەبێتە ڕووتەن، تا لە ژێرەوە بەرەو، ژوور برۆیت دار و دەوەنەکان ڕووتتر دەبن. دەڵێن گەرمەی و بووژانەوەی بەهار لە گەرمیانەوە بۆ کوێستان دەچێت، سەرما و سۆڵە و تەزووی زستانیش لە لووتکەی شاخەکانەوە بۆ بنارو دەشتاییەکان دادەبەزێت. تا دۆڵە قووڵ و بەپێچەکان پتر بەناخی زەویدا دەچوونە خوارەوە،، تەسکتر و تاریکتر و ڕکتر دەبوونەوە، ڕەنگە ئەم کەند و دۆڵانە، کەند و لۆچی تەمەنی ڕۆژگاربن لە سەر دەم و چاوی سروشت هەڵکەندرابن، بەم لۆچ و کەند و شێوانەڕا دەتوانرێ تەمەن و گۆڕانکارییەکانی سەر ئەم سروشتە هەڵبێندرێت. کانیاو و بەفراوەکان یەکدیان دەگرت و دەبوونە ڕووبار، ئاوەکە بە ناو چەمە بەپێچ پێچەکاندا وەکو مارێکی زۆر گەورە دەخشا و لە شێوەی شمشێرێکی زاخدراو لەبەر تیشکی خۆردا دەبریسکایەوە، لە نیمچە تاڤگەکانیشدا، ئاوەکە دەبووە ڕووبارێکی شیریی نەپساوە..

# ٩- قوڕاو خواردن





هێزەکەی دوژمن، وەك ئەژدیهایەکی پشت شکاو، سەری بەم لاو بەولادا دەگێڕا، تووشی هەر شــتێك ببوایە، کینەی دڵە ئاسنینەکەی خۆی پێدادەڕشت، مرۆڤ، وڵسات و ڕەشەولاخ و ولاخی بەرزە ، ئاوایی و مزگەوت ، گۆڕستان، دارستان، هەموو شتێکیان دەکوشت و بەتالان دەبرد و دەڕووخاند و دەسووتاند، پیرە شێتێکی کەڕولاڵی لەڕولاواز، جل شڕ و ڕدێن بۆز و درێژیان لە ناو کاولی دێیەکەدا بە قۆنداخە تفەنگان تەواو کرد، لاشەکەشیان بە گوللان کردە سەرەند و بێژینگ.

پاش بەزۆر ڕاگوێزانی گوندەکان هەموو جووڵانەوەیەك لە ناوچە خاپووکراوەکەدا قەدەغە کرابوو، بەلاّم شێتە دێیە وێران کراوەکەیانی بەجێ نەدەهێشت. حەمە شێت تاکە برایەکی هەبوو، جار جارە، بە دزییەوە دەچوو حەمەی دەدۆزیەوە و دەیهێنایەوە، بەلاّم ئەو کە متووی گوندەکەیان بوو بوو، وازی لە کاولە گوندەکە نەدەهێنا، زۆر بــە ڕك و بەکەسەرەوە سەیری خەڵکی گوندەکەیانی دەکرد، بەدەست، بەهێما کردن، داوای گەڕانەوەی لێدەکردن.

پێشتر حەمە ساڵی جارێك لە جەژنی قوربان سەرە رووتاوە و ریشە پڕ و سمێڵە بۆزەکەیان بۆ دەتراشی، بەلاّم ئەمە سێ ساڵە نەیهێشتووە سەر و ردێنی بتاشن، خەڵکەکە سەریان لەم شێتە سوڕمابوو، چۆن بەتەنێ لەم وێرانە ولاّتەدا دەژییێت! دەبێ لەمەچێتر[116]خۆراکی بدەنێ ؟ چۆن بازرگانە مرۆڤ فرۆشەکان، بۆ پاداشت وەرگرتن و دڵسۆزی نواندن، تا ئێستا نەیان کوشتووە و سەریان بەسەری یاخییێکی ناودار تۆمار نەکردوە.

---

[116] جندۆکە

یەکانە[117] بریندارەکە هەرشتێکی بکەوتایە پێش بە شەلفەی هەڵی دەدڕی، بۆ نەگبەتی، هەروەك بەدبەختی زۆرینەی ئەم میللەتە چەوساوەیە، مەڕدارێك پاش سەردانی سەربازگەکە بەدەست و دیارییەوە، بەمەبەستی دەستەبەرکردنی لەوەڕگە، بۆ مەڕ و مالأت ویەکسمەکانی، ئەفسەرەکانیشی بۆ قوڕاو[118] خواردن بانگهێشتن کردبوون، لە بناری ئەوبەری ڕووتەنەکە، کابرای رەوەند تاکە ماڵ تاوڵی هەڵدا بوو. ماڵی بەقوڕگیرا، فڕۆکە بەردومانی کردن و هێزی پیادەش دواتر ڕەشماڵەکەیانی بەر دەسڕێژی گوللەدا، تەرمی سێ منداڵان لەناو ڕەشماڵەکەدا بوونە ڕەژوو، ژن و پیاوەکەشیان لە پەنا بەردان دەرهێنان و گوللە بارانیان کردن، سێ ئەستێرەیەکی[118] تێر بیرو باوەڕی شۆفینیەت، کە پێشتر لەم ماڵەدا قوڕاوێکی خەستی خواردبوو، بەنیازی وەگیر هێنانی کیژۆڵە جوانکیلەکەیان خۆی گەیاندە جێی هەواری، بەمراز نەگەیشت. لانکێك لە ناو غەری[119] وارەکەدا دەگریا، لوولەی دەمانچەکەی خستە ناو دەمی ساوایەکە، منداڵەکە ژیر بۆوە و کەوتە مشتنی لوولەی دەمانچەکە. دەستی بە پەلاپیتکەکەی داهێنا و بۆ هەتا هەتایێ بێ دەنگی کرد،.زۆر بەقینەوە : ـ ئەوەی لە مشك بێت جەواڵ دڕە، بێچوە گورگ ماڵی نابێت، تاوەکو ئەم دەعبایانە تۆوبڕ نەکرێن، ئاژاوە لەم ولأتەدا نابڕێتەوە.

مێگەلی ستێور و ڕەوە ولأخەکەیان لە هەواری دوور نەکەوتبوونەوە.

---

117 نێرە بەراز.

118 بەربەسێل، گۆشتی لەناو ماست کولاو،. خۆڵ و ئاوی تێکەلاو، لێتاو. قوڕوئاو.

118 ئەفسەرێکی سێ ئەستێرە لە سەر شان.

119 چێورمە، کاولی لە وشکە بەرد

پیرەمێردی باوکی چۆل پەرستەکە لەبەر پەزە زای بوو، ( سیپان)ی مێردمندالێش دواشوانی بوو، کچە جوانکیلەکەش کە ئەم سالێ خۆی ناسیبوو لە دوور و نزیکی ئەوانەوە گوێنی[121] هیشکەلێ کۆدەکردەوە، پیرەمێردیان گرتوو ڕوەو ڕووگە کوشتیانەوە، تەرمەکەشیان بە گوڕی گوێنیەکان سووتاند، جووتە سەگە زۆر دڕ و گورك خنکێنەکەیان، کە تاکە چەکیان بوو ناویان شێرە و شەپالێ بوو، بەر گولله هاوەن کەوتن، مەڕە نەکوژراوەکانیشیان کە زۆربەیان برینداربوون بە تالأن بردران، یەك سمەکانیان تار بوون، خوشك و برایەکەش کە خۆیان لە کونە بەردان حەشار دابوو، لە دەور وبەریاندا کەلاکی سەگ و مەڕو ماین و مرۆڤ تێکەلأو کەوتبوون، بەلأم ئەوان ڕۆژیان نەهاتبوو. گەلأی مەرگیان لە داری ژین هەلنەوەریبوو.

خاوەن ئەستێرە و پلێتە دارەکان بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی جۆخینی هات و خەرمانی خەلأتی سەرکەوتن بوون، کەچی سزای دۆڕاندن ونەهامەتی و نەهاتیان هاتە ڕێ، لەبری شـیرناتی، قوڕاویان دەرخوارد درا. دوو ڕۆژ و شـەوێك گـشت ناوچەکـە، پەنا بەرد و ژێردار و بن پنچك نەما بێهوودە نەیپشکنن،

لێدانی بەزانایی پارتیزانیی ناو ئەم چیا و جەنگەلە و جەنگی سەربازی ڕێك و پێك، وەك ئاو بە بێژینگ هێنانە، کارێکی دژوار و هاوکێشەیەکی بێ ئەنجام و ناهەموارە. ئەوان هەر لێت دەکوژن و ئەتۆش نایان دۆزیتەوە، بەشوێنیان دادەچی، ڕادەکەن، دەگەڕێیتەوە لێت دەدەن! چار چیە؟ ئەم یاخییانە دەلێی ڕاستە لە ڕەگەزی جندۆکانن! لە ئاسمان دەبارن؟ لە زەوی هەلدەقولێن، هێزێکی پڕ تـــوانا لە هیکەوە پەیدا دەبن، یا وەك ڕەوە دێوی گورزوەشێن، دەست

[121] ڕووەکێکی دڕکاوی بە پڕژە، لە بەرزاییەکانی کوێستانانددا دەڕوێت، خۆش گڕدەگرێت.

دەوەشێنن و ون دەبنەوە؟ ئاسمان پێ بلکەیان بۆ شۆڕ دەکاتەوە و هەڵیان دەکێشێت؟ زەوی دەقلێشێتەوە و قووتیان دەدات؟. کوژراوەکانیان، ڕژانی ئەم هەموو خوێنە، بەجێ مانی کەل و پەلیان، ئەم حەمکە کوشتارەی کردوویانە، بەڵگەی چەسپێنەرن، نکۆڵی لە بوون و لە هاتن و لە کوشتارکردنیان ناکرێت. بەلاّم چەندن؟ کێ بوون ؟ ئەم زەبرە کاریگەر و بەئێشەیان چۆن وەشاند؟ بۆ کوێ چوون؟ بەکام ڕێگەدا دەرباز بوون؟ سەرسامییەکی تۆقێنەرە.

بە نیازی پێش گرتن و ڕێبڕین لە دەربازبوونی چەتەکان، کۆپتەری گەورە گەورە، لە چێشتانێ ڕا سەربازیان دادەبەزاندە سەر لووتکەی شاخە هەرە بەرز و یاخییەکان.

کۆپتەرە سەربازییە بچوکەکانیش وەك زەنگە سوورەی شەڕانیی شانە تێك دراو، بۆ پێوەدان، وەك هەڵۆی برسیی بەهاران بەدوای نێچیردا دەسووڕانەوە.
لەپاش نیوەڕۆوە تاکو خۆرئاوابوون، لەم بەرزاییە هەرە بەرزانەوە، هەڵی کردە کڕێوە و زریانێك، چاو چاوی نەدەبینی. (با) بەفری لە زەوی بەرز دەکردەوە و تێکی دەسووڕاند، دەیکردە گێژەلووکەیەکی سپی و تاریك. سەری لە شارەزا و چیا نشینەکان دەشێواند، جا دەبێ شارستانی دەست و پێ سپی و گەرمیانی و بیابان نشین چیان بەسەربێت...؟ تا نێو قەدیان لە بەفرا ڕۆ چوو بوو، لەسەرەوەشڕا گورزی گەردەلوولی سپی پڕ تەوژم و سارد و جەرگبڕ لێی دەدان و دەیتەزاندن و چاوی تاریك دەکردن، کلۆ بەفری وەك پۆلە پەپوولەی سپی، پلەی ساردی بەستەنی لە ڕادە بەدەر دەبووە کوتەکی بێ ئومێدی و سەر و گوێلاکی دەکوتانەوە.

تا ڕوناکی بەم کەژ و کێوانەوە کز بوو، ئەوان هەر لەم هەڵدێر و هەڵەتە سپی و لووسە نادیارانەدا، تەقەڵایان دەدا و تێك دەسووڕان، بەڵام ڕاست و چەپ، خۆرهەڵات و خۆرئاوای خۆیان بزر کردبوو، ڕێگەیان بۆ هیچ لایەك دەرنەکرد، بۆ هەر لایێك دەڕۆیشتن کاتێکیان دەزانی دەهاتنەوە شوێنەکەی پێشووی خۆیان، لەگەڵ بڕانی ڕۆشنایی ڕۆژا، ئەوانیش ڕوناکی ئومێدی دەرباز بوونیان بڕا، تا پەیوەندی بێ تەلیان پچڕا ئەوان هەر داوای فریاکەوتن و ڕزگارکردنیان دەکرد، کەس نەبوو بە هانایانەوە بچێت، لە سەرمانا کەسیرە بوون، چەك و تەقەمەنی و ئامێر و کەل و پەلی سەربازیان لێرە و لەوێ فڕێدا، جلە تەڕ و بەفراوییەکانیان ڕەق رەق بوون، دوو دوو، سێ سێ سەریان پێکەوە نا و کورژەیان کرد، بەم شەوە چەتوونە لەم شوێنە سەختەدا، پەلوپۆیان شکا و زمانیان لە گۆ چوو، گرمۆڵە بوون، هەناسەیان وەستا، دڵیان لە لێدان کەوت، گیانی گەرم لاشەی ساردوسڕیانی بەجێ هێشت..

بەیانی لەگەڵ لەدایك بوونی ڕوناکییەکی نوێ، لە سەرەتادا تەم و مژێکی خەست لووتکە و بنار و دۆڵەکانی لێڵ کردبوو، لە دواییدا وردە وردە سامالێکی پاك و ڕۆژێکی بەهاری زۆر خۆش زەمینی گرتە باوەش، بڵێی سروشتیش گەرەکی بووبێ بۆسەی دووەمیان بۆ بنێتەوە، گورزێکی ئاشکرا بە دەستێکی نهێنی بوەشێنێت و بکشێتەوە. دەڵێی ڕاگری زەوی و ئاسمان نیازی بوو، بەنیازە گلاوەکەی خۆیان لەگەڵیان بجووڵێتەوە.

لە ڕاستاییەکەی بەرامبەرمانەوە دیاربوون، لە نیوڕانێوە تا بەرە بەری زەردەپەڕ تەرمیان کێشاوە. لاشەی سەربازە بەستەزمانەکان، وەك داری کەلاشکەری لە لۆری (زیل) و (ئیڤا)ی سەربازی بارکران، (هەندێکیشیان تا

بەهارێکی درەنگ، لە ژێر ڕەنووە بەفراندا مانەوە)  ساردی تەرمەکانی کردبووە چلوورە و بەستابوونی، هیچ جێگایەکیان نەدەنووشتایەوە، چۆن بە گرمۆڵەیی گیانیان دەرچووبوو هەروەهاش ڕەق ببوونەوە.

کۆمەڵە سەربازێك خێرا خێرا، تەرمە ڕەق بووەکانیان، لە لۆریان دادەگرتن و لە کۆپتەرانیان باردەکردن، کۆپتەرە زلە سەوزەکانیش دوو دوو و سێ سێ پەروانەکانیان دەخولاندنەوە و دەنگیان دەهات، بەرز دەبوونەوە و ڕووە و باشوور دەڕۆیشتن تا لە هێزی بینینی چاو دەردەچوون، کۆپتەری دیکەی هاوشێوە لە هەمان ڕێگەوە دەهاتن و جێگەی ڕۆیشتووەکانیان دەگرتەوە.

هەر لە هەمان نیوەڕۆوە بۆ هەڵستاندنەوەی ورەپێوی هێزە داهێزراوەکەیان، ژن و پیاوە کۆچەرییەکە و شێتە کەڕو لاڵە ڕیش درێژەکە و دوو تەرمی دیکەش، هەر پێنج تەرمیان بە لوولەی تۆپی  پێنج تانکانەوە هەڵواسین و لەگەڵ حەفت تانکی دیکە و چەند لۆری (ڕێوڵ)ی پڕ سەرباز، بە هەراوهۆریا، بە ناو سەربازگە گەورەکەدا هاتنە خوارێ، بەمەبەستی داپۆشینی زیانی خۆیان و چاوشکاندن و ڕووخاندنی خەڵکی ناوچەکە، ڕووەو شارە بچکۆلە دڵتەنگەکە، بە نەڕە نەڕ و گۆرانی و هەڵپەڕین ڕێیان گرتە بەر، ڕوویان کردە شارێیە سەرەکییەکەی ناوەندی شارۆچکەکە، بەبەرزە گۆ : ـ

هاوڵاتییانی دڵسۆز! مژدەیەکی خۆش... مزگێنی و سەرفرازی سەرکەوتن، وەرن بەچاوی خۆتان ببینن، بەهەموو هەستەکانتان بڕوانن، ئەم کەلاکە تۆپێندراوانە! ئەم بکوژ و تێك دەرانە، کە بەفیکەی ئیمپریالیزم و بە زوڕنای بیانییەکان و بە دەهۆڵی کۆنە پەرستان و ئاوازی دوژمنانی گەل و نیشتمان و نەتەوەکەمان هەڵدەپەڕن، ئەمانە خۆفرۆشن، ئەڵقە لە گوێ و داردەست و

دەسکێشی ناحەزانی شۆڕشە پیرۆزەکەتان! دژی پێشکەوتن و ئاشتی و ئاسایشن، بەرهەڵستکاری ئاوەدان کردنەوە و شارستانیەت و مرۆڤایەتیینە، دەیانویست ئەم پردەی کە شۆڕشەکەتان بە خوێنی خۆی، بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە کشتوکاڵییەکان دروستی کردووە، ئەوان بیڕمێنن، هەر بە هۆی ئەم ڕێگر و ئاژاوەچیانەوە بوو، ناوچەکە وێران کرا.

ئەگەر ئەم خۆفرۆش و دەستە بەکرێ گیراوانە نەمینێن، میری نیشتمانی، وڵاتەکەمان دەکاتە جوانترین و خۆشترین سەیرانگە و دڵگیرترین بەهەشتی سەر زەمین، بەدڵنیاییەوە دەڵێین، بە تەفروتووناکردنی ئەم تاقمە ناپاکە، ئێمە و ئێوە ئاسوودە دەبین، وا بەچاوی خۆتان دەبینن، ئەم مشکە کوێرانە، ئەم ڕوو ڕەش و دڵ و دەروون تاریکانە دەیانەوێت بشێوی بنێنەوە، برایەتی کۆنینەی کورد و عەرەب بشێوێنن و دوو بەرەکی پەیدا بکەن .

چارەنوسی بێگانە پەرستی هەر ڕوو ڕەشـــییە، شەرمەزاربونە بەرامبەر خەڵك و خودا،... ئەوها سزای ڕەوای تاوان و ناڕەوایی وەردەگیرێتەوە، چەند شەمشەکوێری پیسی دیکەشیان لەگەڵ بوون و دابڕاون، کە بە ڕوناك بوونەوەی وڵات بیناییان نا بینا دەبێت، نەوێرانە، هەڵاتوون و خۆیان شاردۆتەوە.

بەناوی ئێوەی دڵپاك و خۆشەویست، پەیمان دەدەینە سەرکردایەتی شۆڕش و فەرماندەی مەزنمان (خودا بیپارێزێت)، بەزووترین کات، بەهاریکاری و یارمەتی ئێوەی دڵسۆز، کون و کولانەی تاریکی ئەم جرجە کوێر و ترسنۆك و خوێڕیانە دەدۆزینەوە و بۆ یەکجاری بنەبڕیان دەکەین، دەبێ شەڕ فرۆشان و نۆکەرەکانیان بزانن، شۆڕشەکەتان بڵێسەیەکی گەشە، ئەوی دەستی بۆ درێژ بکات، دەیبرژێنێت، گەمە بەئاگر کردن، خۆ سووتاندنە.

چەند کەسانێك بەمەبەستی ناسینەوەی لاشەی یاخییەکان، لەسەر شۆستەی شەقامەکە، دەیان ڕوانیە تەرمەکان، هەر زوو خەڵکەکە ژنە ماست و پەنیر فرۆشەکەیان بەجل و بەرگ و حەمە شێتیشیان بەڕیشە درێژە ماش و برنجەکەی ناسینەوە، بەڵام کوژراوەکانی دیکە نەدەناسرانەوە، پیاوە کۆچەرییەکە ژێر زنجیری تانك خرابوو، دووەکەی دیکەش سەریان پان کرابۆوە.

هەروەك کەمینەکە بە سێ چین لە حەشارگە دانیشتبووین، بەڵام ئێستا ژمارەمان کەمترە و بارمان گرانترە و دەرچوونمان دژوارترە، دەوروبەرمان کێڵگەی (مین)ی سەربازگەکەبوو بە تاریکی نەدەبو بجوولێینەوە، بە ڕووناکیش زۆر وریا نەبووینایە، ئاشکرا دەبووین و لە ناو دەچووین، بە شەو هەستمان بەپشکنینی سەربازە پاسەوانەکان و گەڕانی ئەفسەر و پلیتە دارەکانیان کرد، گوێمان لێ بوون کە دەنگیان دەدان و دەیانگوت:ـ ڕاوەستە... ! وەرە پێش... ! بووەستە... ! نەهێنی شەو ... ! وشەی تێپەڕین...! وەرە پێش!

شەوێکی سارد و سامالْ و هێمن بوو، کۆمەڵێ ئەستێرەی چاوگەش جریوە جریویان بوو، جار جارە گڵۆپی سووری پشتەوەی ترومبێلێك، ڕیزە لایتێکی ئوتومبێلان، لێرە و لەوێ بە دیار دەکەوتن، لە ناو گۆمی تاریکی بێبندا بزردەبوونەوە.

میلی کاتژمێری شەوگار زۆر بەگرانی دەسووڕایەوە، بڕیار بوو چەند چەکدارێکی دیکە، لە کێوە سەختەکەی ئەو بەری دەشتاییەکەوە، لە کاروانەکە بەجێبمێنن، چاوەڕوانی دەنگ و باس و چارە نووسی ئێمە بن، ئەگەر گەمارۆ بدرێین ئەوا ئەوان بەهانامانەوە بێن و دەربازمان بکەن. ئەگەر پەیوەندی بێتەلیش

ببڕێت، نیشانەی داواکردنی یارمەتیمان بە شەو بریتی بوو لە هاوێشتنی گوللەی ئاگردار ڕووە و خۆرهەلاتی ئاسمان، سێ جار، لەدوای یەك، هەر جارەی سێ گوللەی جیاجیا، بەڕۆژی ڕوناکیش دوکەڵی گوللە تۆپ و تەقە و لێکدان بەڕاشکاوی جێگەمان دەسنیشان دەکات.

نیوڕانەی ڕۆژی دووەم بوو دەستی لە بەرکەکانی ڕاکرد، وردە دەسکەوتانەی کە پێشتر لە گیرفانی کابرای جامانە بەسەری وەگیر هێنا بوون، لە باخەڵی خۆیدا هێنانیە دەرێ، کە بریتی بوون لە: پێناسەیەك و ناسنامەیەکی سەر بە دەزگای سیخوڕی تایبەتی، نیو دەفتەر چەکێك، برە پارەیەکی کاغەز، پەڕاوێکی بیستۆکی زۆر بچکۆلە، سێ وێنەی ئەفەندییانە و وێنەیەکی سەر بە عەگال کە هی خۆیبوو، وێنەیەکی سەرۆك کۆمار بە جلی کوردی، چەند کارتێکی زەرد و سوور و سەوزی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، خۆی پالاوتبوو بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی یاسا دانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، کاتژمێرێکی زێڕ بە وێنەی سەرۆك کۆمار نەخشاو، ئەنگوستیلەیەکی گەورەی ئەڵماس، قەڵەم پاندانێکی ئاوەزێـڕکراو، تەسبیحێکی کـارەبا، دار جگەرەیەکی فرە نـایاب و سەیر، چەرخێکی گەلێك دلگـیر...

تۆ بلێی مرۆڤ، چ پێویسـتییەکی بەم هـەموو شتە گــران باییانە هەبێت؟ دەبێ چۆن و بەچ نرخێك پەیدا بکرێن؟ هەندێك مرۆڤ کە هەست بە کەمایەتی و بێنرخی خودی خۆیان دەکەن، پەنا دەبەنە بەر کەل و پەلی نرخدار، تا لە پەنای زۆری نرخی ئەوانەوە، کەم نرخی و کەمایەتییەکەی خۆیان بشارنەوە، بەلام بۆ وەدەس هێنانی شتوومەکی گرانبایی، خۆیان ڕیسواو بێ نرخ و سوك و چرووکتر دەکەن، بە پۆشین و هەلگرتنی شتەکانیش دەرخۆنە لەسەر دیزەی درزێوی ناوەڕۆکیان هەڵدەدەنەوە، چونکە نرخ و مرۆڤایەتی مرۆ لە هەلوێست و کردەوە و

مێشکی دایە، نەك لە کەل و پەل و جل و سیمای، ئەوەی بە دەردی خۆویستی و پوول و پایە پەرستی، لە خۆ بایی بوون و ئێرەیی کوێر بێت هەرگیز ناحەسێتەوە، خودا لەو جیهانیشدا بە کوێرەیی زیندووی دەکاتەوە.

مرۆ بۆ ژیانی ژیان، بۆ گەشەکردن و جوولانەوە و هێز بەخشین، بۆ دروستی لەش، بۆ مانەوە و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خودی خۆی و مرۆڤایەتی لە سووڕی ژیاندا، خواردن و خواردنەوەی بەپێی پێویست گەرەکە، سێکسیش سۆنگەی زاوزێکردن و ئامرازی نەبڕانەوەی توخم و ڕەگەزە، بەلأم کە زێدە ڕۆییان لێدەکرێ و دەکرێنە تاکە هۆی خۆشی و ڕابواردنی ژیان، دەبنە پەردەیەکی ڕەش و تانەیەکی تاریك، ڕەشکێنەی چاوی ئەقڵ سپی دەکەن. سۆز، هۆشە۱۲۲ لە هۆش دەکات، دەبێتە ڕێشمە۱۲۳ کێشی هزر و بیر، بستە بالأی خۆیەکی ۱۲۳٤ نەوسن و چڵێس، بالأ دەکات، دەبێتە حوج، بالأ دەست دەبێت، خۆمەکی بالأی ژیری و ویژدان زین و لغاو دەکات و پێ دەخاتە ئاوزەنگ و جڵەوی دەگرێتە دەست و تەقڵە کوت بەبێ وەستان، تەڕادانێی پێدەکات. بەڵێ مرۆڤ، لە مرۆڤایەتی دەشۆرێت، لەیەك کاتدا دەبێتە یەخسیر و دەبێتە گورگێکی هاری بەرەڵلأش، دەبێتە دیلی گیرفان و گەدە و بەرگەدەی، هەر بۆ ئەوان دەژییێت هەر لە پێناوی ئەوانیشدا دەمرێت، کە وەلأمی بانگی تێرنەخۆرە بدەنەوە، ئیدی ئەوانیش لێی دەبنە دەریالووش، هەرچەندە، تاوانی لە خۆی گەورەتریان بۆ دەکات، بەلأم هەرگیزا و هەرگیز بۆی تێر ناکرێن و دەروەستیان نایێت.

---

[122] **دەنگدانی گوێدرێژ بۆ ئەوەی بوەستێت ، هۆش: هزر.**

[123] **جڵەو**

[1234] أنـا. (**خۆمەکی بالأ** : أنـا الاعلـی)

له بەرزایی ئاسمانەوە گرازەی چەند ڕەوە قاز و قوڵنگێکی مل درێژ دەهات کە ڕیز ڕیز شێوەی ڕەنووسی ژمارە هەشت، یا شێوەی زنجیرە چیایەکیان دروست دەکرد، قاز و قوڵنگەکان زۆر بەهێمنی لە قوڵایی دەریایی ئاسمانی شیندا مەلەیان دەکرد، باڵەکانیان سەوڵ ئاسایی دەجووڵاندەوە، بەرەو ڕەوویان دەکرد، لە سنوورە دەستکردەکانی سەر گۆی زەوی نەدەپەنگانەوە، بەهێزەکانیان بێهێزەکانیان نە دەچەوساندەوە، بەیەکەوە دەفڕین، بەیەکەوەش دەنیشتنەوە، تێری و برسیەتی، ساردی و گەرمی، خۆشی و ناخۆشییان هاوبەش بوو.

سروشت بەگشتی ژینـــــگەی ژیانی بوونەوەرانە، بەڵام کە هزر و هۆشی ئادەمیـــــزادی بەدڕا و بەدڕەفتار، لە پێناو دابین کردنی ویست و خواستە ناپەسندە بێ کۆتاییە بەدفەڕەکانی دەخرێتە کار، مرۆڤ دەبێتە دڕندە و دێوێکی ڕووت، خۆی دەکاتە فەرمانڕەوای دارستان، ژیان و ژینگە تێکڕا دەشێوێنێت، لە مرۆڤایەتی وەردەچەرخێتەوە، پیشەی دەبێتە تاوان و چەوساندنەوە و یەکدی خواردن. دڕندە، کە ناوی زڕاوە، تاکە تاوانی ئەوەیە بەگۆشتی گیاندارێکی دیکە، سکە برسییەکەی پڕدەکاتەوە، تا لە برسانا بڕستی لێ نەبڕێت، بەڵام ترسناکی دڕندایەتی مرۆڤ لەوە دایە کەوا لە ڕەگـەزی خۆی دەخواتەوە و چاوە برسییەکانیشی بە لاشەیەك و دووان و دەیان و هەزاران تێر نابێت، خڕۆکەی زەمین بەخڕی، بەبێ زیاد و کەم قوت بدات هێشتا بڕی ناشکێت، بە تۆسقاڵە خۆڵێك نەبێت بەهیچ شتێك چاوی پڕنابێتەوە، چارە ڕەشی سروشت و مرۆڤایەتی لە دەست ئادەمیزادی خۆپەرست و هۆشڕەش، لەوە دایە کەوا کەڵبە و ڕنۆکی مرۆڤی دڕندە گەلێك لە هی گیاندارەکانی دیکە کوشندەترە، چڕنوکی ژەهراوی، گڕی سووتێنەری دەروونی ڕەشی، چەك و فڕوفێڵە بە کۆمەڵ کوژراوەکانی هەموو

سروشت دەگرێتەوە، لەسەر وشکایی، لە قووڵایی دەریاکاندا، لەبەرزایی ئاسمانی حەفتەمدا بەکاریان دێنێت، ئەقڵ تاریکەکان، لە ململانێ و شێتگیریاندا، لە پێناوی حەزە شێت و ناحەزەکانیاندا، گۆی زەوی و کوورەی خۆریش بتەقێننەوە هێشتا ئۆخەیان نایێت. کە دەڵێن: ئادەمیزاد لە گشت گیاندارێکی سەر زەمین بەرزترە، دەسەلاتدارترە، یانی لە هەموو بوونەوەرێك بۆخۆی و بۆ سروشت هۆشمەندتر و بە سودتر بێت. ئەگینا تێکدان و تاریك کردنەوەی ڕووناکی نەك هەر مەزنایەتی نییە، بەڵکو لە دڕندایەتیش تێپەڕکردنە.

ناسنامە و دوو پسوولەی هەڵبژاردن و وێنەیەکی سەر بە عەگاڵی سمێڵ تراشاو و چەندین وێنەی دیکەشی دایە دەست شێخۆ، شێخۆی خانە خراو لەسەر سێکوچکەی ترس و سەرما و نەخۆشی سیس بوو بۆوە، شتەکانی وەرگرت ماوەیەك تییان ڕاما.



# ١٠- هێزی ناڕەوا ئەژنۆ شل و بێ هەناوە**



لە ژمار ١٢٢-١١٣ ی - گۆڤاری کاروان بلاۆکریتەوە

** بەشی دە (دەربازبوون ) و بەشی دوازدە (گەڕانەوە) فەوتاون

شکستی ئەم لەشکرە زۆر و پڕ چەکەی داگیرکەر بەرامبەر هێزێك، کە بەژمارەو بەچەك و کەرستەی سەربازی، بەزەکاتی ئەوان دەشێین، لەم گەرمەی پێك دادانەدا کە مرۆ خۆی لە بیر دەکات بیرەوەرییەکی منداڵی دەیان ساڵەی ناو مێشکی زیندوو کردمەوە:

کە ماڵمان لە دێیەکەی خۆماندا بوو، هێشتا خوێندنی سەرەتاییم تەواو نەکردبوو. هاوینان لەم تاریك تا ئەو تاریك، لەناو باخەکەماندا خەریکی زەوی کێڵان و کێڵگە بژارکردن و ئاودان و میوە ڕنین و سەوزە چنین بووین. ئەگەر ڕۆژێك زووتر دەستمان لەکار هەڵگرتایە یاخود هەینییان ئیشمان نەبوایە، من و برا بچووکەکەم دەبووینە پاسەوانی باخەکە.

لای ژووری باخـەکەمان تەلان بوو. داری هەنار و هەرمێ و هەنجیر و هەڵووچکە و گەراز و چەقەڵە باوی و سماق و دار مێو، جۆرەها داری بەردار و بێ بەری تێدابوو. لە ناوەڕاستیشا گۆڕەپانێکی فراوان ڕاخرابوو، بە سەوزەی هەمەجۆری وەك گندۆرە، شارۆخ، ئاروو، تەماتە، پیواز... دەچێندرا، برێکیشی بۆ تووتنی بێشەما و کونجی دادەبڕا. هەرچوار کەناری تەختاییەکە، دەکرایە کوولەکەی حاجی و کودی ئاوی و کاڵەکی نۆ مانگی. تووڵی کودییە ئاوییەکان زۆر درێژ دەبوون، بەسەر دارەکاندا هەڵدەگەڕان، کوولەکەی خڕو مل درێژ و خواریان شۆڕ دەکردەوە. کە بۆ ئاوکێشان و بێچووە کەو بەخێوکردن زۆر نایاب بوون.

لەلای ژێری گۆڕەپانەکەوە داری گێلاس و قەیسی و خۆخ و سێوی سوور و زەرد و سێوهەرمێ بەڕیزە وەستابوون، کە لە کۆزە سپییە چنارەکە بۆ دەم چەمەکەی خوارتر تێدەپەڕی، دارگوێز و سوورە چنارو، سووربلەتی و پەڵگ و بی و بناوی و تووترك و دڕك و داڵ و قامیش داگیریان کردبوو. جۆرەها باڵندەی

ڕەنگین و ئێسك سووك و دەنگ خۆش، هێلانەیان لەسەر لك و پەلی دارە چڕ و پڕ و بەرزەکانا کردبوو. لەم دار بۆ ئەو دار هەڵدەفڕین، هەر باڵدارە و بە زمان و بە ئاوازی تایبەتی خۆی دەیچریکاند و گۆرانی بۆ خۆی و بۆ سروشت دەچڕی. سمۆرەی وشتی ڕەنگ خۆڵەمێشی کلك گڤەی ئاماڵ زەرد لە دارێکەوە بۆ دارێکی دیکە، بەدوای یەکا باز بازانێیان دەکرد، ون دەبوون، بە فرتکە و ڕاکردن بەدیار دەکەوتنەوە.

زۆر جاران ماری زۆر بە سامم دەدیت، بەیانیان زوو لە سەرمانا لەسەر تانۆك و چیلەکاندا خۆیان لەبەر تیشکی خۆر هەڵدەخست، یان بۆ نێچیرگرتن خۆیان لە سیپەدا مات کردبوو، کە هەستی ئێمەیان دەکرد، لە ترسانا دەخزینە ژێر تووتڕکە پڕەکان و ناو قامیشەلان و زەمەند و چیلە بەرد و کون و قەڵشی زەوی و خۆیان دەشاردەوە، هەندێك جاریش مارێکی بێوێژدانمان دەکەوتە بەر چاو کە بۆ پڕکردنی هورگە دڕاوەکەی، زەڕنەقووتەی[125] باڵدارێکی نەرمۆکەی بە زیندوویی لە دەم دابوو و قووتی دەدا، بۆیێ کە خشپە خشپێکمان دەبیست، بەخۆ و بە ئامێزە بەرد و دار بەدەستەوە، بەئەسپایی و بە ترسەوە، لێی نزیك دەکەوتینەوە، بەڵکو مارەکە بکوژین، بەڵام زۆر جاریش خشپە خشپەکە کیسەڵێکی فس بۆگەنی یان دایکە مارانەیەکی ڕەنگاو ڕەنگی ترسنۆك ، یا مارمیلۆك، یا ڕیشۆڵەی ناو داران، یا شتێکی دیکەی بێ دەسەڵات دەردەچوو.

کێشتانێکی هەینی بوو، من و برایەکەم لەسەر لێواری (کانیێ گەورە) دانیشتبووین، ئاوێکی سارد و سازگاری لێ هەڵدەقولا، پێیەکانمان تا بەلەکان خستبووە ناو ئاوەکە و دەمانجولاندنەوە. شنە بایێکی فێنك، نەرم نەرم پرچی

---

[125] سوورە ساقە، بێچووە باڵندەی زۆر ساوا.

درەختە بالاْ بەرزەکانی دادەهێنا، کەزی (شۆڕەبی) یەکەی سەرکانییەکە لەگەڵ تووڵی دارە مێوێکی پەسیرانەیی[126] و مێوێکی تایەفی پێکڕا هوندرا بوونەوە و بۆ نزیك ئاوەکە دەهاتن و دەگەڕانەوە، وێنەی تەنداری چەند هێشووە ترێیەکی گەورە و بزمار کوتی نیوە گەیشتوو کە بەسەر سەرمانەوە هەڵواسرابوون لە ناو ئاوەکە دەلەرینەوە.

سەیری وردە ماسی و جوولانەوەی سێبەری دارەکان و جیّ تیشکی هەتاو، زیخ و چەوی ناو کانییەکەمان دەکرد. هەندەك ترێی ڕەشمیری و کاڵەکێکمان خستبووە ئاوەکەوە تا سارد ببێت ئینجا بیانخۆین. لە پڕ دەنگی منداڵێك لەلای ژێری باخەکە لەناو گوێمدا زرینگایەوە. دەستم دایە دار دەستەکەم، بە گوڕ بەرەو شوێنی دەنگەکە بەڕاکردن پێم پێوەنا. ڕەوە منداڵێکم بینی لە ناو شینایییەکاندا کاڵەك و شارۆخ و ئارووبان دەڕنین. هەر بەتین و تەوژمی ڕاکردنەکەمەوە، نەڕاندم و دەستم دایە خڕکە بەردێکیش. منداڵەکان پەشۆکان و تێك سووڕان، بە زەحمەت ڕێگەی هەڵاتنیان بۆ دۆزرایەوە. دزە بچکۆلەکەیان کە هاوتەمەنی برایەکەی من دەبوو. قەڵەمی دەست و پێی شکا. وەك دوو برایەکانی نەیتوانی بەسەر چیلەکەدا[127] سەربکەوێت و دەرباز بێت، کەوتە بەردەستم، کە دارێکم لە گێزەرەی ملیدا، دەمی هێندەی دەمی حەزیایەك بەش کردەوە، هاواری لیّ هەڵستا.:((بابەڕۆ کوشتمی، ( کاکە گورگۆ) بەجێم مێلە مردم))

---

[126] تەرزە ترێیەکی پایزی هێشوو گەورە و دەنك پڕ و بزمار کوت و ڕەنگ پەرسیلەیی زەرد ئاڵی توووند و شیرینە، هەندێك شێوەی لە ترێی حەلوانی دەکات.

[127] – پەرژین، چیلە بەرد

ویستم لە چیلەکە سەربکەوم، ڕاویان بنێم، بەڵام دوو تەپپە لە دواوە ڕوویان پێ وەڕسوڕاندمەوە، دوو مێرد منداڵ بوون، خۆیان لەسەر داری هەنجیرە ڕەشەکەی پشتی جۆگەکە فڕێ دابووە خوارەوە. گەرەکیان بوو ڕابکەن، منیش لەلای ژێری، ڕێگەی دەرچوونیانم گرتبوو، ڕووەو تەلانەکە ملیان نا، خرکە بەردەکەم خێواندە قولەپێی گەورەکەیان، بەگریان و بە شەلە شەل بەدوای ئەوی دیکە کەوت. بەچوار چەنگە بە هەورازەکەدا هەڵگەڕان. نازانم چۆن خۆیان لە پەرژینە دڕکاوییەکەدا و ئاوا بوون...! لە شێنەیدا هیچ پیاوێك نەی دەتوانی بەسەریدا تێپەڕێت. دەبێ دڕی و دڕکەزییەکان چۆن جلك و گۆشتیان دادڕیبێت. برای لە دایك و باوکی، لە ترسانا برایەکەی خۆی بەجێ هێشت. هیچ کامێکیان دەستوەکەریان نەکرد. منیش میوە و تەڕە ڕندراوەکەم کۆکردەوە. شارۆخە گەورەکەی کە بۆ تۆگرتن نیشانمان کردبوو، ئەویشیان ڕنی بوو. تاکە پێڵاوێکی سووری لاستیکی دڕاو بەبەنی ڕەش درواوە، کلاوێکی مۆری چڵکنی بە سیمی زەرد نەخشاو کە پڕ هەنجیری ڕەش کرابوو، بەردەقانییەکی ڕەنگ ڕەنگ و دارلاستیکێکی زۆر باشیان لێ بەجێمابوو. زۆرم شایی بەخۆهات، خۆم بە خاوەن توانایەکی بێ هاوتا هاتە بەرچاو. ئەم گەلە منداڵەم بەتەنها تەڕاو بەڕاکرد.

پێشتر خۆم لاشەڕ دەگرت، ئەگەر بە کوردی پێی لێبنێم، نیویم دەکێشا، چونکە لە ناو منداڵاندا بێ پشتیوان بووم، کەسێکی لە خۆ گەورەترم نەبوو ببێتە پاڵپشتم. جار جارە برایەکەم بە ناچاری شەڕی بەمل دادەهێنام. بەڵام لەم ڕۆژەوە جۆرە ئازایەتییەك کەوتبووە گیانم، لە هیچ شەڕە منداڵێکدا نەدەپەنگامەوە. دەستپێشخەریم دەکرد و دەستی خۆم دەوەشاند. ببوومە کەڵەگایەکی ڕووت، وەك کەڵەباب دەمقووقاند و مەیدانم دەخوازی، بوومە ڕەشیدو

بوێری ناو منداڵان، ناوبانگم دەرکردبوو، گەورە و بچووکیان بۆیان بەجێدەهێشتم، خۆیان لێ لا دەدام.

دانە ئێوارەیەکی بەهاری بوو، لە گۆڕەپانی جێی جۆخینانی گوندەکەمان گەمەمان دەکرد. لەگەڵ برا دزەکانی پێشتر تێك گیراین، ئەوان سێیان و ئێمە دووان، باشمان لە یەکدی دەدا، منداڵەکانی دیکەش، وەك سەیری شەڕە کەو بکەن بەدەورماندا دەسووڕان و هانیان دەداین! : ((شێری منە)). ((پشتی بەزەوی ناکەوێ)). ((هێشتا تەواو دەستی ناچیتێ)) ((ناگریێ و تۆڵەی خۆشی دەکاتەوە)). ((من بیناسم نابەزێ)).((زۆری نەماوە ئێستا دەیخا ))

لە ئەنجامدا تێر تێریان تێهەڵدام، خستمیان، یەکێك لەسەر سینگم دانیشتبوو، یەکێکی دیکە هەردوو لاقمی گرتبوو و ڕایدەکێشام. تەقەتەقی کەللەی سەرم بەسەر بەردەکاندا دانە ڕێیەك دەڕۆیشت. پوورە حەبیب (حەبیبە گزگل) پیرەژنێکی دەم شڕی ئاواییەکەمان بوو، هەردەم چاوەدێری تاکە کوڕەکەی خۆی دەکرد، لەترسی ئەو نەمان دەوێرا فزە لەگەڵ (حەمە حیزۆی) کوڕی بکەین. بۆ بەختی من چاوی لە شەڕەکە دەبێ و وادەزانێ لەگەل ((حەمۆکەی)) کوڕیەتی، بۆیێ بە کوچکە بەردێکەوە گەیشتبووە سەر منداڵەکـــان و بلاوەیی پێکردبوون، کە منی بینی لەناو خوێن و ئارەقە و فرمێسك و چڵمدا شەلاڵ بوویمە، نوزەم لێبڕاوە، جلەکانم شیتاڵ شیتاڵ کراون. دوو سێ کۆڵەمستان بە تووندی لە سینگە ڕەقەکەی خۆی دەدا و دەڵێ:

هەی هەردوو چاوی دایکە هەش بەسەرەکەتان کۆرە بی! ئەوە لە کێندەرە، ئەم دوو سەبیلۆکەیان کوشتینە، ئەرێ وەڵلا گۆڕەوشاریشیان داینە، چما منداڵە فەرمەسۆنتان کەتیتە بەر دەستان هەی...

ڕووی کردە منداڵەکان و بەدەم و بە دەست شریخاندی: ـ چاوتان سۆر بووە؟ ڕەببی بە ڕشانەوەی ڕەش ببڕێنەوە و یەکتان لۆ دەرمانیش لێ نەمینێ! پەکوو...دەڵێی کلۆمسکەنە[128] لە هەموو لایەکی هەڵدەبەزن و دادەبەزن، خۆ کۆخە ڕەشە و خوریکە و سۆریکەش بەم هەموو منداڵە دەجاڵەی ئێستا ناوەستی، دەڵێی جمجمە سوڵتانن، لە هەموو ڕاستەکی دەجمێن، لۆ خاتری سەد و بیست و چوار هەزار پێغەمبەران گۆڕی گەورەتر نەکەن! ڕەببی گەورەی گری (گڵی) بن●.

برایەکەم دەیتوانی بەپێی خۆی بڕوا، پورە حەبیب بنباڵی گرتم تا بمباتەوە ماڵێ، لە ڕێگا ترسی لێدانی باوکم لە دڵدا کۆبۆوە، چونکە لەسەر شەڕە منداڵ، لەم ساڵەی دوایی زۆری دەپەستامەوە، بەڵام لە بێهێزیان و لە ترسی (حەبە گزگل)ێ هیچم بۆ نەکرا. کە گەیشتینەوە ماڵێ، چاك بوو باوکم بۆ نوێژی شێوان چوو بووە مزگەوتێ، لەوێشەوە بۆ کاری خێرێ لەگەڵ سەید مەلا عەبدول مەجید و دەروێش برایمی دەچوونە ماڵی حاجی ئۆمەری، کە بۆ پیاوێکی ژن مردوو خوشکە بێوەژنە تەڕپیرەکەی بخوازن.

دایکی منداڵەکان، پاش کوتانەوەی کوڕەکانی خۆی بەگریان و بەهەنسك دان بۆ ماڵی ئێمـــەی هێنان، منی ماچ کرد، چەند جارێك خۆی و هەرسێ کوڕەکانی کردنە بەلاگێڕەوە و ساقەی سەری من، منیش کە پێستی پشتم داڕوشابوو، کەللەی سەرم لە چەند جێگەیەك وەك و کـەرتە کەلا بەرد و نیوە گوێز خڕ ببوو.

---

[128] کلۆ مسکە: پێکوڕەی کوللەی پۆلە پێکوڕەی کوللەی بیابان کە بە ڕەنگ مسن و بە ژمارە زۆرن، ناتوانن بفڕن، هەر شتێکیان بکەوێتە سەر ڕێ دەیحۆن و زیانی زۆر دەخەنەوە.

●نزاێکە : داوا دەکات کە زوو بمرن

ڕتۆك و گەزە ،[129] دەم و چاومی شێواندبوو، بەری چاوم ئاوسابوو. خۆم بۆ نەدەگیرا، چەند لەبەر ئێش و ئازار دەگریام، دە ئەوەندەش لە ڕکانا.

چەند جاری دیکە ماچی کردمەوە، دەستی بەسەر سەرم دادەهێنا، بەڵام من لە گریان و لە خۆپچڕینەوە نەدەکەوتم. هەرچەندە چاوم هەڵدەهێنا و ئاوسانەکەی بەری چاوی خۆم دەبینی، ژانم گرانتر دەبوو، و کوڵم پتر هەڵدەستا و ڕقم ئەستوورتر دەبوو، دایکیان لەگەڵ مندا بەگریان هات و بەربووە لێدانی کوڕەکانی، تا دایکم دەستی گرت ئەو هەر لێی دان. منیش کە لووت و لێوی سەرەوەی کوڕە گەورەکەیانم بینی پەندمابوو، پشتی برۆی چەپی شین و مۆر بوو بوو، گوێچکە و لاملـی کوڕە ناوەنجیەکەیم ســـوورکردبۆوە، نێوچەوانیشی دەرپەڕیبوو. کـوڵم دامرکایەوە و کینە و گریانەکەم نیشتنەوە، ئیدی ئێمەش یەکدیمان ماچ کرد.

بۆ ڕۆژی دواتر لە دایکمم پرسی: ـ ئەوە بۆ ئەو نامەرد و ترسنۆکانە، لەناو باخەکە نەوێران بەرامبەری من ڕابوەستن و دەست ڕاست بکەنەوە، دوێنێش بوونە شێرکوژ و ئازا و بوێر؟ منیش لەویێ ئەوەندە نەترس و پڕ هێز بووم؟ لێرەش ئەوەندە بێ تــین و بێ تـوانا، بێ دەسـت و بێ دەسـەڵات بووم، زوو ئەژنۆم شل بوو و ژێر ...؟

دایکم بە چاوی دڵ ڕوانییە قەتماخەکانی ڕووم، دەستێکی بەنەرمی بەسەر سەرم دادەهێنا، بەتەواوی هەستی بە ئازارەکانم دەکرد:ـ کوڕم سەرت بوویتە دەڵەمە. (شوێنە پەندماوەکانی یەك یەك دوبارە بەسەر کردنەوە، بەهێمنی)

کوڕم! ئەوان لەویێ دزیان دەکرد، ناڕەوابوون، تۆش خاوەن ماف بوویت، پاسەوانی ماڵ و خاکی خۆت دەکرد، بەڵام لە جێی جۆخینان، دەبێ تۆ بە

[129] – گازگرتن، قەپ

ناڕەوایی گێچەڵت بەوان کردبێ. **نازانی ڕەوا و ڕاستی توانا و پشتیوانن. هێزی ناڕەوا هەمیشە ئەژنۆ شل و بێ هەناوە. با ملەوەزیش بێت، زوو هەرەس دێنێت.**

بۆ زستانی دواتر، داواکەی (حەبە گزگل) گێڕابوو، سوورێژە هات، برایەکەی من و کچە بچوکەکەی پورە حەبیب و برا ناوەنجییەکەی دزەکان و چەند منداڵێکی دیکەی دێیەکەی کردنە گەورەی گڵی...

چەند جار سەربازمان لە شەڕگەدا بە دیلی گرتووە، ساغ ساغ بووە، بەبێ زامدار بوون و ئازار پێگەیشتن، چۆن وەك منداڵە بچووکە دزەکە.هێزی ئەژنۆی شکابوو توانای ڕۆیشتنیشی نەبووە.

ئەگەر مرۆڤ داکۆکی لە مافێکی رەوا و ئامانجێکی پیرۆز نەکا، ئەنجامەکەی لەمانە باشتر نابێ. هەر ئەم نهێنیەش بوو، بووە هۆی سەرکەوتنی رەشورووتە جەزائیرییە خۆڕاگرەکان، کە سەریان بە سەرکردایەتی داگیرکەری وڵاتەکەیان بەزاند. گەلی ڤێتنامیش گەورەترین زل هێزی جیهانی دەرپەڕاند.

منیش کە بە زۆرە ملێ و بە ملهوڕی بیانەوێ خاکی وڵاتەکەم لەژێر پێما دەربهێنن، پیرو منداڵ و جحێڵ و ساغ و پەك کەوتەم، نێر و مێم بەورد و درشتەوە قەڵاچۆبکەن، ئابرووی خۆم و دایکم و مێژووم ببەن، مەبەستی دوور و نزیکیان بنەبڕ کردن و تاواندنەوەی نەتەوە و ناسنامەکەم بێت. ئەگەر هەموو خاکی گۆی زەمین خڕبکرێتەوە ژێر پێم و گشت کۆشك و تەلار و باخ و بێستان و ئافرەت و شیرینی و شۆخی و خۆشی جیهانم بۆ بێنن، فەرامۆشی کۆڵانە قوڕاوییەکەی دێیەکەمان و تووترکەکانی قەراخ باخەکەم پێ نابەخشێت، نامۆیی و پەرێشانیم لەدڵ دەرناکات. ئەم دیمەن و بۆن و بەرامەیە لەگەڵ هەست و نەست

خوێنما تێکەڵاو بووە، ئاوێتەی یادگارە تاڵ و شیرینەکانمە، گڵکۆی باوک و باپیرانمە، هێلانەی ئارام گرتنمە، ژیانمە، مردنمە... لەهەر شوێنێك بم هەر بەبیانیم دەزانن، هەر هەست بەنامۆیی و کەمایەتی و بێڕەگی و بێ کەسی خۆم دەکەم. ئیدی گیانم بەم هەراسانی و زیندە مردنە بۆ چییە؟ هەی قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی دەیەوێت بە داپڵۆسین و تۆقاندن ملم پێ کەچ بکا...!.






# ١١- شێخۆی خانه‌ خراو







له كاتی خۆیدا ویستبوویان كوژرانی ( مریێ)ی خوشكی شێخۆی بقۆزنه‌وه و شێخۆی نۆكه‌ر به ناوی تۆران و تۆڵه سه‌ندنه‌وه بنێرنه نێو یاخییه چه‌كداره‌كانی چیا، به‌ڵكو چه‌ند خه‌نجه‌رێك له دواوه‌ڕا بوه‌شێنێت، به‌لام ده‌بێت كارێك بكات رابردووی ره‌شی خۆی له چاوی ئه‌واندا بسڕێته‌وه و بڕوای پێبكه‌ن.

(فليح جاسم عبود و مزهر لفتة بوحي) كه دوو سه‌ربازی عه‌ره‌ب بوون و گومانیان لێده‌كردن و به ناپاك و دژی رژێمی خۆیانیان ده‌زانین و چاودێریان هه‌میشه وه‌ك سێبه‌ر به‌دواوه بووه، جارێكیان فلیح گوتبووی:ـ كه‌س هه‌ڵبژاردنی شێوه و ره‌نگی ده‌مـــــــوچاوی، دایك و بـــــــاوكی، نه‌ته‌وه‌كه‌ی، بگره هه‌تا نیشتمانه‌كه‌شی به‌ده‌ست خۆی نه‌بووه، هه‌موومان وه‌ك یه‌ك ئاده‌میزادین و گه‌لانی سه‌ر رووی زه‌مینیش برای یه‌كترن و هه‌ر نه‌ته‌وه‌یه‌كیش وه‌ك لێڕه‌وارێكی گه‌وره دڕكوداڵ و داری راست و چه‌وتی تێدایه. خۆ ویستی یا توندڕه‌وی له نه‌ته‌وه په‌روه‌ریدا مرۆڤ ده‌كاته دڕنده‌ی جه‌نگه‌ڵ...

موزهیریش ده‌ڵێ:ـ نه‌ك ته‌نها ده‌مارگیری له نه‌ته‌وه‌په‌رستیدا، به‌ڵكو توندڕه‌وی له رامیاری و ئاینداری و زۆر شتی دیكه‌شدا هه‌ر هه‌مان ئه‌نجامی ده‌بێت، توندڕه‌وی گه‌رده‌لوولێكی گه‌وره‌ی ته‌پوتۆزاوییه به هه‌ر شوێنێكدا تێپه‌ڕببێت ئه‌وا چاوی هۆش و ویژدان نابینا ده‌كات و وێرانكارییه‌كی زۆریش له دوای خۆی به‌جێ دێلێت، مرۆڤه كه‌مهۆشه‌كانیش بۆ چاره‌كردنی گیروگرفت و كێشه‌كانیان هه‌میشه بیر له به‌كارهێنانی توندی و تیژی و هێز ده‌كه‌نه‌وه و وه‌ك ئه‌م گێژه‌لووله كاولكاری ده‌نێنه‌وه.

له‌م دواییه‌دا له بیانوێك ده‌گه‌ڕان له‌نێویان ببه‌ن، زۆر به نهێنی بردنیان و له شیوێك له‌ولای سه‌ربازگه‌كه‌وه له دوو دار چناریان به‌ستانه‌وه ئینجا شێخۆیان نارد ئه‌ویش كوشـــتیانی و چـــاوی ده‌رهێنان و ئه‌ندامی نـــێرینه‌یانی بـــڕین و خستنیه

نێو دەمیانەوە و چەکەکانی بردن و بە دەستگەرمیش چەند دەستڕێژێکی رووە و سەربازگەکە کرد، ئینجا بەرەو چیا بۆی دەرچوو ..

هێزێك لە سەربازگەکەوە بەرەو شوێنی تەقەکان چوو و تەرمەکانی هێنانەوە. سەربازانی سەربازگەکەیان کۆکردەوە و کەوتنە هاندان و تووڕەکردن و ڕککردنەوەیان ... جار جار بە رقەوە و جار جاریش بە سۆزەوە بە بەرزەگۆ هاواریان دەکرد: بڕوانن! بڕوانن! بە چاوی کەللەی سەری خۆتان بیبینن، تاوانبارە نیشتمان فرۆشەکان دژی مرۆڤی عەرەبن، لە پێناوی ئاغا بیانییەکانیاندا تاوانی ئەوتۆ ئەنجام دەدەن کە مرۆڤ لە ئاستیدا شەرمەزار دەبێت... ئەوەی دەستی نەچێتە ئەوانە و نەیانکوژێت یا خوانەخواستە بە دیل بیگرن بەم جۆرە دەیان کوژن، جا سوڕ بزانن ئەگەر کەمێك دەستیان لێ بپارێزن و دەسپێشخەری نەکەن ئەوا ئەو گاورانە ئەوها بە پەندتان دەبەن و تەرمەکانیشتان دەشێوێنن، توخوا چۆن پێیان باوەڕبکەین کە ئەوانە موسڵمانن، بە باوەڕی پیرۆزمان سوێند دەخۆین ئەوانە نە عیراقین و نە خواناسیشن. ئەوانە ئاگر پەرست و بێچووە جندۆکەی شەڕانگێزن، چەتە و ڕێگر و ئاژاوەچین، بە هەموو ئاینێك کوشتنیان غەزایە.

هەر لەو کاتەی کاك عەلی گەیشتە نێو یاخییەکان، ئەوانیش گومانیان لێکرد و گرتیان، بەڵام دواتر ویستیان تاقی بکەنەوە و بەدەستی کۆنە دۆستەکانی بە کوشتنی بدەن، یا چەند مرۆڤ کوژێکی پێ بکوژنەوە، ئەوە بوو لە پێشدا شەش تاوانکار ( چوار عەرەب و دوو کورد) یان بۆ دیاری کرد کە یەکێکیان بکوژێت، بەڵام ئەو هەردوو کوردەکانی کوشتن، ترسناك ترین کاریان پێ بسپاردبوایە، ئەوا زۆر بە دڵسۆزی و بە ئاسانی جێ بەجێی دەکرد، هەندێك جار بە ئەنقەست باسی ئەوە دەکرا کە بکرێتە ئەندامی لیژنەی بزووتنەوەی ناو شار، ئەرکەکانیشی ئەوەندە بە ئاسانی ئەنجام دەدان کە جێگەی ترس و سەرسووڕمان بێ.

یەك لە وێنەكانی ناو دەستی وێنەی (أبو رسالة)ی رازگری حزب بوو لە ناوچەی صدیق[١٣١]، كە برادەرێكی نزیك و دڵسۆزی شێخۆبوو و رۆژگارێكی دورودرێژ لەگەڵ یەكتری كاریان كردبوو و گەلێك بیرەوەریشیان بەیەكەوە هەبوو.

زۆر بە هێمنی دەیڕوانییە وێنەكەی. دوای چەند خولەكێك سواری ئەسپی خەیاڵ بوو و تەقڵەكوت بەرەو جیهانی رابردووی گەڕاوە:

أبو رسالة :ـ كاك عەلی هەرچەندە دوو نیشانە ئازایەتی و سێ خەلاَت سەرۆك كۆمارت هەیە بەلاَم بۆئەوەی ببی بە ئەندام ئەنجومەن یاسادانان، هەندەك شتی مهم هەی واجب موقەدیمە خۆتی بۆ ئامادە بكەی: ـ یەك: عەلكە جویر یا عەلی كەجەل ئەم ناوە شەرم بۆ توو[١٣٢]، عێب بۆ برادەر ئێمە، بۆ شوورشمان خەجاڵەتیە، ناو سووك لە پایەی بەرز ناوەشێ ...یەك ناو مەزن، ناو خۆشە ببینە، شایان بە پیاو گەورە بیت وەك عەلی ئاغا ، عەلی بیك ، عەلی خان، شیخ ملا عەلی

كاك عەلی :ـ بەگم ئەم خەلكە دلپیس و هیچ و پووچە ئێرەیی بە دلپاكی و ئازایەتی من دەبەن، چونكە من دڵسۆزی ئێوەم، بۆیە ئەم روو رەشانە ناو و ناتۆرەی ناشیرین و ناحەز بۆ من و بۆ ئێوە دەبیننەوە، ئەگینا من ناوم (أسد عەلی) یە بە ناوی امام عەلی ئامۆزای پێغەمبەر و باوكی حەسەن و حوسێنی نازدار و شێری خودا ناو نراوم.

أبو رسالة:ـ دووەم : ئەم كەسانە دەور ئەندام یاسادانان وەردەگرن یا سەرۆك خێڵن و هەزاران چەكدارمان بۆ دابین دەكەن و دەبن پارێزەر حزب و شوورشمان، یا پیاوی دیار و بەناوبانگ دین سیاسەت باش بێت و جێگەی متمانەی جەماهیر بێت و یارمەتی بدەین و ئەوانیش هاوكاری و گەلەوانیمان بۆ بكەن، یا مونازل مخلص بێت، خۆی و ماڵ و منداڵ بكات بە قوربان رێبازی شوورش و هەمیشە

---

[131] ناوچەی سۆران.

[132] عەرەبێكە و بە كوردی قسە دەكات

گویٚ رایەڵ و پاسەوان و دڵسۆز بێت، چارەنوسی خۆی بە چارەنوسی شوورشـــــمان ببەستیت و بە ئەمەکداری و ئازایەتی رابردوێکی پڕشنگداری بۆ خۆی نەخشاندبێت، ئەمەیان تا رادەیەك لەگەڵ تۆدا مولائم، بەلاٚم هەندێك خاڵ مهم ماون، معالەجەیان دەوێت: دەبێت شەهادەی خوێندنت بۆ پەیدا بکەم، دەتنێرم لای صدیق مخلص مدیر مدرسة محو الامية، بەلاٚم لازم توو بزانیت ناوی قائد عەزیممان و ناوی حزبمان و ئامانجە پیرۆزەکانی و دروشمەکەی و ناو خۆت و باوکت، نووسینی رەقەم لە یەك حەتا سەد بە عەرەبی و بە ئینگلیزی بنووسیت.

شێخۆ:ـ ئوستادی من دەزانم ناوی قائید حەزیممان و ناوی خۆم و باوك و باپیرم بنووسم، ژمارەش هەتا هەزار دەزانم، بۆ ئەوی دیکەش مامۆســتایەك دەگرم ، خۆم و ژنەکەم فێر بکا.

أبو رسالة:– بۆ خۆت دەزانی ئیجازە سائق ترۆمبێل و پەساپۆرت چۆن بۆم دەرکردی ئەمەش لەوانە ئاسانترە، بەس نابی توو تقصیر بکەیت.

یەکەم : دینار زۆر وەربگرە و زۆریش بۆ ئێمە بینە.

دووەم :ژنێك دیکەی ناسکۆڵە زۆر جوان لەو کچ کوردانەی کە پیاو تەنیا بە دیتنیان سەر خۆش دەبیٚ بینە بە ژن خۆت، بە راستی فریشتەی جوانتان هەی. دەبیٚ ئەم ناسکۆڵەیە بزانیٚ چۆن لە کۆڕی تایبەتدا لەگەڵ مەماناندا هەڵس کەوت و بەزم و سەفا بکا و رابوێریٚ، لە چۆنیەتی میوانداری کردنی میوانە بەرێزەکانماندا شارەزا بکریٚ، ئەم پەرییەی مـن دەیلێم (کـاك عەلی دەیزانی أبو رسالة مەبەستی کێییە و هەر لەسەر خواست و داوای ئەویش بوو کە چەند جارێك داخوازی کچەکەی کردبوو، بەلاٚم نە کچە مێردی پیٚ دەکرد و نە باوك و براشی بە خزمایەتی عەلی رازی بوون. بۆیە پلان وابوو کە تاکە برای کچەکە بە تۆمەتێکی گەورەی رامیاری بگرن و داری سێدارەی پیٚ نیشان بدەن و واش بنوێنن کە باوك و

خوشکەکانیشی بۆ باشووری عیراق دوور دەخەنەوە[١٣٣]، ئینجا ئەوان ناچار دەبن کچەکە بە بەرتیل بدەنە کاك عەلی تا تاوانەکەیان لەسەر لا بدریٚ ) ..

بەڵیٚ ئەم پەری من دەڵیٚم هەر بەتەنیا خـــــۆی دەبیٚتە پیـــك و دەبیـٚتە مـــەیگیٚڕ و کـــارگیٚڕی من و تۆ، هەر خۆم فیـٚری دەکەم کە چۆن و لە چ کاتیٚکدا داوا و مەرامەکانمان لیٚرە و لە بەغداد بە لیٚپرسراوە هەرە گەورەکان جیٚ بەجیٚ بکات (لیٚرەدا سەر خۆشی تەواوی پیٚوە دیاربوو) بە خۆت دەزانی کولستانی ژنت زۆر جوان جحیٚڵە منداڵیشی نەبوو، بەڵام قەڵەو و بیٚزەوقە، دوو کەلیمە عەرەبیش فیٚرنابیت، هەر یەك ژنیش پیاو لیٚی وەڕس دەبیـٚت و زەوق دەمریٚت.

لە بیرت نـــەچیٚت ئەندام ئەنجوومەن یاسادانان حوکم زاتی ڤلەیەکی هەزار مەتر مورەبەع و قەمەرەیەکی سووپەری دوا مۆدیل یابان و مووچەیەکی هـای لایف و دانیشتن لە کۆڕی وەزیران و ناوداران، ناوبانگی گەورە و ریٚزلیٚنانی زۆری بە نیٚو چەوانەوەیە. دوژمنەکانتان بە ئیٚوە دەڵیٚن جحش، بەڵام جاشە کەر یا کەری زۆر گەورە ئەو کەسەیە کە دەرفەت لە دەست بدا و نەزانیٚت چۆن بۆ خۆی بخوا و چۆن راببویٚریٚ.

هەر بە خۆی پسووڵەی پرۆپاگەندەی هەڵبژاردنی بۆ ئامادە کردبوو .

ناو :شیٚخ شیٚر عەلی بیك شیخ حوسیٚن

رۆژی لە دایك بوون : رۆژ و ساڵی لە دایك بوونی حزبی ....

پیشە : خزمەتکاری گەل و نیشتمان

پلەی رۆشنبیری: خویٚندەوار، چەندین چالاکی رۆشنبیری بە زمانی عەرەبی و کوردی هەیە.

---

133 هەر پیاویٚك تۆمەتی کوردایەتی بدرابایە پاڵ، ئەوا خیٚزانەکەیان بۆ باشووری ئیٚراق دوور دەخستەوە.

چالاکی جۆراو جۆر : سەربازێکی دڵسۆزی حیزب و نیشتمانەکەیەتی، بە کردەوە سەلماندوویەتی چقڵی چاوی ئەو کەسانەیە کە دوژمنی پێشکەوتن و سەربەستی و برایەتی گەلی عیراقن. هەروەها ئازایەتی و شارەزاییەکی بێ وێنەی لە دەستگیرکردنی رێگر و ئاژاوەچی و خۆفرۆشان هەیە. چوارسەد هەزار دیناری بەخشیووە تا قوتابخانەیەکی دواناوەندی کچان لە شاری موصل دروست بکەن.

ئەم کوشتن و دەرکەوتنەی بەدوادا هات و پسوولەکەی چاپ نەکرا و نەشیتوانی بەشداری لە هەڵبژاردنەکە بکا، بەڵام هەر کاتێك بگەڕێتەوە و ئەرکەکانی ئەنجام دابێت ئەوا خەڵاتی باشتریان بۆ داناوە و بەڵێنی چەورتریشیان داوەتێ...

شێخۆ لەماڵەوە دەڵە توولەیەکی رەشی تیسکنی کورتە باڵا و گۆڵە گورگێکی شەلە و نێرە کتکێکی زۆر گەورەی توکنی رەنگ و شێوە پڵنگی هەبوو، لە نێو یەك دەفردا بەیەکەوە گۆشتی دەدانێ، خۆی و ژنەکەی و ابو رسالە زۆر کەیفیان پێ دەهاتن و لە دیاریان دادەنیشتن و دەیان خواردەوە و رایان دەبوارد.. ئێستا دڵەی ژنی گیراوە دەبێ کێ خۆراکیان بداتێ ...؟

رۆژێك پیاوێکی زۆر ماقووڵ لە کۆشـکی کۆمارییەوە بۆ کارێکی زۆر گرنگ هاتبووە کەرکوك و موسڵ و هەولێر، پیاوەکە زاوای خوشکی (أبو رسالة) بوو، سەردانی ماڵی خەزوری لە کەرکوك و سەردانی ناوچەی صدیق و بەسەرکردنەوەی کاروباری (أبو رسالة) ی لە بەرنامەدا هەبوو، مەبەستیشی بوو چەند جێگەیەکی ستراتیژی و سەربازی و چەند شوێنێکی دڵگیر و بە پیتیش بۆ نیشتەجێ کردنی خێڵی عەرەبان لە ناوچەکەدا دیاری بکا. سەرلەبەیانی رۆژی دووەم دەرکەوتن، (أبو رسالة) و میوانەکەی لە خانەی ناوەند و شێخۆش لە پێشەوەی لاندکرۆزێکی سەربازی دابوون و شەش ترومبێلی دیکەش بە هەمان شێوە پڕ بوون لە ئەفسەر و سەرباز و چەکداری دیکەی وەك پاسەوان و شارەزا و پسپۆڕ.

سەروجامانەی شێخۆ پێش چاوی میوانەکەی گرتبوو، لە ئاوێنەی ترومبێلەکەشەوە سەروجامانەکەی کەوتەوە بەرچاو، زۆر رکی لە جامانە بەسەران بوو، لەگەڵ (أبو رسالة) دەدوا و بە دەنگێکی نزم لێی پرسی: (ئەبو چەڕاوی[١٣٤]) عەرەبی دەزانی؟ أبو رسالة سەری بۆ لەقاند و گوتی: (کەم کەم تێدەگات منیش لە زمانی دەگەم، کەمتریش دەزانی قسەی پیّ بکات، بەڵام لە کوشتن و گرتن بترازێت ئەوا گێزەر و کابرای خۆی لە یەکدی جیا ناکاتەوە، ئەوەندە هەیە کە زۆر دڵسۆز و گوێڕایەڵە، بۆ گرتن و کوشتنی یاخییە نیشتیمان فرۆشەکان پڵنگێکی دەم گەرمە، گورگی کوڕی گورگیە، ئەگەر چوار پێنج گورگی دیکەی وەهامان هەبێ ئەوا گشت کێوەکانمان بۆ پاك دەکەنەوە، هەر مەفرەزەیەکی چەکداری تێکدەرەکان لە هەر شوێنێك بێ ئەوا ئەو دەزانێت چەندن و کێن و لە ماڵی کێ نان دەخۆن و بەرە و کوێ دەچن، دەڵێی هەر بەخۆی لەگەڵیاندا دەسوورێتەوە، چەندین دەستەی هەواڵــگری و سیخوڕی لە ناوچەکەدا دامەزراندووە و ئەرکی هەر ئەندامێکیشی دیاری کردووە، بۆ نموونە: ـ لە هەندێك دێدا پەیوەندی بە چەند کەسێکەوە هەیە کە جێگەی گومان نین و لە کاتێکدا چەکداری یاخی دەچنە گوندەکە، یەکێك لەوانە هەوڵدەدا بزانێ چەکدارەکان سەر بە چ لایەنێکن، ئەوی دووەم بەزمان و رووی خۆشەوە پێشوازیان دەکات و هەوڵ دەدات بزانێت چەند کەسن و ناودارەکانیان کێن و بە کامیرایەکی زۆر بچووك وێنەیان دەگرێت و یەکێکی دیکەشیان بە شێوەی زمان و جل و بەرگ و دواندن و باسکردنی هەندێك رووداو و نیشانەی دیکەی ناوچە جیا جیاکان دەزانێت خەڵکی کام ناوچەن، هەندێك جار نامەشیان بۆ دەگەیننە خزمەکانیان، زانیارییەکان دەکەنە راپۆرت و بۆمان دێ. بۆ ئەوە باشە لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەی دڵسۆز حزبێکی کوردی هاوکارمانیان بۆ دابمەزرێنین و ئەو ببێتە سەرۆك و کارمان بۆ بکا، بۆ

---

[134] سەر بە جەمەدانی

دەسخەرۆدانیش ناوی حزبەکەیان بخەینە ناو لستی بەرهەڵستکارەکان و وا بنوێنین کە لێیان نارازین و ماوەیەکیش چەند کەسێکیان زیندانی بکەین، لە میانی ئایدیۆلۆژیای حزبەکەشەوە هەوڵ بدەین کەگیانی کوردستان پەروەرییان لە لا پووچەڵ بکەین، خۆ باشتریشە ئەگەر لە هەمان کاتدا شێخۆ بکەینە نوێنەری ناوچەکە و ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان.

میوانەکە وەڵامی نەداوە، بەڵکو لە شێخۆی پرسی :ـ شیر عەلی، ئەتوو شیر، انت سبع، دەزانی سبع چی کاکە.

کاکە عەلی بە خێرایی و بە دڵنیاییەوە :—نەعم سەیدی ، سەبحە یەحنی حەفت، یعنی خەمسە و اسنان.

کابرا بە پێکەنینەوە رووی کردە برادەرەکەی و گوتی:ـ صدق هذا عفطي أصيل وغبي مثل جماعته (هەر بە پێکەنینەوە دەنگی بەرزتر کردەوە) عفية ، الف عفية، عفارم كاكه ، انت كيكة انت مو كاكة .

خۆشی عافەریمەکە لە نێو گیانی شێخۆدا مێروولەی دەکرد، ویستی چەند قسەیەکی تر بکات بەڵام نەیزانی چ بڵێت و چۆن ئازایەتی و دڵسۆزی خۆی بە زمانی عەرەبی دەربڕێت.

میوانەکە بە دەنگێکی نزم درێژەی بە قسەکانیدا و پلانی داهاتوویانی بۆ (أبو رسالة) روون دەکردەوە:ـ خودا سەرکردایەتییەکی بێ وێنەی ئەوتۆی بۆ ناردووین کە سەری عروبە بەرز بکاتەوە و شەرمەزاریی رابردوومان بسڕێتەوە و تۆڵەی فەلەستین و کەنداویشمان بۆ بکاتەوە، ستراتیژی خۆی دارشتووە و هەنگاوەکانیشی دیاری کردوون. ئەمانە ئاگرن و ئامانیان بۆ نییە و ئەم ترسنۆك و رێوییانەی لە لای ئێمەن بە رواڵەت لایەنگر و دڵسۆزمانن هەر هێندە هەلێکیان بۆ هەڵکەوێت روودەکەنەوە چیا، ئیتر لێمان دەبنە شێرە شێر و ناوچەیەك دەهێننە لەرزین، کامەشیان لەشاخدا ناودار و پاڵەوان و ئازایە کە زۆر بەدواییدا ماندوو

دەبین، چاومان سپی دەبێت تا دەیهێنینەوە ڕێزی نیشتمانی و چەکمان بۆ هەڵگرێت، دوو سێ مانگ یا هەر هێندە ڕاومان بۆ دەکات تا دەبێتە خاوەن سامان و دەسەلات، ئیتر دەکەوێتە فروفێڵ و ڕابواردن و تەڵەکەبازی، دەسخەڕۆمان دەدا و لە ژێرەوەشدا زۆر بە دزییەوە پەیوەندی لەگەڵ چینە چەکدارێکی شاخ پەیدا دەکاتەوە، لە کاتێکدا کە ئێمە ئەوانمان زۆر بە گرانی کڕیوە، کەچی ئەگەر زۆر وشیار نەبین، ئەوە ئەوان ئێمە هەرزان فرۆش دەکەن. ئەوانە نیسکن، بەر و پشتیان نییە، بۆیە دەبێت پتر چاودێری ئەوانە بکەین کە لە ژێر دەستی خۆمانن، چەندین ساڵە هەر خەریکی پارەدان و هێنانەوەیانین ، تا یەکێك دێنینەوە دووان بە چیا دەکەونەوە، هەرچەندە سوپاکەمان چوارەمین هێزی جیهانە، بەلأم بە دەست ئەم بێچووە جندۆکانەوە هەراسان بووین. بەڕاست دەڵێن بنەچەی ئەمانە ژنێکە و لە نێرە جندۆکان ئاوس بووە و زاوەو ئەم چەتە و ڕێگرانەی لێ کەوتوتەوە.

با بێینەوە سەر ستراتیژییەکەی خۆمان: هەنگاوی یەکەم: زۆر بە زانایی، وردە وردە خاکەکەیان لە ژێر پێدا دەردێنین و دواتریش زمان و نەریت و ڕەگەزەکەیان بە ئاسانی دەتاوێنینەوە و پاکتاویان دەکەین، بەلأم بۆ ئەوەی ریسەکەمان نەبێتەوە خووری پێویستە کارەکە بە کارامەیی ئەنجام بدەین، بە جۆرێك بێ کە هەموویان پێکەوە نەوروژێن و هەڵنەچن و لە دەست دەرنەچن، مرۆ ناتوانێت هێشووە ترێیەك بە جارێك قووت بدات، هەمووی بەجارێك ئاوا بکەیت دەخنکێیت، دانە دانە خواردنی خۆشە، دەزانی چ هێشووێکی نایابە، هەموو نیشتمانی عەرەب بە لایەك و ئەم هێشووەش بە لایەك، بۆیە ناوە ناوە لە ناوچەیەکدا بە ناوی شوێنی نەوت دەریان دەکەین، چەندین شوێنی ستراتیژیش بە ناوی سەربازگە و فڕۆکەخانە و کۆشك و سەیرانگەی سەرۆك کۆمار چۆڵ دەکەین، لە کەناری زێ و دەشتە بە پیتەکانیش بە ناوی پرۆژەی کشتوکاڵی و دامەزراندنی بەنداو هەڵیان

دەگرین، ناوچە سنوورییەکانی سەر تخووبی سووریا و تورکیا و ئێرانیش بەناوی پشتێنەی ئاسایشەوە رادەگوێزین و ئەوانی خۆمانیان لە شوێن دادەنێین.

بەوە باشە کە ئەم سێ وڵاتەش بەدەستیانەوە هەراسان بووین و لەدژی ئەواندا هاریکارییەکی زۆر باشمان دەکەن، با دەستیان لە دەستی یەکتر ببڕێ و خەیاڵ پلاوی یەکگرتنەوەی وڵاتەکەیان لە مێشك دەربچێ، ئەگەر ئەوان یەك بگرن ئەوا ئاگرەکەیان بە ئێمە دانامرکێتەوە، ئەم کەللە بەرد و رەگەز پەرست و نیشتیمان فرۆش و بەکرێ گیراوانە وەك دار بەرووی چیاکانیان بە سووتاندن و بڕینەوەش ریشە بڕ نابن، باشـــترین دەرمان ئەوەیە کە لە چـــیاکانیان دووربخەینەوە، هەموو دەوڵەتانی جیهان خەریکی ئەم هەموو چیایە دوابڕاوانەبن نە دەگوازرێنەوە و نە تەخت دەکرێن ... سەربازی چین و سۆڤیەت و هیندیش بەشی داگیرکردنیان ناکات، خۆت دەزانی سوپای سوریا و میسر و چەکدارانی فەلەستینی و پسپۆڕی سەربازی رووسی و هیندیشمان هێنان و هاوکارییان کردین هێشتان نەمانتوانی چیاکان پاك بکەینەوە، بۆیە کە لە جەنگی راستەوخۆ دەروەستیان نەهاتین و شکاین، خەریك بوو لە دەست دەربچن، هاوسێکانمان و ئیمپریالیزمی جیهانی زانییان ئەوانە بەسەر پێ بکەون باوکی خۆیان ناناسنەوە و سەرئێشەشیان بۆ دەنێنەوە، بۆیە ناچـــار بوون بە هانامانەوە بـــێن و دەستبەرداریان بن، چەند جارێك بە جەنگی وتووێژ ساردمان کردوونەتەوە و بە فرتوفێڵ لە گەڵیان رێککەوتین تا بار و دۆخمان باشتر دەبێت ئەوانیش لە نێو خۆیان لەم ماوەیەدا بەشەرببێنین و بەش بەش ببن ئینجا وەك دووپشك لەناکاو پێیان وەبدەینەوە، ئەوانە سنگی مەلای مەشهورن بۆ بۆگەن کردنی ناوچەکە داکوتراون، پێویستە بنەبڕ بکرێن. با رایانگوێزین و ئەم چیا سەرکەشانەیان بەدەستەوە نەمێنێت، ئینجا با خۆڕاگرن.

دەبێت سوود لە تواندنەوەشیان وەربگرین، ئەگەر دارێکی بێ کەڵکیش بسوتێنی ئەوا دەبێ سوود لە خەڵوزەکەی وەربگریت، کە کینەی پەنگ خواردووی نێو

دەروونیان دەتەقێتەوە، پێویستە لەبەرژەوەندی مەرامی ئێمە دابێت و وا بکەین یەکتر ببڕنەوە و دوژمنەکانی دەوروبەریشمان بسووتێنن، ئەگینا رق و کینەی ئەوان و دوژمنەکانمان یەك بگرن و روو لە ئێمە بن ئەوا وەك لافاو رامان دەماڵن، ( لازم نتغدی بهم قبل ان یتعشوا بنا).

لە شوێنی بێ بایەخ، بە ناوی گوندی هاوچەرخ کۆیان دەکەینەوە و لەم شارە گوندانەشدا بەدەست بێ کـاری و بێ نانییەوە هەراسـان دەبن و لە ناخدا دەڕوخێن و یەکتر نابووت و ریسوا و سووك و چروك دەکەن و ئاژاوە بۆیەکتر دەنێنەوە و خۆیان خۆیان لەواشە و لغاودەکەن و یەکتی دەخۆنەوە و ئێمەش ئاسوودە دەژیین و بەدیاریانەوە پێدەکەنین. لە ناوچەوانی ئەواندابوو ئێمە بەشێکی گەورەمان لە کەنداوی عەرەب دۆڕاند و تووشی جەنگی ئێرانییە ئاگر پەرستەکان بووین، دەبێ ئەم باجە بدەنەوە. تا گوێی زەمین پڕ قورقوشم کراوە و کەس دەنگیان نابیسێ و دەسگر و پشتگریان نییە، تا حیزبمان بە هێزە و شۆڕشمان پایەدارە و بەرهەڵستکاری دەرەکیشمان نییە- نابێت ئەم هەڵە رەخساوە زێڕینە بە خۆڕایی لەدەست بدەین، دەبێ نەختێکیش پەلە بکەین، ئەگەر خوا نەخواستە لە داهاتوودا موعجیزەیەك رووبدات و تووشی نسکۆیەك ببین، با ئەوان رووبەرە خاکێکی کەم و کەم بایەخ و خنکاویان لە دەست دابێ و لە رووی ئابووریشەوە بێ توانابن کە ئیتر نەتوانن بەرەنگارمان ببنەوە، سەرکردەی مەزنمان خودا بیپارێزێت بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستە، زۆر بە پەرۆشەوە تێدەکۆشێت و بە ئاواتە نیشتمانی عەرەب گەورە و گەورەتر بکا و پتر پەرە بە ئابووری و هێزی سەربازی عەرەب بدا و دواڕۆژێکی پڕشنگدار بۆ نەوەکانی داهاتووی نەتەوەکەمان دابین بکا.

لەم قۆناغەدا بۆ چاوبەستەکی، پێویستە دەست لە پشتی ئەوانە بدەین کە بە پلەو پایە سەرخۆش دەبن، پێشبڕکێ بخەینە نێوان زوڕناژەن و شاخە زۆر

وەڕەکانیانەوە[١٣٥]،   با بەدەستی خۆیان خەم خۆرەکانیان بخنکێنین و هەر خۆشیان بۆمان ببنە سەر پۆش و داپۆشی کارەکانمان.

ئاخێك شێخۆی بە ئاگا هێناوە:ـ خۆ من لەم رۆژەوە کە زاواکەی (أبو رسالة) هاتە لامان و پێکەوە دەرچووین بە چاوی ئەوان خۆم دەناسم، بە ئاشکراش هەست دەکەم زۆرینەی هەرەزۆری خەڵکی خۆمانیش، ئەوانەی من دەیان ناسم یا هەر ناشیان ناسم، هەمیشە بە چاوی سووکایەتی و کینەوە دەڕواننە من، ئەگەر پێویستیش بن و کاریان پێم بێت ئەوا ماستاوم بۆ دەکەن و خۆیان دەکەنە برای پشتم  و بە شان و باهووم داهەڵدەڵێن، دەزانم لەم شەڕە سەگەی تێیکەوتووم دەرناچم. بۆیە کە بۆ ئەرکی تایبەتی رەوانی دەرەوەیـان کـردم، ویستم نەگەڕێمەوە و لە دەست ئەم گـەلە نەهەنگە و ئەم حـکومەتە حەزیایە دەرباز ببم، بەڵام من نەخوێندەوارم و هیچ زمانێك نازانم، جگە لە چەکداری وکوشتنکاری پیشەیەکی دیکەم لە دەست نایەت، لە هەندەرانیش جێگەم نابێتەوە، لە یـــانەیەکی شـــاری بـــەرلین یەکێك بانگــیکردم:ـ ((شێخۆخــوێڕی! کارخانچی  ئەوە لێرەش لێمان ناگەڕێیت، چ کەتنێکت لە ژێــر سەردایە ))

کەواتە لەهەندەرانیش دەمبیننەوە و دەمکوژن، لێرەش دەستم لە خواردنەوە و پایەی بەرز و سامان کۆکردنەوەی بێ ئەندازە بەرنەبوو تا چارەم بەم ژیانە پڕمەینەتییە گەیشت، خۆزگە نەهاتبوومایەوە، کە خۆم لەناو چووم  سامان و پایە چیم بۆ دەکەن؟ باشە خۆ زۆر کەسی دیکەش وەك من  بەناڕەوا پایەی بەرز و پارەی زۆری کۆکردۆتەوە و لافی وڵاتپارێزی و نەتەوە پەروەریش لێدەدەن و کەسیش لە گوڵ کاڵتریان پێناڵێت ، بۆ تەنها من بەپەند چوویم ، هەر من  بزنم!

---

[135] ئیدیۆمە، بۆخۆیان میشك و زمانیان نیە بەڵکو وەك شاخ دەنگدەدەنەوە و چی ببیستن ئەوان وەك تووتی دووبارەی دەکەنەوە

## شێخۆ له دادگادا

گەلێك جار شێخۆ لە کاتێکی دیاری کراودا و هەر ڕۆژەی بۆ لایەك بە ناوی پێشاو دوور دەکەوتەوە و لە نێو گیا و زەمەندا شەرواڵەکەی دەهێنا خوارەوە و ماوەیەکی باشیش دەمایەوە، چەند جارێك لێرە و لەوێ خۆیان لێ دانوساندبوو، کە دەشهاتەوە هەستت بە ماندووبوونی دەکرد، بەڵام ئەو دەیگوت:ـ ئەم مایەسیرییە منی کوشتووە ئەگەر بۆ چارەسەری نەچمە دەرەوە ئەوا لەم زوانە دەمکوژێ...

تاریك و روون بوو کە چەند کەسێکیان بە ناوی راو و گۆشت پەیداکردن دەرچوون، یەکێکیان لە داوی سپی و درێژی کلکی ماینێك چەند جەلە داوی دروست کردبوو و ئەو ڕۆژە لە دەوروبەری کانییاوێك و دوو ئارکەواندا[136] لە بەرزاییەکەی پشتی بنکەکەیان بۆ کەوگرتن دایناببوونەوە و لە کێشتەنگاوەوە چووبووە سەر دار بەڕووەکەی سەر بانابیەکە و لە نێو لك و پۆپەکانیدا خۆی مەڵاس دابوو، بە دووربینەکەی دەینواڕییە داوە داندراوەکان، تا بزانێت کەی کەوەکان بۆ ئاو خواردنەوە دێنە سەر ئاو و بە داو وەدەبن. سەر لە بەیانی هەمان ڕۆژ ئەوانی دیکەیان لە بنکەکەی بناری شاخەکە کۆببوونەوە و وایان دەنواند کە داوایان لێکراوە جێگەکەیان جێ بێڵن و بەرەو شوێنێکی دووری سەر سنوور بڕۆن، بەڵام ئێستا گەرما داهاتووە، فێنکی ئێوارە ئەوانی دیکەش دێنەوە، ئنجا بەیەکەوە بەڕێ دەکەون، شەویش لە شوێنە ترسناکەکان دەپەڕنەوە و ترسی فڕۆکەشیان نابێت.

شێخۆ لە کاتـی خۆیدا بە بیانووی چوونە سەرپێشاو لە بنکەکەیان دوورکەوتەوە و بەرەو دار بەڕووەکە هەڵکـشا تا گەیشتە نزیـك دارەکە،

---

- [136] تاتە بەردی گەورەی ناو چاڵ وەك جۆنی وایە ئاوی بارانی تێدا کۆدەبێتەوە دواتریش راوکەر ئاوی تێدەکەن.

مێنگوینێك[١٣٧] و جوانە گایەکی ڕەشبەڵەکی بینین لە ژێر دارەکە پاڵکەوتبوون و کاوێژیان دەکرد، بە ترسەوە سەیرێکی ئەملاو ئەولای دارەکەی کرد و هات لە تەك گابەردەکەی تەنشت دارەکە شەرواڵەکەی هێنا خوارەوە و بۆ دەستاو دانشت و جگەرەیەکی دەرکرد و دایگیرساند و بە هێمنی قۆپچەی کیفکی شانەیەکی[١٣٨] کلاشینکۆفەکەی کردەوە و شـانەکەی دەرکرد و ئامێرێکی بێتەلی بچووکی دەرهێنا و تەلەکەی راکێشا و بە گوێیەوەنا و کەوتە هەلاو هەلاو کردن :ـ هێشتا دەنگم نابیستی ...لەوە پتر دەنگم بەرزبکەمەوە لەودیو کێوەکەوە گوێیان لە دەنگم دەبێت.

بە وشـتی چاوی بە چوار دەوری خۆیـا گێڕا سـەیرێکی قەد و لکی دار بەڕووەکەشی کرد، تەنها مێنگوین و جوانەگاکە دیاربوون، مێنگوینەکە هەستاوە و خۆی خاوکێش کرد و میزێکی کرد، بۆن میز لە دەور و بەریدا بڵاوبۆوە. ئەویش هەستایەوە سەر پێیان و بەنەخوێنی شەرواڵەکەی بە دەستی راستییەوە گرتبوو و بە دەستەکەی دیکەشی ئامێرەکەی لە بن گوێی چەپییەوە بۆ گوێی راستی گواستەوە، بە مل و بە شانی ئامێرەکەی گرتبوو و بە هەردوو دەستیشی دۆخینەکەی بەستاوە و وردە وردە لە جوانەگاکە نزیك کەوتەوە، چاوی گێرا و پشتی بەدارەکەدا و قسەی کرد :ـ من ئێستا جێگەی متمانەیانم، تکایە ژنەکەم لە بەند ئازاد بکەن با بێتە سەردانم، هەر بەویش راپۆرتی گرنگترتان بۆ دەنێرمەوە، برە پارەیەکیشم بۆ بنێرن کارم پێی هەیە، ئەمرۆ ئێوارە چەکدارانی (ك.) لە شوێنی ژمارە (٣٨) ەوە بەرەو شوێنی (١٤٢) دەچین و لەگەڵ چەکدارانی (ی.) یەك دەگرین، بەڵام نازانم لەوێوە بەرە و کوێ دەڕۆین، ئایا گەیشت؟ سەعاتەکەی

---

[137] مانگای تەمەن سێ ساڵە و بەر کەڵبووە

[138] یەدەگێکی.

دەستم کار ناکا، پاکەتە جگەرەیەکی نوێشم بۆ بنێرن، یەدەگی کلاشنکۆفەکەم ژەنگی هەڵیناوە، ئایا وەرت گرت ؟.

کابرای سەر دار ترسا شێخۆ بیبێنێ، ئەو کاتە لە ترسی ئاشکرا بوونی بە پەلە ئەوی دەکوشت و دەر دەچوو، شێخۆی لێ دیار نەبوو، زۆر بەترسەوە هەناسەی دەخواردەوە، گوێی لە فجوور فجووری فڕینی کەوان بوو، زۆر بە ئەسپایی روانییە کانی و داوەکانی، بینی چوار کەو بە داوەکە وەبووین و خۆیان هەڵدەکوتن و بە زەوی دەکەونەوە و پەڕیان لێ بەرزدەبێتەوە، ئەگەر زوو نەیانگاتێ ئەوا مردار دەبنەوە، بەڵام لە ترسی دوژمنی ژێر دارەکە نەوێرا خۆی ببزێوی، ئەگەر ئەم نێچیرەی ژێر دارەکە بگیرێت گۆشت کەوی چیای بۆ چییە، ئەم نێچیرەی لە سەد رووبار و زێ پەڕیوەتەوە و قولەپێشی تەڕنەبووە، هەر بە کلکی هەزار تەڵەی تەقاندووە، بەڵام ئەمڕۆ وا ملی بە داوی کەوان وەدەبێ و دەخنکێ .

پاش نیوەڕۆ شـــــێخۆیان چەك کرد و شانەی تڤەنگەکەیان کردەوە و ئامێرەکەیان دەرکرد و چوار پاکەتە جگەرەشیان لە باخەڵی دەرهێنا کە یەکێکیان ریکۆردەرێکی نایابی تێدابوو، کاتژمێرێکی بەر باخەڵیان لە ناو پشتێنەکەی دۆزییەوە کە کامیرایەکی وێنە گرتنی هەستیار بوو .

دەستەکانیان لە پشتەوەڕا بە کندرێك توند بەستنەوە و هەر بە تڤەنگەکەی خۆی چەند گوللەیەکیان بە نـێو لاق و بە لاملی وەنا، شێخۆ رەنگـی گۆڕاو قـــورگی وشك بوو و ماوەیەك ورتەی لە دەمەوە نەهات و هەستی کرد ئەم چارەنوسە رەشەی زۆر لەمێژە لێی دەترسا ئیمڕۆ دەستی ناوەتە خنخنۆکەی.

یەکێك هاواری کرد: بە گوللە مەیکوژن با بیسووتێنین.

یەکێکی دیکە گوتی:- چەند لەمێژە من دەڵێم با ئەم کەچەڵە باقۆیە بخنکێنم .

ئەوی دیکە گوتی:- با جارێك ئەوەندە ئازاری بدەین تا بە تەواوی پێ لە گشت تاوانەکانی خۆی دەنێ و بزانین ئەم ئامێر و ئامرازانەی چۆن بۆ هاتوون و

پەیوەندی بە چەند کەسی دیکەشەوە هەیە ، ئەگینا سزاکەی دەبێت لە کوشتن گەورەتربێت.

شێخۆ بە هەناسە سواری و رەنگ بزرکاوییەوە هەروەك نەریتی تەڵەکەبازەکان پەنای بردە بەر فەندوفێڵ و پاڕانەوە :ـ قوربانتان بم ئەمن کردم ئێوە نەیکەن پیاوی باش بن بەبێ ئازاردان دان بەگشت کردەوەکانم دادەنێم، بەڵام ئێوە و خوداتان ئازارم مەدەن، ئەگەر بە کوشتنی منیش کارتان ساز دەبێت چش لە من، من هەر لە منداڵییەوە کوژراوم و هەموو رۆژێکیش دەکوژرێم و دەکوژرێمەوە، بەڵام ئەگەر نەمکوژن ئەوا زۆر شتتان بۆ دەکەم.

یەکێکیان:ـ بەڵێ کوشتنمان بۆ دەکـەی! هەی ریویە مۆن، هەی...، خۆزگـە دەمزانی بۆ وا بە خۆتـان و بە ئێمە دەکەن.

کە سەرکردەکەیان لەولاوە هاتەوە، لە سەر و بنی ئاشکرابوونەکەی کۆڵییەوە و گوتی:ـ ناکرێت ئێمە بەبێ دادگا بیکوژین، لەوێ سوودی لێ وەردەگرن و بەسزای رەوای خۆشی دەگەینن، دووانتان (ف...و ب...) بیبەن بە ئامێر وئامرازەکانییەوە بیدەنە دەست دادگـای شـۆڕش.

سەرێکی پشتێندەکەیان کردە قوڵفە و کردیانە ملی و سەرەکەی دیکەشیان لە تەنگبەندی هێسترێك گرێدا و وەك سوار و تانجی رستکراو بەرێکەوتن و دوو چەکداریشی بە دواوە بوو.

دادگاکەیان لە قەدی چـیایەکی بەرز و دارستانێکی چڕ، لە تەك کـانیاوێکی سارد و زوڵاڵ، لە نێو ئەشکەوتێکی دوورودرێژدابوو.

دوای پرسیار و وەڵامێـکی زۆر: ناوت چییە؟ تەمەنت چەندە؟ خەڵکی کوێت؟ چ کارەی ؟

سێزدە بڕیاری تۆمەتبارکـــــردنی شێخۆ لە سێزدە دانیشتندا رووبەڕووی ئەو خوێندرانەوە، ئەویش بە دانپیانان و بە رەتکـــردنەوەی هەندێك بابەت وەڵامی

دەدايەوە، هەموو جارێکیش دوای لیکۆلینەوەیەکی باش دادوەرێکی ریش سپی چاویلکە لە چاو کە دەنگی لەگوێی شێخۆدا نائاشنا نەبوو بەلاّم نەشی دەناسیەوە، تۆمەتبارکـــــردنەکەی بە بەلگە و بە دیارکـــردنی کات و شوێن دەخوێندەوە :

١ – بڕیاری تۆمەتبارکردنی ژمارە ٨٨ لە ١٩٨٨/٣/١٨ :ـ لەکاتی ئەنجامدانی دوا تاوانت، بە بەلگەوە گیرای کە دەنگوباست بە بێتەل دەدایە دوژمن و ناتوانی نکولّی لیَبکەی، لەگەڵ ولاّتپارێزاندا لە شاخ بوویت و هەفتانە دوو، سیَ جار بە بێتەل دەنگوباست بۆ دوژمنی گەل و ولاّتەکەمان ناردووە، سیَ جاریش بە هۆی زانیارییەکانی تۆوە فرۆکە لێیداون و چوار شەهید و هەشت بریندارییان داوە، تۆش خۆت لە شوێنی بێ ترس حەشاردەدا .

٢ –...٨٩:ـ بۆ ئەوەی چەکدارەکانی نێو چیا نەوێرن پشت بەیەك ببەستن و هەمیشە بە چاوی گومانەوە بڕواننە یەکتری، لە (ر./ م./ س.)* لەگەلّ (... و ..) پەیوەندیتان بە چەکدارانی ناوچەی هەورامانەوە کرد و بە بیانوی ئەوەی کە خەلّکی کەرکوکن و لە سەربازی راتان کردووە و پێتان خۆشترە لە پێناوی ولاّتەکەتاندا شەهید بن، نەك وەك سەربازی رژێم لە کوشت و کوشتاری بە ناڕەوادا بکوژرێن، ئەوەبوو ماوەیەك لەگەلّیان بە کێواندا سووڕانەوە تا بوونە جێگەی متمانەیان. لە شەوی (ش./ م./ س.) کە چواردە هەڤالّتان لەگەلّدا بوون، دەرمانی بیَ هۆشکردنتان لەگەلّ خۆراك دەرخواردان، کەتەواو بیَهۆش بوون، ئینجا دەست و پێـتان بەستن و وەك دیـــاری لە (...) پێشکەشی رژێمتان کردن، دواتر هەر چواردەیان لە سێدارە دران.

٣–...٩٠ :ـ لە (ر./ م./ س.) دا لەگەلّ چـوار کەسی دیکە بە ناوی (پێشمەرگەی کوردستان ) چوونە گوندی ( س .) لە نزیك شارۆچکەی( ... ) و

* رۆژی.../ مانگی..../ سالّی...

گوندی ( ق .) له دەشتی هەولێر و زۆر گوندی دیکەش کە لەوانەیە تۆ خۆت هەندێکیانت لە یاد نەمابێ، چوونە ماڵەکان و نانتان خوارد و له ماڵیان خەوتن و رۆژی دواتریش راپۆرتتان دایه فەرمانگـەی سیخوڕی و ئاسایش بۆ ئەوەی خانەخوێیەکانتان بگرن و لە سەریان بدەن و خەڵکەکە بتۆقێنن ، واشتان بلاّو کردەوە کەهەر خەڵکی گوندەکان زمانیان لێ داون و راپۆرتیان بۆ میری ناردووە، بۆ ئەوەی گوند نیشینەکانیش لە یەکتر بترسن و ئاژاوەیان لە نێودا بلاّوبکەنەوە کە ئیتر کەس نەوێرێت ( پ .م. ك) نان بدات، باوەڕیشیان پێیان نەمێنێ و گیانی هاوکاری و شۆڕشگێڕیشیان له نێواندا بکوژن.

٤ ـ ... ٩٢ : ـ بۆ ئەوەی دووبەرەکی بخەنە نێوان چەکدارە شۆڕشگێڕەکان و لە جیاتی دوژمن لە یەکدی بدەن و میلەتیش بڕوای پێیان نەمێنێ بۆیە لە رێکەوتی (ر./ م./ س.) لەبەری بادینان پێنج چەکداری شۆرشگێڕی سەر بە (س.) تان لە چیای (پ)کوشت و تەرمەکانیشتان جێهێشتن و لە گوندەکانی دەڤەرەکەشدا واتان بلاّوکردەوە کە ئێوە (پ. م .ك.)ن و سەر بەلایەنی (ش.)ن و نەیاری ئەوانن ، چەند ناسنامەیەکی دورستکراوی ساختەشتان بۆ تەفرەدان لە شوێنەکە جێهێشتبوو.دواتریش بە ناوی تۆڵە سەندنەوە شازدە ئەندامی رێکخراوی (ش.) تان کوشتنەوە.

٥ـ.... ٩٣:ـ لەبەر دەرگای قوتابخانەی کچان و کۆلێجەکان لە هەولێر دەگەڕای تا کام کچ جوانە دەست نیشانی بکەیت و بە بەرپرسانی خۆتی رابگەیەنی بۆ ئەوەی تاوانی سیاسییان بۆ هەڵبەستن و بیانگرن و ناموسیان ببەن.

٦ ـ ... ٩٥: ـ ماوەیەك لە ئاوایی ( خ. ) لە ناوچەی (گ.) بوبوویتە پاسەوانی ئەو عەرەبانەی کە گوندی کوردەکانیان داگیر کردبوو، له رێکەوتی (ر./م./س.) مەلا رەشید و پلکە بەسێی خێزانی و حاجی سێوێی خوشکی کە کۆنە دانیشتوانی

گوندەکە بوون، هاتبوونەوە بۆ ئەوەی سەر لە گـــــۆڕی دوو کوڕە گەنجە کوژراوەکانیان بدەن، ئەتۆ مەلا رەشید و حاجی سێوێت بە دەستی خۆت کوشتن.

٧ ـ... ٩٦: ـ بۆ ئەوەی دوژمنایەتی بخەنە نێوان کوردەکانی ئەم دیو و ئەو دیو، رووی کوردانیش لە جیهاندا رەش بکەن، لە (ر.٠/م.٠/س.٠) پاسەپۆرتیان بۆ دەرکردی تا بچیتە ئەڵەمانیا و فەرەنسا بۆ ئەوەی (... ) و ( ... ) کە دوو کوردی نیشتمان پەروەری ئەو دیو بوون بیان کوژیت.

٨ ـ ... ٩٧: ـ بۆ ئەوەی دوژمنداری بخەنە نێوان عەرەب و کوردانەوە، لە بەهاری ساڵی (... ) ئێوە حەوت کەس بوون چوونە گوندی (...) و سی و شەش نەفەر ژن و منداڵی عەرەبانتان کوشتن و لە کەندی پشت ماڵانیشەوە دووانتان لە برادەرانی خۆتان کوشت و جێتان هێشتن

٩ـ... ٩٨: ـ لە (ر.٠/ م.٠/ س.٠) وێنەی خۆپیشاندەرانت لە شەقـــــلاوە گرتبوو و ناوەکانیشت نووسیبوون و (تەسلیمی دائیرەی ئەمنت کردن) کە دواتر بیست و حەوت کەسیان گوللە باران کران ، چواریان برابوون.

١٠-... ٩٩:ـ هەر لە هەمان هەفتەدا لە گەڵ سێ چەکداری دیکە، لە پشتی ( ...) و لە نزیك گۆڕستانی میرسەیدی، کوێخا قادر ونادری کەریم قوربانیتان لە پەرێزێ و لە بەر بەری دروونەی و بە بەر چاوی منداڵەکاییانەوە کوشتن و دەزگای سیخوریشتان ئاگادار کردەو کە دوو یاخی زۆر دڕندەتان کوشتوون.

١١-... ١٠٠ : ـ چەندین جار وەك چاو ساخ و دەسکێش سواری کۆپتەری سەربازی بووی و شوێنی چەکدارەکان و گوندە ئاوەدانەکانی ناوچەی (گەرمیان و بناری قەندیل)تان پێ پیشان داون، بۆ ئەوەی بۆمباران بکرێن یا گازی کیمیاییان بەسەر دابپرژێنن یا بە ئەنفال بیان بەن و ئیتر نە بیندرێنەوە .

١٢-... ١٠١: ـ لە رێکەوتی (ر/ م/ س) لە جەنگەڵەکەی پشتی دێرێ لە نزیك گوندی ئەرگۆش و چیای گۆڤەند، تۆ لەگەڵ هێزێکی سەربازیی پیادە و سووارە و

کۆپتەری سەمتی، نۆ جەنگاوەرتان گەمارۆدابوون، دوای دوو رۆژ لێکدان توانیتان حەوتیان بکوژن و دووانیشیان بە برینداری بە دیل بگرن، تۆ و عەریف دهام زرغام و نائیب عەریف حەنتۆش وەنان و زبالە حەنزەل کلیب، شەوێك تا بەیانی بریندارەکانتان.. ...ئینجا کوشتنتان.

١٣- ... ١٠٢: ـ لە رێکەوتی... (پیێ میمێك) کە نازناوی ئاپۆ و خەڵکی گونی (س.) لە بناری چیای مەقلوب بوو نەخۆشییەکی کوشندەی گرتبوو، بۆیە بە ناچاری داوای کـــــــــردبوو ئەگەر لێی ببوورن، ئەوا واز لە چەکـــداری دێنێ و دەگەڕێتەوە نێو ماڵ و منداڵی خۆی، لەو کاتەدا حکومەت بڕیاری لێبووردنی گشتی دەرکردبوو ، تۆش دڵنیات کردەوە ئەگەر بێتەوە سزا نادرێ بەڵام دواتر بۆ چاوشکـــــاندنی داتیشتووانی خەڵکی ناوچەکـــە پێنج پیـــاوی ئاسایش و چوار سیخوڕت لە موسڵەوە لەگەڵ خۆت بردن و لەبەر چاوی ژن و منداڵەکەی و خەڵکی گوندەکە دەست و پێتان بەست و دەرگات لە سەر کلیل داو خانووەکەیت ئاگر تێبەردا و ئەویش لە ناویا سووتا

هەر تاوانێك لەم سێزدە تاوانانە دادگاییکردنێکی سەربەخۆی دەویست.

مافیشی هەبوو پارێزەرێك بۆ خۆی دیار بکات بۆئەوەی لە دادگادا داکۆکی لێ بکات.

دۆســـیەی شەست وشەش تـــاوانی دیکەشی هەبوو کە لە داهاتـــوودا تەواو دەکران.

شێخۆ نکۆڵی لە هیچ کردەوەیەك و تاوانێکی نەکرد بەبێباکیشەوە گوتی :

من چەند زۆرداری و ستەمم کردووە، ئەم خەڵکەش دە ئەوەندیان لە ئاستی مندا کردووە، من لە منداڵیشمدا تامی خۆشی و خۆشەویستیم نەکردووە، بەشی من هەر چەوساندنەوە و سەرکوتکردن و ئازار چێشتن بووە، لەم رۆژەوە من لە دایــکم جودابوومەتەوە، ئەو بە ژانەکـــانی منەوە چوو، ئێش و ئازارەکانیش رۆژ

به رۆژ و ساڵ به ساڵ  لەگەڵ مندا گەورە بوون و تەنیا ساتێکیش ئاسوودەییم نەدیووە، هیچ بوونەوەرێکیش هەستی بە هاوار وناڵینم نەکردووە، ئەم خەڵکەی دەوروبەرم هەمیشە بە چاوی زڕدایك دەنوارنە من و بە دەستە ئاسنینەکەی ئەویش سیخورمە لە دڵ و دەروونم دەدەن، ئەگەر هەستم بکردایە هێندەی سەگێك خۆشیان دەوێم هەڵبەتە منیش خۆشم دەویستن و هەرگیز بیرم لە تۆڵەسەندنەوە نەدەکردەوە .

# بڕیاری دادگا

دادگای شۆڕش کە بە ناوی گەلەوە دەســەڵاتی دراوەتیّ، لە سیّ دادوەر ( سەرۆکێك و دوو ئەندام ) پێك هاتبوو، بەپێی بڕیــاری ژمارە (ش. )بڕگە (س.) دادگاکە لە بیست و هەشت دانیشتندا، لە سێزدە تۆمەتبارکردنی شێر عەلی حوسێن کە بە شێخۆخوێڕی ناسراوە، کۆڵییەوە و بەبیّ پێچ و پەنا ئاشکرا بوو کە تاوانکاری ناوبراو ئەم تاوانانەی خوارەوەی ئەنجام داون

( ١ – ..... ٢ – ...... ٣ – ..... ٤ – .....٥ – ... . ٦ – ...... ٧–..... ٨ – ..... ٩ –.... ١٠ – ..... ١١–.......١٢ـ....١٣....) .

تاوانکاریش بە بەڵگەوە دانی پێناون.

دادگـاکە بەپێی یاسـای سزادانی تاوانکاران ، بڕگەکانی مادەی (٤٠٥ و٤٠٦) سێزدە بریاری سزادانی دەرکرد.

سەرجەمی بریارەکانیش بریتیبوون لە :ـ شێر علی حوسێن ٣٤٥ (سیّسەد و چل و پێج ) سالّ بەند بکرێت و ٩ ( نۆ) جاریش لە سێدارە بدرێت، بەلام چونکە ناوبراو خەنجەری زۆری لە دواوەڕا وەشاندووە، بۆیە دەبێت یەکەم جار بە شەکر و هەنگوین بکوژری.((ناوبراو بۆی هەیە داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکان بکاتەوە.))

شێخۆیان کردە نێو ئەشکەوتێکی تاریك. سکی لە برسانا ژانی دەکرد، بەڵام لە خەویشدا نەیدەوێرا خۆراك بخوات، لە بەرخۆیەوە:ـ گشت خۆراکێکیان ژەهراوی کردووە، هەنگوین ژەهر، نان ژەهر، چایە ژەهر، جگەرە ژەهر، ژەهر...

بۆ کێشانی جگەرەیەك شێت ببوو، جگەرەیەکی بەبیّ داگیرسان بە دەمەوە دەنا و دەیگوت:– جگەرە ژەهر..، ژەهر .. ژەهر..، خۆزگە دلڤین بهاتایە دیدەنیم و دوو ژەمە خۆراك و چوار پاکەتە جگەرەی بۆ بهێنامایە، هەنگینیّ منیش

بێ ترس دەموێرا نانەکە بخۆم و جگەرەیەکیشی بە دوادا بکێشم. (کە ئاوی دەخواردەوە چەند جارێك تامی دەکرد) دەبێ ژەهر تام و رەنگی ئاو نەگۆڕێت؟ ئاوم ژەهر ، ژیانم ژەهر ، مردنم ژەهر...، منیش ژەهرم لە گەڵ ماستاودا دەرخواردی زڕدایکم داوە، راوێژکاێکیشم بە قسەی (أبو رسالە) بە سالیۆم کوشت.

خۆزگە جارێکی دیکە دەستم دەگەیشتەوە (أبو رسالە)، هەر بەخۆم دەمزانی چۆن دە گوللەم لە تەختی نێو چەوان و کەللەی سەری دەدا .

بە ماوەیەکی زۆر کەم ئەوەندە لاواز و بێهێز بوو کە ئیتر توانای نەما بەسەر پێوە بووەستێت، خۆزگەی دەخواست بە گوللە بیکوژن یا لە سێدارەی بدەن، لە دڵی خۆیدا دەیگوت :ـ دەبێ داوایان لێبکەم لە هەڵدێری ئەم لوتکە بڵندەوە، فڕێم نەدەنە خوارەوە؟... بۆخۆم بمرم و بحەسێمەوە ...

لە کەلێنی بەردەکانی دیواری دەرگەی ئەشکەوتەکەوە دەیڕوانییە دەرەوە، لە کلۆرایی پیرە چنارێکی زۆر گەورەدا سمۆرەیەکی بینی گوێزی بەدەمەوەبوو، دوو کۆترە کیویش لە هێلانەکەیاندا لە قەد شاخە لووسەکەی بەرامبەری دندووکیان لە نێو دندووکی یەکتر دەنا و بە دەوری یەکتردا دەسووڕانەوە، لە دوای ماوەیەك بە یەکەوە هەڵفڕین و بەرە و دارستانە چڕەکەی ئەولاتر رۆیشتن، ئەویش لە گەڵیان هەڵفڕی، بەڵام کەوتەوە نێو ئەشکەوتە تاریك و شێدارەکەوە، ماوەیەك لە شوێنی خۆی حەپەساو سەیری ئاسمان و لێڕەوارەکەی کرد، خۆی بەرزتر کردەوە و لەسەر نووکی پەنجەکانی وەستاو لە درزەکەی سەرەوەترەوە چاوی بەرەوخوارتر داگێڕا، پیرەمێردێکی ریش سپیی مشکی بەسەر لەژێر دارگوێزێکی زۆر گەورە سبیلێکی بەدەمەوە بوو و قومی لێدەدا و دووکەڵەکەی هەڵدەمشت و لە دەم و کونە لووتیەوە دەریدەداوە و دەموچاو و کەللە سەری لە نێو دووکەڵەکەدا ون دەبوون و دەردەکەوتنەوە، وردە وردە دەستی بە ردێنەکەی دادەهێنا و دەیڕوانییە ئاوێنەی ئاوی کانیەکەی بەردەمی. ئەویش ماوەیەك لەگەڵ دووکەڵ و خەیاڵی پیرە پیاوەکە

تێکەڵ بوو، تاوێکی باشیش بێ ئومێدی سەرتاپای لەشی داپۆشی، تا هەوای شێدار و بۆن گرمخاوی ناو ئەشکەوتەکە هەناســەی گرت و هاتەوە هـــــــۆش خۆی، بە لارەلارە دەستی بە رۆخی ئەشکەوتەکەوە گرتبوو و چەند جارێك ئەم سەر و ئەوسەری ئەشکەوتە تاریکەکەی کرد، دوبارە بەرەو رووناکایی لای دەرگاکە هاتەوە و هەستێکی غەمگین پەلی سۆزی گرت، بەناو رابردووە خۆشەکانی خۆیدا گێڕای، لەبەر خۆیەوە:ـ نا، نا، دڵقین بەردەدەن و دێتە سەردانم، خۆراك و جگەرەشم بۆ دێنێ. ماڵ و سامانێکی زۆرم هەیە، با بەشی خۆیی و توولە رەش بێڵێتەوە و ئەوی دیکەم بۆ بکاتە خێر، ماڵ و سامانی هەموو جیهانم بۆ بکەنە خێر بەشی ئەوە ناکات تاوانەکانی من بسڕێتەوە، ئاوی زەریا بە گشتی ببێتە باران و لافاو هەڵبستێت ناتوانێت چڵکی رەشی من و ئەم خەڵکە بشواتەوە.

با گۆڕەکەم لە شوێنێکی تەنیا بێـت، هیچ گۆڕی تری تێدا نەبێـت، چونکە لە گۆڕیش یەکتر دەناسینەوە و لە یەکدی دەترسێین و یەکتریش ئازار دەدەینەوە. بریا ..، خۆزگە.. ، کاشکێ ..، خودای باڵا دەست من بە زیندوویی لە دۆزەخدا ژیاوم، تۆش جارێکی تر دەمگەڕێنیتەوە دۆزەخ؟ یــەزدانی مــەزن تۆ گەلێك لە من و لەم خەڵکە هیچ و پووچە بەخشندە و میهرەبانتری، کەسێکی ترم نییە پەنای بۆ بەرم و بەهانامەوە بێت، تۆ لێم ببوورە، تا ئێستا هیچ کەسێك منی نەبەخشیووە...



# ١٢– چارەنوسی دوا هێرش

## ( شەخەڵی دار بەڕوو )









بەپێی پلانێکی زۆر تێر و تەسەل کە لە لایەن پسپۆڕ و شارەزایانی سەربازی رووسیایی و سووریایی و تـــورکیایی و ئێرانی و ئێراقییانەوە ئامادەکرابوو و بە باشترین و زۆر ترین هێزی سەربازی و بە نوێترین چەکی سەردەم کە لە یەکیەتی شوورەوی و فەرەنسا و ئەلەمانیای رۆژ ئاواو بەرازیل و هیند و.ئەمریکا و.. دروستکرابوون، هەڵمەتەکەیان لە یەك کاتدا لە سێ دەڤەر دەستی پێکرد:

١- بەرەی بادینان (بۆ مەتین و گارا و پیران تا دەگاتە خواکورك و حەسارۆست )

٢- شالاوێك بۆ (کارۆخ و کۆرەك.و... )

٣-(قەندیل و پشدەر و چوارتا و پێنجوین و هەورامان تا دەگاتە هەڵەبجە).

پلانی هێرشەکانی دەڤەری دووەم وا داندرابوو کە لەپێشدا دەشتایی و دۆڵەکـان بگرن و یاخییەکان گەمارۆ بدەن، ئنجا بەرەو لووتکەکان بچن:

لە (سەروچاوە) وە بەرەو ( زێوە و هەرتەل و شیرە و بالیسان )

لە (بێتواتە) وە بەرەو ( شیشار )

لە (هیران)ەوە بەرەو (گەڵی بێشێخی و لووتکەی کلاوقاسم )

لە (مامەجەلکە و سیساوە و شێخمەمودیان)ەوە بەرەو (شەکرۆك و زینەتیر و زەرتکان و کەپکی حەمەداغە )

لە (سپیلك وخەلیفان)ەوە بەرەو (دۆڵی ئالانە و سەرباری خەتێ )

لە چیای(کۆرەك)ەوە بەرەو (لووتکەکانی سەری جوانەگا و کێل کێل)

لە (کاولۆکان و رواندز )ەوە بەرەو (دۆڵی ئاکۆیان وگەرۆیان و فەقێیان)

لە (هەندرێن)ەوە بەرەو (کارۆخ )

لە (دەرگەڵە و خانەقا ) وە بەرەو (وەرتێ )

لە(پڵنگان) ەوە بەرەو(شیشار و زینوێ ئەستێرۆکان و ساوسێۆکان و مەلەکان).

له دۆڵ و بناری چیاکاندا رەوە تانك و زرێپۆش و لۆری سەربازی، لە پێدەشتەکانیشدا تۆپی نەمساوی و راجیمە و رۆکێت بە ژمار نەدەهاتن .

پۆلە فرۆکەی جەنگی لە جۆری مێگ و سیخۆی و تۆبۆلیڤ و...، کۆپتەری سەمتی، پەروانەداری گواستنەوە وەك داڵ و سیسارکەکەچەڵ بۆ کەلاك بە هەموو لایەکدا دەسووڕانەوە و نەڕەیان دەهات، سەربازی پیادە و سوارە لە گشت شوێنێکدا وەك شارە مێرووله لە جوولەدابوون. دیمەنەکەی پتر لە جەنگێکی جیهانی، یا لێکدانی نێوان دوو دەوڵەتی زلهێز دەچوو، بەڵام بە شەڕی ناوەخۆی نێوان میری نیشتمانی و بەرهەڵستکارانی خۆفرۆش ناو دەبرا.

لە کاتی دیاریکراودا لە گشت لاوە هێرش دەستی پێکرد، پەلامار لە دوای پەلامار، هێزەکانی (تایبەتی) و (بروسك) و (پاسەوانی کۆماری) و چەکدارە کوردەکانی سەر بە خێڵەکانی (...)، (...)، (...)، (...)، (...)،(...)،(...)
لە نێوان خۆیاندا پێشبڕکێیان بوو کە بڵندترین لووتکە و ستراتیژیترین شوێن بە زووترین کات داگیربکەن .
ئەگەر ئەو شوێنانەی کە بۆیان داندراوە لە کاتی خۆیدا نەیگرن ئەوا سەرباز و پلەدار و ئەفسەرەکان لە شەڕگەکەدا دەکوژرێن و بە ترسنۆك و ناپاك دادەندرێن و خێزانەکانیشیان سزادەدرێن ..

مەبەستیش لە دوا هێرش ئەوەبوو کە یاخییەکان بە تەواوی گەمارۆ بدەن و قڕیان بکەن و دانیشتوانی دەڤەرەکەش کە بەبێ رەزامەندی گەڕاونەتەوە سەر هەوارەکانیان ئەنفال بکرێن و لە باشوور لە گۆڕی بە کۆمەڵدا زیندە بەچاڵ بکرێن، کە ئیتر ئەوانی دیکەشیان چاو بشکێنن و هەرگیز جارێکی دیکە نە توانن سەرهەڵدەنەوە یا بیر لە گەڕانەوەو راپەڕین بکەنەوە ...

لەو لاشەوە لە کێوە سەرسەختەکانەوە وەك بلێی لە رۆژی ئەزەلەوە بۆ بەرەنگار بوونەوە دورست کراون، چەند بلند و چەتوون و خۆڕاگرن، ئەوەندەش ورەی جەنگاوەرەکانیان بەرزدەکەنەوە، بۆیێ لە دێر زەمانەوە چیانشینەکان بە جەنگاوەری نەبەز و بوێر ناویان دەرکردووە، ئەگەر چواریان لە دوندێکدا دەسوەکەری بکەن ئەوا دوو تیپی سەربازی بە تەواوی دەروەستیان نایەت.

( پ . م.) بە ژمارە کەم بوون، بەشی ئەوەیان نەدەکرد کە زۆربەی لووتکە بەرزەکان بگرن، چەکی سووك و تەقەمەنی کەم و هەندێك دەمامکی دژی گازی کیمیاییان هەبوو، زۆر ترینی چەکەکانیان (بی کەی سی)و (کلاشینکۆف) و (مین ) و (نارنجۆك) بوون، کەمێکیش (برنۆ) و ( ئەنگێوە=قەناس)یان هەبوو کە بۆ نێو چیا شتی باش بوون، هەندێك شەستیرو مووشەکی گرادی زەمین بە زەمین و تۆپی ١٢٠ ملم و هاوەنی ٦٠ و ٨٢ ملم و( ئار بی گی)شیان لە چەند جیگەیەکدا هەبوو، بەلأم لە بەر فرۆکە زۆر بەدەگمەن دەیانتوانی بەکاریان بێنن .

چەند دەستەیەکی پێشمەرگە ویستیان لە شوێنی سەخت و دژوار، لە دەوروبەری رێگاکە خۆ حەشاردەن و لە کاتی گونجاودا گورزی جەرگبڕ لە دوژمن بوەشێنن و سەروەشێنی بکەن.

چەند لووتکەیەکی بەرز و سەخت دەیانڕوانییە دەرگای دۆڵەکە و سێڕیانی شەقامی خۆڵ و جادە قیرەکە و نیمچە پانتاییەکە، شوێنەکە جێگەی رێگری و روتکردن بوو، بەلأم لە مێژ ساڵ بوو چەندین سەنگەری تیز و فیزیان لەسەر لووتکەکان دانابوو و چەکدار و سەگی زۆر دڕیان تێدابوو، پێشمەرگەکان بیریان دەکردەوە ئاخۆ چ ڕێگایەك بدۆزنەوە تا بتوانن بچنە نێوان هەر سێ سەنگەرەکەی پێشەوە و سەگەکان ئاشکرایان نەکەن، چۆن بتوانن دەستێکی کاریگەر بوەشێنن

و بشکشێنەوە؟ ڕەحمانی عەولا شلی گوتی:ـ ئەوەی بە خاڵی خۆ بسپێرن، چارەی سەگەکانیان دەکەم، من لە منداڵییەوە ڕاوچی نێو ئەم کەژ و کێوانەم، ڕێگەیەکیش پێدەزانم جێگەی گومان و ئاشکرابوون نییە، بەڵام ڕێگەکە ڕك و هەڵدێر و ترسناکە، پیاوی شاخەوان و بوێر و چاپووکی دەوێ، لەم کەلێن و تاشە بەردانە سەرکەوی و دابەزی، تاقەکیشی لێیە ئەگەر بگەینە ئەوێ ئەوا تەقەش بکەین کەس هەستمان پێناکا و کەسیش نامان بینیتەوە.

دێڵە ڕەشم بەبایە و لە دونێوە دەنووسکێنێ، ئەمنیش قولابم لە زێی داوە نەوەك گۆڵە سەگی خوێڕی پێوەبێ، حەیفە ڕەشەی من زڕ تاژیان بە خێو بکات، ڕەشە لە ڕاوێ دەڵێی بایە، ئاوس ببیت پەکی دەکەوێ، بەڵام ئەگەر گۆڵە تاژییەکی زۆر خۆش* هەبێت ئەوا لێی دەگەڕیم ئاوس ببی. ئەوجا وەرە گوجیلە تاژی نازدار و ڕەسەنت هەبێ، ڕەحمان ئەتووش بۆخۆت بەخێوی بکەی، فێرە ڕاو ببی و کێروشك و مامزان لە خرتۆرێ وەربدەن.. .

لەو تاقەی دەڵێم لە خوار سەنگەری سەر قووپەکەوە شانە هەنگێکی لێیە لە لای ژێری کەسی ناگاتێ و لە لای سەنگەرەکەشەوە نابیندرێ، پێشتر ئەمن هەموو پاییزان چوار گوریسم تێك دەخستن و لەسەرەوەڕا خۆم شۆڕ دەکردەوە و شانەکەم دووکەڵ دەدا ، دوو ، سێ تەنەکە هەنگوینی سپییم دەردێنا، هەنگوین ئەمما هەنگوین. هەر لەو تاقەی دەڵێم بچینە ئەوێ، بە جاحێڵی نێرییە کێویەکم لەوێ کوشت، ئەو کاتی بزن بە تەگە بوو، نێرییەکە لە دوای چوشتیرێکی نێو چەوان غەڕ بوو و ئاگایان لە خۆ نەبوو، لمــوزی بۆ ئــاسمان بەرزدەکردەوە و جار جار دەبیپڕماند و دەپەڕییە چوشتیرەکە، بە پارێز لێیان نزیك کەوتمەوە، نێرییەکە

---

* خۆشبەز ، ڕاوکەرێکی ئازا و بگر

رووی له من بوو، سێرەم له نێوان هەردوو شاخی گرت و وەرمگێڕا، باشبوو شاخەکانی له دارەبەنەکی گیر بوون ئەگەرنا تێدەچوو[114]، چوومەسەری هەندی جوانەگایەکی بوو، کەلەشەکەییم پارچە پارچە شۆڕ کردەوە، شاخەکانی دوازدە گرێ بوون، له سەردەرەی  نهۆمی دووەمی دیوەخانێم گرت، دوو شاخی درێژ و قیت و گرێ گرێ بوون، تا ئێستا شاخی ئەوەندە جوان و گەورەم نەدیتییە...

مام رەحمان بست به بست و بەرد به بەرد و دار به دار شارەزای کێوەکەبوو، تفەنگێکی برنۆی ژمارە ١٧ی، سی ساڵێك دەبوو له دەست دابوو، زۆر جاران له گرەو له دووری بیست سی هەنگاوێك جگەرەیان بۆ بەنیشان دادەنا و هەر گوللەیەك که لێی دەدا دینارێکی دەویست، ئەگەر لێشی نەدابوایە ئەوا ئەو پێنج دیناری دەدا، بەلاّم لەم دواییەدا  وازی له نیشان شکاندن هێنابوو، هەندێك جار دەیگوت:ـ (( پارەکەی حەرامە)) یا دەیگوت:((چاوم وەك پێشان نەماون، برا هەر ساڵە و تەمەنێك))

له دەوری سەنگەرەکەوە سەگەکان شەڕیان بوو و خەریك بوو یەکتر ونجڕ ونجڕ بکەن، که پێشتر شتی وەهایان نەکردبوو، بەڵکو بۆ نان و گۆشتی خۆیان له جیاتی چەکدارەکانیش ئێشکیان دەگرت، پاسەوانێکی جحێڵ له سەنگەرەکەدا خۆی بۆ نەگیرا و به ماتە ماتە و به سەرەتاتکێ و به دەستی به تفەنگەوە له سەگەکان نزیك کەوتەوە، که بینی دوو دوو و سێ سێ  یەکتر دەگرن و یەکتر له خۆڵدا دەگەوزێنن و گاز لەیەکتر دەگرن وسەر رادەوەشێنن و دەمرێنن و دەواقێنن، لەولا تریش سەگە سپی بینی به تاژیەکی رەشی دەست و

114 – هەڵدەدێرا، له شاخ دەکەوت

پیّ به خەنەی ناوقەدباریك وەبووە و زمانیان بستێك دەركردووە و لیكیان بە دەمدا دەچۆڕێتەوە، ماوەیەك تێیان راما، بانگی هاوڕێیەكانی كرد:—

**هۆی! وەرن! وا شێرە سپی بـووكێكی دەست و پیّ بەخەنەی بۆ هاتووە.**

لەبەر خۆیەوە:ـ خۆزگە...، منیش ئەوە ٦٦ رۆژە لە نێو سەنگەردا بە رۆژ مشك و مار و دووپشك چاو شاركێم لەگەڵدا دەكەن و بە شەویش لە ترسی یاخییە چەكدارەكان خەوم نییە، سیّ جەمەش سەموونی رەق و فاسۆلیای وشك و پیازی رزی و خورمای كرمن و گۆشتی بۆگەنی ... دەخۆم، هەر ئیمڕۆ نا بەیانی هێرش دەست پێدەكا و هەفتەیەك دەخایەنیّ و كۆتایی‌دیّ و ئیجازە دەكرێتەوە ..

ئەگەر بە یانی بیور و تەورداسیش بباریّ ئەوا هەر رادەكەم و دەچمەوە و ئەم دوو عانەیەشم ناوێت كەلێرە دەستم دەكەویّ، نەفرەت لەم پیشەی چەكدارییە، گاوانی و سەپانی دەكەم، دەبمە كرێكار، گسككاری دەكەم و ئێواران دەچمەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆم ، نە كەس دەكوژم و نە لەكەسیش دەترسم بمكوژیّ، بەڵام لەم ئۆردوگا زۆرە ملێیانە گووڕێژیش بۆ مەمانان دەسناكەویّ ئەگەرنا....))

سیّ چەكدار لە سەنگەرەكەوە بە ئاستەم گوێیان لە بانگ كردنەكە بوو و بە پارێز بۆ شوێنی دەنگەكە چوون و لە ملە بەرزەكەوە سووڕانەوە. لە خوارەوەڕا بینیانن و رستەیەك راجیمەیان تیّ گرتن و سەگ و چەكدارەكانیان بێدەنگ كردن...، لە نێو سەنگەرەكەوە بە تەلەفۆن بانگی سەربازگەكەیان دەكرد:ـ خۆمانیین...چەكداری خۆتانیین، چاودێری ناوچەكە دەكەین...ئێشكگرەكانتان كوشتین.

ئەوانیش گوتیان:ـ ئاگادارمان کردبوونەوە هەر کەسێ لەم دەورووبەرانەدا بجوولێتەوە  بە دوژمنی دەزانین و لێی دەدەین، چارەتان ئەوەیە بە هیچ جۆرێك دەرنەچن و ئێمە خۆمان چاودێری ناوچەکە دەکەین.

له خوارتریش ڕەحمانی عەولا شلی گوتی:ـ کوڕینە مەجووڵێن لەوانەیە ئێمەیان دیتبێ و ڕاجیمەیان سەری کردبێ لە سەنگەرەکەی دابێ و ڕەشەی منیش بەرکەوتبێ، بەو خودایە لە کچ و کوڕەکانم پتر خۆشم دەوێ، ماڵم کاول بوو ڕەشە، بە گۆڕێ بابم هەست بکەن ئێمەش لێرە لە نێوان زەوی و ئاسماندا حاسێ بووین ئەوا بەدەردی نێرییەکەمان دەبەن و پشك پشك شۆڕمان دەکەنەوە...

دوو شەو و ڕۆژێك بوو چاودێری سێڕیانەکەیان دەکرد، بەیانی ڕۆژی دووەم بوو کە قەمەرەیەکی مارسدیس و دوو لاندگرۆزەری سەربازی ئاڵایان پێوە دەشەکایەوە لە شەقامە قیڕتاوەکەوە بەرەو ڕێگە خۆڵەکە لایاندا، دوو پیکابی ڕەنگ خاکی پڕ ســــــــەربازی لەپێشدا و دوانیشیان لە دواوەدا دەڕۆیشتن، ترومبێلەکان بە تۆڕ داپۆشرابوون و هەندێك جێگەشیان بە قوڕ سواخ درابوو و هەندێك چڵە دار و چڵووشیان پێوەکرابوو، بەهێمنی هاتن تا لە دیوی نەدیوی ملەکەوە سەرکەوتن و دوبارە کەوتنەوە پەنای زینووی دووەمەوە، بەرلەوەی بەتەواوی سەربکەونەوە دە ســــــــەرباز بە ڕاکردن بەسەر بستییەکە کەوتن  و شەشیان بە ڕاکردن چوونە سەر بەرزاییەکە و لە نێو بەردەکاندا خۆیان دامەزراند. چوارەکەی دیکەشیان لە خوارتر بە پێوە چاودێری دۆلەکەیان دەکرد لاندگرۆزەرێك و دوو پیکاب بە سەربازەوە سەرکەوتن و سەربازەکان دابەزین و دەستە دەستە پەرت بوون و دوور و نزیك خۆیان دامەزراند ،

سێ بەرگ خاکی دیکە سەرکەوتن و هاتنە ژێر سێبەری پیرە داربەڕووەکەی پێشەوە و هەشت چەکداری وشت لە دەوروبەریاندا وەك پاسەوان چاودێری ناوچـــەکەیان دەکرد، ئەفســـەرە باڵا بەرزە چوارشانەکەیان داردەستێکی بەدەستەوەبوو باریکەڵەکەشیان هەگبەیەکـــــی سەربازی لە نێو دەستدابوو، چوارشانەکەیان دووربینێکی لە سێیەمیانەوە وەرگرت، بۆ پێشەوە و بۆ دوور و نزیك، بۆ راست و بۆ چەپیش بۆ شوێنی هێرشی سەربازەکان دەینوارییە کەپکە بەرز و سەختەکان، سەربازێکیان گەڕاوە دواوە و سێ جار دەستی بڵند کرد و دایداوە، قەمەرەخاکییەکە سەرکەوت، لەبەر کەڵەکە بەردەکە رێگە نەبوو خۆی بخاتە ژێر سێبەری دارەکەوە، بۆیە لە نزیك سێبەرەکەوە راوەستا، سێ ئەفسەرەکە هاتنە پێش لموزی ترومبێلەکە، ئەستوورەکەیان نەخشەیەکی گەورەی لە هەگبە سەوزەکە دەرهێنا و لە سەر بۆنیتی ترومبێلەکە رایخست، نەختێك لە نەخشەکە رامان و کەمێکیش ڕوانییانە لووتکە بەرزەکان و بەدەست ئاماژەیان بۆ هەندێك شوێن کرد.

لێخوڕەکە پشتەوەی قەمەرەکەی هەڵداوە و سێ قووتی بۆ هێنان و خواردیانەوە و قووتییەکانیان هاوێشتنە سەر کەڵەکە بەردەکە.

ئەفسەرە باریکەڵەکەیان نەخشەیەکـــــی گەورەتری دەرهێنا و هەردوو نەخشەکانی لە سەر لموزی ترومبێلەکەوە بە یەکەوەنان و یەکێکیانی لەسەر جامی قەمەرەکە بە بارانماڵەکە چەسپکرد، لەکاتێکدا هەرسێك سەریان بەیەکەوە نابوو و زۆر بە وردی تێی رادەمان، مام رەحمان و هەڤاڵانی کە تا ئێستا بە دووربین چاودێریان دەکـــردن، دەسرێژیان کـــردنێ، هەرسێکیان کەوتن و ترومبێلەکەش ئاگری گرت، تەنگە ستوورەکەیان بە بریندارى خۆی گەیاندە پەنا کەڵەکە بەردەکە و باریکەڵەکەشیان خۆی خلۆرکردەوە و لە ئاگرەکە دوور

کەوتەوە، تەرمی سێیەمینیشیان سووتا، بەڵام لێخوورەکە لەوان دوورتر وەستابوو خۆی بە زەوی کێشاو بەرەو نشێواییەکە خۆی بانگرۆزکرد.

لە دەرگەی دۆڵەکە و لە تەختە زەوییەکەشدا، مین لە ژێر دوو زیلی سەربازی و تانکێك تەقینەوە و تێك و پێکی شکاندن و ئاگریان گرت و زۆربەی سەرنشیەکانیشیان کوژران، لەم کاتەدا تراکتۆرێك گالیسکەکەی رادەکێشا و ژن و منداڵی تێدا بوو، بۆ تۆڵە کـــــــردنەوە گرتنیان و گوللە بارانیان کـــــردن و تراکتۆرەکەشیان سووتاند. ئیڤایەك لە قوڕی مێرگی نەوراییەکە چەقی و پەکی کەوت و تانکێك چوو دەری بکات و رایبکێشێت، ئەویش لە مینێکی داو تەقییەوە.

لە بـانیشەوە پێشمەرگەکـان دەستە دەسـتە خۆیان لە تیشە شاخەکاندا دامەزراندبوو و چاوەڕوانبوون هێرشیان بکرێتە سەر، ئاگر باران دەستی پێکرد، چەند مەترێك لە پشتیانەوە گوللە تۆپێك شریخەی هات و زەوی هێنایە لەرزین و بڵێسەی ئاگر و ساچمە ئاسن و و پڕیشکە بەرد و خۆڵ وەك لێزمەی باران بەسەریاندا بارین و برادەرەکەی پتر خۆی بە بەردە گەورەکەوە نووساندو هاواری کرد:ـ(( یا خودا...یا پێغەمبەر ...)) دەمی دەجووڵا و دوعای دەخوێند، پانە بەردێك بە ورشە ورش لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە و ناوشانی پێ قووڵ کرد، هاوارێـــــــکی دیکەی لێ هەڵسا، بەڵام نەیزانـــی ئەمجارە هاواری کێی کرد، ساچمەیەکیش بە بەردە گەورەکە کەوت و بۆیان هاتەوە و بەر لوولەی تفەنگەکەی کەوت، هەڤاڵەکەی وای هەست کرد کە قۆڵنجی چەپی بریندار بووە و چەند جارێك ویستی دەستی لە شوێنەکە بخشێنێ، بەڵام بۆی نەکرا، دەستێکی بە خوارتری شوێنەکە داهێنا و هەستی کرد خوێنی لێ نەهاتووە. شانی بەم لاو بەو لادا جووڵاند، نەختێك ئارام بۆوە و لەسەر خۆ دەستی بۆ ساچمەکە درێژ کرد، پەنجەی داخبوو و خێرا رایکێشایەوە، پانە بەردەکەی لە پشتە خۆی هەڵگرتەوە و

گوتی:ـ خودا کردی ئەم بەردە ساچمە نەبوو و تا لە ئاسمانیش هاتە خوارەوە تەوژمی لەبەر بڕابوو، ئەگەر نا نانێکی دیکەم کەل نەدەکرد.. خودایە سەد جار ماڵت ئاوا .

ئەوی دیکــەیان :ـ خودایەك بیٚ لە کاولْکردن و هەلْتەکاندنی ئەم هەموو ئاوایی و مزگەوتانە و لەسووتاندنی قورئانەکانی خۆی نەپرسێـتەوە... لە قــڕ کردنی ژن و منداڵ و پیری پەك کەوتەی بیٚ تاوان نێتە وەلاٌم... ئێستا تۆ دەتەوێت بە هانای تۆوە بێـت هەی شــێتە، دەبڕۆ لە ماڵ دانـیشەو با خـــــودا مـەرامـەکـــانیشت بۆ بێنێتە دی ...

:— هەی ماڵ وێران ئێستاش هەر حەزت لە ململانێیە ! خودای گەورە بیٚ باکە، ڕێگەی راست و چەوتی بۆ دیاری کردووین، هزر و بیر و دەست وپێی داوینیٚ، هەتا سیٚ کەسمان راستە ریٚ دەبین، سێزدەمان لە راستی لادەدەین و رێگەی چەوت دەگرین، خودای گەورە بە گەورەیی خۆی لە ئامێزمان بکا و لەسەر رێگە راستەکەمان دابنیٚ، لێی دەغەزرین و وەك کەری دێزە لە رێگە لا دەدەین و ملی خۆمان دەشکێنین، سوێندم بەوەی کە دەیپەرستین ئەگەر لەگەڵ یەك راست بین و راستەریٚ بگرین ئەوا بەسیٚ رۆژان .. تەنیا بە سیٚ رۆژان
سیٚ گوللە تۆپی دیکە پێکەوە لە ئاسمانەوە بۆیان دابەزین..

لە هەمان کاتدا شارە مێروولەیەك لە زەوییەکەی ژێریان دەربۆوە و مێرووڵەی لۆق درێژی قووڵە ڕەش وورووژان و کەوتنە گیانیان، گازیان لە لاق و دەست و باسکیان، لە چاو و دەم و کونە لووت و گویٚ و سەر و پشتە ملیان دەگرت. بە هەردوو دەست چەند جارێك لە خۆیان داڕنین، چەندیان دەکوشتن، ئەوان هارتر دەبوون، خێراتر هێرشیان دەهێنا، جێگەی سەنگەرەکەیان پەناگەیەکی باش بوو،

بەڵام ئەگەر مێرووستان هەراسانیان بکەن و بە زیندوویی چاوان چاویان بکۆڵن و بیانخۆن... سلێمان پێغەمبەر لە کوێ بێنن بە زمانی مێروولان بڵێ :((ئێوە خاوەن مافن، پارێزگاری لە شار و لە نەژادی خۆتان دەکەن. ئەمانەش ئێوە ئاسایی، دژی داگیرکەری وڵاتەکەیان دەجەنگن. پەنایان بدەن، میوانن داگیرکەر نین و هەرگیزیش نابنە داگیر کەر.)) بەڵام بێ هوودەبوو، تێیان نەگەیشتن و وازیان نەهێنا، تا باوەڕیان پێ هێنان، کە بەجێهێلانی هێلانەکەیان نەبێت هیچ چارەیەکی دیکەیان نییە. بەڵێ هێرشی بێ پسانەوە و کۆڵ نەدانی مێروولەکان، دەریان پەڕاندن.

لەگەڵ دەرکەوتنی گزنگی خۆر، بە تۆپ و راجیمە و رۆکێت یاڵ و لووتکەکانیان بە خـەستی بۆردومان کردن و فڕۆکەی جەنگیش لە ئاسمانەوە بە رۆکێت و دۆشکە لێی دەدا. چێشتەنگاوێکی درەنگ بوو دڵنیا بوون ئیدی سەر لووتکەکان وا کوتراونەتەوە کە کەسی زیندووی تێدا نەماوە، یا بە جۆرێك شپرزەبووین کە ئیتر نەتوانن بەرگری بکەن، بۆردومانەکەیان راگرت. یاخییەکان سێ برینداری سووك و ران وپشت شکاوێکیان هەبوو، دەشیان زانی ئەم هەموو تۆپ و فرۆکەیە هێرشی بەدواوەیە و ئەگەر ئەم لووتکەیەش بەربدەن لەم نزیکانە ناتوانن خۆیان بگرنەوە، بەڵام چونکە جێگەکەیان بۆ بەرگری کردن و دەسوەشاندن زۆر لە بار بوو، بۆیە بڕیاریان دابوو لێ گەڕێن سەربازەکان لە دارستانە چڕەکە سەرکەون و بکەونە رووتەنەکە و تەواو لێیان نزیك بکەونەوە ئینجا وەهایان لێ بدەن نەتوانن دەسوەکەری بکەن، ئەوانەیش کە دەربازدەبن وا هەترەشـیان بڕژێت و پەندێکی وەها وەربگرن ئیتر نەوێرن رووبکەنەوە چیا. کاتێك لێیان هاتنە دەست و بۆ ماوەی نیو کاتژمێرێك لە نزیکەوە بە تەڕدەستی

وایان لێدان  ئازاکەیان بە دەرپێی خۆی رانەگەیشت، تەرم وەك گەڵای پایز هەڵوەرین، فڕۆکەی سەمتی و تۆپ و راجیمەش لە ئاسمان و لە زەویدا هەردوو لایان بۆمباران دەکردن ... هێرشەکە شکا و تەرم و پێکراوەکانیان جێ هێشتن و ئەوانەیش کە پێیانکرا بە راکردن سەرەولێژ بۆی دەرچوون، لە خوارەوەشدا هەندێکیان بە ناوی ترسنۆك گوللە باران کران. چەندین چینە سەرباز و چەکداری دیکەش بۆ هەمان شوێن هێرشیان دەکردەوە و دەشکانەوە. بەرەبەری عەسری رۆژی دووەم بوو کە تەنگیان پێهەڵچنین و زۆری نەمابوو لووتکەکان بەربدەن، بەڵام سەمتی و رۆکێت و جامانە بەسەرەکان دەرفەتی دەربازبوونیان نەدانێ.

لە دوا پەلاماری ئەم رۆژەدا سێ ئەستێرەیەك و چەند پلە دارێکی هێزی تایبەت بە دیل گیران و هەندێکیش سڵیان لە سێبەری ئیزایل کردوو بۆی دەرچوون، دەڵێن ئەگەر ئادەمیزاد زێلکی بڕژێ و بڕەویتەوە وەك حوشتر هەتا حەفت چیایان نەبڕێ یان لە سێ زێیان نەپەڕیتەوە ئـاوڕناداتەوە، بســتی زەوی بۆ هـــەڵاتن بە هەزار لیرەی زێڕی رەشادی دەکـــــڕێ، بە پێی پەتی و بەسەر کۆتی و بەبێ چەکی، لینگە هەڵێ و فریام کەوە، رۆژی وەها حەز دەکەی سەرت ببێـتە بەڵاگێرەوەی لا قەکانت ...

بەر لە رۆژ ئاوابوون تەقە وەستا، دوژمن کوژراو و برینداری زۆری لە شەڕگەکەدا جێ هێشتن، ئەوانیش دابەزینە نێویان. تەرمێك کەوتبووە سەر چاو ئەویش راستی کردەوەو باخەڵی پشکنی، وێنەیەکی پۆسکارت و یەکێکی بچکۆڵەی رەنگاورەنگی کچە جحێڵێکی زۆر جوانی خەندە لە سەر لێو، نامەی دڵدارەکەی کە بە وێنەی دوو دڵ و دوو کۆتر نەخشێندرابوو بە نووسینێکی زۆر خۆشیش نووسرابوو ((هەتا کەی هەر چاوەڕوانی سەربازی بین، ئێمە کۆتاییمان هات و جەنگ و سەربازی کۆتایی نەهات. لەوەتی لە یەکدی  مارەکراوین و جلك و ناوماڵ

و ژووری نووستمان به کردن داوه، دەبوو ئێستا منداڵمان بەسەر پێ بکەوتایە، زۆر دەترسم..، دەبێ بتوانین لە باوەشی یەکدا ژیان بەسەر بەرین، حەزدەکەم ببمە بەلاگێڕت و تۆ لەم سەربازییە دەرباز ببیت و هیچت بەسەر نەیەت، ئارامم نەماوە، لە چاوەڕوانیتدا برژام و کوێر بووم، بۆ بیرناکەیتەوە ئەگەر ئەمجارە گەڕایتەوە دەستی یەك بگرین و بەرەو هەندەران سەرهەڵگرین، یا پێکەوە لە رێگــەدا دەمرین یا دەردەچین، لە شوێنێکدا دوور لە ســەربازی و کوژران و خەفەتخانی دەژین.

سەربازێکی بریندار کە تازە سمێڵی بۆرکردبوو لە تەك بەردێکدا قاچەکانی لە سەرەوە و سەری لە خوارەوە لە نێو خوێنی خۆیدا دەینالآند. کە دیتی خەمی بۆ دەخوا، دەستی بەرەو خوار درێژ کرد و گوتی:ـ ((ئەم ئەفسەرانەی خوارەوە ئێمەیان کوشت، نیوەی کوژراوەکانمان ئەوان بە ناوی ترسنۆك کوشتوویانن، ئەوان لە منیان دا ... ئەی هاوار دایە ... دایە لە کوێی ... کاکە بە قوربانت بم بە برینداری جێم مەهێڵە، ( یوبة الحگنی، صدگ لو گالو حرب الدول ولا حرب العصاة))

کاکە قاچەکانی هێنانە خوارەوە و داینیشاند و پشتی بە بەردەکەوەنا ...تفەنگەکەی هەڵگرت و بەرە و ئەفسەرەکان شۆڕبۆوە.کە دەستی لە گیرفانی تەرمی سێ ئەستێرەکە راکرد، سێ ناسنامەی دەرکرد: یەکێکیان فەلەستینی و دووانیش عیراقی بە ناوی محسن یاسین یاسر الجلیلی، ناسنامەیەکی هی هاوڕێیانی سەرۆك کۆمار بوو، نامەیەکی تایبەتی لە سەرۆك کۆمارەوە بۆ هاتبوو کە تێیدا نووسرابوو ((بڕوا پێکراوی خۆمانە و دەسەلآتی تەواومان داوەتێ، ئاسان کاری بۆ بکەن )) نیشانەیەکی ئازایەتی و چەکێکی بە ٢٥٠,٠٠٠ دیناری لە باخەڵدابوو.دەنگ و باسی موحسن فەلەستینیی بیر هاتەوە کە بە پسپۆڕی ئازاردان و شارەزایی شەڕی پارتیزانی ناوی دەرکردبوو، ترس و سامێکی زۆریشی لەناوچەکەدا هەبوو،

دەیانگوت مولازم موحسین داگیر کردن و کاولکردنی کوردستان بە رزگارکردنی فەلەستین دەزانیّ...

لە گەلّوی مەنجەلاّنەوە کە رۆژانە بە رۆکیت و راجیمە و فرۆکە لێیان دەدا و کیمیا بارانیان دەکرد، چوار کۆپتەری سەربازی سەرنگووم بوون و کەوتنە خوارەوە، زۆر جاریش سەمتی و فرۆکەی لێدراو دووکەڵی بەدواوە بوو و دەگەڕایەوە و دەکەوتە نێو هێزەکانی خۆیانەوە، نەیان توانی کوژراوەکانیشیان بکێشنەوە، بۆن بۆگەنیش ناوچەکەی زیاتر هەراسان کردبوو

لە سەرگەڵی و بەرگەڵیشەوە شکستێکی ئەوتۆیان خوارد کە نەتوانن حاشای لیّبکەن یا بەدرێژایی مێژوو لە بیریان بچێتەوە.

لە بانایی زینەتیرێشەوە تانکێکیان بە ساغی گرت و رووی لوولەی دۆشکەکەیان کردە سەربازەکان و دەستیان پێوەنا..

لە کۆڕەکەوە بەرەی خواکوڕکیان لیّ دیاربو، بەڕاستی رۆژی پەسلان بوو، ئاگر باران و کیمیا لێدان، بەرد و ئاسنی دەتوواندەوە و بەفر و رووبای دەسووتاند، رێگەی بردنی هیز و ئامێر و تەقەمەنی و ئازووقە و کەرستەی دیکەی جەنگی و کێشانەوەی تەرم و کەلاکی ترومبێل و زرێپۆش و پەروانەداری شکاو و سووتاویان لە بەر دەمیانەوە تێدەپەڕی .

هێزە شکست خواردەکان لە نویّ ڕێك دەخرانەوە، بۆ هێرشێکی دیکە پاڵیان پێوە دەنانەوە، بەلاّم ئەم جۆرە لەشکرانە شکاندنەوەیان مسۆگەر بوو، بیّ ورە بوون، لەگەلّ فجوق فجوقی ڕەوە کەوێکدا، فجوڕ فجوڕی سوێسکەیەك ، فڕەی لە ناکاوی هەوێردەیەك[139]، لەگەلّ خشپەی فرتکەی دەرپەڕینی کەروێشکێك، لەگەلّ

[139] جۆرە باڵدارێکە لە سویسکە بچووکترە، کە زۆر لێی نزیك بکەویتەوە ئینجا لە هیکەوە دەفرێت

هەڵنگوتنی یەکێکیان و  خلۆر بوونەوەی بەردێك، لەگەڵ ورشە و جووڵانەوەی سێبەری دارێك. دەیانکردە دەسرێژ و گولله بــاراندن. داوای یــارمەتی هێزی دیکــەیان لە دواوەی خۆیان دەکرد، وەها زارەترەك[140] ببوون، بڕێکیان دەسرێژی لە بڕێکی دیکەی خۆیان دەکردوە، زۆریان لە یەکدی بەردەداوە، جاروبارە تانك و تۆپ و فڕۆکەش بەشداری ئەم لە خۆدانەی دەکرد.

دوو مانگ دەبو چەند هەڤاڵێکیان لە زنجیرە کێوێکی سەختدا گەمارۆ درابوون کە نەیان دەویست بکشێنەوە و شوێنە ستراتیژییەکە بە ئاسانی بدەنەدەست، دەبوو بە باریکە ڕێی ئەستەم و نەدیودا تەقەمەنی و ئازووقەیان بۆ ببەن و بریندارەکانیش دەرباز بکەن، لە کاتێکدا بە دزی و بەبێ هەستی بەنێو چەپەرەکانی دوژمندا تێدەپەڕین، نێرەکەرێك کە فیشەك و ئازووقەی لێ بارکرابوو، لەم کاتە ترسناکەدا دەستی بە زەڕین کرد و کڕ نەدەبۆوە، بە راستی کەرە! زگی بە خۆی ناسووتێ و باکیشی بە ئێمە نییە، دەبێ چ خەیاڵێکی خۆش لەم کاتەدا بە مێشکی دا هاتبێ؟ خۆ ئەگەر چاوی بە کەوڵە گورگێك بکەوێت ئەوا زەڕینی لە بیردەچێتەوە، بەڵام نازانێ ئەم رەوە دڕندەی نێو ئەم چەپەرانە لە گورگی برسی گورگترن، دەڵێن قاچاخچیەکان لەم جۆرە جێگایانەدا کۆمی نێرەکەر چەوردەکەن تا نەزەڕن و دەمی کارمەندی گومرگیش شیرین دەکەن تا چاوپۆشیان لێبکەن .

لە گەڕانەوەیاندا بە ناوچەیەکی وێرانکراودا تێدەپەڕین. سێسەد مەترێك پێش ئەوەی بگەیە کەلاوەکانی گوندی (ب.) کە چەند مانگێك بەر لە ئێستا کاولکرابوو و خەڵکە کەشیان بۆ شوێنی کەسنەزان بردبوون، پشیلەیەکی رەشی زۆر لاوازی چاو زەردی بریسکەدار کە پتر لە دەعبایەکی ئەفسانەیی دەچوو، بە

[140] ترساو ، تۆقیو ، زراوڕژای.

میاوە میاوێکی بێهێز بە پیرتەوە دەهات و تێی دەگەیاندی کە تەنیا ئەو لە دێیە خاپوور کراوەکەدا ماوەتەوە و خۆراکی دەست ناکەوێت و ئەو منداڵەش کە لەکاتی خۆیدا یاری لە گەڵ دەکـــــرد و لە ناو یەك نوین دەخەوتن، ئەنفالکراوە و بێ سەروشوێنە، تا ماوەیەکیش لە کەلاوەکانی دێیەکە دوور دەکەوتیتەوە ئەو بە دواتەوە دەهات، ماوەیەکیش دەوەستا و بە چاو لە گەڵتا دەرۆیشت، ئنجا وردە وردە بە نائومێدی بەرەو شوێنەواری ئاواییەکە دەگەڕایەوە...نازانم ئایا ئەم گیاندارە بەستەزمانە هێزی رۆیشتن و دوورکەوتنەوەی نەمابوو؟ دەستی لە هەوارەکەی خۆی بەرنەدەبوو؟ یا هەر چاوەڕوانی ئەوەبوو منداڵە هەڤاڵەکەی بگەڕێتەوە؟ ....ستەمکار و دوژمنانی ئەم وڵاتە بێ کەس و بێ پشتیوانە گیاندارانی کێوی و ماڵی و دار و دەوەن و خۆڵ و بەردەکەشی دەکوژن و دەسووتێنن و دەپڵیشێننەوە.

بازە جوامێرێکی رێکوپێك و رووخـۆش بوو بەڵام تا بڵێی نەکارا و دەست و پێ سپی و تەڵەکەباز و فشەکەربوو، خۆی بە شۆڕشگێڕێکی نیشتمانپەروەر و موسڵمانێکی پڕ باوەڕ و بەرهەڵستکاری ستەمکار و خوانەناسان پیشان دەدا، هەمیشە دەیگوت:ـ ئەوی خودا لە نێوچەوانی مرۆڤی نووسیبێت بە کەس ناسڕێتەوە، هەر شتێکیش ئەو بیبا بەکەس ناگەڕێتەوە، بۆیە هەر شتێك بۆ ئەو نەبێـت پووچە. پتر بە شێوەزاری کەرکووکی قسەی دەکرد و خۆشی بە دەرکراو دادەنا، زۆریش دەکۆشا خۆی وەك مامۆستایەکی ئاینی و رووناکبیرێکی هاوچەرخ بنوێنێ، لە راستیدا فــەریکە شارەزایــیەکی ئاینی پەیدا کردبوو، لە رەفتار و سەر و ریش و پاکوخاوێنی و رووی خۆشیا سیمای پیاوێکی زۆر پیرۆزی دەهێنایە بەرچاو، ئەگەر ناسیاوی شارەزای لەگەڵدا نەبوایە ئەوا بە رەچەڵەك خۆی دەگەیاندەوە ئیمامی عەباس، مامی پێغەمبەر(د.) و خاڵوانیشی بەرزنجی بوون،

هەمیشە دەبووە میوانی مەلا و ئاغا و کوێخا و ناودارە دێهاتییەکان، زۆر حەزی دەکرد پێش نوێژی بکا هەتا ئەگەر بێ دەسنوویژ یا لەشیشی پیس بوایە، گەلێکی پێخۆش بوو بە وشەی (مامۆستا) یا (مەلا سەید شێخ محەمەد ئەمین) بانگیان بکردایە، لە تازییەی گەورە پیاواندا چەند ئایەتێکی لە سوورەتەکـــــانی (یوسف، مریم، یس) بە تەجوویدێکی رەوان و بە دەنگ و سەدایەکی زۆر خۆش دەخوێندەوە، لە نانخواردنیشدا هەروەك بڵێی حەوت ورگی هەبوو، لە دوو ژنان کوڕێکی کەڕولاڵ و کچێکی مەنگۆڵی هەبوو، پێشتر جار جار بۆ خواردنەوە و رابواردن دەچووە بەغدا و لە لای برادەرە زۆر نزیکەکانی دەیگوت:ـ (( لە بەغدا نەبێ من بڕیم ناشکێت.))

وەك زۆربەی کۆلکە مەلایەکان ئەگەر مەلا دیار نەبوونایە، ئەوا کۆڕی ئامۆژگاری دادەبەست و بە پێـویست و بەبێ پێـویست دەیـویست پەیـوەست و پاڵپشتی قسە و بۆچوونەکانی خۆی بە ئایەت و بە فەرموودەکانی پێغەمبەر بچەسپێنێ، ئەگەرچی زۆربەشیانی بە ناتەواوی دەخوێندەوە یا هەر چەند وشەیەکی بە زمانی عەرەبی دەردەبڕی و چۆنی بۆ خۆی گەرەك بوو مانایانی بە کوردی بۆ دادەنان، قورئانێکی قەوارە بچووکی لە گیرفاندا بوو و زۆر جار لە ئاوەدانی سەری بەسەر دادەگرت و لێوەکانی دەجوولاند و کەللەی بۆ دەهەژاند، لە راستیشدا ئەوەندە ورد نووسرابۆوە کە بە چاوی ئەو نەدەخوێندرایەوە.

مەلا لەگەڵ شەش هاوڕێی دیکەیدا چەند رۆژ بوو لە سەنگەرێکی پێشەوەی شەڕگەکە دابوون، بە شەو و بە رۆژ موشەك و گوللە تۆپ و راجیمە وەك کوتکی ساوار کوتانەوە دادەبەزییە سەر سەنگەر و لووتکەی کێوە یاخییەکان، ریزە گوللە تۆپێك لە زەوی دەتەقییەوە و زرمە و گرمەی دەهات و پۆلێکی تر بە ئاسمانەوە نووڕە نووڕیان بوو، چینێکی دیکەش بروسك ئاسا بە شریخە و چەخماخەدان بە

ڕێدەکەوتن. تەقین و تەقینەوە و دەنگ و دەنگدانەوە لە نێو ئەم شاخوداخە سەرسەختانەدا گوێی گەردوونیان کەڕ دەکرد. بڕیاربوو ئەم شەوە شوێنەکەیان بگۆڕدرێت و بۆ شوێنێکی ئارامتر بگوازرێنەوە، بەڵام جێگرەکانیان تەواو بۆ گرد نەکرابوونەوە بۆیە ئاگادار کرانەوە کە دەبێت ئەم شەویش خۆیان رابگرن و لە ئێوارەی داهاتوودا دەگۆڕدرێن.

هەر سەر لە ئێوارەوە مامۆستا باسی ژیان و کردەوەی چاك و خراپەكاری و مردن و ئازاری گۆڕ و ژیانەوە و لێپرسینەوە و پاداشتی خۆشی پیاو چاكان و سزای سەختی بەدكارانی لە رۆژی دواییدا دامەزراند. دوو بەشی شەو بەسەر چووبوو ئەو هێشتا تەواوی نەكردبوو، زرمە و لرمەی تۆپ باران گیاندار و بێگیانی هەراسان كردبوو. سەنگەرەكەیان لە سەر لووتكەی هەورازێكی زۆر رك و دژوار و پێوار بوو، بۆ چاودێری كردنی هەڵس و كەوتی دوژمن بایەخێكی تایبەتی هەبوو، پێشبینی هێرشی پیادەی كەم بۆ دەكرا، دوای هەندێك نزاو پاڕانەوە و پسەپس كردن فەرمووی:ـ باش داهێزراون! ئەگەر بتوانن كەمێك چاوتان گەرم بكەن[141] ئەوا دەبـــووژێنەوە، من دەســـت نوێژی ئێوارەم ماوە و ئاویشمان كەمە بۆیە تا نوێژی بەیانیش نەكەم ناخەوم، ئینجا دوانتان بۆ ئیشكگرتن بانگ دەكەم، خودای گەورە پشتیوانمان بێ و بە مەزنایەتی خۆی بمانپارێزی، چونكە بە زۆر لەسەر ماڵ ومولكی خۆمان دەركراوین و ئازادیمان لێ زەوتكراوە و لەپێناوی بیر و باوەڕێكی رەوادا دەجەنگین بۆیە ئەگەر بشكوژرێین شەهیدین وبەهەشتمان مسۆگەرە، بەڵام كوژراوانی ستەمكار و داگیركاران دەنێردرێنە نێو ئاگری دۆزەخ.

---

[141] سوكە خەوێك بكەن.

فیشەکدان و یەدەگەکانیان بە پشتەوە بوو هەرکەسە و لە راستەخۆی تفەنگەکەی خستە ژێر سەری و کورژەیان کرد، متۆکەی خەو چاوی هەستی مێوکردن.

مامۆستای چەمبەری چاوێکی لێکردن، نەختە نەختە دادەما و تێیان رادەما، جامانە چاو سپییەکەی خۆی کردەوە و دەمامکی خۆیدا، وەك پشیلە بۆ راو بڕوا بەبێ هەستی لە سەنگەرەکە هاتە دەرەوە، ناوە ناوە برووسکەی تۆپ تەقاندن ئاسمانی رووناك دەکردەوە، بە ترسەوە سەیرێکی دەوروبەری سەنگەرەکەی کرد، لە دەرەوەڕا سەرێکی لە هاوڕێیانی ناو سەنگەرەکەی هەڵکێشا و لە دڵی خۆیدا گوتی: ـ ئێستا خەونە خۆشەکانتان دێنمەجێ و دەتان نێرمە مێرگی بەهەشت و لەوێ لە نێو باخی سـێواندا لەسەر رووباری شیر و ئاوی زولاڵدا میوەی ناسك و شیرین بخۆن و مەی بنۆشن و تێر تێر دەست لە ملی پەرییە جوانەکان بکەن و هەڵپەڕن و بەیەکەوە مەلە بکەن.

کەمێك دوورکەوتەوە و بە ئەسپایی و بەبێ چرکەکردن کلاشینکۆفەکەی هێنایە سەرپێ[142] و بە بەردێك هەڵپیەسارد و دوو نارنجۆکی لە تەنگبەندەکەی پشتی کردەوە و یەکێکیانی لە تەك قۆنداغەی تفەنگەکە دانا و ئەوی تریشی هەر بە دەستەوە بوو، دیسان تەماشای خەوتووەکـــانی کـــردەوە و دوورکەوتەو، بە خێرایی ئەڵقەی چەشـنی نارنجۆکەکەی راکێشا و خۆی نویکرد و نارنجۆکەکەی بۆ هاوێشتن، ئـاگر و ساچمە و پڕوشکە بەرد بە هەموو لایەکدا پژان، بە تەڕدەستی یەدەگێکیشی پێوەنان، خەریك بوو ئەڵقەی نارنجۆکی دووەمی رادەکێشا کە لە نێو سەنگەرەکەوە تەقەیان لێکرد، دەستی شل بوو، ئەڵقەی نارنجۆکەکەی بۆ

---

142 سوارکرد

رانەکێشرا و تفەنگەکەی هەڵگرت و بە هەرا کردن و هەڕاکردن سەرەولێژ بۆی دەرچوو.

بازەی فێڵباز و مەمۆی عەولاّ عارەبی و تایەر تەنەکەی وسوە پووخی بڕیار بوو پێکەوە لەم تەنگە تاوییەدا پێی هاوسەنگەرەکانیان لەم زۆرانبازیەدا بکێشنەوە و جێپێی دوژمن لەسەر کەپکێکی زۆر بڵندی چیای کوڕەك بکەنەوە، بۆ ئەوەی شۆڕشگێرەکان ورەیان بڕوخێت و شپرزەببن و بشکێن، ئەوانیش بگەڕێنەوە و لە وەزارەتی بەرگریدا بکرێنە راوێژکار و خەلاّتی باش وەربگرن و مووچەی زۆریشیان بۆ ببڕنەوە، بەلاّم ئەوان لێك دابڕان و پەیوەندیان پێکەوە پچڕا، دەشترسا یەکێکیان دەستێك بوەشێنێ و ئاشــکرا ببێ و بگیرێ و ئەویــش بە داو وەبێ. بۆیە پێــش ئەوەی لوای پشتی بڕنێتەوە و پێستی گورگی بەدیار کەوێت ویستی دەستی خۆی پێش بخات و هاوسەنگەرەکانی بکوژێ و وێنەی تەرمەکانیان بگرێ و سەری دوانیشیان ببڕێ و بە دیاری بۆیان ببا تاوەکو باوەڕی پێبکەن و پلەی راوێژکاری سەربازی بدەنێ، بەلاّم بە دەستی بەتاڵی لە سەنگەری بەرزی هاوخوێن و هاوخاك و هاوئاین و هاورێکانی دابەزیە نێو زەلکاوی نۆکەریی خێڵی دوژمنی رەگەز و شوێنەواری.

زەردە پەڕی ئێوارەیەکی ناوەڕاستی نیسانی ساڵی ١٩٨٨ بوو کە حەوت فرۆکەی جۆراو جۆر لە ئاسمانی ناوچەکە دەرکەوتن و چەند جارێك سووڕانەوە و چەند بۆمبێکی دوکەڵیان وەشاندە سەر بالیسان و کانی بەرد و شێخ وەسان و خەتێ و مەلەکان، کە بۆمبەکان گەیشتنە سەرزەوی تەقینەوە و دووکەڵێکی شینی خمی بەرزبۆوە و پەرتبوو و وردە وردە نیشتەوە، بۆنی سێویشی دەدا، لە سەرەتادا وایان زانی بۆمبی دوکەڵن.

له زەویشەوە ناوچەکە تۆپباران دەکرا، بروسکەی تۆپ و ئاگر و گازی ژەهراوی تێکەڵ ببوون، ڕۆژە ڕەشێك بوو کە ژن و منداڵ و پیر و پەك کەوتە وەك ڕانە مەڕ کەوتبێتە بەر هێرشی گەلە گورگان هاواریان دەکرد و پەلەکوتەی گیان دەرباز کردنیان بوو، هەندێکیان ڕەنگیان تێك چووبوو و دەموچاویان ڕەش داگەڕا بوو و هەناسەیان سوار و چاویشیان شێلو و نابینابوو، دەڕۆیشتن و بەلا دادەهاتن و دەکەوتـــن و هەڵدەستانەوە و دەڕشانەوە، هەندێکیشیان ئاگـــــریان لە داری کەلاشکەری و دێیەچلۆ بەردەدا و لە دەوری کۆدەبوونەوە، بەڵکو گەرمی و گڕی ئاگرەکە نەهێڵێت گازە ژەهراوییەکە لێیان نزیك بێتەوە. لەم کاتەشدا فرۆکە و راجیمە و تۆپی نەمساوی دوبارە بۆردومانی دەورووبەری ئاگرەکانیان دەکردەوە. ئاسمان هەوری مەرگ، زەوی ئاگر و ئاسن، هەواش ژەهراوی بێت و بێکەس و بێ پشتیوانیش بی و گشت دەسەڵاتدار و سەرگەورەکانی سەرتاسەری جیهانیش بۆنی نەوت سەرخۆشی کردبن و کپ و بێ دەنگ بەدیار فلیمە تراژیدیاییەکەتەوە دانیشتبن و سەیرت بکەن. پتر لە سەد و سی تەرمی گەورە و بچووکی جۆراوجۆر لێرە و لەوێ کەوتبوون، نۆیانیان هی ماڵی عەلی میرۆ بوون، لاشەی مرۆڤ و مەڕ و بزن و مانگا و سەگ و پشیلە و کەر و کەروێشك و کەو و کۆتر ... تێکەڵاو ببوون.

هەندێك خێر خواز چەندین ژن و منداڵی برینداریان گەیاندنە نەخۆشخانەی کۆماری لە هەولێر، بەڵکو لەوێ چارە بکرێن، بەڵام لەوێ بۆ داپۆشینی تاوانی بەکارهێنانی گازی کیمیایی جیایانکردنەوە و بە ناوی چارەسەرکردنیان شوون بزریان کردن...

دوای نۆ مانگ و نۆ ڕوژ هێرش و لێکدان، هەموو ڕۆژێك چەندین جار و لە چەندین لاوە پەلاماریان دەدا و دەشکانەوە، بە تۆپباران و بۆمبارانی فرۆکەو چەکی زەمینی و بەکارهێنانی گازی کیمیایی و فرتوفێڵ و بەرپێنە و ویژدان

کڕین، توانیان لووتکەکانیان لێبستێنن و دەست بەسەر ناوچەکە دابگرن، ژن و مندالّ و پیر و کەترەکانیشیان گرتن و لە لۆری سەربازیان بارکردن و بەرەو تۆبزاوەی کەرکوکیان بردن و لەوێشەوە بۆ شوێنی نادیار.

لە کاتێکدا بادەی سەرکەوتنی دوا هێرشیان دەنۆشی ودەگەڕانەوە، داربەڕووە سوتاوەکانیان بینی شەخەڵیان داوەتەوە، لە گوندە چۆلکراوەکان و لە کێڵگە و لەشارەکانیشدا شەڕی پارتیزانی لە هەموو لایەکەوە بە شێوەیەکی توندتر دەستی پێکردووتەوە، قورگیان تالّ بۆوە و نا ئومێدییەکی تـــــاریك بەرچاویانی گرت و گەیشتنە ئەم بڕوایەی کە تاکو کەللەسەرانێك مابن و هەست بکەن ولاتیان داگیر کراوە و ئازادی وسەربەستیان لێزەوت کراوە، ئەوا هەرگیز دوا هێرش بە چاوی خۆیان نابینن و ناشحەسێنەوە، چارە نووسیان هەر پەلامار و هێرش و پەلامار دانەوەیە و هەر کوژران و کوشتنەوەیە، دەبێ هەر چیا و کێڵگە و گوند و شارەکان تەخت بکەن و بسووتێنن و بڕوخێنن و وێرانیان بکەن، گەورەو بچووکیشیان پاکتاو بکەن .

کـــــۆمەڵێك رەشو رووت و کاســبکار و خوێندکــار و فەرمانبەریان لە رەشبگیرێکدا گرتبوون و لە بەندیخانەکانی ئێستگەی شەمەندەفەر و فەرمانگەی ئاسایش و دەزگای سیخوڕییان پەستابوون، بەرەبەیانێك پێنج خوێندکاریان لە گیراوەکان بە جلوبەرگی نووستنەوە هێنان و لە پەنا خانووەکانی (حي العدالة) لە داریان بەستنەوە و بە دیاریانەوە هاواریان دەکرد:ـ ئەم تاوانکار و کرێگرتانە دوێنێ لە لای یاریگە دەسرێژیان لە بەرپرسی رامیاری و بەرێوەبەری ئاسایش و پارێزگاری هەولێر کردووە، دەبێ بزانن حزبەکەمان ئاگرە و هەر کەسێك دەستی بۆ درێژبکا دەست و دڵی دەسوتێنێت.

دەنگی گیراوێکیان منداڵانەبوو و هاواری کرد:ـ بۆ خاتری خوا ئێمە ئەوە چل و پێنج رۆژە بەند کراوین، کەی لە بەندیخانە دەرچووین تا ئەم کارە بکەین.

ئەفسەرە گەورەکەیان کە بەدیار پارێزگارەوە وەستابوو گوتی:ـ ئەمە بۆ تەنیا پێنجتان هێناون، برۆن پێنجی دیکەش لەم ماڵانە بێنن با دەیەکە تەواو بێت، ئینجا دەیانکوژین و بەجێیان دێلین. ئەوانەیش کە تەمەنیان لە هەژدە ساڵ کەمتربێت ئەوا پێویستە راپۆرتی دکتۆریان بۆ بنووسرێت و دادگاش بڕیاری گەورەکردنیان دەربکات.

لە بیرتان نەچێ کرێی کوشتن و نرخی گوللەکان لە خاوەنەکانیان بستێنن. با چەند رۆژێکیش تەرمەکانیان بمێنێتەوە و ئەم کێوی و دڕندانە بیانبینن، بەڵکو سامگرتی دەبن و چیتر بەرەنگارمان نابنەوە و نەختێك بۆ خۆمان دەحەسێینەوە.

دەنگی ترپە ترپی پۆستاڵی پێیان بەرەو ماڵەکان دەهات، نەبەز لە هەیوانەکە وەستابوو و ئاگاداری سەرجەم رووداوەکەبوو، سەربازەکان بەسەر دەرگای ماڵی هاوسێکەیان ئاودیوی ژوورەوە بوون و (هەڵۆ)ی هاوڕێیان قیڕەبڕ کرد و بردیان، نەبەزیش بەسەر دیواری هاوسێیەکەی دیکەیان ئاوای ئەودیوبوو، لەو ماڵ بۆ ئەم ماڵ پەڕییەوە تا گەیشتە ماڵی مام نووری، ماینە سپیەکەی دەرهێناو سواری بوو و تێی تەقاند، ماینە سپی باڵی گرت، مێرد منداڵێکی بەسەروەبوو و تەقڵەکوت بەرەو ئاسۆ دەڕۆیشت و چەندین لاندگرۆزەر و پیکەبە سەربازی بە دواوەبوو، لەگەڵ رۆژ هەڵات هەڵڵایەکە گەورەتر بوو، گوللە پڕژێن و دۆشکە و هاوەن و کۆپتەر و سەمتیش کەوتنە کار، سەنگەر و پێگە و بازگەکان ئاگادار کرانەوە، بۆسە و کەمین داندارنەوە: ـ(( بیگرن و دەرباز نەبێ، ئەم بێچووە گورگانە بگەنەوە چیا دەروەستیان نایێن.))

که ئەوان لە دۆڵ و شیواندا بۆی دادەنیشتن ئەو بە یاڵ و ترۆپکەکاندا تێدەپەڕی، ئەوان لە لووتکەکان خۆیان دادەمەزراند ئەو بە بەست و کەندانداا دەردەپەڕی، تاریك و لێڵی ڕۆژی سێیەم بوو کە گەیشتە گوندی (قەڵات)ێ، بەرە و گۆڕستانەکە دەچوو، گوێی لە دەنگی شمشاڵێکی زۆر غەمگین بوو، لە دوورەوە سۆز و هەستی هەموو ئەڤینداریکی دەهەژاند، هەستت دەکـــــرد شیوەن و سەردولکەیەکە بۆ دەسگیرانەکەی دەیگێڕیت، وردە وردە بەرە و دەنگەکە دەچوو، دارە گەورەکانی گۆڕستانەکەش سووتاون و شەخەڵیان دەرکردۆتەوە. پیرەمێردێکی ریش خوری و بێهێز و لاوازیش دەمی بە شمشاڵەوە نابوو و سەری لەگەڵ ناڵە ناڵەکە دەهەژاندەوە، پتر لێی نزیك بۆوە، بینی شێرکۆی باوکیتی وا لە نێوان گۆڕی خێزانەکەی و گۆڕێکیتری نوێدا دانیشتووە و بە شمشاڵ دەیان لاوێنێتـەوە ، بە غەمگینیەوە: ـ باوە گیان دەمزانی ئەتۆ و دایکم چاوەڕوانمن.

شێرکۆ:ـ ئازاد نەهاتووە؟ ئەم گۆڕە نوێیە گۆڕی مامۆستا دلێرەی باوکی ئازادە، گازی کیمیایی کوشتی، منیش چاو و نیوێکم فەوتاوە و تۆپ و ڕۆکێتیش گوێیان تەپ کردووم.

ـ باوە گیان ئازاد و دایە شەوچرا ڕۆژێك بەر لەمن بەرەو چیا هاتن، وا دیارە هێشتا بەڕێوەن و نەگەیشتوون.

ـ ڕۆڵە ئەوە سێیەمین جارە تۆ دەبینمەوە، پێشتریش پێم گوتی ئاواتی دایکت ناوی نای نەبەز، مەبەستی بوو ستەم و ئازار نەت بەزێنن .

هەستاوە سەرپێ و چەکەکە و قەڵەمەکە و پەستەکەکەی دایە دەست نەبەز و خۆشی شمشاڵەکەی بەدەمەوە نا و... ئاوازی شایی لێدەدا

## روونکردنەوەیەك

ڕوداوەکانی ئەم چیڕۆکە، چنین و هەڵبەستی خەیاڵی خۆم نین، تەنها وەك خویێ و بەهاراتی پێویست، بۆ پەیوەست کردنی سەرجەمسەری بەسەرهاتەکانی نەبیێ، جڵەوی خەیاڵم بەرنەداوە. نازانم خەیاڵەکەش خەیاڵی ڕاستەقینەیە یاخود ڕاستەقینەی خەیاڵیی ژیانی ئێمەیە، چونکە ژیانی ئەم میللەتە کڵۆڵە، بەسەر هات و ڕووداوی ئەوتۆی تێدایە، کە هیچ خەیاڵێکی تیژباڵ تێیدا بڕناکات، ڕوداوی ڕاستەقینەی خەیاڵینە، زۆر جاران لەگەڵ خاوەنەکانیاندا بەدڵ و بە دەروون ئەشکی وشکی خەمگینیم ڕشتووە، بەسەر هاتەکانم بەیەکەوە بەستوونەتەوە، سەرگوزشتەی چەن کەسانیشم لە مل تاکە کەسێك شەتەکداوە، هەرگیز چیڕۆك نووسینم بەمێشك دانەهاتووە، بەڵام بیرەوەری ئەم ڕووداوانە و چەندین بەسەر هاتی دیکەش ئەوەندەیان چینە لە مێشکمدا کرد و هەستیان وروو‌ژاندم، بەناچاری و بە زۆرەملیێ، بە مل چیڕۆك داهاتم و وەك مێژوویەکی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووریی نەتەوایەتی لە قالبی چیڕۆکم پەستاون و تۆمارم کردوون، من خۆم هەست بە ساردی سەرد و گێڕانەوەی زۆر و کەمی و سڕی دیالۆگەکان، گەرمی ڕۆیشتن دەکەم، پتر بەکارهێنانیشێوە زمانی ناوچەیەکیشم بە کارهێناوە، ئەویش لەبەر بیێ دەسەڵاتیمە، یان لەبەر بەتوانایی؟ ئەوەیان ڕۆژگار دەیخوێنێتەوە و بڕیاری خۆی لەسەر دەدات! دەشزانم لە زۆر شوێنیشدا سنووری چیڕۆکم بەزاندوە.

ئەم کۆششەم پێشکەشە بەو مرۆڤە هەست ناسکانەی کە ئازارە تایبەتییەکانی خودی خۆیان و ژانە دژوارەکانی گەلەکەیان و ئێش و ئەشکەنجەی چەوساوەکانی جیهان لە دەروونیان دا ئاوێتە دەبێت و بۆیان لە یەکدی جیانابێتەوە.

صدرالدین نورالدین ابوبکر

بەغدا – ١٩٨٩



# پەیڤێك

كە ڕۆمانەكەم خوێندەوە یەكسەر پرسیارێك خۆی قیت كردەوە، تۆبڵێی ئەم ڕۆمانە یەكەم ئەزموونی نووسەر بێ لەم بوارەدا؟ ئێستاش باوەڕناكەم ! ڕاستە لە دوو توێی نووسینەكەدا هەندێ لایەنی بێهێز ئەویش تەنیا لە تەكنیكدا بەرچاو دەكەون. بەڵام نوسەر لەگەڵ ئەمەشدا توانیوبەتی ڕۆمانێك بنووسێ كە بە هەق دەكرێ بڵێین سەركەوتنی چاكی بەدەست هێناوە، ڕۆمانەكە ئەگەرچی باس لە واقیعیەتی روداوەكان دەكات، بەڵام نووسەر توانیویەتی لە نێو ئەو واقیعەشدا خەیاڵ بخولقێنێ، ئەو دونیایە ساز و ئامادە بكا كە لە زۆر رووەوە بە فانتازی بكا... ئەو كەس و كەسایەتیانەی دەردوكەون و رۆڵی كارا لە نێو رووداو و پەرەسەندنی رووداوەكان دەبینن، كەسانی نزیكن لە واقیع لە هەمان كاتیشدا نزیكن لە خەیاڵ، ئەوەی بۆ منی خوێنەر گرنگ بوو، نووسەر هەوڵێكی زۆری داوە مێژووی قۆناغێك لە خەباتی گەلی كوردستان بەچاوێكی هونەرەوە بخاتە روو، رەنگبێ لە رەوتی خوێندنەوەدا بۆ كەسێكی بە ئەزموون لە بواری چیرۆك و ڕۆماندا بە هەندێ رایەڵی نەشاز بگا كە خۆی لە خیتابە و راستەوخۆ دەربڕین نیشان بدا، بەڵام پێیدەچێ نووسەر نووسینەكەی زیاتر لە واقیع نزیك بكاتەوە بۆیە بەو شێوەیە نووسیویەتی. ئەوەی جێگەی سەرنجی من بوو، نووسەر لەم ڕۆمانەدا دەیان بگرە سەدان وشەی جوان و پەتی كە دەتوانم بڵێم زیندووی كردوونەتەوە، ئەمەش بۆخۆی دەوڵەمەندی نووسەر لە بواری زماندا دەردەخا، كە كەم نووسەر هەیە بتوانێ بەو شێوەیە، بەو زمانە چڕ و پڕە خۆی لە نووسینی ڕۆمان بدا.

لە كاتی خوێندنەوەدا كەمترین تێگیران و لەنگی لە دەربڕینەكاندا دەبینرێ. من وای دەبینم ئەم نووسەرە بەڕێزە یەكێكە لەو نووسەرانەی كە دەتوانێ نەك هەر خزمەتی ئەدەبی كوردی بكا و كەسێكی بەرچاوی ئەمڕۆ و داهاتوو بێ ، بەڵكو لە بواری زمانیشدا دەسكەوتێكی گەورە بۆ زمانی كوردی تۆماربكا... دەستخۆشی لە نووسەر دەوكەم و هیوادارم لە بەرهەمەكانی داهاتوویدا داهێنانی لەمەش جوانتر پێشكەش بكا.

كاروان عەبدوڵا ٢٠٠٤/٣/١٥